# دەروازەی دووەم

# خـوێنەکانی ئافـرەت
# لـە ڕووی شــەرعــەوە

# بەشی یەکەم
# جۆرەکانی خوێنی ئافرەت

✍باسی یەکەم: **خوێنی بێ نوێژی**:

✐خاڵی یەکەم: پێناسەکەی.

✐خاڵی دووەم: کاتەکەی.

✐خاڵی سییەم: ڕەنگەکەی.

✐خاڵی چوارەم: ماوەکەی.

✍ **باسی دووەم**: **خوێنی زەیسانی**:

✐خاڵی یەکەم: پێناسەکەی.

✐خاڵی دووەم: ماوەکەی.

✍ **باسی سێیەم**: **خوێنی نەخۆشی**

✐خاڵی یەکەم: پێناسەکەی.

✐خاڵی دووەم: چۆنیەتی جیاکردنەوەی خوێنەکە.

# باسی یەکەم
# خوێنی بێ نوێژی « الحیض »

### ✐ خاڵی یەکەم پێناسەکەی:

خـوێنی بـێ نوێـژی: بریتیـە لـەو خوێنـەی کـە لـە شـوێنی منـاڵبوونی ئافرەتـەوە دەردەچـێت لـە کـاتی لـەش سـاغیو پێگەیشـتنی داو لـە چـەند ڕۆژێکـی دیـاری کراودا، بەبێ هۆی منداڵ بوونی یان پەردەی کچێنی لاچوونی.

وەئـەم خوێنـە پێشـی دەگـوترێ « خـوێنی سـوڕی مانگانـە»، چـونکە لـە هـەموو مـانگێکـدا چـەند ڕۆژێ دەکەوێتـە سـەر ئـەم خوێنـە، وە لـەزمانی عـەرەبی دا پێـی دەوتـرێ «حـــیض»کـە لـە ئەصـلی زمانـدا بـەمانای «ســـیلان» ڕژانو لەبـەر ڕۆیشـتن دێ.[1]

### ✐ خاڵی دووەم: کاتەکەی :

شـــەرع کـــەمو زۆری تەمـــەنی ئـــافرەتی نـــەکردوە بـــە پێـــوەر بـــۆ دیـــاری کردنـــی ســـەرەتای ئـــەو تەمەنـــەی کـــە ئـــافرەت تێیـــدا دەکەوێتـــە بـــێ نوێژیـــەوە، بـــەڵکو دەرکـەوتنی خوێنەکـەی کـردووە بـە پێـوەر بـۆ سـەرەتای تەمـەنی کەوتنـە سـەر خـوێن، ئیتر لە هەر ساڵێکی تەمەندا بێ.

وەهـەروەها پـێ دەچـێ سـوڕی مانگانـەی کەوتنـە سـەر خـوێن درێـژە بکێشـێ تـا کۆتای تەمەن.[2] .

(1)المغني313/1، المحلى220/2، المجموع342/3، فقه السنة158/1.
(2)المجموع374/2 .

## ✐ خاڵی سێیەم: ڕەنگەکەی:

**مەرجە خوێنی بێ نوێژی لەسەر ڕەنگێك لەم ڕەنگانەی خوارەوە بێ :**

**1- سورێکی تۆخی مەیلەو ڕەش:**

**بەڵگەش بۆ ئەوە:**

« فَاطِمَةَ بِنْتِ أَبِي حُبَيْشٍ» **کاتێ توشی خوێنی نەخۆشی بوو، پێغەمبەر«ﷺ» پێی فەرموو:**

« إِذَا كَانَ دَمُ الْحَيْضَةِ فَإِنَّهُ أَسْوَدُ يُعْرَفُ فَإِذَا كَانَ ذَلِكَ فَأَمْسِكِي عَنْ الصَّلَاةِ فَإِذَا كَانَ الْآخَرُ فَتَوَضَّئِي وَصَلِّي فَإِنَّمَا هُوَ عِرْقٌ».

**واتە « ئەگەر خوێنەکە خوێنی بێ نوێژی بێ، ئەوا ڕەنگەکەی مەیلەو ڕەشەو دەناسرێ، ئەگەر ئەو خوێنە بوو ئەوە لە ماوەی کەوتنە سەر ئەو خوێنە واز لە نوێژکردن بهێنە، بەڵام ئەگەر خوێنەکەی تریان بوو ، ئەوا دەستنوێژبگرەو نوێژبکە چونکە ئەوە خوێنی دەمارە نەك خوێنی بێ نوێژی»**(1)

---

(1)**حديث حسن** : سنن أبي داود - كتاب الطهارة- باب من قال إذا أقبلت الحيضة تدع الصلاة - حديث : 250، صحيح ابن حبان - كتاب الطهارة- باب الحيض والاستحاضة - ذكر وصف الدم الذي يحكم لمن وجد فيها بحكم الحائض- حديث : 1364. المستدرك على الصحيحين للحاكم - كتاب الطهارة- وأما حديث عائشة - حديث : 569. السنن الصغرى - سؤر الهرة- صفة الوضوء - باب الفرق بين دم الحيض والاستحاضة-حديث : 215، وكتاب الحيض والاستحاضة-باب الفرق بين دم الحيض والاستحاضة - حديث : 361. السنن الكبرى للنسائي - ذكر ما ينقض الوضوء وما لا ينقضه - الفصل بين دم الحيض - حديث : 212 . سنن الدارقطني - كتاب الحيض-حديث : 679. السنن الكبرى للبيهقي - كتاب الطهارة -كتاب الحيض - باب المستحاضة إذا كانت مميزة - حديث : 1439. **قال الشيخ الألباني:حديث حسن**، أنظر إرواء الغليل(1/ 223/

**ئیمامی** « الشوكاني» **لە « نيل الأوطار1 / 341» دا دەفەرموێ:**

« والحديث فيه دلالة على أنه يعتبر التمييز بصفة الدم فإذا كان متصفا بصفة السواد فهو حيض وإلا فهو استحاضة».

**واتە« ئەم فەرموودەیە دەبێتە بەڵگە بۆ ئەوەی كە ڕەنگی خوێنەكە گرنگە بۆ جیاكردنەوەو ناسینەوەی، جا ئەگەر خوێنەكە شێوەی ڕەشی لە خۆگرت ئەوە خوێنی بێ نوێژییە، ئەگەر نا ئەوە خوێنی نەخۆشییە».**

**ڕەشیەتی ڕەنگی خوێنەكە كاتێك دەكرێتە پێوەرو نیشانە بۆ ناسینەوەی خوێنی بێ نوێژی، كە ئەو خوێنە تێكەڵ بووبێ لەگەڵ خوێنی نەخۆشی، واتە هەركاتێك ئافرەتێك توشی خوێنی نەخۆشی هاتبوو، وەلەو ماوەیەشدا كەوتە بێ نوێژیەوە ئەوە دەتوانێ ڕۆژانی حەیزەكەی بە ڕەنگی خوێنەكە دیاری بكات، هەتا ڕەنگەكەی مەیلەو ڕەش بێ ئەوە حەیزە، كەی ڕەنگی ڕەشیەكەی نەما ئەوە خوێنی نەخۆشییە.**[1].

**2- سوور : بەڵگەی سووریەتی ڕەنگەكەی ئەوەیە كە ڕەنگی سوور ڕەنگی ئەصڵی خوێنە.**

**3- زەرد: ئەویش جۆرە ئاوێكە لەكاتی بێ نوێژی دا لە شوێنی مناڵبوونی ئافرەتەوە دێتە خوارەوەو زیاتر مەیلەو زەرد دەردەكەوێت.**

**4- لێڵ و بۆر: بەڵگەش بۆ ئەوە:**

---

204)،و الثمر المستطاب - (1 / 35)، وصحيح أبي داود - (2 / 59/ 285)، وصحيح وضعيف سنن أبي داود - (1 / 286/48)، ومشكاة المصابيح - (1 / 558/122) .

(1)تمام المنة 136.

« عَلْقَمَةَ بْنِ أَبِی عَلْقَمَـــةَ» **لـە دایکیـەوە دەیگێڕێتـەوە کـە خزمـەتکاری عائشـە بـوو دەفـەرموێت: ئافرەتـان لـەناو قوتووەکانیـان دا لۆکـەیان دەنـار بـۆ عائشـە کـە زەردی پێوە بوو، عائشەش فەرمووی :**

« لاَ تَعَجَلْنَ حَتَّى تَرَيْنَ الْقَصَّةَ الْبَيْضَاءَ. تُرِيدُ بِذَلِكَ أَىِ الطُّهْرَ مِنَ الْحَيْضَةِ» .

**واتـە « پەلەمەکـەن هـەتا لۆکەکـە بـە سـپێتی دەبیـنن‌و زەردایـی پێـوە نـامێنێ، مەبەستی بەوەش پاکبوونەوە بوو لە بێ نوێژی».**[1]

**لە گێڕانەوەیەکی تر دا هاتووە کە عائشە فەرموویەتی:**

«إِذَا رَأَتْ الدَّمَ فَلْتُمْسِكْ عَنْ الصَّلَاةِ حَتَّى تَـرَى الطُّهْـرَ أَبْـيَضَ كَالْقَصَّـةِ ثُـمَّ لِتَغْتَسِـلْ وَتُصَلِّي».

**واتـە «ئەگـەر خـوێنی بـینی بـا واز لـە نوێـژ بهـێنێ، تـاوەکو پاکێتییـە سـپیەکە دەبینێ، کە وەکو زیو دەردەکەوێ پاشان خۆی بشوات و نوێژ بکات»**[2]

**وە ئـەو ئـاوە زەردبـاو لێـڵ‌و بـۆرەش کـاتێ دەکرێتـە نیشـانەو سـەلێنەری بـێ نوێـژیو بـە بـێ نوێـژی دادەنـرێ کـە ئافرەتەکـە لـە سووڕی خوێنـدا بـێ و لـە ڕۆژانـی حەیزدا بێ، ئەگەر نا بە حەیز دانانرێ.**

**بەڵگەش بۆ ئەوە:** « أُمِّ عَطِيَّةَ» **دەفەرموویٚ:**

« كُنَّا لَا نَعُدُّ الصُّفْرَةَ وَالْكُدْرَةَ بعد الطهر شَيْئًا ».

---

(1)**صحيح**: موطأ مالك - كتاب الطهارة- باب طهر الحائض - حديث : 127. معرفة السنن والآثار للبيهقي - كتاب الحيض- المستحاضة المعتادة - حديث : 568.. **قال الشيخ الألباني:حديث صحيح**، أنظر إرواء الغليل 198.

(2)**حسن**: سنن الدارمي - كتاب الطهارة- باب : الطهر كيف هو ؟ - حديث : 892 . **وقال الشيخ الألباني:حديث صحيح**، أنظر إرواء الغليل219/1.

واتــە « ئێمــە لــەپاش پــاك بوونــەوەمان زەردیو لێلاّییمــان بــە هــیچ نــەدەزانیو حیسابی بێ نوێژیمان بۆ نەدەکرد»[1]

کــەوابوو لــەکاتی بــێ نــوێژی دا بــە نیشــانەی حــەیزیان زانیــوە، بــەلاّم پــاش پــاك بوونەوەو بەسەر چوونی حەیزەکە حسابی خوێنی خەیریان بۆ نەکردووە.[2]

## ✐ خاڵی چوارەم: ماوەکەی:

شــەرع لایــەنی کــەم و زۆری کەوتنــە ســەر خــوێنی دیــاری نــەکردووە، بۆیــە بــۆ زانــینو پــەی بــردن بــە مــاوەی بــێ نوێــژیو پاکبوونــەوە، شــەرع عــادەتی ئافرەتەکــە خــۆی کردۆتــە پێــوەر بــۆ ئــەوەی چــەندێ لــە بــێ نوێــژی دا دەمێنێتــەوە، بــەلاّم زۆربــەی زۆری عــادەتی ئافرەتــان شــەش تــا حــەوت ڕۆژە، دەکــرێ لــەوە زیــاتر بــێو دەشــگونجێ لەوە کەمتر بێ.

**بەڵگەش بۆ ئەوە:**

«عَائِشَــــــةَ» خــوای لــێ ڕازی بــێ دەفــەرمووێ:«أَمَّ حَبِيبَـــــــةَ»پرســیاری لــە پێغەمبــەرکرد«ﷺ» دەربــارەی خــوێنی بــێ نوێــژی، پێغەمبــەریش«ﷺ»پێــی فەرموو:

«امْكُثِي قَدْرَ مَا كَانَتْ تَحْبِسُكِ حَيْضَتُكِ ثُمَّ اغْتَسِلِي وَصَلِّي».

---

(1)**صحيح**: سنن ابن ماجه - كتاب الطهارة وسننها- أبواب التيمم - باب ما جاء في الحائض ترى بعد الطهر الصفرة والكدرة - حديث : 645 . السنن الصغرى - كتاب الحيض والاستحاضة-باب الصفرة والكدرة - حديث : 367. السنن الكبرى للبيهقي - كتاب الطهارة-كتاب الحيض - باب الصفرة والكدرة تراهما بعد الطهر- حديث : 1480. **وقال الشيخ الألباني:حديث صحيح، أنظر** إرواء الغليل199/1.

(2)المجموع392/2 .

**واتــە «واز لــە نوێــژ بهێنــە بــەگوێرەی ئــەوەی کــە بــێ نوێژیەکــەت تــوش دەبــێ، پاشان خۆت بشۆو دەست بکە بە نوێژ»**[1]

«أُمُّ سَـــلَمَةَ »**پرسـیاری لـە پێغەمبـەری خـوا** «ﷺ»**کـرد لـە بـارەی ئافرەتێکـەوە ، خوێنێکی زۆر لە گیانی دێت ، ئەویش فەرمووی:**

« لِتَنْظُرْ عِدَّةَ اللَّيَالِي وَالْأَيَّامِ الَّتِي كَانَتْ تَحِيضُهُنَّ مِـــنْ الشَّـــهْرِ قَبْـــلَ أَنْ يُصِـــيبَهَا الَّـــذِي أَصَابَهَا فَلْتَتْرُكْ الصَّلَاةَ قَدْرَ ذَلِكَ مِنْ الشَّهْرِ فَإِذَا خَلَّفَتْ ذَلِكَ فَلْتَغْتَسِـــلْ ثُـــمَّ لِتَسْـــتَثْفِرْ بِثَـــوْبٍ ثُمَّ لِتُصَلِّ فِيهِ».

**واتــە « بــا تەماشــا بکــات ، بــەماوەی ئــەو شــەو و ڕۆژانــەی کەلــە پــێش دا تێیــدا تووشــی حــەیز دەهــات لــەمانگێك دا ،پــێش ئــەوەی تووشــی ئــەوە ببێــت کــە تووشــی بــوو ، جــا-لەوماوەیــەدا - واز لــە نوێــژ بێنێــت ، جــا ئەگــەر ئــەوە نــەما بــاخۆی بشوات و خۆی باش پاك بکاتەوە پاشان نوێژ بکات»**[2]

**بــەڵام ئەگــەر ئافرەتێــك عــادەتێکی دیــاری کــراوی نــەبوو کــە لــە حــەیزدا لەســەری بــڕوات، ئــەوا دەبــێ ســەیری نیشــانەکانی خوێنەکــە بکــات. بــەپێی** «حـــديث»**کــەی** «فَاطِمَةَ » **کەپێشتر باسمان کرد:**

---

(1) **صحيح مسلم** - كتاب الحـيض- بـاب المستحاضـة وغسـلها وصـلاتها - حـديث : 530-531.

(2)**صحيح**: سنن أبي داود - كتاب الطهارة-بـاب في المـرأة تسـتحاض - حـديث : 243. سـنن ابن ماجه - كتاب الطهارة وسننها-أبواب التيمم - بـاب مـا جـاء في المستحاضـة الـتي قـد عدت أيام أقرائها -حديث: 62.وقال الشيخ الألباني إسناده صـحيح علـى شـرط الشـيخين، أنظر صحيح أبي داود -(265/31/2).

« فَاطِمَــــةَ بِنْــــتِ أَبِــــي حُبَــــيْشٍ»**کـاتێ توشـی خـوێنی نەخۆشـی بـوو، پێغەمبەر**«ﷺ» **پێی فەرموو:** « إِذَا كَانَ دَمُ الْحَيْضَةِ فَإِنَّــهُ أَسْــوَدُ يُعْــرَفُ فَــإِذَا كَــانَ ذَلِكَ فَأَمْسِكِي عَنْ الصَّلَاةِ فَإِذَا كَانَ الْآخَرُ فَتَوَضَّئِي وَصَلِّي فَإِنَّمَا هُوَ عِرْقٌ».

**واتـە « ئەگـەر خوێنەکـە خـوێنی بـێ نوێـژی بـێ، ئـەوا ڕەنگەکـەی مەیلـەو ڕەشـەو دەناسـرێ، ئەگـەر ئـەو خوێنـە بـوو ئـەوە لـە مـاوەی کەوتنـە سـەر ئـەو خوێنـە واز لـە نوێــژکردن بهێنــە، بــەڵام ئەگــەر خوێنەکــەی تریــان بــوو ، ئــەوا دەســتنوێژبگرەو نوێژبکە چونکە ئەوە خوێنی دەمارە نەك خوێنی بێ نوێژی»**[1]

**دواتــریش لەباســی خــوێنی نەخوشــی دا ڕوونــتر بــاس لــەوە دەکــەین ئەگــەر ئافرەتێك عادەی دیاری کراوی نەبوو چی بکات.**

---

(1)**حسن** :سنن أبي داود - كتاب الطهارة-باب من قال إذا أقبلت الحيضة تــدع الصــلاة - حــديث : 250 وقال الشيخ الألباني **قال الشــيخ الألبــاني:حــديث حســن،** أنظــر رواء الغليــل(1/ 223/ 204).

# باسی دووەم
# خوێنی زەیسانی

ئەمەش دوو خاڵ دەگرێتەوە:

✐خاڵی یەکەم: پێناسەکەی.

✐خاڵی دووەم: ماوەکەی.

## ✐ خاڵی یەکەم: پێناسەکەی:

خوێنی زەیستانی: بریتیە لەو خوێنەی کە لە شوێنی منداڵبوونی ئافرەتەوە دەردەچێت بەهۆی منداڵ بوونەوە، ئەگەر لەبارچوونیش بێ.(1)

وە لەزمانی عەرەبی دا پێی دەوترێ «النفاس» لەبەر ئەوەی دەرچوونی خوێنەکە بەدوای دەرچونی نەفسێکدا دێ کە منداڵەکەیە.(2)

## ✐ خاڵی دووەم: ماوەکەی:

لای کەمی ماوەی خوێنی زەیسانی دیاری نەکراوە ، بۆیە ئافرەتی وا هەیە تەنها لە کاتی منداڵ بوونەکەدا خوێنی لێ دێت ، بەڵام لای زۆری ماوەکەی لە چل(40) ڕۆژ زیاتر تێپەڕ ناکات ، جا ئەگەر ئافرەت پێش چل ڕۆژەکە پاك بوویەوەو لە خوێن بڕا، ئەوا دەبێ خوی بشواتو دەست بکاتەوە بە نوێژ، وە ئەگەرلە چل ڕۆژ زیاتر خوێنی لێ هات ئەوە بە نەخۆشی دەژمێرێتو نابێ لە

---

(1)فقه السنة 63/1.

(2)كفاية الإخيار 75/1.

**چـل ڕۆژەكـە زیـاتر خـۆی بـە زەیسـان بزانـێ، بۆیـە لـە دوای ئـەو چـل ڕۆژە ئەگـەر لـە خوێنیش نەبڕێ، دەبێ خۆی بشوات‌و دەست بكاتەوە بە نوێژ.**

**بەڵگەش بۆ ئەوە:** « أُمِّ سَلَمَةَ» **دەفەرمووێ:**

« كَانَتْ النُّفَسَاءُ تَجْلِسُ عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَرْبَعِينَ يَوْمًا».

**واتـە «ئـەو ئافرەتـەی لـە زەیسـانیدا بوایـە لـە سـەردەمی پێغەبـەری خـوادا چـل ڕۆژ دادەنیشت»**(1)

**ئیمامی**« الترمذي » **دوابەدوای ئەم** «حديث» **دا دەفەرمووێ:**

« وَقَدْ أَجْمَعَ أَهْلُ الْعِلْمِ مِنْ أَصْحَابِ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَالتَّابِعِينَ وَمَنْ بَعْدَهُمْ عَلَى أَنَّ النُّفَسَاءَ تَدَعُ الصَّلَاةَ أَرْبَعِينَ يَوْمًا إِلَّا أَنْ تَرَى الطُّهْرَ قَبْلَ ذَلِكَ فَإِنَّهَا تَغْتَسِلُ وَتُصَلِّي فَإِذَا رَأَتْ الدَّمَ بَعْدَ الْأَرْبَعِينَ فَإِنَّ أَكْثَرَ أَهْلِ الْعِلْمِ قَالُوا لَا تَدَعُ الصَّلَاةَ بَعْدَ الْأَرْبَعِينَ وَهُوَ قَوْلُ أَكْثَرِ الْفُقَهَاءِ وَبِهِ يَقُولُ سُفْيَانُ الثَّوْرِيُّ وَابْنُ الْمُبَارَكِ وَالشَّافِعِيُّ وَأَحْمَدُ وَإِسْحَقُ ».

**واتـە « زانایـانی صـەحابەو تـابیعین‌و دوای ئـەوانیش هـەمویان یەكـدەنگن لەسـەر ئـەوەی كـە ئـافرەتی زەیسـان چـل ڕۆژ دەسـت لـە نوێـژ هەڵـدەگرێ‌و نـابێ نوێـژ بكات، مەگـەر پـێش ئـەو چـل ڕۆژە پـاكی بـە خۆیـەوە ببینـێ، جـا ئەگـەر پـێش ئـەوەی چـل ڕۆژەكـە تـەواو بكـات پاكـەوە بـوو، ئـەوا دەبـێ خـۆی بشـوات و نوێـژەكانی بكـات، بـەڵام ئەگـەر لـەدوای ئـەو چـل ڕۆژە خـوێنی بـینی ، ئـەوە زۆربـەی هـەرەزۆری شەرعناسان دەڵێن: نابێ واز لە نوێژ كردن بهێنێ لەدوای چل ڕۆژ....».**

---

(1)**صحيح**: سنن الترمذي الجامع الصحيح - أبواب الطهارة عن رسول الله صلى الله عليه وسلم-باب ما جاء في كم تمكث النفساء - حديث : 133، **وقال الشيخ الألباني:حديث صحيح**، أنظر صحيح سنن الترمذى (1/ 236/ 129).

# باسی سێیەم
# خوێنی نەخۆشی

ئەمەش دوو خاڵ دەگرێتەوە:

✎خاڵی یەکەم: پێناسەکەی.

✎خاڵی دووەم: چۆنیەتی جیاکردنەوەی خوێنەکە.

## خاڵی یەکەم: پێناسەکەی:

خوێنی نەخۆشی: بریتیە لەو خوێنەی کە لە شوێنی منداڵبوونی ئافرەتەوە دەردەچێت بە بەردەوامی یان بچڕبچڕ لە غەیری کاتو حاڵەتی ئاسایی خۆی دا، بە هوی نەخۆشیەوە.

## خاڵی دووەم: چۆنیەتی جیاکردنەوەی خوێنەکە:

وەکو وتمان ئەم خوێنە لەکاتو حاڵەتی ناوەختدا دەردەچێت، پێ دەچێ بە بەردەوام ئەم خوێنە لەگەڵ ئافرەتدا هەبێ، یان بەشێوە بچڕبچڕو سات سات، بۆیە جاری واهەیە لەگەڵ خوێنی بێ نوێژی دا تێکەڵ دەبێ.

جا بۆئەوەی ئافرەت بتوانێ ئەم خوێنە لە خوێنی بێ نوێژی جیابکاتەوە پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکات بەپێی حاڵەتەکەی خۆی:

**حاڵەتی یەکەم:** پێش ئەوەی توشی خوێنی نەخۆشی ببێت، ماوەی بێ نوێژی لای ئافرەتەکە زانراوبێتو بزانێت ماوەی بێ نوێژیەکەی چەندە، لەم حاڵەتەدا ئەو ماوە زانراوە بە ماوەی بێ نوێژی بۆی دادەنرێت، وە جگە لەوەیش بە نەخۆشی دەژمێرێت.

**بەڵگەش بۆ ئەوە:**

«أُمُّ سَــلَمَةَ »**پرسیاری لە پێغەمبەری خوا «ﷺ» کرد لە بارەی ئافرەتێکەوە، خوێنێکی زۆر لە گیانی دێت ، ئەویش فەرمووی:**

« لِتَنْظُرْ عِدَّةَ اللَّيَالِي وَالْأَيَّامِ الَّتِي كَانَتْ تَحِيضُهُنَّ مِنْ الشَّهْرِ قَبْلَ أَنْ يُصِيبَهَا الَّذِي أَصَابَهَا فَلْتَتْرُكْ الصَّلَاةَ قَدْرَ ذَلِكَ مِنْ الشَّهْرِ فَإِذَا خَلَّفَتْ ذَلِكَ فَلْتَغْتَسِلْ ثُمَّ لِتَسْتَثْفِرْ بِثَوْبٍ ثُمَّ لِتُصَلِّ فِيهِ».

**واتە:« با تەماشا بکات ، بەماوەی ئەو شەو و ڕۆژانەی کەلە پێش دا تێیدا تووشی حەیز دەهات لەمانگێك دا، پێش ئەوەی تووشی ئەوە ببێت کە تووشی بوو، جا - لەوماوەیەدا - واز لە نوێژ بێنێت ، جا ئەگەر ئەوە نەما باخۆی بشوات و خۆی باش پاك بکاتەوە پاشان نوێژ بکات»**[1]

**ئەوەی کە«حدیث» باسی دەکات حوکمێکە سەبارەت بەو ئافرەتانەی کە لە کاتی ساغی داو پێش ئەوەی توشی خوێنی نەخۆشی بن، لەهەر مانگێکدا ڕۆژانێکی دیاری کراوو زانراویان هەبووە کە تێیدا تووشی بێ نوێژی بوون، پاشان توشی خوێنی نەخۆشی هاتوون. پێغەمبەریش«ﷺ» بەو جۆرە**

(1)**صحيح:** سنن أبي داود - كتاب الطهارة - باب في المرأة تستحاض - حديث : 243. السنن المأثورة للشافعي - باب ما جاء في الصلاة على الراحلةحديث : 132. مشكل الآثار للطحاوي - باب بيان مشكل ما روي عن رسول الله صلى الله عليه حديث : 2288. مسند أحمد بن حنبل - مسند الأنصار- مسند النساء - حديث أم سلمة زوج النبي صلى الله عليه وسلم-حديث : 26126. المعجم الكبير للطبراني - باب الياء- ما أسندت أم سلمة - سليمان بن يسار -حديث : 19455. **قال الشيخ الألباني :إسناده صحيح على شرط الشيخين:** أنظر صحيح أبي داود - (2 / 31/ 265).

ئامۆژگـاری ئافرەتـان دەكـاتو فـەرمانیان پـێ دەكـات: كـە بەئەنـدازەی ئـەو ڕۆژە زانراوانـەی پێشـوتریان كـە تێیـدا توشـی بـێ نوێـژی بـوون واز لـە نوێـژ بهێـننو خۆیـان بـە حـەیزدار بـزانن، جـا كـە ژمـارەی ئـەو ڕۆژە زانراوانـەیان تـەواو كـرد، پێویستە خویان بشۆنو دەست بكەنەوە بە نوێژ.

**هەروەك ئیمامی**«إبن تيميـة» **بەڕەحمـەت بـێ لـە** « مجمـوع الفتـاوى 21 / 628» **دەفەرموێ:**

« وَبِهَذَا الْحَدِيثِ أَخَذَ جُمْهُورُ الْعُلَمَاءِ فِي الْمُسْتَحَاضَـةِ الْمُعْتَـادَةِ . أَنَّهَـا تَرْجِـعُ إلَـى عَادَتِهَا وَهُوَ مَذْهَبُ أَبِي حَنِيفَةَ وَالشَّافِعِيِّ وَالْإِمَامِ أَحْمَد ».

**« واتـە بـە پێـی ئـەو حەدیسـە جمهـوری زانایـان فـەتوایان داوە دەربـارەی ئـافرەتێ كـە توشـی خـوێنی نەخۆشـی هـاتبێو مـاوەی بـێ نوێژیەكـەی زانراوبـێ، ئـەویش ئەوەیـە ئافرەتەكـە بـۆ دیـاریكردنی مـاوەی بـێ نوێژیەكـەی دەبـێ پـەنا بەرێتـە بـەر ماوە زانراوەكەی خۆیو بیكاتە پێوەرو مەرجەعێك بۆ خۆی.... ».**

**<u>حاڵـەتی دووەم</u>: ئەوەیـە كـە بـەردەوام خـوێنی لێ بێـت و لـە پێشیشـدا ڕۆژانێكـی زانـراوی نـەبووە بـۆ دیـاری كردنـی مـاوەی بـێ نوێژیەكـەی، یـان هـەیبووە بـەڵام لـە یـادی نـەماوە، وە یـان هـەر بـە نەخۆشیەوە بـاڵغ بـوبێ، وە نـاتوانێ خـوێنی حـەیزو نەخۆشـی جیابكاتـەوە لـە یـەك ، ئـەوا لـەم حاڵەتـەدا حەیزەكـەی شـەش ڕۆژ یـان حـەوت ڕۆژی بـۆ دادەنرێـت لـە مانگێكـەدا وەكـو عـادەتی زۆر بـەی ئافرەتانـە، وە ڕۆژانی تریشی هەمووی بە نەخۆشی بۆ دادەنرێت.**

**<u>بەڵگەش بۆ ئەوە:</u>**

« حَمْنَةَ بِنْـتِ جَحْـشٍ » **دەفـەرموێ: توشـی خـوێنی نەخۆشـی هـاتم زۆر بەتونـدی، هاتمـە لای پێغەمبـەر**«ﷺ» **لـەو بـارەوە پرسـیاری لـێ بكـەم، بینـیم لـەماڵی**

**زەینەبی کچی جەحشی خوشکم بوو، وتم ئەی پێغەمبەری خوا «ﷺ» توشی خوێنی نەخۆشی بووم زۆر بەسەختی، چ دەفەرمووێ، لەکاتێکدا ئەو خوێنە نایەڵێ نوێژ بکەمو ڕۆژو بگرم؟**

**پێغەمبەر«ﷺ» فەرمووێ:**

« فَقَالَ أَنْعَتُ لَكِ الْكُرْسُفَ فَإِنَّهُ يُذْهِبُ الدَّمَ ».**واتە« پارچە لۆكەيەك هەڵگرەو لە دامێنتی دانێ، خوێنەكە لا دەبات ».**

**وتی: خوێنەكە لەوە زیاترو سەخت ترە بەلۆكە بگیرسێتەوە.**

**فەرمووی:** « فَاتَّخِذِي ثَوْبًا ». **واتە « بەپەڕۆیەك توند بیبەستە ».**

**وتی: زۆر لەوە زیاترە بە پەڕۆ بوەستێتەوە، چونكە بەخوڕپێیدا دێتە خوارێ.**

**ئەو جا پێغەمبەر«ﷺ» فەرمووی:**

« سَآمُرُكِ بِأَمْرَيْنِ أَيَّهُمَا فَعَلْتِ أَجْزَأَ عَنْكِ مِنْ الْآخَرِ وَإِنْ قَوِيتِ عَلَيْهِمَا فَأَنْتِ أَعْلَمُ».

**واتە « فەرمانت پێ دەكەم بە دوو شت ، هەر كاميان بكەيت ، ئەوە ئەوی ترت لە سەر دەكەوێت ، جا ئەگەر توانای هەردووكيانت بوو ئەوە خۆت دەزانيت».**

**پاشان پێغەمبەر«ﷺ» پێی فەرموو:**

«إِنَّمَا هَذِهِ رَكْضَةٌ مِنْ رَكَضَاتِ الشَّيْطَانِ فَتَحَيَّضِي سِتَّةَ أَيَّامٍ أَوْ سَبْعَةَ أَيَّامٍ فِي عِلْمِ اللَّهِ ثُمَّ اغْتَسِلِي حَتَّى إِذَا رَأَيْتِ أَنَّكِ قَدْ طَهُرْتِ وَاسْتَنْقَأْتِ فَصَلِّي ثَلَاثًا وَعِشْرِينَ لَيْلَةً أَوْ أَرْبَعًا وَعِشْرِينَ لَيْلَةً وَأَيَّامَهَا وَصُومِي فَإِنَّ ذَلِكَ يَجْزِيكِ وَكَذَلِكَ فَافْعَلِي فِي كُلِّ شَهْرٍ كَمَا تَحِيضُ النِّسَاءُ وَكَمَا يَطْهُرْنَ مِيقَاتُ حَيْضِهِنَّ وَطُهْرِهِنَّ وَإِنْ قَوِيتِ عَلَى أَنْ تُؤَخِّرِي الظُّهْرَ وَتُعَجِّلِي الْعَصْرَ فَتَغْتَسِلِينَ وَتَجْمَعِينَ بَيْنَ الصَّلَاتَيْنِ الظُّهْرِ وَالْعَصْرِ وَتُؤَخِّرِينَ

الْمَغْرِبَ وَتُعَجِّلِينَ الْعِشَاءَ ثُمَّ تَغْتَسِلِينَ وَتَجْمَعِينَ بَيْنَ الصَّلَاتَيْنِ فَافْعَلِي وَتَغْتَسِلِينَ مَعَ الْفَجْرِ فَافْعَلِي وَصُومِي إِنْ قَدِرْتِ عَلَى ذَلِكَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَهَذَا أَعْجَبُ الْأَمْرَيْنِ إِلَيَّ».

**واتە « ئائەو حاڵەتەی تۆ ئازارێکە لە ئازاەکانی شەیتان، جا شەش ڕۆژ تا حەوت ڕۆژ بە حەیز دەژمێریت لە زانستی خوا دا ، پاشان خۆت بشۆ ، تا ئەگەر بینیت کەوا پاك وتەمیز بویتەوە ، ئەوە بیست وچوار شەو یان بیست وسێ شەو بە ڕۆژەکانیەوە نوێژ بکە و ڕۆژوو بگرە ، ئەوە ئیتر لە سەرت دەکەوێت ، وە هەروەها بەم شێوەیە بکە لە هەموو مانگێکدا ، وەکو ئافرەتان چۆن تووشی حەیز دەبن ، وە چی کاتیش پاك دەبنەوە ، بە کاتی حەیز و پاکێتی ئەوان ، وە ئەگەر هێز وتوانات هەبێت لە سەر ئەوەی نوێژی نیوەڕۆ دوا بخەیت ونوێژی عەسریش پێش بخەیت وخۆت بشۆیت ، پاشان نوێژی نیوەڕۆ و عەسر پێکەوە بکەیت ، پاشان مەغریب دوا بخەیت و عیشایش پێش بخەیت و خۆت بشۆیت ، پاشان هەردوو نوێژەکە پێکەوە بکەیت ، ئەوە بیکە و خۆتیش لە گەڵ نوێژی بەیانیدا بشۆریت ونوێژ بکەیت ، ئەوە وا بکە و نوێژ بکە و ڕۆژوویش بگرە ئەگەر توانات لە سەری هەبوو . وە پێغەمبەری خوا «ﷺ» فەرمووی: وە ئەمەی دواییانم پێ خۆشترە»**[1]

---

(1)**حسن**: سنن أبي داود - كتاب الطهارة- باب من قال إذا أقبلت الحيضة تدع الصلاة - حديث : 251. سنن ابن ماجه - كتاب الطهارة وسننها- أبواب التيمم - باب ما جاء في المستحاضة التي قد عدت أيام أقرائها حديث: 619. المستدرك على الصحيحين للحاكم - كتاب الطهارة- وأما حديث عائشة - حديث :566. معرفة السنن والآثار للبيهقي - كتاب الحيض-باب المبتدأة - حديث : 569. السنن الكبرى للبيهقي- كتاب الطهارة-

ئـەوەی کـە «حــــدیث»ەکـە باسـی دەکـات مەبەسـت پێـی ئافرەتێکـە هــەر لەســەرەتای کەوتنــە ســەر خــوێنی لــەم حاڵەتــەدا بــووەو، لــەپێش ئــەم حاڵەتــەش ڕۆژانێکـی زانـراوی نـەبووە، تـاوەکو بزانـێ پێشـتر لەمانگێکـدا چـەندێ لـە بـێ نوێـژی دا دەمایـەوە، وە ناشـتوانێ خـوێنی حەیزەکـەی لـە خـوێنی نەخۆشـی جیـا بکاتـەوە، ئـەوە پێغەمبـەر«ﷺ»کـاری ئـەم ئافرەتـەی گێڕاوەتـەوە بـۆ عـورف و عـادەتو حـاڵی زۆربەی ئافرەتان کە شەش تا حەوت ڕۆژ بە ماوەی بێ نوێژی دادەنرێ .

**حاڵــەتی ســێیەم:** ئەوەیــە ئافرەتەکــە هــەر لەســەرەتاوە عــادەتێکی نــەبووە لەسـەری بـڕوات و کـاری پـێ کردبـێ، بـەڵام بتـوانێ خـوێنی بـێ نوێـژی لـە خـوێنی نەخۆشـی جیابکاتـەوە، بـە پێـی ڕەنگـەکانیان کـە پێشـتر ئاماژەمـان پێکـرد، ئـەوا لەم حاڵەتەدا کار بەجیاکردنەوەکەی خۆی دەکات.

بەڵگەش بۆ ئەوە:

« فَاطِمَةَ بِنْتِ أَبِـي حُبَـيْشٍ»کـاتێ توشـی خـوێنی نەخۆشـی بـوو، پێغەمبـەر«ﷺ» پێی فەرموو:

« إِذَا كَانَ دَمُ الْحَيْضَةِ فَإِنَّهُ أَسْوَدُ يُعْرَفُ فَإِذَا كَانَ ذَلِـكَ فَأَمْسِـكِي عَـنْ الصَّـلَاةِ فَـإِذَا كَانَ الْآخَرُ فَتَوَضَّئِي وَصَلِّي فَإِنَّمَا هُوَ عِرْقٌ».

واتـە « ئەگـەر خوێنەکـە خـوێنی بـێ نوێـژی بـێ، ئـەوا ڕەنگەکـەی مەیلـەو ڕەشـەو دەناسـرێ، ئەگـەر ئـەو خوێنـە بـوو ئـەوە لـە مـاوەی کەوتنـە سـەر ئـەو خوێنـە واز لـە

---

كتاب الحيض - باب المبتدئة لا تميز بين الدمين-حـديث : 1488. وقـال الشـيخ الألبـاني : **حديث حسن** انظر حديث رقم : 1510 في صحيح الجامع.

**نوێــژكردن بهێنــە، بــەڵام ئەگــەر خوێنەكــەی تریــان بــوو ، ئــەوا دەســتنوێژبگرەو نوێژبكە چونكە ئەوە خوێنی دەمارە نەك خوێنی بێ نوێژی»**(1)

**ئیمامی** « الشوكاني» **لە** « نيل الأوطار1 / 341» **دا دەفەرموێ:**

« والحديث فيه دلالة على أنه يعتبر التمييز بصفة الدم فإذا كـان متصـفا بصـفة السـواد فهو حيض وإلا فهو استحاضة».

**واتـە« ئـەم فەرموودەیـە دەبێتـە بەڵگـە بـۆ ئـەوەی كـە ڕەنگـی خوێنەكـە گرنگـە بـۆ جیاكردنـەوەو ناسـینەوەی، جـا ئەگـەر خوێنەكـە شـێوەی ڕەشـی لـە خـۆگرت ئـەوە خوێنی بێ نوێژیە، ئەگەر نا ئەوە خوێنی نەخۆشیە».**

**ڕەشـیەتی ڕەنگـی خوێنەكـە كاتێـك دەكرێتـە پێـوەرو نیشـانە بـۆ ناسـینەوەی خـوێنی بـێ نوێـژی، كـە ئـەو خوێنـە تێكـەڵ بـووبێ لەگـەڵ خـوێنی نەخۆشـی، واتـە هـەركاتێك ئافرەتێـك توشـی خـوێنی نەخۆشـی هـاتبوو، وەلـەو ماوەیەشـدا كەوتـە بـێ نوێژیـەوە ئـەوە دەتـوانێ ڕۆژانـی حەیزەكـەی بـە ڕەنگـی خوێنەكـە دیـاری بكـات، هـەتا ڕەنگەكـەی مەیلـەو ڕەش بـێ ئـەوە حـەیزە، كـەی ڕەنگـی ڕەشـیەكەی نـەما ئـەوە خوێنی نوخۆشییە.**(1) .

---

(1)**حسن** سنن أبي داود - كتاب الطهارة - بـاب مـن قـال إذا أقبلـت الحيضـة تـدع الصـلاة - حديث : 250. المستدرك على الصـحيحين للحـاكم - كتـاب الطهـارة - وأمـا حـديث عائشة - حديث : 569. . وقال **الشيخ الألبـاني : حـديث حسـن** انظـر إرواء الغليـل(1/ 223/ 204).

(1) تمام المنة 136.

# بەشی دووەم

# ئەحكامەكانی پاكوخاوێنی بۆ ئافرەتێ لە بێ نوێژی دا بێ

✍ باسی یەكەم: حوكمی خوێنی بێ نوێژیو چۆنیەتی پاكردنەوەی.

✍ باسی دووەم: خۆشۆردنی ئافرەت كاتێ پاك دەبێتەوە لە بێ نوێژی.

✍ باسی سێیەم: تەیەموم كردن بۆ ئافرەتێ بیانووی هەبێو نەتوانێ ئاو بەكاربهێنێ.

# باسی یەکەم
# حوکمی خوێنی بێ نوێژیو چۆنیەتی پاکردنەوەی

✐خاڵی یەکەم: حوکمی خوێنەکە خۆی.

✐خـــاڵی دووەم: چـــۆنیەتی خـــاوێن کردنـــەوەی خوێنەکە.

# خاڵی یەکەم
# حوکمی خوێنەکە خۆی

خـوێنی بـێ نوێـژی لـە شـەرع دا بەیـەکیك لـەو شـتانە دادەنـرێ کـە پیسـن، بۆیـە زانایانو شەرعناسان لەباسی«النجاسات»دا هێناویانە.

مەبەسـتیش بـە «النجاسـات» هـەموو ئـەو شـتانە دەگرێتـەوە کـە بـە بەڵگـەی قورئـانو سـوونەت سـەلمێنراوە کـە پیسـنو ئەگـەر بـەر پۆشـاكو جەسـتە بکـەون لـە نوێـژی دەدەنو نوێـژیان پێـوە دروسـت نییـەو، ئەگـەر نوێژیشـیان پێـوە بکـرێ بـەبێ بیانویەکی شەرعی نوێژەکەی بەتاڵەو جێی خۆی ناگرێ.

جامـادام خـوێنی بـێ نوێـژیش بـە پـیس «النجاسـات» دادەنـرێ، کـەوابوو ئـەویش وەکـو سـەرجەم شـتە پیسـەکانی تـر پۆشـاكو جەسـتە لـە نوێـژدا دەداتو نوێـژکردن دروسـت نییـە بـە پۆشـاکێکەوە کـە خـوێنی بـێ نوێـژی پێـوە بـێ، ئەگـەر دڵۆپێکیش بێ.

<u>**بەڵگەش بۆ پیسیەتی ئەو خوێنە ئەوەیە:**</u>

« عَائِشَةَ» **دەفـەرموێ:** « فَاطِمَةُ بِنْـتُ أَبِـي حُبَـيْشٍ» **بـە پێغەمبـەری**«ﷺ» **ووت من توشی خوێنی نەخۆشی بەردەوام بوومو پاك نابمەوە، ئایا واز لە نوێژ بهێنم؟**

**پێغەمبەریش** «ﷺ» **فەرمووی:**

« لَا إِنَّمَا ذَلِكِ عِرْقٌ وَلَيْسَ بِالْحَيْضَةِ فَإِذَا أَقْبَلَتْ الْحَيْضَةُ فَـاتْرُكِي الصَّـلَاةَ فَـإِذَا ذَهَـبَ قَدْرُهَا فَاغْسِلِي عَنْكِ الدَّمَ وَصَلِّي ».

واتــە« نــا ، ئــەوە خــوێنی دەمــارەو خــوێنی بــێ نوێــژی نییــە ، هــەركات كەوتیتــە بــێ نوێژیــەوە ، واز لــە نوێــژكردن بهێنــەو هــەركات مــاوەی بــێ نوێژیەكــە نــەما ، ئــەوا خۆت لە خوێنەكە پاك بكەرەوەو دەست بكەرەوە بەنوێژ»[1]

<u>ئەوەی لە «حديث»ەكەوە وەردەگیرێ ئەوەیە:</u>

پێغەمبــەر«ﷺ» فــەرمانی پێكــرد خوێنەكــە پــاك بكاتــەوە ئــەوجا نوێــژ بكــات، كــەوابوو هــەتا خوێنەكــە پــاك نەكاتــەوە بــۆی نــی یــە نوێــژ بكــات، ئەمــەش ئــەوە دەســەلمێنێ مانــەوەی خوێنەكــەی بــە جەســتەو پۆشــاكەكەوە ڕێگــرو بەربەســتە لــە نوێژكردنو نوێژی پێوە دانامەزرێو جێی خۆی ناگرێ.

وە هەرشــتێكیش كــە بــەر جەســتەو پۆشــاك بكــەوێ و ڕێگــرو بەربەســت بــێ لــە نوێــژكردنو، شــەرع داوای كردبــێ كــە بشــۆررێ، بەڵگەیــە لــە ســەر پیســییەتی ئــەو شتە.. كەوابوو: خوێنی بێ نوێژی پیسە.

## خاڵی دووەم

## چۆنیەتی خاوێن كردنەوەی خوێنەكە

وەكــو پێشــتر باســمــان كــرد شــەریعەت خــوێنی بــێ نوێــژی بــە پــیس دانــاوەو، شــۆردنی خوێنەكــەی واجــب كــردووە لەســەر ئافرەتــان، جــا هــەروەك چــۆن پیســیەتیەكەی دەســت نیشــان كــردووە، بەهــەمان شــێوە چۆنیەتیوشــێوازی پاكردنەوەكەیشــی دیــاری كــردووە، بۆیــە پێویســتە لەســەر ئافرەتــانیش ئــەوەی

(1)**صحيح البخاري** - كتاب الوضوء - باب غسل الدم - حديث : 225. صحيح مسلم - كتاب الحيض-باب المستحاضة وغسلها وصلاتها - حديث : 527. سنن ابن ماجه - كتاب الطهارة وسننها- أبواب التيمم - باب ما جاء في المستحاضة التي قد عدت أيام أقرائها -حديث : 618.

**کەشەرع دەستنیشانی کردووەو کردویەتی بەڕێگای خاوێن کردنەوەی خوێنەکە، بەو ئاراستەدا بڕۆن‌و بەپێی ئەو ڕێنماییانە هەنگاو هەڵگرن‌و پۆشاکەکەیان خاوێن بکەنەوە کە باسکراوە .**

**پاکردنەوەی پۆشاکەکە بەوە دەکرێ : وەراندنی خوێنەکە بە دەست، پاشان شوێنەواری خوێنەکە بە ئاوو مادەی خاوێن کەرەوە خاوێنکرێ، پاشان تەواوی پۆشاکەکەش بە ئاو بشۆردرێ .**

**بەڵگەش بۆ ئەمە:**

**یەکەم:**

« أُمَّ قَيْسٍ بِنْتَ مِحْصَنٍ» **دەفەرموێ: پرسیارم لە پێغەمبەر کرد**«ﷺ» **دەربارەی خوێنی بێ نوێژی کە بە جل‌و پۆشاکەوەیە.**

**پێغەمبەریش**«ﷺ» **فەرمووی:**« حُكِّيهِ بِضِلْعٍ وَاغْسِلِيهِ بِمَاءٍ وَسِدْرٍ».

**واتە «خوێنەکە بوەرێنە بە نینوك‌و شتی ڕەق بکرێنە، وە بیشۆ بە ئاوو مادەی خاوێنکەرەوە»**[1]

---

(1)**صحيح**: سنن أبي داود - كتاب الطهارة- باب المرأة تغسل ثوبها الذي تلبسه في حيضها - حديث : 311. السنن الصغرى - سؤر الهرة- صفة الوضوء - باب دم الحيض يصيب الثوب-حديث : 291. مصنف ابن أبي شيبة - كتاب الطهارات-في المرأة يصيب ثيابها من دم حيضها - حديث : 999. السنن الكبرى للنسائي - ذكر ما ينقض الوضوء وما لا ينقضه - في دم الحيض يصيب الثوب - حديث : 277. السنن الكبرى للبيهقي - كتاب الصلاة - جماع أبواب الصلاة بالنجاسة وموضع الصلاة من مسجد وغيره - باب ما يستحب من استعمال ما يزيل الأثر مع الماء في - حديث : 3822. مسند أحمد بن حنبل - مسند الأنصار- مسند النساء - حديث أم قيس بنت محصن أخت عكاشة بن محصن حديث : 26394. **قال الشيخ الألباني : إسناده صحيح**، أنظر صحيح أبي داود - (2 /

**دووەم:**

**وەهەروەها**« أسماء بنت أبي بكر» **دەفەرموێ:**

**ئافرەتێك هات بۆلای پێغەمبەر** «ﷺ» **و وتی: ئەگەر یەكێكمان خوێنی بێ نوێژی دای لە پۆشاكەكەی چی لێ بكات؟**

**پێغەمبەریش**«ﷺ» **فەرمووی:**

« تَحُتُّهُ ثُمَّ تَقْرُصُهُ بِالْمَاءِ ثُمَّ تَنْضَحُهُ ثُمَّ تُصَلِّي فِيهِ ». **واتە « ئەگەر یەكێكتان خوێنی حەیز دای لە جلوبەرگەكەی ئەوە بیوەرێنێت، پاشان شوێنی خوێنەكە بە ئاو بشوات، پاشان ئاو بكات بە سەرتاپای پۆشاكەكەی دا، ئینجا نوێژی پێوە بكات »**(1)

**سێیەم:**

**وەهەروەها**« أسماء بنت أبي بكر» **دەفەرموێ: گوێم لێ بوو ئافرەتێك پرسیاری لە پێغەمبەر دەكرد**«ﷺ» **دەربارەی پۆشاكەكەی، كاتێك لە بێ نوێژی پاكەوە بوو، چی لە پۆشاكەكەی بكات و چۆن خاوێنی بكاتەوە؟**

**پێغەمبەریش**«ﷺ» **فەرمووی:**

---

203/ 388)، السلسلة الصحيحة 300.

(1)**صحيح البخاري** - كتاب الوضوء - باب غسل الدم - حديث : 224. صحيح مسلم - كتاب الطهارة-باب نجاسة الدم وكيفيةغسله - حديث : 464. صحيح مسلم - كتاب الطهارة- باب نجاسة الدم وكيفيةغسله - حديث : 464. صحيح ابن حبان - كتاب الطهارة- باب تطهير النجاسة - ذكر البيان بأن هذه امرأة إنما سألت عما يصيب الثوب من- حديث : 1413. السنن الكبرى للبيهقي - كتاب الطهارة-باب إزالة النجاسات بالماء دون سائر المائعات - حديث : 34.

« إن رأيت فيه دما فحكيه ، ثم اقرصيه بماء ، ثم انضحي في سائره ، فصلي فيه».

**واته « ئەگەر خوێنت بە پۆشاكەكەتەوە بینی، ئەوا هەڵیوەرێنە، پاشان شوێنەواری خوێنەكە هەڵگوشە لە ئاوو بیشۆ، پاشان سەرتاپای پۆشاكەكەت بشۆ بە ئاو، ئینجا نوێژی پێوە بكە»**(1).

**چوارەم:**

**هەروەها**« عَائِشَةَ» **دەفەرموێ:**

« كَانَتْ إِحْدَانَا لَتَحِيضُ ثُمَّ تَقْرُصُ الدَّمَ مِنْ ثَوْبِهَا عِنْدَ طُهْرِهَا فَتَغْسِلُهُ وَتَنْضَحُ عَلَى سَائِرِهِ ثُمَّ تُصَلِّي فِيهِ ».

**واته « هەریەك لە ئێمە دەكەوتە بێ نوێژیەوە، دوای ئەوەی كە پاك دەبوویەوە خوێنەكەی دەوەراند، پاشان خوێنەكەی دەشۆرد، وەئاوی دەكردە سەر تەواوی پۆشاكەكەداو دەیشۆرد، ئینجا نوێژی پێوە دەكرد»**(2).

(1)**حسن**: سنن الدارمي - كتاب الطهارة- باب المرأة الحائض تصلي في ثوبها إذا طهرت - حديث : 1051، و صحيح ابن حزيمة - كتاب الوضوء- جماع أبواب تطهير الثياب بالغسل من الأنجاس - باب ذكر الدليل على أن النضح المأمور به هو نضح ما حديث : 277، **قال الشيخ الألباني : إسناده حسن،** أنظر السلسلة الصحيحة 299.

(2)**صحيح** : سنن ابن ماجه - كتاب الطهارة وسننها- أبواب التيمم - باب في ما جاء في دم الحيض يصيب الثوب- حديث : 627. السنن الكبرى للبيهقي - كتاب الصلاة - جماع أبواب الصلاة بالنجاسة وموضع الصلاة من مسجد وغيره - باب ذكر البيان أن النضح المأمور به هو في الموضع الذي- حديث : 3820. **قال الشيخ الألباني: حديث صحيح،** أنظر صحيح ابن ماجة (1 / 513/103).

**ئیمـامی**«الألبـــاني» **بەڕەحمــەت بــێ لــە** « السلســلة الصــحيحة 1 / 298» **دەفەرموێ:**

« في هذه الرواية زيادة " ثم انضحي في سـائره " ، و هـي زيـادة هامـة لأنها تبين أن قوله في رواية هشام " ثم لتنضحه " ليس المراد نضح مكان الدم ، بل الثوب كله».

**واتــە «لــە گێڕانــەوەی ئــەم فەرموودەیــەدا شــتێکی زیــاتری تێــدا باســکراوە، کەئــەویش شــۆردنی ســەرتاپای پۆشــاکەکەیە، جــا ئــەو زیادەیــە گرنگــە، چــونکە بۆمــان ڕوندەکاتــەوە کــە مەبەســت بــە** «ثم لتنضحه» **شــوێنەواری خوێنەکــە نــی یــە بەڵکو سەرتاپای پۆشاکەکەیە».**

**کەوابوو:**

**بــەپێی ئــەو انــەی کــە باســکران دوای ئــەوەی کــە خوێنەکــە دەوەرێنێــتو شــوێنەواری خوێنەکــەی ســەر پۆشــاکەکە دەشــوات، دەبــێ ســەرتاپای پۆشــاکەکەش هەر هەمووی بشوات، ئەگەر نا فەرمانی شەرعی پێشێل کردووە.**

**وەکــو وتمــان هــەموو پۆشــاکەکە دەبــێ بشــواتو تــەنها شــۆردنی خوێنەکــە بــەس نییــە بــۆی، ئەگــەر هــەموو پۆشــاکەکە نەشــوات تاوانبــار دەبــێ لەســەری، مەگــەر بیانویــەکی شــەرعی هــەبێو نــەتوانێ هــەمووی بشــوات، وەکــو ئــەوەی تــەنها ئــەو پۆشـاکە جلو بـەرگی بـێو هیچـی تـری نـەبێ لەبـەری بکـات، ئـەوا ئـەو کاتـە شـەرع ڕێگــەی پێــداوە تــەنها شــوێنی خوێنەکــە خاوێنــە خــاوێن بکاتــەوەو شــۆردنی بەشەکەی تری پۆشاکەکەی لەسەر لابردووە.**

**<u>بەڵگەش بۆ ئەوە:</u>**

« أَبِي هُرَيْرَةَ» **دەفـەرموێ:** «خَوْلَـةَ بِنْـتَ يَسَـارٍ» **پرسـیاری لـە پێغەمبـەر«ﷺ» کـردو وتـی: ئـەی پێغەمبـەری خـوا ، مـن تـەنها یـەك جـل و بـەرگم هەیـە ، وە بـەو جلەیشەوە تووشی حەیز دەبم، چی لێبکەم ؟**

**پێغەمبەریش«ﷺ»فەرمووی:**

« فَإِذَا طَهُرْتِ فَاغْسِلِي مَوْضِعَ الـدَّمِ ثُـمَّ صَـلِّي فِيـهِ» **واتـە « ئەگـەر پـاك بوویتـەوە ئـەوە شـوێنی خوێنەکـە بشـۆ، پاشـان نوێـژی پێوەبکـە ». وتـی: ئـەی پێغەمبـەری خوا ئەگەر شوێنەواری هەر مایەوە ؟**

**فـەرمووی:** « يَكْفِيكِ الْمَاءُ وَلَا يَضُـرُّكِ أَثَـرُهُ ». **واتـە « ئاوەکـە بەسـە و شـوێنەواری هیچ زیانێکت پێ ناگەیەنێت »[1].**

**کەوابوو:**

**ئەگـەر ئافرەتێـك تـەنها یـەك پۆشـاکی هـەبوو، یـان بیانویـەکی شـەرعی تـری هـەبوو، ئـەوا لـە شـۆردنی هـەموو پۆشـاکەکەی چاوپۆشـی لـێ کـراوەو، ڕێگـەی پێدراوە کە تەنها شوێنەواری خوێنەکە بشوات.**

**هـەروەها ئەگـەر ڕەنگـی خوێنەکـە بۆرابـوو بـە جلەکـەوەو بەشـۆردنیش ڕەنگەکـەی هـەرپێوەی مایـەوە، ئـەوەش هـەر چاوپۆشـی لێکـراوە چـونکە لـە توانـای ئـەو کەسـە بەدەرە.**

---

(1)**صحيح** : السنن الكبرى للبيهقي - كتاب الصلاة - جمـاع أبـواب الصـلاة بالنجاسـة وموضـع الصلاة من مسجد وغيره - باب ذكر البيان أن الدم إذا بقـي أثـره في الثـوب بعـد-حـديث : 3827. مسند أحمد بن حنبل - ومن مسند بني هاشم- مسـند أبي هريـرة رضـي الله عنـه - حـديث : 8564. **قـال الشـيخ الألبـاني : حـديث صـحيح**، أنظـر السلسـلة الصحيحة298، إرواء الغليل (1 / 168/189).

# باسى دووەم
# خۆشۆردنى ئافرەت
# كاتێ پاك دەبێتەوە لە بێ نوێژى

✐خاڵى يەكەم: حوكمى خۆشۆردنى ئافرەت كەلە بێ نوێژى پاكدەبێتەوە.
✐خاڵى دووەم: پايەكانى خۆشۆردن.
✐خاڵى سێيەم: شێوازو چۆنيەتى خۆشۆردنەكەى.
✐خاڵى چوارەم: خۆشۆردنى ئافرەتێ كەلە بێ نوێژى دا بێو توشى لەشگرانى هاتبێ.
✐خاڵى پێنجەم: شۆردنى ئافرەتێ كە لەماوەى بێ نوێژيەكەى دا وەفات بكات.

## ✐خاڵی یەكەم
## حوكمی خۆشۆردنی ئافرەت كەلە بێ نوێژی پاكدەبێتەوە

خۆشـۆردن لـەپاش پاكبوونـەوە فـەرزو واجبـە لەسـەر ئـافرەتی موسـڵمان، چـونكە خـوداو پێغەمبـەری خـواش«ﷺ» لـە چـەندان ئایـەت و فـەرموودەدا فـەرمانیان پێ كردوەو كردویان بەمەرجی قەبوڵ بونی نوێژ.

جـا بـەپێی ئـەو ئایـەت و فەرمودانـە زانایـانو شەرعناسـانیش یەكـدەنگن لەسـەر ئـەوەی واجبـە لەسـەر ئـافرەتی موسـڵمان خـۆی بشـوات، كاتێـك خـوێنی بـێ نوێژیەكەی وەستا[1].

### بەڵگەكانیش:

**یەكەم:**

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا قُمۡتُمۡ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ فَٱغۡسِلُواْ وُجُوهَكُمۡ وَأَيۡدِيَكُمۡ إِلَى ٱلۡمَرَافِقِ وَٱمۡسَحُواْ بِرُءُوسِكُمۡ وَأَرۡجُلَكُمۡ إِلَى ٱلۡكَعۡبَيۡنِۚ وَإِن كُنتُمۡ جُنُبٗا فَٱطَّهَّرُواْۚ﴾ المائدة: ٦

واتـە: ئـەی ئـەو كەسـانەی وا باوەڕتـان هێنـاوە، هـەركاتێ هەڵسـان بـۆ نوێـژو ویسـتان نوێـژ بكـەنو دەسـتنوێژتان نـەبوو، ئـەوا دەسـتنوێژ بگـرن بـە جۆرێـك دەموچـاوتان بشـۆنو باڵیشـتان بشـۆن تـا ئەنیشـكتان، وە مەسـحی سەریشـتان بكـەنو پێیەكانیشـتان بشـۆن تـا قولـە پێتـان، وە ئەگـەر لەشیشـتان گـران بـوو، ئـەوا خۆتان بشۆن.

**ئەوەی لەم ئایەتەوە وەردەگیرێ ئەوەیە:**

---

(1) مراتـب الإجمـاع لإبـن حـزم 183،192،261،بدايـة المجتهـد 45/1.المجمـوع للنووي140/2، شرح مسلم353/2.

1-خوای گەورە فەرمانی کردووە بە خۆشۆردن بۆ کەسی لەشگران، هەڵبەت خوداش فەرمانی بەهەرشتێ کرد بەڵگەیە لەسەر واجب بوونی ئەو شتە.

2- خۆشۆردن بۆ لەشگرانی مەرجە بۆ دروستێتی نوێژ، ئەگەر بەبێ خۆشۆردن نوێژی کرد و بیانوویەکی شەرعی نەبوو، ئەوە سەرەڕای ئەوەی نوێژەکەی جێی هیچ ناگرێ، بەڵکو تاوانباریش دەبێ لەسەری.

3- جامادام نوێژکردن لەسەر خۆشۆردن وەستابێتەوە، کەوابوو خۆشۆردن واجبە.

بەپێی ئەوەی کە خۆشۆردن لەسەر لەشگران واجب بوو، کەوابوو لەسەر ئافرەتێکیش کە لە بێ نوێژی پاك دەبێتەوە واجبە .

**دووەم:**

﴿ وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْمَحِيضِ ۖ قُلْ هُوَ أَذًى فَٱعْتَزِلُوا۟ ٱلنِّسَآءَ فِى ٱلْمَحِيضِ ۖ وَلَا تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّىٰ يَطْهُرْنَ ۖ فَإِذَا تَطَهَّرْنَ فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ ٱللَّهُ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلتَّوَّٰبِينَ وَيُحِبُّ ٱلْمُتَطَهِّرِينَ ﴿٢٢٢﴾ ﴾ البقرة: ٢٢٢.

واتە: «ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) سەبارەت بەجووت بوون و تێکەڵی ژن و مێردی لەگەڵ ئافرەتی حەیزدار پرسیارت لێ دەکەن، تۆش بڵێ : جوت بوون لەگەڵ خێزاندا لەکاتی بێ نوێژی دا مایەی زەرەرو زیانە، بۆیە لە ماوەی بێنوێژیاندا لێیان دووربن وتێکەڵی سەرجێی ژن و مێردیان لەگەڵ مەکەن، وە نابێ بەمەبەستی سەرجێی نزیکیان بکەون و بچنە لایان هەتاوەکو پاك دەبنەوە و خۆیان دەشۆن ... ».

ئەوەی لەم ئایەتەوە وەردەگیرێ ئەوەیە:

**دروست نییە بۆ پیاو سەرجێی لەگەڵ خێزانی خۆیدا بكات تاوەكو خۆی دەشوات لە دوای پاك بوونەوەكەی.**

**جامادام خۆشۆردن بەربەستو ڕێگر بێ لەبەردەم جووتبوونی نێوان ژنو مێردو، وەئەگەر پێش خۆشۆردن جوتبوون ڕوبدات دوچاری حەرام بن، كەوابوو ئەو خۆشۆردنە واجب دەبێ لەسەر ئافرەت.**(1) .

**سێیەم :**

«عَائِشَةَ» **خوای لێ ڕازی بێ دەفەرمووێ:**

«أَمَّ حَبِيبَةَ»**پرسیاری لە پێغەمبەركرد**«ﷺ» **دەربارەی خوێنی بێ نوێژی، پێغەمبەریش**«ﷺ»**پێی فەرموو:** :«امْكُثِي قَدْرَ مَا كَانَتْ تَحْبِسُكِ حَيْضَتُكِ ثُمَّ اغْتَسِلِي وَصَلِّي».

**واتە:** «**واز لە نوێژ بهێنە بەگوێرەی ئەوەی كە بێ نوێژیەكەت توش دەبێ، پاشان خۆت بشۆو دەست بكە بە نوێژ**»(1).

**هەروەها** «عَائِشَةَ» **خوای لێ ڕازی بێ دەفەرمووێ: پێغەمبەر**«ﷺ»**بە** «فَاطِمَةُ بِنْتُ أَبِي حُبَيْشٍ» **فەرموو:**

---

(1) المجموع148/2 .

(1) **صحيح** مسلم - كتاب الحيض- باب المستحاضة وغسلها وصلاتها - حديث : 530-531 . مستخرج أبي عوانة - مبتدأ كتاب الحيض والاستحاضة- في المستحاضة التي لا تعرف إقبال الحيضة من إدبارها بتغيير الدم - حديث : 720-721. سنن أبي داود - كتاب الطهارة- باب في المرأة تستحاض - حديث : 244. السنن الصغرى - سؤر الهرة-صفة الوضوء - ذكر الاغتسال من الحيض حديث : 207. السنن الكبرى للنسائي - ذكر ما ينقض الوضوء وما لا ينقضه- الاغتسال من الحيض والاستحاضة - حديث : 203.

«فَإِذَا أَقْبَلَتْ حَيْضَتُكِ فَدَعِي الصَّلَاةَ وَإِذَا أَدْبَرَتْ فَاغْسِلِي وصَلِّي».

**واتە: «هەرکات کەوتیتە بێ نوێژیەوە، ئەوا واز لە نوێژ بهێنە، وە هەرکات پاک بویتەوە ئەوا خۆت بشۆو دەست بکەرەوە بە نوێژ»[2].**

**ئەوەی لەم دوو«حدیث»ەوە وەردەگیرێ ئەوەیە:**

**1- پێغەمبەر«ﷺ» فەرمانی کردووە بە ئافرەتان کە لە بێ نوێژی پاک بوونەوە، خۆیان بشۆن، هەڵبەت پێغەمبەریش«ﷺ» فەرمانی بەهەرشتێ کرد بەڵگەیە لەسەر واجب بوونی ئەو شتە.**

**2- پێغەمبەر«ﷺ» خۆشۆردنی کردووە بە بەربەستو ڕێگرێک لە نێوان پاکبوونەوەو نوێژکردن دا، واتە دوای ئەوەی کە پاک دەبێتەوە لە بێ نوێژی، بۆی نییە نوێژ بکات هەتا خۆی نەشوات، مەگەر بیانوویەکی شەرعی هەبێ کە تەیەموم بکات.**

**جامادام نوێژکردنەکە لەسەر خۆشۆردنەکە وەستابێتەوە، کەوابوو: خۆشۆردن لەپاش پاک بوونەوە واجبە.**

---

(2) **صحيح** البخاري - كتاب الوضوء- باب غسل الدم - حديث : 225 و كتاب الحيض- باب إقبال المحيض وإدباره - حديث : 316، وباب إذا رأت المستحاضة الطهر - حديث : 328.سنن أبي داود - كتاب الطهارة- باب من روى أن : الحيضة إذا أدبرت لا تدع الصلاة - حديث : 247. وسنن ابن ماجه - كتاب الطهارة وسننها- أبواب التيمم - باب ما جاء في المستحاضة التي قد عدت أيام أقرائها حديث : 618 وباب ما جاء في المستحاضة إذا اختلط عليها الدم فلم تقف حديث : 623 . سنن الترمذي الجامع الصحيح - أبواب الطهارة عن رسول الله صلى الله عليه وسلم -باب في المستحاضة - حديث : 119.

**لەوەشەوە ئەوە تێدەگەین كە خۆشۆردن لەپاش پاك بوونەوە مەرجە بۆ دروستێتی نوێژ، ئەگەر بەبێ خۆشۆردن نوێژی كردو بیانوویەكی شەرعی نەبوو، ئەوە سەرەڕای ئەوەی نوێژەكەی جێی هیچ ناگرێ، بەڵكو تاوانباریش دەبێ لەسەری.**

## ✐خاڵی دووەم
## پایەكانی خۆشۆردن

**خۆشۆردن «الغسل»: بریتیە لە ئاو پێداكردنی سەرتاپای ئەندامە ڕواڵەتیەكانی جەستە، بەمەبەستی لابردنی لەشگرانی، جا ئەو لەشگرانیەش چ بەهۆی جەنابەتەوە بێ یان بە هۆی بێ نوێژیەوە بێ .**

**كەوابوو: بۆ ئەوەی خۆشۆردنەكەی لەسەر لابچێو جێی خۆی بگرێ، ئەوا پێویستە دوو پایەی تێدابێ، جا هەركات یەكێك لەو دوو پایەی تیدانەبوو، ئەوا خۆشۆردنەكەی جێی هیچی بۆ نەگرتووە.**

**پایەكانیش :**

**1- نیازو مەبەستی هەبێ لە دڵی دا كە بۆ چ مەبەستێك خۆی دەشوات، تا خۆشۆردنی عیبادەتی لە خۆشۆردنی عادەتی جیابكرێتەوە.**

**بەڵگەش بۆ ئەوە:**

**پێغەمبەر«ﷺ» دەفەرمووێ:**

« إِنَّمَا الْأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ وَإِنَّمَا لِكُلِّ امْرِئٍ مَا نَوَى». **واتە « هەموو كردارێ بە نیەتەو هەموو كەسێكیش بەپێی نیەتەكەی پاداشتی دەست دەكەوێ ».** [1].

---

(1) صحيح البخاري - باب بدء الوحي / 0 بسم الله الرحمن الرحيم قال الشيخ - حديث : 1، وكتاب الإيمان -باب : ما جاء إن الأعمال بالنية والحسبة - حديث : 54. صحيح ابن

2- ئـاو پێـداکردنی سـەرتاپای ئەندامـە ڕواڵەتیـەکانی جەسـتە، واتـە هـەموو ئەندامـە ڕواڵەتـەکانی جەسـتەی دەبـێ تـەڕبکرێ بـە ئـاو، ئـیتر بـە شـێوەی ئـاو پێـدا کردن بێ یان بە خۆ نقوم کردن بێ لە ئاودا.

**بەڵگەش بۆ ئەوە:**

**پێغەمبەر«ﷺ» بە** « أُمِّ سَلَمَةَ » **دەفەرمووێ:**

« لَا إِنَّمَا يَكْفِيكِ أَنْ تَحْثِيَ عَلَى رَأْسِكِ ثَلَاثَ حَثَيَاتٍ ثُمَّ تُفِيضِينَ عَلَيْكِ الْمَاءَ فَتَطْهُرِينَ»[1].

---

حبان - كتاب البر والإحسان- باب الإخلاص وأعمال السر - حديث : 389، كتاب السير-باب الهجرة - ذكر البيان بأن كل من هاجر إلى المصطفى صلى الله عليه-حديث : 4945. سنن أبي داود - كتاب الطلاق- أبواب تفريع أبواب الطلاق - باب فيما عني به الطلاق والنيات -حديث : 1895. سنن ابن ماجه - كتاب الزهد- باب النية - حديث : 4224. السنن الكبرى للبيهقي -كتاب الطهارة - جماع أبواب الغسل للجمعة والأعياد وغير ذلك-باب الاغتسال للجنابة والجمعة جميعا-حديث : 1317.

(1) **صحيح** مسلم - كتاب الحيض-باب حكم ضفائر المغتسلة - حديث : 523. صحيح ابن خزيمة - كتاب الوضوء- جماع أبواب غسل الجنابة - باب الرخصة في ترك المرأة نقض ضفائر رأسها في الغسل من- حديث : 247. مستخرج أبي عوانة - مبتدأ كتاب الطهارة- باب إباحة ترك نقض ضفر الرأس في الغسل من الجنابة - حديث : 673. السنن الكبرى للبيهقي - كتاب الطهارة-جماع أبواب الغسل من الجنابة - باب الدليل على دخول الوضوء في الغسل وسقوط فرض المضمضة والاستنشاق-حديث : 796. معرفة السنن والآثار للبيهقي - باب المرأة ليس عليها نقض ضفرها- حديث : 387. السنن الصغير للبيهقي - جماع أبواب الطهارة- باب كيفية غسل الجنابة - حديث : 107.

واتــە: «ئەوەنــدە بەســە بــۆ ئــەوەی خــۆ شــۆردنەکەت جێــی خــۆی بگــرێو لــە لەشگرانی پـاك ببیتـەوە کـە سـێ گوێـل ئـاو بکـەیت بەسـەرتدا، پاشـان ئـاو بکـەیت بەسەرتاپای جەستەتدا».

## ✐خاڵی سێیەم
## شێوازو چۆنیەتی خۆشۆردنەکەی

خاڵی سێیەم لە دوو بڕگە پێك دێت:

بڕگەی یەکەم: ئەو فەرموودانەی باسی چۆنیەتی خۆشۆردنمان بۆ دەکەن.

بڕگـەی دووەم: شـێوازوو چـۆنیەتی خۆشـۆردنی ئـافرەت کـە لـەبێ نوێـژی پـاك دەبێتەوە.

**بڕگەی یەکەم**:

**ئەو فەرمــوودانەی باسی چۆنیەتی خــۆشۆردنمان بۆ دەکـەن**.

لـــە ســـوننەتی پێغەمبـــەردا«ﷺ» چـــەند فەرموودەیـــەکمان هەیـــە کـــە شێوازوچـۆنیەتی خۆشـۆردن ڕوون دەکەنـەوە، لێـرەدا فـەرموودەکان بـاس دەکـەینو پاشان ووردەکاری فەرموودەکان دەخەینە ڕوو. فەرموودەکانیش ئەمانەن:

**فەرموودەی یەکەم:**

« عَائِشَةَ »ی خێزانی پێغەمبەر«ﷺ»دەفەرمووێ:

«كَانَ رَسُولُ اللَّهِ «صَلَّى الله عَلَيه وسَلَّم»إِذَا اغْتَسَلَ مِنَ الْجَنَابَـةِ يَبْـدَأُ فَيَغْسِـلُ يَدَيْـهِ [فَغَسَلَ يَدَيْهِ قَبْلَ أَنْ يُدْخِلَهُمَا الإِنَاءَ] ثُمَّ يُفْرِغُ بِيَمِينِهِ عَلَـى شِـمَالِهِ ، فَيَغْسِـلُ فَرْجَـهُ، ثُـمَّ يَتَوَضَّأُ وُضُوءَهُ لِلصَّلَاةِ[ثُمَّ تَوَضَّأَ مِثْلَ وُضُوئِهِ لِلصَّلَاةِ]،[ثُمَّ يُشَرِّبَ شَـعْرَهُ الْمَـاءَ] ثُـمَّ يَأْخُـذُ

الْمَاءَ فَيُدْخِلُ أَصَابعَهُ فِي أُصُولِ الشَّعْرِ حَتَّى إِذَا رَأَى أَنَّهُ قَدِ اسْتَبْرَأَ حَفَنَ عَلَى رَأْسِهِ ثَلاَثَ حَفَنَاتٍ ، ثُمَّ أَفَاضَ عَلَى سَائِرِ جَسَدِهِ ثُمَّ غَسَلَ رِجْلَيْهِ»[1].

**واتە: « پێغەمبەر«ﷺ» کاتێک کە خۆی بۆ لەشگرانی دەشۆری، سەرەتا هەردوو دەستەکانی دەشۆری پێش ئەوەی دەست بکاتە ناو ئاوەکە، پاشان بە دەستی ڕاستی ئاوی دەکردە سەر دەستی چەپیداو عەورەتی خۆی دەشۆرد، ئینجا دەستنوێژی دەگرت وەکو دەستنوێژی نوێژ، پاشان بە مشت ئاوی دەکرد بە سەری داو پەنجەکانی دەخستە بنی سەری، جا کاتێک دڵنیادەبوو کە قژی تەڕبووە، سێ مشت ئاوی بەسەر خۆی دا دەکرد، پاشان ئاوی بە سەرتاپای جەستەی خۆی دا دەکرد، پاشان لە کۆتاییدا هەردوو قاچەکانی دەشۆرد».**

## فەرموودەی دووەم:

«مَيْمُونَةُ» **خێزانی پێغەمبەر«ﷺ» دەفەرمووێ:**

«وَضَعْتُ لِلنَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مَاءً لِلْغُسْلِ: فَغَسَلَ يَدَيْهِ مَرَّتَيْنِ أَوْ ثَلَاثًا ثُمَّ أَفْرَغَ عَلَى شِمَالِهِ فَغَسَلَ مَذَاكِيرَهُ ثُمَّ مَسَحَ يَدَهُ بِالْأَرْضِ ثُمَّ مَضْمَضَ وَاسْتَنْشَقَ وَغَسَلَ وَجْهَهُ وَيَدَيْهِ ثُمَّ أَفَاضَ عَلَى جَسَدِهِ ثُمَّ تَحَوَّلَ مِنْ مَكَانِهِ فَغَسَلَ قَدَمَيْهِ».

---

(1) **صحيح** البخاري - كتاب الغسل- باب تخليل الشعر - حديث : 268. صحيح مسلم - كتاب الحيض-باب صفة غسل الجنابة - حديث : 500و حديث : 501. صحيح ابن خزيمة - كتاب الوضوء جماع أبواب غسل الجنابة - باب تخليل أصول شعر الرأس بالماء قبل إفراغ الماء على الرأس- حديث : 243. سنن أبي داود - كتاب الطهارة-باب في الغسل من الجنابة - حديث : 213. سنن الترمذي الجامع الصحيح - أبواب الطهارة عن رسول الله صلى الله عليه وسلم- باب ما جاء في الغسل من الجنابة - حديث : 100. السنن الصغرى - سؤر الهرة- صفة الوضوء - ذكر غسل الجنب يديه قبل أن يدخلهما الإناء- حديث : 243.

«واتە: ئاوم بۆ پێغەمبەر«ﷺ» دانا بۆ ئەوەی خۆی پێ بشوات، ئەویش هەردوو دەستەکانی دووجار تاسێ جار شۆرد، پاشان بەدەستی ڕاستی ئاوی دەکردە سەر دەستی چەپیداو عەورەتی خۆی دەشۆری، پاشان دەستی دەسڕی بە خۆڵی زەویەکەدا، پاشان ئاوی لە دەمو لوتی وەرداو ڕوومەتو هەردوو باڵەکانی شۆرد، پاشان ئاوی بە سەرتاپای جەستەی خۆی دا دەکرد، پاشان جێگاکەی گۆڕیو قاچەکانی شۆری»[1].

**فەرموودەی سێیەم:**

« عَائِشَةَ »ی خێزانی پێغەمبەر«ﷺ» دەفەرمووێ:

«كَانَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِذَا اغْتَسَلَ مِنْ الْجَنَابَةِ دَعَا بِشَيْءٍ نَحْوَ الْحِلَابِ فَأَخَذَ بِكَفِّهِ فَبَدَأَ بِشِقِّ رَأْسِهِ الْأَيْمَنِ ثُمَّ الْأَيْسَرِ فَقَالَ بِهِمَا عَلَى وَسَطِ رَأْسِهِ».

واتە:«پێغەمبەر ﷺ کاتێ بۆ لە شگرانی خۆی بشۆردبا، داوای تەشتێ ئاوی دەکردو، بە مشتی خۆی ئاوی دەکرد بە سەری دا، سەرەتا ئاوی دەکرد بە لای ڕاستی سەری دا، پاشان ئاوی دەکرد بە لای چەپی سەری دا، بە هەردوو دەستەکانیشی ئاوی دەکرد بە ناوەڕاستی سەری دا»[2].

---

(1) **صحيح** البخاري - كتاب الغسل-باب الغسل مرة واحدة - حديث : 253. سنن ابن ماجه - كتاب الطهارة وسننها- أبواب التيمم - باب ما جاء في الغسل من الجنابة- حديث : 570. سنن الترمذي الجامع الصحيح - أبواب الطهارة عن رسول الله صلى الله عليه وسلم- باب ما جاء في الغسل من الجنابة - حديث : 99.

(2) **صحيح** البخاري - كتاب الغسل- باب من بدأ بالحلاب أو الطيب عند الغسل - حديث : 254.

## فەرموودەی چوارەم:

« أُمِّ سَـــلَمَةَ »دەفـەرموێ: وتم ئـەی پێغەمبـەر خـوا«ﷺ» مـن ئـافرەتێكم قـژم بـە پەلك دەهۆنمەوە، ئايا بۆ خۆشۆردنی لەشگرانی پەلكەكانم بكەمەوە؟ فەرمووی:

«لَا إِنَّمَا يَكْفِيكِ أَنْ تَحْثِيَ عَلَى رَأْسِـكِ ثَلَـاثَ حَثَيَـاتٍ ثُـمَّ تُفِيضِـينَ عَلَيْـكِ الْمَـاءَ فَتَطْهُرِينَ»..

واتـە: « نـا پێويسـت ناكـات پەلكـەكانت بكەيتـەوە، بـەڵكو ئەوەنـدەت بەسـە كـە سـێ مشـت ئـاو بكـەيت بـە سـەری خۆتـدا، پاشـان ئـاو بكـە بـە سـەرتاپای جەسـتەتدا، بەو شێوەيە پاك دەبيتەوەو لەشگرانيت دەردەچێت»[1].

## فەرموودەی پێنجەم:

عَنْ عَائِشَةَ أَنَّ أَسْمَاءَ سَأَلَتْ النَّبِيَّ صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ عَـنْ غُسْـلِ الْمَحِـيضِ فَقَالَ«تَأْخُذُ إِحْدَاكُنَّ مَاءَهَا وَسِدْرَتَهَا فَتَطَهَّرُ فَتُحْسِـنُ الطُّهُـورَ ثُـمَّ تَصُـبُّ عَلَـى رَأْسِـهَا فَتَدْلُكُهُ دَلْكًا شَدِيدًا حَتَّى تَبْلُغَ شُؤُونَ رَأْسِهَا ثُمَّ تَصُـبُّ عَلَيْهَـا الْمَـاءَ ثُـمَّ تَأْخُـذُ فِرْصَـةً مُمَسَّكَةً فَتَطَهَّرُ بِهَا فَقَالَتْ أَسْمَاءُ وَكَيْفَ تَطَهَّرُ بِهَا فَقَالَ سُبْحَانَ اللَّهِ تَطَهَّـرِينَ بِهَـا فَقَالَـتْ عَائِشَةُ كَأَنَّهَا تُخْفِي ذَلِكَ تَتَبَّعِينَ أَثَرَ الدَّمِ وَسَأَلَتْهُ عَـنْ غُسْـلِ الْجَنَابَـةِ فَقَـالَ تَأْخُـذُ مَـاءً فَتَطَهَّرُ فَتُحْسِنُ الطُّهُورَ أَوْ تُبْلِغُ الطُّهُورَ ثُمَّ تَصُبُّ عَلَى رَأْسِهَا فَتَدْلُكُـهُ حَتَّـى تَبْلُـغَ شُـؤُونَ رَأْسِهَا ثُمَّ تُفِيضُ عَلَيْهَا الْمَاءَ».

« عَائِشَـــةَ »ی خێزانـی پێغەمبـەر«ﷺ» دەفـەرمووێ: «أَسْـــمَاءَ»پرسـياری لـە پێغەمبــەر كــرد«ﷺ» دەربـارەی چـۆنيەتی خۆشـۆردنی پاكبوونـەوە لـە بـێ نوێـژی، ئەويش فەرمووی:

(1) صحيح مسلم – كتاب الحيض–باب حكم ضفائر المغتسلة – حديث : 523.

«تَأْخُذُ إِحْدَاكُنَّ مَاءَهَا وَسِدْرَتَهَا فَتطَهَّرُ فَتُحْسِنُ الطُّهُورَ ثُمَّ تَصُبُّ عَلَى رَأْسِهَا فَتَدْلُكُهُ دَلْكًا شَدِيدًا حَتَّى تَبْلُغَ شُؤُونَ رَأْسِهَا ثُمَّ تَصُبُّ عَلَيْهَا الْمَاءَ ثُمَّ تَأْخُذُ فِرْصَةً مُمَسَّكَةً فَتطَهَّرُ بِهَا».

**واتە: «هەریەك لە ئێوە با ئاوو سیدرەکەی ئامادەبکات، پاشان دەستنوێژێکی باش بگرێ، ئینجا ئاو بکات بەسەری داو جوان دەست بخاتە سەری تا ئاو دەگاتە بێخی سەری، پاشان ئاو بکات بە سەرتاپای جەستەیدا، پاشان خۆی پاك بکاتەوە بە پارچە لۆکەیەکی بونداركراو بە بۆنی میسك، بەو جۆرە پاك دەبێتەوە».**

«أَسْمَاءَ»**وتی بەو پارچە لۆکە بونداركراوە چۆن پاك دەبێتەوە؟**

**پێغەمبەریش«ﷺ» فەرمووی:** «سُبْحَانَ اللَّهِ تَطَهَّرِينَ بِهَا» :**«سبحان الله باك دەبێتەوە».**

«عَائِشَةَ »**فەرمووی:** « كَأَنَّهَا تُخْفِي ذَلِكَ تَتَبَّعِينَ أَثَرَ الدَّمِ »**واتە:**«أَسْمَاءَ» **لە مەبەستەکەی پێغەمبەر تێنەگەیشت، مەبەستی پێغەمبەر«ﷺ» ئەوەبوو شوێنی خوێنەکە کە دامێنێتی بەو پارچە لۆکە بۆنداركراوە پاك بکاتەوە».**

**پاشان**«أَسْمَاءَ» **پرسیاری کرد دەربارەی چۆنیەتی خۆشۆردنی لەشگرانی:**

**پێغەمبەریش«ﷺ» فەرمووی:**

«تَأْخُذُ مَاءً فَتَطَهَّرُ فَتُحْسِنُ الطُّهُورَ أَوْ تُبْلِغُ الطُّهُورَ ثُمَّ تَصُبُّ عَلَى رَأْسِهَا فَتَدْلُكُهُ حَتَّى تَبْلُغَ شُؤُونَ رَأْسِهَا ثُمَّ تُفِيضُ عَلَيْهَا الْمَاءَ».

واتــە: «ئـاو ئامادەبکـەو دەسـتنوێژێکی جـوان بگـرە، پاشـان ئـاو بکـە بـە سـەرت داو دەسـتی تێبخـە تـاوەکو ئـاو دەگاتـە بێخـی سـەرت، پاشـان ئـاو بکـات بـە سەرتاپای جەستەیدا»[1].

**برگەی دووەم:**

**شێوازوو چۆنیەتی خۆشۆردنی ئافرەت کە لەبێ نوێژی پاک دەبێتەوە.**

**بەگوێرەی فەرموودەکان شێوازو چۆنیەتی خۆشۆردن بەم جۆرەیە:**

**یەکەم: شۆردنی هـەردوو دەسـتەکان تامەچـەك پـێش ئـەوەی دەسـت بکاتە ناو ئاوەکەوەو، پێش ئەوەی دەست بکات بە خۆشۆردن:**

**بەڵگەش بۆ ئەمە:**

1- **فەرمموودەکەی« عَائِشَةَ »کە فەرمووی:**

«كَانَ رَسولُ اللَّهِ «صَلَّى الله عَلَيه وسَلَّم»إِذَا اغْتَسَلَ مِـنَ الْجَنَابَـةِ يَبْـدَأُ فَيَغْسِـلُ يَدَيْـهِ [فَغسَلَ يَدَيْهِ قَبْلَ أَنْ يُدْخِلَهُمَا الإِنَاءَ] ».

**واتــە: « پێغەمبـەر«ﷺ» کاتێـك کـە خـۆی بـۆ لەشـگرانی دەشـۆری، سـەرەتا هەردوو دەستەکانی دەشۆرد پێش ئەوەی دەست بکاتە ناو ئاوەکەدا».**

2- **فەرموودەکەی« «مَيْمُونَةُ»کە فەرمووی:**

«وَضَعْتُ لِلنَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مَاءً لِلْغُسْلِ: فَغَسَلَ يَدَيْهِ مَرَّتَيْنِ أَوْ ثَلَاثًا...».

---

(1) **صحيح** مسلم - كتاب الحيض-باب استحباب استعمال المغتسلة من الحيض فرصة من مسك في موضع - حديث : 526. مسند أحمد بن حنبل - مسند الأنصار- الملحق المستدرك من مسند الأنصار - حديث السيدة عائشة رضي الله عنها- حديث : 24585.

**«واتە: ئاوم بۆ پێغەمبەر«ﷺ» دانا بۆ ئەوەی خۆی پێ بشوات، ئەویش هەردوو دەستەکانی دووجار تاسێ جار شۆرد».**

**دووەم: شۆردنی عەورەتو پاککردنەوەی بە دەستی چەپ:**

**بەڵگەش بۆ ئەمە:**

1- **فەرموودەکەی« عَائِشَةَ »کە فەرمووی:**

«ثُمَّ يُفْرِغُ بِيَمِينِهِ عَلَى شِمَالِهِ ، فَيَغْسِلُ فَرْجَهُ».« **پاشان بەدەستی ڕاستی ئاوی دەکردە سەر دەستی چەپیداو عەورەتی خۆی دەشۆرد».**

2- **فەرموودەکەی« «مَيْمُونَةُ»کە فەرمووی:**

« ثُمَّ أَفْرَغَ عَلَى شِمَالِهِ فَغَسَلَ مَذَاكِيرَهُ ».« **پاشان بەدەستی ڕاستی ئاوی دەکردە سەر دەستی چەپیداو عەورەتی خۆی دەشۆرد ».**

**سێیەم: دوای ئەوەی کە عەورەتی پاککردەوەو تاراتی گرت، دەستەکانی دووبارە بشواتەوەو بە ئاوو مادەی خاوێنکەرەوە وەکو سابوون یان خۆڵ:**

**بەڵگەش بۆ ئەمە:**

**فەرموودەکەی« «مَيْمُونَةُ»کە فەرمووی:**

« ... ثُمَّ مَسَحَ يَدَهُ بِالْأَرْضِ... ».« **پاشان دەستی سڕی بە خۆڵی زەویەکەدا».**

**وە لە** « ثُمَّ ضَرَبَ بِشِمَالِهِ الْأَرْضَ فَدَلَكَهَا دَلْكًا شَدِيدًا».« **پاشان دەستی دابە خۆڵی زەویەکەداو دەستی تێخستو پاکی کردەوە بە ووردی»**[1].

---

(1) **صحيح** مسلم - كتاب الحيض- باب صفة غسل الجنابة - حديث : 502. صحيح ابن خزيمة - كتاب الوضوء-جماع أبواب غسل الجنابة - باب صفة الغسل من الجنابة-حديث : 242. صحيح ابن حبان - كتاب الطهارة- باب الغسل - ذكر الاستحباب للمغتسل

**ئیمامی**«النووي» **لە** «شرح مسلم231/3» **دەفەرمووێ:**

« فيه أنه يستحب للمستنجي بالماء إذا فرغ أن يغسل يده بتراب أو اشنان أو يدلكها بالتراب أو بالحائط ليذهب الاستقذار منها ».

**واتە:«لەم فەرموودەوە ئەوە تێدەگەین ئەگەر کەسێك تارەتی گرت بە ئاو،ئەوا سوننەتە بۆی لەدوای تارەتەکە دەستی پاك بکاتەوە بە خوڵ یان بە قەوزە، یان دەست بخاتە ناو خۆڵەکە یان دەست بسرێ بە دیوارێکدا، بۆئەوەی ئەو پیسیەی پێوەی ماوە بڕوات».**

**<u>چوارەم: دەست نوێژێکی تەواو بگرێ، وەکو دەستنوێژێ کە بۆ نوێژ دەگیرێ :</u>**

**بەڵگەش بۆ ئەمە:**

1- **فەرموودەکەی**« عَائِشَةَ »**کە فەرمووی:**

« ثُمَّ يَتَوَضَّأُ وُضوءَهُ لِلصَّلاَةِ[ثُمَّ تَوَضَّأَ مِثْلَ وُضوئِهِ لِلصَّلَاةِ]».« **ئینجا دەستنوێژی دەگرت وەکو دەستنوێژێ کە بۆ نوێژ دەگیرێ** ».

2- **فەرموودەکەی**« «مَيْمُونَةُ»**کە فەرمووی:**

«ثُمَّ مَضْمَضَ وَاسْتَنْشَقَ وَغَسَلَ وَجْهَهُ وَيَدَيْهِ»« **پاشان ئاوی لە دەم و لوتی وەرداو ڕوومەت و هەردوو باڵەکانی شۆرد**».

3- **پێغەمبەر**«ﷺ» **بە**«أَسْمَاءَ» **فەرموو:**

«تَأْخُذُ إِحْدَاكُنَّ مَاءَهَا وَسِدْرَتَهَا فَتَطَهَّرُ فَتُحْسِنُ الطُّهُورَ ...» **واتە:** « **هەریەك لە ئێوە با ئاوو سیدرەکەی ئامادەبکات، پاشان دەستنوێژێکی باش بگرێ** ».

---

من الجنابة أن يكون غسل فرجه بشماله دون- حديث : 1206. السنن الكبرى للنسائي - ذكر ما ينقض الوضوء وما لا ينقضه- ترك التمندل بعد الغسل - حديث : 243.

**پێنجەم: پاشان سێ جار ئاو بكات بە سەری دا، تا ئاو دەگاتە بێخی سەری‌و، لە پێشدا ئاو بكات بە لای راستی سەری دا، پاشان لای چەپی:**

**بەڵگەش بۆ ئەمە:**

**1- فەرموودەكەی« عَائِشَةَ »كە فەرمووی:**

« ثُمَّ يَأْخُذُ الْمَاءَ فَيُدْخِلُ أَصَابِعَهُ فِى أُصُولِ الشَّعْرِ حَتَّى إِذَا رَأَى أَنَّهُ قَدِ اسْتَبْرَأَ حَفَنَ عَلَى رَأْسِهِ ثَلاَثَ حَفَنَاتٍ ».

**« پاشان بەمشت ئاوی دەكردە سەری داو پەنجەكانی دەخستە بنی سەری، جا كاتێك دڵنیادەبوو كە قژی تەڕبووە، سێ مشت ئاوی بەسەر خۆی دا دەكرد».**

**2- پێغەمبەر«ﷺ» بە«أَسْمَاءَ» فەرموو:**

« ثُمَّ تَصُبُّ عَلَى رَأْسِهَا فَتَدْلُكُهُ دَلْكًا شَدِيدًا حَتَّى تَبْلُغَ شُؤُونَ رَأْسِهَا ».

**« ئینجا ئاو بكات بەسەریداو جوان دەست بخاتە سەری تا ئاو دەگاتە بێخی سەری».**

**3- فەرموودەكەی« عَائِشَةَ »كە فەرمووی:**

«كَانَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِذَا اغْتَسَلَ مِنْ الْجَنَابَةِ دَعَا بِشَيْءٍ نَحْوَ الْحِلَابِ فَأَخَذَ بِكَفِّهِ فَبَدَأَ بِشِقِّ رَأْسِهِ الْأَيْمَنِ ثُمَّ الْأَيْسَرِ فَقَالَ بِهِمَا عَلَى وَسَطِ رَأْسِهِ»[1].

---

(1) **صحيح** البخاري - كتاب الغسل- باب من بدأ بالحلاب أو الطيب عند الغسل - حديث : 254.صحيح مسلم - كتاب الحيض-باب صفة غسل الجنابة - حديث : 504.سنن أبي داود - كتاب الطهارة-باب في الغسل من الجنابة - حديث : 211.السنن الكبرى للبيهقي - كتاب الطهارة-جماع أبواب الغسل من الجنابة - باب استحباب البداية فيه بالشق الأيمن- حديث : 824.

واتـە:«پێغەمبـەرﷺ کـاتێ بـۆ لەشـگرانی خـۆی بشـۆردایە، داوای تەشـتێ ئـاوی دەکـردو، بەمشـتی خـۆی ئـاوی دەکـرد بـە سـەری دا، سـەرەتا ئـاوی دەکـرد بـە لای ڕاسـتی سـەری دا، پاشـان ئـاوی دەکـرد بـە لای چـەپی سـەری دا، بـە هـەردوو دەستەکانیشی ئاوی دەکرد بە ناوەڕاستی سەری دا».

**<u>شەشـەم: پاشـان ئـاو بکـات بـە سـەرتاپای جەسـتەی داو، هـەموو ئەندامە ڕواڵەتیەکانی تەڕ بکات بـە ئـاو، سـەرەتا لای ڕاسـتی، ئینجـا لای چەپی:</u>**

**بەڵگەش بۆ ئەمە:**

1- **فەرموودەکەی« عَائِشَةَ »کە فەرمووی:**

« .. ثُمَّ أَفَاضَ عَلَى سَائِرِ جَسَـدِهِ ..».« **پاشـان ئـاوی بـە سـەرتاپای جەسـتەی خـۆی دا دەکرد».**

2- **فەرموودەکەی« «مَيْمُونَةُ»کە فەرمووی:**

«.. ثُمَّ أَفَـاضَ عَلَـى جَسَـدِهِ.. ».« **پاشـان ئـاوی بـە سـەرتاپای جەسـتەی خـۆی دا دەکرد».**

3- **پێغەمبەر«ﷺ» بە«أَسْمَاءَ» فەرموو:**

«..ثُمَّ تُفِيضُ عَلَيْهَا الْمَاءَ.. ».« **پاشان ئاو بکات بە سەرتاپای جەستەیدا».**

4- « عَائِشَةَ » **دەفەرمووێ:**

«كان يُحِبُّ التَّيَامُنَ مَا اسْتَطَاعَ فِي طُهُورِهِ وَتَنَعُّلِهُ وَتَرَجُّلِهِ وَفِي شَأْنِهِ كُلِّهِ».

**واتــە: «پێغەمبــەر«ﷺ» پێــی خۆشــبوو ســەرەتا لــەلای ڕاســتەوە دەســت پێبكــات بــۆ خۆشــۆردنو دەســتنوێژگرتنو پــێلاو لــە پێكــردنو سەرشــانەكردنو زۆربەی كارەكانی»**(1)

## حەوتەم: لە كۆتای دا ئاو بكاتەوە قاچەكانی دا:

**بەڵگەش بۆ ئەمە:**

1- **فەرموودەكەی« عَائِشَةَ »كە فەرمووی:**

«.. ثُمَّ غَسَلَ رِجْلَيْهِ.. ».« **پاشان لە كۆتایدا هەردوو قاچەكانی دەشۆرد**».

2- **فەرموودەكەی« «مَيْمُونَةُ»كە فەرمووی:**

«.. ثُمَّ تَحَوَّلَ مِنْ مَكَانِهِ فَغَسَلَ قَدَمَيْهِ..».« **پاشان جێگاكەی گۆڕیو قاچەكانی شۆرد**».

**تا ئێرە هیچ جیاوازیەك نییە لە نێوان خۆشۆردنی پیاوو ئافرەت كە بۆ لەشگرانی خۆیان بشۆن، بەڵام بۆ ئافرەت ئەگەر بۆ پاك بوونەوە لە**

---

(1)**صحيح** البخاري - كتاب الأطعمة- باب التيمن في الأكل وغيره - حديث : 5070. صحيح ابن خزيمة - كتاب الوضوء جماع أبواب الوضوء وسننه - باب ذكر الدليل على أن الأمر بالبدء بالتيامن في الوضوء أمر حديث : 179. صحيح ابن حبان - كتاب الطهارة باب سنن الوضوء - ذكر ما للمرء أن يستعمل في أسبابه كلها حديث : 1097. السنن الصغرى - سؤر الهرة صفة الوضوء - باب بأي الرجلين يبدأ بالغسل حديث : 111،و كتاب الغسل والتيمم باب التيمن في الطهور - حديث : 420، كتاب الزينة التيامن في الترجل - حديث : 5169. السنن الكبرى للنسائي - كتاب الطهارة بأي الرجلين يبدأ في الغسل - حديث : 113،و كتاب الزينة التيامن في الترجل - حديث : 9029. مسند أحمد بن حنبل - مسند الأنصار الملحق المستدرك من مسند الأنصار - حديث السيدة عائشة رضي الله عنها حديث : 24584.

بـێ نوێـژی خـۆی بشـوات، ئـەوا پێویسـتە ڕەچـاوی ئـەم سـێ خاڵـەی کۆتـایی بکات:

**هەشـــتەم : بـــەکارهێنانی مادەکـــانی پاککردنـــەوە، وەکـــو ســـابوون و شامپو.. لەگەڵ ئاو دا:**

بەڵگەش بۆ ئەمە:

فەرموودەکەی« عَائِشَةَ »کە فەرمووی:

«أَسْـــمَاءَ»پرسـیاری لـە پێغەمبـەر کـرد«ﷺ» دەربـارەی چـۆنیەتی خۆشـۆردنی پاکبوونەوە لە بێ نوێژی، ئەویش فەرمووی:

«تَأْخُذُ إِحْدَاكُنَّ مَاءَهَا وَسِدْرَتَهَا فَتطَهَّرُ فَتُحْسِـــنُ الطُّهُـــورَ ثُـــمَّ تَصُـــبُّ عَلَـــى رَأْسِـــهَا فَتَدْلُكُهُ دَلْكًا شَدِيدًا حَتَّى تَبْلُغَ شُؤُونَ رَأْسِهَا ثُمَّ تَصُـــبُّ عَلَيْهَـــا الْمَـــاءَ ثُـــمَّ تَأْخُـــذُ فِرْصَـــةً مُمَسَّكَةً فَتَطَهَّرُ بِهَا».

«واتــە: هەریــەك لــە ئێــوە بــا ئــاوو ســیدرەکەی ئامادەبکــات، پاشــان دەســتنوێژێکی بــاش بگــرێ، ئینجـا ئـاو بکـات بەسـەری داو جـوان دەسـت بخاتـە سەری تا ئاو دەگاتە بێخی سەری، پاشان ئاو بکات بە سەرتاپای جەستەیدا».

«سِـــدْرَ»: کـاتی خـۆی وەکـو مـادەی خاوێنەکـەرەوە لەگـەڵ ئـاودا بـەکاردەهێنرا... وەکو صابون لەمڕۆدا.

**نۆیـــەم: ئەگـــەر پرچـــەکەی هۆنرابـــووەوە و کرابـــوو بـــە پـــەلك واجبـــە لەسەری بیکاتەوەو هەڵی بوەشێنێتەوە:**

بەڵگەش بۆ ئەمە:

1- عَنْ عَائِشَةَ « أَنَّ النَّبِيّ صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ لَهَا ، وَكَانَتْ حَائِضًا : خُذِي مَاءَك وَسِدْرك وَامْتَشِطِي[ انْقُضِي شَعْرك وَاغْتَسِلِي]»(1) .

**پێغەمبەر«ﷺ» بە« عَائِشَةَ » فەرموو كاتێ لە بێ نوێژی دا بوو:**

**« ئاوو سیدرەكەت لەگەڵ خۆت بەرەو، وە پرچەكەشت بكەرەوەو خۆت بشۆ».**

**ئەوەی لەم «حديث»ەوە وەردەگیرێ ئەوەیە:**

**پێغەمبەر«ﷺ» فەرمانی كردووە بە« عَائِشَةَ » كە لەكاتی خۆ شۆردنی بێ نوێژی دا پرچەكەی بكاتەوەو بیشوات، فەرمانەكەشی بۆ واجب بوونە .**

2- **فەرموودەكەی« عَائِشَةَ »كە فەرمووی:**

**«أَسْمَاءَ»پرسیاری لە پێغەمبەر كرد«ﷺ» دەربارەی چۆنیەتی خۆشۆردنی پاكبوونەوە لە بێ نوێژی، ئەویش فەرمووی:**

«تَأْخُذُ إِحْدَاكُنَّ مَاءَهَا وَسِدْرَتَهَا فَتَطَهَّرُ فَتُحْسِنُ الطُّهُورَ ثُمَّ تَصُبُّ عَلَى رَأْسِهَا فَتَدْلُكُهُ دَلْكًا شَدِيدًا حَتَّى تَبْلُغَ شُؤُونَ رَأْسِهَا ثُمَّ تَصُبُّ عَلَيْهَا الْمَاءَ ثُمَّ تَأْخُذُ فِرْصَةً مُمَسَّكَةً فَتَطَهَّرُ بِهَا».

**«واتە: هەریەك لە ئێوە با ئاوو سیدرەكەی ئامادەبكات، پاشان دەستنوێژێكی باش بگرێ، ئینجا ئاو بكات بەسەری داو جوان دەست بخاتە سەری تا ئاو دەگاتە بێخی سەری، پاشان ئاو بكات بە سەرتاپای جەستەیدا».**

**ئەوەی لەم «حديث»ەوە وەردەگیرێ ئەوەیە:**

(1) صحيح سنن إبن ماجه641/210/1،الأحاديث الصحيحة رقم 188،صحيح سنن أبي داود 1559، الإرواء134.

**لێرەدا زۆر ئەوەی دوپات کردوتەوە کە دەبێ ئاو بکاتە سەری داو بە باشی دەستی تێبخات تا ئاو دەگاتە بێخی سەری‌و لەوە دڵنیا دەبێ کە ئاو گەیشتوتە بنی مووەکانی سەری**« فَتَدْلُكُهُ دَلْكًا شَدِيدًا».

**کەوابوو:**

**ئەم دوپاتکردنەوەی پێغەمبەریش «ﷺ» ئەوە دەسەلمێنێ کە کردنەوەی پەلکەکان و شۆردنی پرچ بە جوانی لەکاتی خۆشۆردنی بێ نوێژی دا واجبە .**

**بەلاّم کاتێک**«أَسْمَاءَ» **پرسیاری لێ دەکات دەربارەی خۆ شۆردنی لەشگرانی، پێغەمبەریش**«ﷺ» **باسی**« فَتَدْلُكُهُ دَلْكًا شَدِيدًا»**ی بۆ نەکرد ،کە فەرمووی:**

«تَأْخُذُ مَاءً فَتَطَهَّرُ فَتُحْسِنُ الطُّهُورَ أَوْ تُبْلِغُ الطُّهُورَ ثُمَّ تَصُبُّ عَلَى رَأْسِهَا فَتَدْلُكُهُ حَتَّى تَبْلُغَ شُؤُونَ رَأْسِهَا ثُمَّ تُفِيضُ عَلَيْهَا الْمَاءَ».

**واتە: «ئاو ئامادەبکەو دەستنوێژێکی جوان بگرە، پاشان ئاو بکە بە سەرت داو دەستی تێبخە تاوەکو ئاو دەگاتە بێخی سەرت، پاشان ئاو بکە بە سەرتاپای جەستەتدا».**

**کەوابوو:**

**ئەم دوپات نەکردنەوەی پێغەمبەریش**«ﷺ» **ئەوە دەسەلمێنێ کە کردنەوەی پەلکەکان و شۆردنی پرچ بە جوانی لەکاتی خۆشۆردنی لەشگرانیدا واجب نییە.**

3- « أُمِّ سَلَمَةَ »**دەفەرموێ: وتم ئەی پێغەمبەری خوا**«ﷺ» **من ئافرەتێکم قژم بەپەلکی دەهۆنمەوە، ئایا بۆ خۆشۆردنی لەشگرانی پەلکەکانم بکەمەوە؟**

**فەرمووی:**

«لَا إِنَّمَا يَكْفِيكِ أَنْ تَحْثِيَ عَلَى رَأْسِكِ ثَلَاثَ حَثَيَاتٍ ثُمَّ تُفِيضِينَ عَلَيْكِ الْمَاءَ فَتَطْهُرِينَ».

واتـە: « نـا پێویسـت ناکـات پەلکـەکانت بکەیتـەوە، بـەڵکو ئەوەنـدەت بەسـە کـە سێ مشـت ئـاو بکـەیت بـە سـەری خۆتـدا، پاشـان ئـاو بکـە بـە سـەرتاپای جەسـتەتدا، بەو شێوەیە پاك دەبیتەوەو لەشگرانیت دەردەچێت».

کـەوابوو: بـەپێی ئـەم فـەرموودەی « أُمِّ سَـلَمَةَ »ش لـەکاتی لەشـگرانی دا کردنەوەی پەلکەکان واجب نییە.

**پوختەی وتراو ئەوەیە:**

ئەگـەر ئـافرەتێ پرچـەکەی کردبـوو بـە پـەلكو هۆنیبویـەوە، ئـەوا بـۆ خۆشـۆردنی لەشـگرانی واجـب نییـە لەسـەری پرچـەکەی بکاتـەوە، بـەڵام بـۆ خۆشـۆردنی بـێ نوێژی واجبە لەسەری پرچەکەی بکاتەوە[1].

**<u>دەیـەم: دامێنـی خـۆی پـاك بکاتـەوە بـە پارچـەلۆکەیەکی بۆنـدار</u>، <u>باشتریش وایە بۆندارکرابێ بە میسك</u>:**

**بەڵگەش بۆ ئەمە:**

پێغەمبەر«ﷺ» بە«أَسْمَاءَ» فەرموو:

«.. ثُمَّ تَأْخُذُ فِرْصَةً مُمَسَّكَةً فَتَطَهَّرُ بِهَا..». «پاشـان خـۆی پـاك بکاتـەوە بـە پارچـە لۆکەیەکی بۆندارکراو بە بۆنی میسك، بەو جۆرە پاك دەبێتەوە».

«أَسْمَاءَ»وتی بەو بە پارچە لۆکە بۆندارکراوە چۆن پاك دەبێتەوە؟

پێغەمبـەریش«ﷺ» فـەرمووی: «سُبْحَانَ اللَّـهِ تَطَهَّـرِينَ بِهَـا» :«سـبحان الله بـاك دەبێتەوە».

(1) المغني1/299، المحلى2/53، كشاف العناع1/154.

«عَائِشَةَ »**فەرمووی:** « كَأَنَّهَا تُخْفِي ذَلِكَ تَتَبَّعِينَ أَثَرَ الدَّمِ »**واتە:**««أَسْمَاءَ» **لە مەبەستەکەی پێغەمبەر تێنەگەیشت، مەبەستی پێغەمبەر«ﷺ» ئەوەبوو شوێنی خوێنەکە کە دامێنێتی بەو پارچە لۆکە بۆندارکراوە پاك بکاتەوە».**

**کەوابوو:**

**سوننەتە بۆ ئافرەت پارچە قوماشێك یان پارچە لۆکەیەك بۆنداربکاتو عەورەتی خۆی پێ پاك بکاتەوە لە دوای خۆشۆردن، وە هەرشوێنێکیش کە خوێنەکەی بەرکەوتبێ، تاوەکو شوێنەواری بۆنی ئەو خوێنەی پێوە نەمێنێ .**

## ✐خاڵی چوارەم
## خۆشۆردنی ئافرەتێ کەلە بێ نوێژی دا بێ‌و توشی لەشگرانی هاتبێ

**ئافرەتێك ئەگەر لە لەشگرانی دا بوو، وە پێش ئەوەی خۆی بشوات بۆ لەشگرانیەکەی تووشی بێ نوێژی هات، ئەوا دروستە بۆی پێش ئەوەی پاك بێتەوە خۆی بشوات بە مەبەستی غوسڵی لەشگرانی، وە ئەگەر خۆی نەشۆرد تا کاتی پاکبوونەوەی لە بێ نوێژیەکەی، ئەوا یەکجار خۆی دەشوات بە نیەتی هەردوو غوسڵەکە.**

**بەڵگەش بۆ ئەوە:**

**یەکەم:**

«أَنَسِ»ی کوڕی« مَالِكٍ »:

«أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ طَافَ عَلَى نِسَائِهِ فِي لَيْلَةٍ بِغُسْلٍ وَاحِدٍ».

**واتــە: « پێغەمبــەرەوەﷺ شــەوێکیان چــوو بــۆلای خێزانــەکانیو ســەرجێی لەگەڵ کردن، لە کۆتایی دا یەك غوسڵی کرد»[1].**

**ئەوەی لە «حدیث»ەکەوە وەردەگیرێ ئەوەیە:**

**پێغەمبــەر ﷺ چەنــد غوســلێکی لەســەر بــوو بــەهۆی چــەند ســەرجێی کردنێکەوە، لە کۆتایی دا بۆ هەر هەموویان یەکجار خۆی شۆری.**

**وە لەبــەر ئــەوەی بــێ نوێــژیو جەنابــەتیش هــەردووکیان هــەر پێویســت بــە غوســڵ دەکــەن، کــەوابوو ئــافرەتێکیش ئەگــەر غوســڵی بــێ نوێــژیو جەنابــەتی**

---

(1)**صحيح**: صحيح ابن خزيمة - كتاب الوضوء جماع أبواب غسل الجنابة - باب ذكر الدليل على أن جماع نسوة لا يوجب أكثر من حديث : 230. مستخرج أبي عوانة - مبتدأ كتاب الطهارة بيان إيجاب الوضوء على الجنب إذا أراد أن يعود في الجماع - حديث : 620. صحيح ابن حبان - كتاب الطهارة باب أحكام الجنب - ذكر الإباحة للمرء الطواف على نسائه أو جواريه بالغسل الواحد حديث : 1222. سنن الدارمي - كتاب الطهارة باب في الذي يطوف على نسائه في غسل واحد - حديث : 786. السنن الصغرى - سؤر الهرة صفة الوضوء - باب إتيان النساء قبل إحداث الغسل حديث : 263. مصنف عبد الرزاق الصنعاني - باب الرجل يصيب المرأة ثم يريد أن يعود حديث : 1025. السنن الكبرى للنسائي - ذكر ما ينقض الوضوء وما لا ينقضه إتيان النساء قبل إحداث غسل - حديث : 251. شرح معاني الآثار للطحاوي - باب الجنب يريد النوم أو الأكل أو الشرب أو الجماع حديث : 471. السنن الكبرى للبيهقي - كتاب الطهارة جماع أبواب الغسل من الجنابة - باب الرجل يطوف على نسائه إذا حللنه أو على إمائه بغسل حديث : 928. معرفة السنن والآثار للبيهقي - كتاب النكاح إتيان النساء قبل إحداث غسل أو وضوء - حديث : 4439 **قال الشيخ الألباني:حديث صحيح**، أنظر صحيح وضعيف سنن النسائي - (1 / 263/407).

لەسەر بوو، یەك غوسڵ جێگەی هەردووکیانی بۆ دەگرێتەوە وەکو ئەوەی کە پێغەمبەرﷺ ئەنجامی دا[1].

**دووەم:**

بێ نوێژیو لەشگرانی هەردووکیان هۆکارن بۆ واجب بوونی یەك حوکم کە غوسڵە، فرە هۆکاربوون مانای فرە ئەحکامی ناگەیەنێ، بۆ نمونە ئەگەر کەسێك بێ دەست نوێژ بوو بە هۆی خەوتنەوەو سەرئاوکرنو دەستدانی بە زەکەرەوە، ئەوا ئەگەر ویستی نوێژ بکات تەنها یەك دەست نوێژی لەسەرە بیگرێ، نەك سێ دەست نوێژ[2].

## ✐ خاڵی پێنجەم
## شۆردنی ئافرەتێ
## کە لەماوەی بێ نوێژیەکەی دا وەفات بکات

ئافرەتێك ئەگەر لەو کاتەی کە لە بێ نوێژی دایە وەفاتی کرد، ئەوا تەنها یەك خۆشۆردنی بۆ دەکرێ، ئەویش شۆردنی مردووە، وە ئەو ئافرەتە کاتێك کە مرد ئیتر ئەرکە شەرعیەکانی لەسەر نامێنێو عیبادەتی لەسەر لادەچێ، بۆیە ئەگەر بوترێ پێویستە غوسڵی بێ نوێژیەکەیشی بۆ بکرێ، ئەوا پێویستی بە بەڵگە هەیە بۆ سەلماندنی واجب کردنی ئەو غوسڵە، وە لەبەر ئەوەی هیچ بەڵگەیەکیش لە قورئانو سوننەت نەهاتووە باسی ئەوە بکەنو ئەو حاڵەتە

---

(1) الأوسط (105/2)، المغني (292/1).

(2) الأوسط (106/2)، المغني(292/1).

واجب بكەن، كەواتە شەرع لێى بێ دەنگ بووە، مادام لێى بێ دەنگ بووە، كەواتە پێویست ناكات غوسڵی بێ نوێژی بۆ بكرێ[1].

كەوابوو: ئەوانەی كە دەڵێن واجبە ئەو جۆرە ئافرەتانە دوو غوسڵیان بۆ بكرێ، بەڵگەیان بە دەستەوە نی یە، بۆیە قسەكەیان پشتی پێنابەسترێتو وەرناگیرێ.

---

(1) المجموع(152/5) ، المغني(381/3).

# باسی سێیەم

# تەیەموم کردن بۆ ئافرەتێ بیانووی هەبێ و نەتوانێ ئاو بەکاربهێنێ

✐ خاڵی یەکەم: مانای تەیەموم و بەڵگەی دروستێتی لە شەرع دا.

✐ خاڵی دووەم: ئافرەت ئەگەر لە بێ نوێژی پاك بووەوە کەی بۆی دروستە تەیەموم بکات.

✐ خاڵی سێیەم: تەیەموم بەچی دەکرێ .

✐ خاڵی چوارەم: ئەندامەکانی تەیەموم کامانەن.

✐ خاڵی پێنجەم: ئەو نوێژانەی کە بە تەمومەوە کراون گێڕانەوەی ناوێت.

✐ خاڵی شەشەم : بەتاڵ کەرەوەکانی تەیەموم.

# خاڵی یەکەم
# مانای تەیەموم و بەڵگەی دروستێتی لە شەرع دا

**تەیەموم لەزاراوەی شەرع دا بریتیە لە بەکارهێنانی ڕووی زەوی بۆ مەسح کردنی دەم‌وچاوو هەردوو دەست تا مەچەك.**

**بەبەڵگەی قورئان‌و سوننەت‌و یەکدەنگی ئەهلی ئیسلام دروستێتی تەیەموم سەلمێنراوە لە شەرع دا.**

**یەکەم: بەڵگەی قورئان:**

﴿فَلَمۡ تَجِدُواْ مَآءٗ فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدٗا طَيِّبٗا فَٱمۡسَحُواْ بِوُجُوهِكُمۡ وَأَيۡدِيكُم مِّنۡهُ﴾ المائدة:٦.

**واتە: ئەگەر ئاوتان دەست نەکەوت ئەوا تەیەموم بکەن بە زەویەکی پاك، کە رومەت‌و هەردوو دەستەکانتانی پێ مەسح بکەن .**

**دووەم : بەڵگەی سوننەت:**

**پێغەمبەریش«ﷺ» دەفەرمووێ :**

«وَجَعَلَ الأَرْضَ كُلَّهَا لِي وَلأُمَّتِي مَسْجِدًا وَطَهُورًا ، فَأَيْنَمَا أَدْرَكَ رَجُلٌ مِنْ أُمَّتِي الصَّلاَةُ، فِعِنْدَهُ مَسْجِدُهُ وَطَهُورُهُ».

**واتە: «سەرتاپای زەوی بو من و ئوممەتەکەم کراوە بەمزگەوت‌و دەتوانن نوێژی تێدابکەن، وەکراوە بە پاککەرەوە بۆ لابردنی بێ دەست نوێژی ، جا بۆیە هەرکەس لە ئوممەتەکەم لەهەرشوێنێ کاتی نوێژی هات، ئەوا شوێنی نوێژو ئەوەی دەستنوێژیشی پێدەگرێ ئامادەیە».**[1]

(1) **صحيح** :السنن الكبرى للبيهقي - كتاب الطهارة- جماع أبواب التيمم - باب التيمم بعد

« إِنَّ الصَّعِيدَ الطَّيِّبَ طَهُورُ الْمُسْلِمِ وَإِنْ لَمْ يَجِدْ الْمَاءَ عَشْرَ سِنِينَ».

**«تەیەموم بە ڕووی زەویەكی پاك جێگای دەستنوێژوو خۆشۆردنی موسڵمان دەگرێتەوە، ئەگەر بۆماوەی دەساڵیش ئاوی دەست نەكەوێ »[1].**

**سێیەم: بەڵگەی یەكدەنگی زانایان:**

«إبن قدامة»**لە كتابی** «المغني266/1» **دەفەرموێ:**

« وأما الإجماع فأجمعت الأمة على جواز التيمم في الجملة ».

**واتە: « یەكدەنگی زانایانی ئوممەتی ئیسلام كۆكوتەبان لەسەر دروستێتی تەیەموم».**

---

دخول وقت الصلاة -حديث : 994. السنن الصغير للبيهقي - جماع أبواب الطهارة- باب التيمم - حديث : 172. مسند أحمد بن حنبل - مسند الأنصار-حديث أبي أمامة الباهلي الصدي بن عجلان بن عمرو ويقال : - حديث:21560.المعجم الكبير للطبراني - باب الصاد-من روى - سيار الشامي كان يترل البصرة - حديث :7883. **قال الشيخ الألباني:حديث صحيح**، أنظر إرواء الغليل - (1 / 151/180) صحيح الجامع 1780.

(1) **صحيح** : سنن أبي داود - كتاب الطهارة-باب الجنب يتيمم - حديث : 285. سنن الترمذي الجامع الصحيح - أبواب الطهارة عن رسول الله صلى الله عليه وسلم-باب التيمم للجنب إذا لم يجد الماء - حديث : 118. السنن الكبرى للبيهقي - كتاب الطهارة- جماع أبواب التيمم - باب الرجل يعزب عن الماء ومعه أهله فيصيبها إن شاء - حديث : 978. **قال الشيخ الألباني : إسناده صحيح** وصححه ابن حبان والدارقطني وأبو حاتم والحاكم والذهبي والنووي وله شاهد من حديث أبي هريدة وسنده، أنظر إرواء الغليل (1 / 153/181) و صحيح وضعيف سنن الترمذي (1 / 124) و المشكاة ( 530 ) ،و صحيح أبي داود ( 357 ).

# ✐خاڵی دووەم
# ئافرەت ئەگەر لە بێ نوێژی پاك بووەوە
# کەی بۆی دروستە تەیەموم بکات؟

تەیەموم کردن لە دوو حاڵەتدا دروستە:

**یەکەم**: لەکاتی نەبوونی ئاوو، ئیتر جیاوازی نییە لەسەفەر دا بێ یان نیشتە جێ بێ.

**دووەم**: هەرکات بیانویەکی شەرعی هەبوو، ئەو بیانووە وا بکات نەتوانرێ ئاو بەکاربهێنرێ. وەکو نەخۆشی یان سەرمایەکی زۆر .

**بەڵگەش بۆ ئەوە :**

**یەکەم: ئەگەر ئاوی دەست نەکەوێ :**

1- ﴿فَلَمۡ تَجِدُواْ مَآءٗ فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدٗا طَيِّبٗا فَٱمۡسَحُواْ بِوُجُوهِكُمۡ وَأَيۡدِيكُم مِّنۡهُ﴾ المائدة: ٦.

واتە: « ئەگەر ئاوتان دەست نەکەوت ئەوا تەیەموم بکەن بە زەویەکی پاك، کە رومەتو هەردوو دەستەکانتانی پێ مەسح بکەن» .

2- « عِمْـرَانَ »دەفەرمووێ لەگەڵ پێغەمبەردا«ﷺ» بووین لە سەفەرێکدا، لە شوێنێکدا لامان داو، پێغەمبەردا«ﷺ»داوای ئاوی دەستنوێژی کردو دەستنوێژی گرتو، بانگ درا بۆ نوێژ، پێغەمبەردا«ﷺ» پێش نوێژی بۆ خەڵکەکە کرد، جا کاتێ سەلامی دایەوەو نوێژەکەی تەواوکرد، پیاوێکی بینی

دووری گرتبـــوو، وه لەگـــەڵ خەڵکەکـــە نوێـــژی نـــەکرد، پێغەمبـــەردا«ﷺ» پێـــی فەرموو:

« مَا مَنَعَكَ يَا فُلَانُ أَنْ تُصَلِّيَ مَـــعَ الْقَـــوْمِ » واتـە: « چ ڕێگربـوو لـەوەی نوێـژ لەگـەڵ ئـەم خەڵکـە نەکـەی»؟ وتـی : تووشـی لەشـگرانی بوومـەو ئـاویش نییـە تـا خـۆمی پێ بشۆم، پێغەمبەر«ﷺ» پێی فەرموو:

« عَلَيْـــكَ بِالصَّـــعِيدِ فَإِنَّـــهُ يَكْفِيـــكَ » واتـە: «ڕووبکـە زەویکـەو تەیـەمومی پێبکـە، جێگای لەشگرانیەکەت بۆ دەگرێتو ئەوەت بەسە تا ئاوت دەست دەکەوێ»[1] .

**دووەم:**

**ئەگـەر ئـاو هـەبێ بـەڵام بیانویـەکی شـەرعی هـەبێ و نـەتوانێ ئـاو بـەکاربهێنێ، ئەوا ئەو وەختەش بۆی دروستە تەیەمووم بکات: وەکو نەخۆشی یان سەرمایەکی زۆر.**

---

(1) **صحيح البخاري** - كتاب التيمم-باب : الصعيد الطيب وضوء المسلم - حديث : 340، و باب : التيمم ضربة - حديث : 344. صحيح ابن خزيمة - كتاب الوضوء-جماع أبواب التيمم عند الإعواز من الماء في السفر - باب ذكر الدليل على أن الجنب يجزيه التيمم عند الإعواز من -حديث : 272. مستخرج أبي عوانة - مبتدأ كتاب الطهارة-بيان المتيمم للجنابة إذا وجد الماء يغسل جسده - حديث : 682. صحيح ابن حبان - كتاب الطهارة-باب التيمم - ذكر البيان بأن التيمم بالكحل والزرنيخ وما أشبههما دون الصعيد الذي-حديث : 1317. سنن الدارمي - كتاب الطهارة-باب التيمم - حديث : 776. السنن الصغرى - سؤر الهرة- صفة الوضوء - باب التيمم بالصعيد- حديث : 320. السنن الكبرى للنسائي - بدء التيمم- التيمم بالصعيد - حديث : 301. السنن الكبرى للبيهقي - كتاب الطهارة- جماع أبواب الغسل من الجنابة - باب فرض الغسل -حديث : 799، و جماع أبواب التيمم - باب الجنب يكفيه التيمم إذا لم يجد الماء -حديث : 971 و باب غسل الجنب -ووضوء المحدث إذا وجد الماء بعد التيمم- حديث : 982 .

1- **کەوابوو ئەگەر نەخۆشیەکی وا لە جەستەی دا هەبێ بزانێ ئەگەر خۆی بشوات و ئاو بەکار بهێنێ توشی زەرەری جەستەیی دەبێ، ئەوا بۆی دروستە تەیەموم بکات:**

**بەڵگەش بۆ ئەمە:**

« جَابِرٍ » **دەفەرمووێ: دەرچووین بۆ سەفەرێك، لەو سەفەرەدا پیاوێکمان بەردێك دای بەسەری داو سەری شکان، دوای کابرا توشی لەشگرانی هات، بەهاوڕێکانی خۆی وت: بەڵکو ئیوە بزانن: لەشەرع دا ڕوخسەت هەیە بۆمن تا تەیەموم بکەم و خۆم نەشۆم؟ ئەوانیش ووتیان: ئەوەندەی ئێمە بزانین هیچ ڕوخسەتێك لەشەرع دا نیە بۆ تۆ تا تەیەموم بکەی چونکە دەتوانی ئاو بەکار بهێنێ. بۆیە کابرا خۆی شۆردو وەفاتی کرد. جا کاتێك گەڕاینەوە بۆلای پێغەمبەر «ﷺ» ئەو باسەیان بۆ گێڕایەوە. پێغەمبەر«ﷺ» فەرمووی:**

« قَتَلُوهُ قَتَلَهُمُ اللَّهُ ، أَلاَ سَأَلُوا إِذْ لَمْ يَعْلَمُوا ، فَإِنَّمَا شِفَاءُ الْعِيِّ السُّؤَالُ ، إِنَّمَا كَانَ يَكْفِيهِ أَنْ يَتَيَمَّمَ ».

**واتە: «کوشتیان خوا لەناویان بەرێ، کە نەیانزانی بۆ پرسیاریان نەکرد و لە خۆوە فەتوایان دا، چونکە چارەسەری نەزانین پرسیارکردنە، کابرا ئەوەندەی بەس بوو کە تەیەمومی بکردایە»[1].**

---

(1) **حسن**: سنن أبي داود - كتاب الطهارة-باب في المجروح يتيمم - حديث : 287. السنن الكبرى للبيهقي - كتاب الطهارة-جماع أبواب التيمم - باب الجرح إذا كان في بعض جسده دون بعض-حديث : 1010. معرفة السنن والآثار للبيهقي - باب المسح على الجبائر-حديث : 458. مسند الشهاب القضاعي - إنما شفاء العي السؤال- حديث : 1076. **قال الشيخ الألباني** : هذا الحديث ضعفه البيهقي والعسقلاني وغيرهما لكن له شاهد من حديث ابن عباس يرتقي به إلى درجة **الحسن**، لكن ليس فيه قوله : " ويعصر

**2- یـان ئەگـەر دونیـا زۆر سـاردبیٚ و بزانـیٚ ئەگـەر خـۆی بشـوات توشـی زەرەر دەبـیٚ، ئەوا ئەوەختەش بۆی دروستە تەیەموم بکات:**

**بەڵگەش بۆ ئەمە:**

« عَمْـــرِو بْــنِ الْعَـــاصِ »**کاتێـك کـە پێغەمبـەر«ﷺ» نـاردی بـۆ جـەنگی**«ذَاتِ السَّلَاسِـــلِ » **دەفـەرمووێ :لـە شـەوێکی زۆر سـاردا توشـی لەشـگرانی هـاتمو، ترسـام ئەگـەر خـۆم بشـۆم بمـرم، بۆیـە تەیـەمووم کـردو، نوێـژی بـەیانیم بەجەماعـەت بـۆ هاوڕێکـانم کـرد، جـا کاتێـك گەڕاینـەوە بـۆلای پێغەمبـەر «ﷺ» ئـەو باسـەم بـۆ گێڕایەوە.**

**پێغەمبەر«ﷺ»فەرمووی:**

« يَا عَمْرُو صَلَّيْتَ بِأَصْـحَابِكَ وَأَنْـتَ جُنُـبٌ»؟ **واتـە «بـە لەشـگرانیەوە نوێـژت بـۆ هاوڕیکانـت کـردووە؟» منـیش وتم: بـەڵێ، لـە شـەوێکی زۆر سـاردا توشـی لەشـگرانی بـووم، ترسـام ئەگـەر خـۆم بشـۆم بمـرم و، ئـەو ئایەتەشـم وەبیرهاتـەوە کـە خودا دەفـەرموێ :** « وَلَا تَقْتُلُوا أَنْفُسَكُمْ إِنَّ اللَّـهَ كَـانَ بِكُـمْ رَحِيمًـا»**واتـە: «بەدەستی خۆتـان خۆتـان مـەکوژن چـونکە خـودا بەرامبـەر ئێـوە میهرەبانـە». بۆیـە منـیش تەیەموم کردو نوێژم کرد.. پێغەمبەریش«ﷺ» پێکەنیو هیچی نەووت.**[1]

---

ويعصر أو يعصب على جرحه خرقة ثم يمسح عليه ويغسل سـائر جسـده " فهـي زيـادة ضـعيفة منكرة لتفرد هذا الطريق الضعيف بها. أنظر تمام المنة (1 / 131)، صحيح أبي داود (2 / 159/ 364)، إرواء الغليل (1 / 105/142)،الجامع الصغير وزيادته (1 / 7811/782)، مشكاة المصابيح (1 / 531/115).

(1) **صحيح**: سنن أبي داود - كتاب الطهارة - باب إذا خاف الجنب البرد أيتيمم - حديث : 286. المستدرك على الصحيحين للحاكم - كتاب الطهارة وأما حديث عائشة - حديث

**ئەوەی لەم فەرموودانەوە وەردەگیرێ ئەوەیە:**

**ئـــەم فەرموودانـــە هەرچـــەندە باســـی کەســـێك دەکـــات کـــە توشـــی لەشـــکرانی هـاتبێ، بـەلاّم ئەصلّی مەبەست ئـەوە نییـە کـە تایبەتمەنـدبێ تـەنها بـە لەشـگرانیەوە، بـەڵکو مەبەســتەکە لێـرەدا ئەوەیـە کـاتی نوێــژهاتووەو رێگرێـك هەیـە لەبـەردەم نوێژەکـەدا کـە لەشـگرانیە، ئـەو لەشـگرانیەش بـە ئـاو لا دەچـێو ئـاویش نییـە، یـان نـاتوانرێ ئاوەکـە بـەکاربهێنرێ، جـا بـۆ ئـەوەی بتـوانرێ نوێژەکـە بکـرێو لـە دەسـت نەچـێ، شـەرع دەرگایـەکی تـری کردوّتـەوە بـۆ ئـەو حاڵەتـە کـە تەیەمومـە. بۆیـە ئـەو تەیەمومە بۆ ماوەیەکی کاتی لەشگرانیەکە لادەبات.**

**بێ نوێژی ئـافرەتیش لـەدوای پـاك بوونـەوە پێویسـتی بـە ئـاوە بـۆ ئـەوەی خـۆی پـێ بشـوات، تـاوەکو بتـوانێ نوێـژ بکـات، جـا ئەگـەر ئـاو نـەبوو یـان نـەتونرا ئـاو بـەکار بهێنـرێ، ئـەوا دروسـتە بـۆی تەیـەموم بکـات هـەروەك چـۆن دروسـتە بـۆ لەشـگران تەیەموم بکات .**

: 581. سنن الدارقطني - كتاب الطهارة-باب التيمم - حديث : 589. السنن الكبرى للبيهقي - كتاب الطهارة -جماع أبواب التيمم - باب التيمم في السفر إذا خاف الموت أو العلة من شدة- حديث : 1005. السنن الصغير للبيهقي - جماع أبواب الطهارة باب التيمم - حديث : 178. مسند أحمد بن حنبل - مسند الشاميين -بقية حديث عمرو بن العاص عن النبي صلى الله عليه وسلم - حديث : 17478. الأوسط لابن المنذر - كتاب التيمم- ذكر تيمم الجنب إذا خشي على نفسه البرد - حديث : 508. **قال الشيخ الألباني:حديث صحيح،** أنظر إرواء الغليل (1 / 154/181)، صحيح وضعيف سنن أبي داود (1 / 334/334).

**کـــەوابوو**: هـەمـوو ئـەو مۆڵـەتو ڕوخصـەتانەی کـە باسـکرانو بەلەشـگران دراوە تا تەیەموم بکات، شمولی ئافرەتیش دەکات ئەگەر لە بێ نوێژی پاك بوویەوە.

**نــــەك** : وەك هەنـدێ دەڵـێن ئـەم حاڵەتانـە تایبەتـە بـە لەشـگرانەوەو ئـافرەت ناگرێتــەوە، جــا بــەپێی بۆچــوونی ئــەوان بــێ، ئــافرەت نــاتوانێ لــەو حاڵەتانــەدا تەیەموم بکات، دیارە ئەمەش بۆچونێکە دوورە لە بەڵگەوە.

## ✐خاڵی سێیەم

## تەیەموم بەچی دەکرێ

بــەپێی بەڵگــەکانی قورئــانو ســوننەت ســەلێنراوە کــە ئــەو مادەیــەی تەیــەمومی پێ دەکرێ بریتیە لە «الصَّعِيدِ».

﴿فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدًا طَيِّبًا﴾المائدة: ٦.

« عَلَيْكَ بِالصَّعِيدِ فَإِنَّهُ يَكْفِيكَ ».

« إِنَّ الصَّعِيدَ الطَّيِّبَ طَهُورُ الْمُسْلِمِ وَإِنْ لَمْ يَجِدْ الْمَاءَ عَشْرَ سِنِينَ».

**«تەیــەموم بــە ڕووی زەویــەکی پــاك جێگــای دەســتنوێژوو خۆشــۆردنی موســڵمان دەگرێتەوە، ئەگەر بۆماوەی دەساڵیش ئاوی دەست نەکەوێ »[1].**

---

(1) **صحيح:** سنن أبي داود - كتاب الطهارة-باب الجنب يتيمم - حديث : 285. سنن الترمذي الجامع الصحيح - أبواب الطهارة عن رسول الله صلى الله عليه وسلم-باب التيمم للجنب إذا لم يجد الماء - حديث : 118. السنن الكبرى للبيهقي - كتاب الطهارة- جماع أبواب التيمم - باب الرجل يعزب عن الماء ومعه أهله فيصيبها إن شاء - حديث : 978.
**قال الشيخ الألباني : إسناده صحيح** وصححه ابن حبان والدارقطني وأبو حاتم والحاكم والذهبي والنووي وله شاهد من حديث أبي هريدة وسنده، أنظر إرواء الغليل (1 / 153/181) و صحيح وضعيف سنن الترمذي (1 / 124) و المشكاة ( 530) =و صحيح أبي داود ( 357 ).

**«الصَّـــعِيدِ»ش بریتیــە لــە ڕووی زەوی، جــا ئــیتر جیــاوازی نییــە ئــەو ڕووی زەویــە گڵــی لەســەر بــێ، یــان هــەمووی تاشــە بــەرد بــێ، یــان هــەمووی لم بــێ. چــونکە مەبەســت بــە «الصَّـــعِيدِ»ڕووی زەویــە بەگشــتی، نــەك تایبەتمەنــد بكــرێ گــڵ و بــوترێ تەنها گڵ دەگرێتەوە!!.**

**بەڵگەش بۆ ئەوە:**

**یەكەم:**

**فەرهەنگــەكانی زمــانی عــەرەبی كــە باســی«الصَّـــعِيدِ» دەكــەن بــە ڕووی زەوی مانای دەكەن.لە**«لسان العرب215/3» **بەم شێوەیە مانای دەكات:**

« الصَّعِيدُ الأَرضُ وقيل الأَرض الطَّيِّبَةُ وقيل هو كل تــراب طيــب. وقــال أَبــو إِســحق الصعيد وجه الأَرض قال وعلى الإِنسان أَن يضرب بيديــه وجــه الأَرض ولا يبــالي أَكــان في الموضع ترابٌ أَو لم يكن لأَن الصعيد ليس هو الترابَ إِنما هــو وجــه الأَرض ترابــاً كــان أَو غيره قال ولو أَن أَرضاً كانت كلها صخراً لا تراب عليه ثم ضــرب المتــيمم يــدَه علــى ذلك الصخر لكان ذلك طَهُوراً إِذا مسح به وجهه».

**«واتــە«الصَّـــعِيدِ» بریتیــە لــە زەوی، وە وتــراوە زەویــەكی پــاك، وەوتراویشــە گڵێكــی پاك دەگرێتــەوە،«أَبو إِســحق »دەڵــێ: «الصَّـــعِيدِ»بریتیــە لــە ڕووی زەوی، بۆیــە ئینســان ئــەوەی لەســەرە دەســت بــدات بــە زەوی داو گــوێ بــەوە نــەدات كــە ئــەو شــوێنە گڵــی لەســەرە یــاخود نــا، لەبــەر ئــەوەی «الصَّـــعِيدِ» بریتــی نییــە لــە گــڵ و لــە گڵــدا كــورت هەڵنــەهاتووە، بــەڵكو بریتیــە لــە ڕووی زەوی، جــا ئــیتر ئــەو ڕووی زەویــە گــڵ بــێ یــان شــتێ تــر بــێ، بۆیــە ئەگــەر زەوییــەك هــەمووی تاشــە بــەرد بــێ و گڵــی لەســەر نــەبێ، تەیــەمومكار دەســت بــدات بەســەر ئــەو بەردانــەداو ڕومــەتی پــێ مەســح بكــات، ئــەوا بۆی دەبێ بە تەیەموم».**

**دووەم:**

﴿فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدًا طَيِّبًا﴾المائدة: ٦.

**خوای پەروەردگار لێرەدا** «الصَّعِيدِ»**ی بە نەناسراو هێناوەو، دیاری نەکردوە کە مەبەست پێی چ بەشێکی زەویە، گڵە یان جگە لە گڵ، تەنها ئەو مەرجەی بۆ داناوە کە پاك بێ و بەس، جابۆیە ئەو دیاری نەکردنە بەڵگەیە بۆ گشتگیریەکەی‌و سەلمێنەرە بۆ ئەوەی کە گڵ‌و جگە لە گڵیش دەگرێتەوە. کەوابوو کورتکردنەوەی مانای**«الصَّعِيدِ»**لە گڵ دا لەگەڵ ئایەتەکەدا یەکناگرێتەوە.** [1]

**سێیەم:**

**پێغەمبەریش**«ﷺ» **دەفەرمووێ :**

«وَجَعَلَ الأَرْضَ كُلَّهَا لِي وَلأُمَّتِي مَسْجِدًا وَطَهُورًا ، فَأَيْنَمَا أَدْرَكَ رَجُلٌ مِنْ أُمَّتِي الصَّلاَةُ ، فَعِنْدَهُ مَسْجِدُهُ وَطَهُورُهُ».

**واتە: «سەرتاپای زەوی بو من و ئوممەتەکەم کراوە بەمزگەوت‌و دەتوانن نوێژی تێدابکەن، وەکراوە بە پاککەرەوە بۆ لابردنی بێ دەست نوێژی ، جا بۆیە هەرکەس لە ئوممەتەکەم لەهەرشوێنێ کاتی نوێژی هات، ئەوا شوێنی نوێژو ئەوەی دەستنوێژیشی پێدەگرێ ئامادەیە».**[2]

---

(1)الفتوى إبن تيمية384/21.

(2)**صحيح** السنن الكبرى للبيهقي - كتاب الطهارة- جماع أبواب التيمم - باب التيمم بعد دخول وقت الصلاة -حديث : 994. السنن الصغير للبيهقي - جماع أبواب الطهارة- باب التيمم - حديث : 172. مسند أحمد بن حنبل - مسند الأنصار-حديث أبي أمامة

**ئەوەی لەم «حديث»ەوە وەردەگیرێ ئەوەیە:**

**1- لێرەدا پێغەمبەریش«ﷺ» هەموو زەوی باسكردووەو دەفەرمووێ** «وَجَعَلَ الأَرْضَ كُلَّهَا لِي وَلأُمَّتِي مَسْجِدًا وَطَهُورًا.. » **سەرتاپای زەوی بۆ من و ئوممەتەكەم كراوە بە پاككەرەوە بۆ لابردنی بێ دەست نوێژی. جا شتێكی ڕوونە كە هەموو سەر زەوی گڵدار نییە، بەڵكو بەشێكی لمە و هەندێكی بەردەو، تاوێرە، جا ئەگەر تەیەموم تەنها بە گڵ كرابا، ئەوە پێغەمبەریش«ﷺ» بەو ڕەهایە نەیدەفەرموو سەرتاپای زەوی**«وَجَعَلَ الأَرْضَ كُلَّهَا»**، بەڵكو ڕوونی دەكردەوە كە مەبەستی تەنها گڵە.**

**2- وەهەروەها دەفەرمویٚ لە هەرشوێنێك كەسێك كاتی نوێژی هات، ئەوا شوێنی نوێژو ئەوەی دەستنوێژیشی پێدەگرێ ئامادەیە**«فَأَيْنَمَا أَدْرَكَ رَجُلٌ مِنْ أُمَّتِي الصَّلاَةُ ، فَعِنْدَهُ مَسْجِدُهُ وَطَهُورُهُ». **ئەمەش زیاتر مەبەستەكە دەداتە دەستەوە كە«الصَّعِيدِ»لە گڵ دا كورتهەڵنەهاتووە، چونكە لەهەر شوێنێك كەسێك یان ڕێبوارێك، لابدات خۆ مەرج نییە ئەو شوێنە گڵداربێ، بەتایبەت ئەو ناوچەیەی كە پێغەمبەری«ﷺ» تێدا ژیاوە زۆربەی هەرەزۆری بیابانەو بە مسقاڵ گڵی بۆ دەرمان تێدا دەست ناكەوێ، جا ئەگەر مەبەست تەنها گڵ بێ، ئەوە پێغەمبەریش«ﷺ» بەو ڕەهایە نەیدەفەرموو«لە هەر شوێنێك كەسێك كاتی نوێژی هات، ئەوا شوێنی نوێژو ئەوەی دەستنوێژیشی پێدەگرێ ئامادەیە».**

---

الباهلي الصدي بن عجلان بن عمرو ويقال : -حديث:21560.المعجم الكبير للطبراني - باب الصاد-من روى - سيار الشامي كان يترل البصرة - حديث :7883. **قال الشيخ الألباني:حديث صحيح**، أنظر إرواء الغليل - (1 / 151/180) صحيح الجامع 1780.

**کەوابوو:**

**ئـەوەی کـە پێغەمبـەر«ﷺ»فەموویـەتی** «وَجَعَـــلَ الأَرْضَ كُلَّهَـــا»، **کتومـەت مانـای**«الصَّـــعِيدِ»**ە. وە وشـەی**«الصَّـــعِيدِ»**ی بـە سـەرتاپای زەوی مانـاکردوە** «.. الأَرْضَ كُلَّهَا... فَأَيْنَمَا».

3- **پێغەمبـــەر«ﷺ»لـــە چـــەندەها فەرمایشـــتی تـــردا ئـــەوەی بـــۆ ڕونکردوینەتـەوە، کـە هـەموو سـەر زەوی بـۆ کـراوە بـە شـوێنی نوێـژو دروسـتە نوێـژی تێـدابکرێ، بـەڵام ئەوەیشـی بـۆ باسـکردووین کـە چـەند جێگایـەك هەیـە لەسـەر زەوی شـوێنی نوێـژ نییـە، بۆیـە دروسـت نییـە نوێـژی تێدا بکـرێ، کـە ئـەویش گۆڕسـتانو حەمامە. وەکو دەفەرموێ:**

« الأَرْضُ كُلُّهَا مَسْجِدٌ إِلاَّ الْمَقْبَرَةَ وَالْحَمَّامَ ».

**«واتـــە: زەوی هـــەمووی شـــوێنی نوێـــژەو دروســـتە نوێـــژی تێـــدا بکـــرێ، تـــەنها گۆڕستانو حەمام نەبێ»**[1]

---

(1)**صحيح:** صحيح ابن حبان - باب الإمامة والجماعة-باب الحدث في الصلاة - ذكر خبر يصرح بتخصيص عموم تلك اللفظة التي ذكرناها قبل-حديث : 2352. سنن ابن ماجه - كتاب المساجد والجماعات- باب المواضع التي تكره فيها الصلاة - حديث : 743. سنن الترمذي الجامع الصحيح - أبواب الطهارة عن رسول الله صلى الله عليه وسلم- أبواب الصلاة عن رسول الله صلى الله عليه وسلم - باب ما جاء أن الأرض كلها مسجد إلا المقبرة والحمام-حديث : 299. مصنف عبد الرزاق الصنعاني - كتاب الصلاة- باب الصلاة على القبور - حديث : 1521. مصنف ابن أبي شيبة - كتاب صلاة التطوع والإمامة وأبواب متفرقة- ما تكره الصلاة إليه وفيه - حديث : 7462. السنن الكبرى للبيهقي - كتاب الصلاة- جماع أبواب الصلاة بالنجاسة وموضع الصلاة من مسجد وغيره - باب ما جاء في النهي عن الصلاة في المقبرة والحمام- حديث : 3970. معرفة السنن

جالــەو فــەرمووده دا پێغەمبــەر «ﷺ» فێریكــردین، ئەگــەر كەســێك ویســتی نوێـژ بكـات نـابێ شـوێنی نوێژەكـەی گورِسـتانو حـەمام بـێ، ئەگـەر نـا نوێژەكـەی لـە شوێنێكدا نەكردووە كە شەرع ڕێگەی پێدابێ.

جــا لــەوەوە ئــەوە فێــردەبین ئەگــەر تەیــەمومیش تایبــەت بوایــە بــە زەوی گڵـدارەوەو، لەسـەر زەوی بـەردینو لـماوی دروسـت نەبوایـە، ئـەوە چـۆن بـۆ شـوێنی نوێژەكــە ئاگــاداری كردینــەوە كــە نــابێ لــە گۆڕســتانو حــەمام دا نوێــژ بكــرێ، بەهــەمان شــێوە وریــایی دەكردینــەوە كــە جگــە لــە زەوی گڵــدارو خــاك و خــۆڵاوی، زەوی تر نابێ بەكاربهێنرێ.

**كــەوابوو**: باسـنەكردنی خاكوگـڵو خـۆڵ بـۆ تەیـەموم، بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی كە بەمەرج نەگیراوەو كورت هەڵنەهاتووە تەنها لە خاك و گڵ دا .

4- ئەگــەر ســەیری فەرمایشــتەكانی پێغەمبــەر«ﷺ» بكــەین دەبیــنین خــۆڵو تــۆز بــۆ تەیــەموم مەرجــە نییــەو شــتێكیش نییــە كــە پەیوەنــدی بــە تەیەمومــەوە هــەبووبێ، بــۆ نمونــە : پێغەمبــەر«ﷺ» كاتێــك « عَمَّـــارُ بْـــنُ يَاسِـــرٍ»فێــری

---

والآثار للبيهقي - كتاب الصلاة- ما يصلى عليه ولا يصلى من الأرض - حديث : 1375. مسند أحمد بن حنبل - ومن مسند بني هاشم - مسند أبي سعيد الخدري رضي الله عنه - حديث :11563 مسند الشافعي - باب ما خرج من كتاب الوضوء- حديث : 67 . مسند أبي يعلى الموصلي - من مسند أبي سعيد الخدري-حديث : 1319. **قال الشيخ الألباني:حديث صحيح**، أنظر احكام الجنائز (1 / 211)= =الثمرالمستطاب (1 / 357)، تمام المنة (1 / 299)،صحيح وضعيف سنن ابن ماجة (2 / 745/317)،صحيح وضعيف سنن الترمذي (1 / 317/317)،مشكاة المصابيح (1 / 737/162).

**چۆنیەتی تەیەموم کردن دەکرد پێی فەرموو:** « إِنَّمَا كَانَ يَكْفِيكَ هكَذَا، فَضَرَبَ النَّبِيُّ صلى الله عليه وسلم بِكَفَّيْهِ الأَرْضَ، وَنَفَخَ فِيهِمَا ، ثُمَّ مَسَحَ بِهِمَا وَجْهَهُ وَكَفَّيْه».

**«واتە: ئەوەندەت بەسە بۆ تەیەموم کردن»،«** عَمَّارُ» **دەفەرمووێ: پێغەمبەر«ﷺ» دەستەکانی کێشا بە زەویەکەدا، پاشان فووی لە هەردوو دەستەکانی کردو، پاشان دەم‌و چاوو دەستەکانی پێ مەسح کرد.**[1]

**جا ئەگەر تۆزو خۆڵ مەرجی تەیەموم بوایە، ئەوا پێغەمبەر«ﷺ» فووی لە دەستەکانی نەدەکردوو تەپ‌و تۆزو خاك‌و خۆڵەکەی لە دەستەکانی نەدەکردەوە.**

## ✎خاڵی چوارەم

## ئەندامەکانی تەیەموم وچۆنیەتی کردنی

**ئەم خاڵەش دوو بڕگە دەگرێتەوە:**

**بڕگە یەکەم: ئەندامەکانی تەیەموم.**

**بڕگە دووەم: چۆنیەتی تەیەموم کردن.**

### ✍بڕگە یەکەم: ئەندامەکانی تەیەموم:

**ئەو ئەندامانەی جەستە کە تەیەمومیان پێ دەکرێ تەنها دەم‌وچاوو هەردوو دەستەکانن تا مەچەك.**

---

(1)**صحيح البخاري** - كتاب التيمم- باب : المتيمم هل ينفخ فيهما ؟ - حديث : 335 . مستخرج أبي عوانة - مبتدأ كتاب الطهارة-بيان إباحة النفخ في التيمم قبل المسح بالوجه والكفين - حديث : 679. السنن الصغرى - سؤر الهرة - صفة الوضوء - التيمم في الحضر- حديث : 311. السنن الكبرى للبيهقي - كتاب الطهارة- جماع أبواب التيمم - باب ذكر الروايات في كيفية التيمم عن عمار بن ياسر رضي-حديث : 944 .

بەڵگەش بۆ ئەوە:

**یەكەم:**

﴿فَلَمۡ تَجِدُواْ مَآءٗ فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدٗا طَيِّبٗا فَٱمۡسَحُواْ بِوُجُوهِكُمۡ وَأَيۡدِيكُم مِّنۡهُ ﴾ المائدة:٦.

واته: « ئەگەر ئاوتان دەست نەكەوت ئەوا تەیەموم بكەن بە زەویەكی پاك، كە رومەتو هەردوو دەستەكانتانی پێ مەسح بكەن».

لە ئایەتەكەوە دەردەكەوێ كە ئەندامەكانی تەیەموم دووانن: كە ئەوانیش دەموچاوو هەردوو دەستەكانن. ﴿بِوُجُوهِكُمۡ وَأَيۡدِيكُم مِّنۡهُ ﴾.

**دەستەكانیش تامەچەك دەگرێتەوەو بەس**، بەڵگەش بۆ ئەوە فەموودەكانە:

**دووەم:**

« عَمَّارٌ»دەفەرموێ: لەشم گران بوو وئاووم دەست نەكەوت ، جا خۆمم لە ناو خۆڵدا پلیكاندەوەو نوێژم كرد، جا ئەمەم گێڕایەوە بۆ پێغەمبەری خوا«ﷺ»، ئەویش فەرمووی :

« يَكْفِيكَ الْوَجْهَ وَالْكَفَّيْنِ» .

واته « تەنها دەموچاوو دەستەكانت تامەچەك بەست بوو».

پاشان لە ریوایەتەكەی تردا «عَمَّارٌ»دەفەرموێ:

« فَضَرَبَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بِيَدِهِ الْأَرْضَ فَمَسَحَ وَجْهَهُ وَكَفَّيْهِ».

**واتـه « جـا پێغەمبـەری خـوا «ﷺ» هـەردوو نـاو لـەپی بەزەویـدا داو، مەسـحی ڕوومەت و هەردوو دەستی پێ کرد»[1].**

**کەوابوو:**

**بـەپێ ی ئـەم«حـــديث» دەردەکـەوێت کـە سـنوری دەسـتەکان تـا مەچـەك دەگرێتەوە، نەك زیاتر.**

**بـەڵام هەنـدێ لـە زانایـان وای بۆچـوون کـە سـنوری دەسـتەکان تـا ئەنیشـك دەگرێتـەوە وەکـو دەسـتنوێژ، بـۆ سـەلماندنی بـۆ چوونەکەشـیان کۆمـەڵێك بەڵگـە دەهێننەوە، بەڵام بەڵگەکانیان هیچیان «صحیح» نین.**

**ئەمەش بەڵگەکانیانە:**

**یەکەم:**

« **ابْنِ عُمَرَ» دەفەرموێ پێغەمبەر فـەرمووی:** « التَّـيَمُّمُ ضَـرْبَتَانِ : ضَـرْبَةٌ لِلْوَجْـهِ ، وَضَرْبَةٌ لِلْكَفَّيْنِ إِلَى الْمِرْفَقَيْنِ »[2].

---

(1)**صحيح البخاري** - كتاب التيمم- باب : المتيمم هل ينفخ فيهما ؟ - حديث : 335، سبق تخريجه.

(2) قال الشيخ الألباني في سلسلة الأحاديث الضعيفة والموضوعة وأثرها السيئ في الأمة - (7 / 433):رواه الطبراني (3/ 199/ 2) ، والحاكم (1/ 179) عن علي بن ظبيان عن عبد الله بن عمر عن نافع عن ابن عمر مرفوعاً .قلت : وهذا إسناد ضعيف جداً ؛ عبد الله بن عمر هو العمري المكبر ، ضعيف سيىء الحفظ ، ووقع في "المستدرك" : "عبيد الله بن عمر" مصغراً ، ولعله خطأ مطبعي .وعلي بن ظبيان ضعيف جداً . قال ابن معين :"كذاب خبيث" . وقال البخاري :"منكر الحديث" . وقال النسائي :"متروك الحديث" .وله طريق أخرى ، يرويه قرة بن سليمان : حدثنا سليمان بن داود الجزري : سمعت سالماً ونافعاً يحدثان عن ابن عمر به .أخرجه البزار (ص37) وقال :"الحفاظ يوقفونه على ابن عمر ، على أن محمد بن

**واتە « تەیەمموم ئەوەیە دووجار دەستەکانت بدەی بەزەوی دا، جارێکیان بۆ دەمو چاو، جاری دووەم بۆ دەستەکان تا ئەنیشك ».**

**ئەم«حدیث»ە لاوازەو کاری پێ ناکرێ هەروەکو ئیمامی** «الألباني» **لە** «صحيح وضعيف الجامع الصغير - (14 / 139/ حديث رقم : 2519)» **ئاماژەی پێکردووەو، وە لە**« سلسلة الأحاديث الضعيفة والموضوعة - (7 / 433)» **باسی کردووە.**

**دووەم:**

« ابْنِ عُمَرَ» **دەفەرموێ کابرایەك سەلامی کرد لە پێغەمبەر«ﷺ»، لەوکاتەدا لە دەست بە ئاو گەیاندن گەڕایەوە، وەلامی کابرای نەدایەوە. پاشان پێغەمبەر«ﷺ»، ڕووی کردە دیوارەکەو**« ضَرَبَ بِيَدَيْهِ عَلَى الْحَائِطِ وَمَسَحَ بِهِمَا

---

ثابت العصري قد رواه عن نافع عن ابن عمر عن النبي - صلى الله عليه وسلم -" .قال الشيخ الهيثمي :"سليمان ؛ قال أبو زرعة : متروك" .وكذا قال في "مجمع الزائد" (1/ 262-263) .قلت : وقرة بن سليمان ؛ قال أبو حاتم :"ضعيف الحديث" .ثم ذكره من حديث أبي أمامة أيضاً ، وقال :"رواه الطبراني في "الكبير" ، وفيه جعفر بن الزبير ، قال شعبة فيه : وضع أربع مئة حديث" .وحديث محمد بن ثابت العصري ، أخرجه أبو داود وغيره ، وأعلوه بالنكارة ، كما بينت في "ضعيف أبي داود" (58) .

(تنبيه) : عزا السيوطي حديث الترجمة للطبراني من حديث أبي أمامة ، وأحمد من حديث عمار بن ياسر ! فأوهم أن الحديث عند أحمد بالضربتين ، وإنما هو عنده بالضربة الواحدة للوجه والكفين . وهو كذلك في "الصحيحين" وغيرهما ؛ كما بينته في "صحيح أبي داود" (343-362) .ورواه ابن خزيمة أيضاً بلفظ أحمد . انظر : "الصحيحة" (694) .سلسلة الأحاديث الضعيفة والموضوعة وأثرها السيئ في الأمة - (7 / 435). وروى الحديث البزار (1/ 159/ 313) من طريق الحريش بن الخريت عن ابن أبي مليكة عن عائشة مرفوعاً مثله .و هذا ضعيف ؛ كما قال الحافظ .

وَجْهَهُ ثُمَّ ضَرَبَ ضَرْبَةً أُخْرَى فَمَسَحَ ذِرَاعَيْهِ ثُمَّ رَدَّ عَلَى الرَّجُلِ السَّلَامَ ». **واته « دەستی کێشا بە دیوارەکەداو مەسحی دەموچاوی پێ کرد، پاشان جارێکی تر دەستی پێدا کێشایەوەو، مەسحی دەستەکانی کرد تاوەکو ئەنیشکی، پاشان وەلامی سەلامی کابرای دایەوە.. »**.[1]

**سێیەم:**

(1) قال الشيخ الألباني في ضعيف أبي داود - الأم - (1 / 136): (قلت: وكذا قال البخاري وابن معين، وذلك لأن ابن ثابت ضعيف،عندهم. وقال الخطابي: " لا يصح؛ لأن محمد بن ثابت العبدي ضعيف جداً،لا يحتج بحديثه " . وقال الحافظ: " سنده ضعيف ") .قال ابن داسة: " قال أبو داود: لم يتابع محمد بن ثابت في هذه القصةعلى: (ضربتين) عن النبي صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ. ورووه فِعْل ابن عمر " .(قلت: رواه كذلك مالك وغيره، فانظره في الكتاب الآخر (رقم 356) ) .إسناده: حدثنا أحمد بن إبراهيم المَوْصِلِيُ أبو علي: نا محمد بن ثابتالعَبْدِي. قلت: هذا إسناد ضعيف، رجاله ثقات؛ غير محمد بن ثابت العبدي، وهوضعيف عند الجمهور، وحديثه هذا منكر؛ لأنه قد خالف الثقات الذين رووه عن نافع، فبعضهم روى هذه القصة عنه، فلم يذكر فيها: (الضربتين) ولا: (مسحالذراعين) .وكذلك جاءت من حديث أبي الجهيْم؛ فانظر الكتاب الأخر (رقم 355) .والبعض الآخر روى عن نافع عن ابن عمر... موقوفاً عليه: الضربتين، معمسح الذراعين.و قال الأمام الألباني في صحيح أبي داود - (2 / 146):ساق المصنف هنا هذه القصة من حديث ابن عمر بزيادة:ثم ضرب ضربةً أخرى، فمسح ذراعيه. وهي زيادة منكرة، أوردناه من أجلها في الكتاب الآخر (رقم 58) ، ثم قال المصنف:" لم يتابع محمد بن ثابت في هذه القصة على ضربتين عن النبي صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ. رَوَوْهُ فِعْلَ ابنِ عمر ".(قلت: رواه كذلك موقوفاً الإمام مالك (76/1) عن نافع: أنه أقبل هووعبد الله بن عمر من الجُرُف، حتى إذا كان بالمِرْبَد نزل عبد الله، فتيمم صعيداًطيباً، فمسح وجهه وبديه إلى المرفقين، ثم صلى. وهو صحيح على شرطهما.قال الحافظ: " وهو الصحيح "؛ يعني: موقوفاً).

« أبي الجُهَيْم » دەفەرموێ: **تێپەڕیم بەلای پێغەمبەردا«ﷺ» دەست بەئاوی دەکردو سەلامم لێ کرد، وەلاّمی نەدامەوە، تاوەکو هەستاو ڕوەو دیوارێک ڕۆیشت:** « ثُمَّ وَضَعَ يَدَيْهِ عَلَى الْجِدَارِ فَمَسَحَ وَجْهَهُ وَذِرَاعَيْهِ ثُمَّ رَدَّ عَلَيَّ ».

**واتە «دەستی لە قەد دیوارەکە داناو تەیەمومی کردو مەسحی دەم‌وچاوو هەردوو باڵەکانی کرد، پاشان وەلاّمی دامەوە»..**(1)

(1) قال الشيخ الألباني في صحيح أبي داود - (2 / 145) : روى من طريق الشافعي: ثنا إبراهيم بن محمد عن أبي الحويرث عن الأعرج عن ابن الصمة قال:مررت على رسول الله صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وهو يبول، فسلَّمْتُ عليه، فلم يَرُد عليّ حتى قام إلى جدار، فَحَتَه بعصاً كانت معه، ثم وضع يديه على الجدار؛ فمسح وجهه وذراعيه؛ ثم رد عليّ. ثم قال البيهقي:" وهذا شاهد لرواية أبي صالح كاتب الليث؛ إلا أن هذا منقطع: عبد الرحمن ابن هرمز الأعرج لم يسمعه من ابن الصمة؛ إنما سمعه من عمير مولى ابن عباس صحيح أبي داود - (2 / 146)عن ابن الصمة، وإبراهيم بن محمد بن أبي يحيى الأسلمي وأبو الحويرث عبد الرحمن بن معاوية قد اختلف الحفاظ في عدالتهما؛ إلا أن لروايتهما بذكر (الذراعين) فيه شاهداً من حديث ابن عمر "! قلت: في هذا الكلام كثير من التساهل؛ فإن حديث ابن عمر- وهو المشارإليه في الكتاب عقيب هذا- حاله كحال حديث أبي صالح هذا؛ فكما تفرد أبو صالح بذكر الذراعبن في هذا الحديث عن الليث دون سائر الثقات؛ فكذلك تفرد بذلك محمد بن ثابت عن نافع عن ابن عمر دون سائر الثقات. وقد رواه مالك عن نافع موقوفاً؛ وهو الصحيح، كما قال الحافظ (351/1) .وأبو صالح تكلم فيه غير واحد من قبل حفظه، فحديثه عند المخالفة شاذ اتفاقاً! فلا أدري كيف استساغ البيهقي تقوية الخطأ بالخطأ؟! ثم إن ما رواه عن الشافعي لا يصلح شاهداً؛ لما ذكر هو من حال الراويين، لا سيما وقد خالفا الجماعة: جعفرَ بنَ ربيعة ومحمدَ بنَ إسحاق وابنَ لهيعة سنداًومتناً؛ ولذلك قال الحافظ (351/1) :" والثابت في حديث أبي جهيم أيضا بلفظ: يديه، لا: ذراعيه؛ فإنها روايةشاذة، مع ما في أبي الحويرث وأبي صالح من الضعف ".

جامادام«حـدیث»ەکان لاوازو«ضعیف»بن،کەوابوو ناکرێنە بەڵگەو شەرعیەتی مەسح کردنی باڵەکان ناسەلێنن.

بۆیە ئەوەی کە ڕاستو تەواوبێو جێگای متمانەبێ ئەوەیە کە مەسح کردن بۆ تەیەموم تەنها دەموچاوو هەردوو دەستەکان دەگرێتەوە تا مەچەك.

ئەوەش کەوترا بۆ چوونی ئیمامی «أحمد» و«إبن حزم»و «إبن تیمیة »یە بە ڕەحمەت بن.[1]

## ✍ بڕگەی دووەم: چۆنیەتی تەیەموم کردن:

**یەکەم:** نیەتی تەیەموم کردن. نیەتیش جێگاکەی دڵەو درکاندنی بە زمان بیدعەو زیادەیەو، ئینسانی لەسەر قەرزاربار دەبێ، چونکە پێغەمبەرﷺ بە زمان نیەتی نەهێناوە.

بەڵگەش ئەوەیە:

« عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ» دەفەرموێ: پێغەمبەر«ﷺ» فەرمووی:

« إِنَّمَا الْأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ وَإِنَّمَا لِكُلِّ امْرِئٍ مَا نَوَى».

واتە « واتە هەموو کردارێك بەنیەت دادەمەزرێو، هەموو کەسێکیش بە پێی نیەتەکەی بەشی خۆی وەردەگرێ »[2]

---

(1)المغني159/1، المحلى146/2، الفتاوى422/21.

(2)**صحيح البخاري** - باب بدء الوحي / 0 بسم الله الرحمن الرحيم قال الشيخ - حديث : 1، وكتاب الإيمان -باب : ما جاء إن الأعمال بالنية والحسبة - حديث : 54. صحيح ابن حبان - كتاب البر والإحسان- باب الإخلاص وأعمال السر - حديث : 389، كتاب السير-باب الهجرة - ذكر البيان بأن كل من هاجر إلى المصطفى صلى الله عليه-حديث : 4945. سنن أبي داود - كتاب الطلاق- أبواب تفريع أبواب الطلاق - باب فيما عني به الطلاق والنيات -حديث : 1895. سنن ابن ماجه - كتاب الزهد- باب النية -

**دووەم: بەناوی خوداوە دەست پێ بکات و بڵێ :** «بسم الله».

**بەڵگەش ئەوەیە:**

**پێغەمبەر**«ﷺ» **فەرمووی:** « لَا وُضُوءَ لِمَنْ لَمْ يَذْكُرْ اسْمَ اللَّهِ عَلَيْهِ».

**واتە« دەست نوێژی بۆ نییە کەسێك ئەگەر ناوی خودای لەسەر نەبات»**(1)

**سێیەم: هەردوو دەستی یەکجار بدات بە زەویەکی پاکدا.**

**چوارەم: پاشان فوو بکات لە دەستەکانی.**

**پێنجەم: مەسحی دەموچاوو هەردوو دەستەکانی بکات تا مەچەك یەکجار.**

---

حديث : 4224. السنن الكبرى للبيهقي -كتاب الطهارة - جماع أبواب الغسل للجمعة والأعياد وغير ذلك-باب الاغتسال للجنابة والجمعة جميعا-حديث : 1317.

(1)**صحيح**: سنن أبي داود - كتاب الطهارة- باب في التسمية على الوضوء - حديث : 93، حديث : 94 . سنن ابن ماجه - كتاب الطهارة وسننها - باب ما جاء في التسمية في الوضوء - حديث : 394، حديث : 395، حديث : 396. سنن الترمذي الجامع الصحيح - أبواب الطهارة عن رسول الله صلى الله عليه وسلم-باب في التسمية عند الوضوء - حديث : 27. شرح معاني الآثار للطحاوي - باب التسمية على الوضوء- حديث : 72. سنن الدارقطني - كتاب الطهارة- باب التسمية على الوضوء - حديث : 190 . مسند أحمد بن حنبل - ومن مسند بني هاشم- مسند أبي هريرة رضي الله عنه - حديث : 9214. المعجم الأوسط للطبراني - باب العين- من بقية من أول اسمه ميم من اسمه موسى - حديث : 8237. **قال الشيخ الألباني:حديث صحيح،** أنظر الجامع الصغير وزيادته (1 / 13471/1348)، وقال في صحيح أبي داود (1 / 172) إسناده صحيح على شرط مسلم من رواية أبي سعيد . وحسنه في صحيح وضعيف سنن ابن ماجة - (397/469/1)،وفي صحيح وضعيف سنن الترمذي - (1 / 25/25).

**« عَمَّـــارٌ»دەفـەرموێ: لەشـگران بـووم وئـاوم دەسـت نەکـەوت ، جـا خـۆمـم لـە نـاو خۆڵـدا پلیکانـدەوە ونوێـژم کـرد ، جـا ئەمــەم گێڕایـەوە بـۆ پێغەمبـەری خـوا«ﷺ» ، ئەویش فەرمووی :**

» إِنَّمَا كَانَ يَكْفِيكَ هكَذَا، فَضَــرَبَ النَّبِــيُّ صــلى الله عليــه وســلم بِكَفَّيْــهِ الأَرْضَ، وَنَفَخَ فِيهِمَا ، ثُمَّ مَسَحَ بِهِمَا وَجْهَهُ وَكَفَّيْه».

**« تـەنها ئـەوەت بـەس بـوو كـەوا بكـەيت ، جـا پێغەمبـەری خـوا «ﷺ» هـەردوو نـاو لـەپی بەزەویـدا دا و فـووی پێـدا كـرد ، پاشـان مەسـحی ڕوومـەت و هـەردوو دەستی پێكرد»**[1].

**لە ڕیوایەتەكەی تردا دەفەرموێ:**

« إِنَّمَا كَانَ يَكْفِيكَ هَكَذَا وَمَسَحَ وَجْهَــهُ وَكَفَّيْــهِ وَاحِــدَةً.». **واتـە « تـەنها ئەوەنـدەت بەس بوو كە بیكەیت، مەسحی دەموچاوو دەستەكانی كرد یەكجار»**[2].

**وەهــەروەها پێغەمبــەر دەفــەرموێ:**« التَّــيَمُّمِ ضَــرْبَةٌ لِلْوَجْــهِ وَالْكَفَّــيْنِ». **واتـە «تەیەمـوم یەكجار دەست دەدەی بەزەوی دا بۆ دەمو چاوو هەردوو دەستەكان»**[3].

---

(1)صحيح البخاري : سبق تخريجه.

(2)صحيح البخاري : سبق تخريجه.

(3)**صحيح** : صحيح ابن خزيمة – كتاب الوضوء- جماع أبواب التيمم عند الإعواز من الماء في السفر – باب ذكر الدليل على أن التيمم ضربة واحدة للوجه والكفين لا- حديث : 267. سنن الدارمي – كتاب الطهارة- باب التيمم مرة – حديث : 778. مصنف ابن أبي شيبة – كتاب الطهارات- في التيمم كيف هو – حديث : 1669. سنن الدارقطني – كتاب الطهارة- باب التيمم – حديث : 605. مسند ابن أبي شيبة – ما رواه عمار بن ياسر رضي الله عنه عن النبي صلى-حديث : 436. **قال الشيخ الألباني:حديث صحيح،** أنظر إرواء الغليل (1 / 161/185)السلسلة الصحيحة (2 / 694/309)، صحيح

**بەلاّم ئەو«حـــدیث»انەی كە هاتوون دەربارەی ئەوەی كە دووجار دەست بدرێ بە زەوی دا، جارێكی بۆ دەموچاوو، جارێكی بۆ دەستەكان هیچیان«صـــحیح» نین، وەكو پێشتریش ئاماژەمان بەهەندێكیان كرد.**

**هەروەكو ئیمامی** «الألبـــاني» **لە** « إرواء الغليـــل - (1 / 185)» **باسی كردوەو دەفەرموێ:**

« واعلم أنه قد روي هذا الحديث عن عمار بلفظ ضربتين كما وقع في بعض طرقه إلى المرفقين وكل ذلك معلول لا يصح قال الحافظ في " التلخيص " ( ص 56). وقال ابن عبد البر : أكثر الآثار المرفوعة عن عمار ضربة واحدة وما روي عنه من ضرتين فكلها مضطربة . وقد جمع البيهقي طرق حدبث عمار فأبلغ " . وفي الضربتين أحاديث أخرى وهي معلولة أيضا كما بينه الحافظ في " التلخيص " وحققت القول على بعضها في " ضعيف سنن أبي داود " ( رقم 58 و 59» .

## ✐خاڵی پێنجەم
## بەتاڵ كەرەوەكانی تەیەموم

**ئەوانەی كە تەیەموم بەتاڵ دەكەنەوە ئەمانەن:**

**یەكەم: هەرچی دەستنوێژ بشكێنێ، تەیەمومیش هەڵدەوەشێنێتەوە، چونكە تەیەموم جێگری دەشتنوێژەو، شوێنی ئەوی گرتوّتەوە.**

**ئیمامی**«إبن حزم» **لە** « المحلی ج2/ص122» **دەفەرموێ :**

---

وضعيف سنن الترمذي - (1 / 144).

« وَكُلُّ حَدَثٍ يَنْقُضُ الْوُضُوءَ فإنه يَنْقُضُ التَّيَمُّمَ هذا مالا خِلاَفَ فيه من أَهْلِ الاسلام ». **واتە « هەر حاڵەتێك كە دەستنوێژ بشكێنێ، ئەوا تەیەمومیش دەشكێنێ، لەسەر ئەمە هیچ جیاوازیەك نی یە لە نێوان ئەهلی ئیسلام دا».**

**دووەم : دەست كەوتنی ئاو تەیەموم بەتاڵ دەكاتەوە بۆ كەسێك كە لەبەر بێ ئاوی تەیەمومی كردبێ. وەیان توانای بەكار هێنانی ئاو بۆ كەسێك كە بێ توانا بووبێ لەبەكارهێنانی ئاو، چونكە هەركاتێ ئەو هۆیانە نەما كە بەهۆیەوە تەیەموم حەلاڵ بووە، ئەوا تەیەمومەكە بەتاڵ دەبێتەوە، ئیتر جیاوازی نی یە لەناو نوێژدا بێ، یان لە دەرەوەی نوێژ .**

**بەڵگەش بۆ ئەوە:**

« أَبي ذَرٍّ» **دەفەرموێ پێغەمبەر«ﷺ» فەرمویەتی:**

« إِنَّ الصَّعِيدَ الطَّيِّبَ طَهُورُ الْمُسْلِمِ وَإِنْ لَمْ يَجِدْ الْمَاءَ عَشْرَ سِنِينَ فَإِذَا وَجَدَ الْمَاءَ فَلْيُمِسَّهُ بَشَرَتَهُ فَإِنَّ ذَلِكَ خَيْرٌ» .

**واتە « زەوی پاك جێداری دەستنوێژە بۆ موسڵمان، ئەگەر دەساڵیش ئاوی دەست نەكەوێ، بەڵام هەركات ئاوی دەستكەوت با دەستنوێژی پێ بشوات، ئەوەی خێرترە بۆی لەوەی كە بەتەیەمومەوە نوێژبكات كە بەتاڵ بۆتەوە»**[1]

(1)**صحيح**: سنن أبي داود - كتاب الطهارة-باب الجنب يتيمم - حديث : 285. سنن الترمذي الجامع الصحيح - أبواب الطهارة عن رسول الله صلى الله عليه وسلم-باب التيمم للجنب إذا لم يجد الماء - حديث : 118. السنن الكبرى للبيهقي - كتاب الطهارة- جماع أبواب التيمم - باب الرجل يعزب عن الماء ومعه أهله فيصيبها إن شاء - حديث : 978. **قال الشيخ الألباني** : **إسناده صحيح** وصححه ابن حبان والدارقطني وأبو حاتم والحاكم والذهبي والنووي وله شاهد من حديث أبي هريدة وسنده، أنظر إرواء الغليل (1 / 153/181) و صحيح وضعيف سنن الترمذي (1 / 124) و المشكاة ( 530 ) ،و

وەهــەروەها « عِمْــــــرَانَ »دەفــەرمووێ: لەگــەڵ پێغەمبــەردا«ﷺ» بــووین لــە ســەفەرێکدا، لــە شــوێنێك لامــان داو، پێغەمبــەر«ﷺ»داوای ئــاوی دەســتنوێژی کــردو دەســتنوێژی گــرتو، بــانگ درا بــۆ نوێــژ، پێغەمبــەردا«ﷺ» پــێش نوێــژی بــۆ خەڵکەکــە کــرد، جــا کــاتێ ســەلامی دایــەوەو نوێژەکــەی تــەواوکرد، پیــاوێکی بــینی دووری گرتبــوو، لەگــەڵ خەڵکەکــە نوێــژی نــەکرد، پێغەمبــەردا«ﷺ» پێــی فەرموو:

« مَا مَنَعَكَ يَا فُلَانُ أَنْ تُصَلِّيَ مَــعَ الْقَــوْمِ »؟ « چ ڕێگربــوو لــەوەی نوێــژ لەگــەڵ ئــەم خەڵکە نەکەی»؟

وتی: توشی لەشگرانی بوومەو ئاویش نییە تا خۆمی پێ بشۆم.

پێغەمبەر«ﷺ» پێی فەرموو: « عَلَيْكَ بِالصَّعِيدِ فَإِنَّهُ يَكْفِيكَ » .

«ڕووبکــە زەویکــەو تەیــەمومی پــێ بکــە، جێگــای لەشــگرانیەکەت بــۆ دەگرێــتو ئەوەت بەسە تا ئاوت دەست دەکەوێ».

پاشــان « عِمْــــــرَانَ »دەفــەرمووێ : دوای ئـــەوەی ئاویـــان دەســـت کـــەوت، پێغەمبـــەر«ﷺ» دەفــرێ ئــاوی دا بــەو کابرایــەی توشــی لەشــگرانی هــاتبوو پــێ ی فەرموو: « اذْهَبْ فَأَفْرِغْهُ عَلَيْكَ» . « بچۆ بیکە بەسەرتاو غوسڵی پێبکە»[1]

---

صحيح أبي داود ( 357 ).

(1)**صحيح البخاري** – كتاب التيمم-باب : الصعيد الطيب وضوء المسلم – حديث : 340، و باب : التيمم ضربة – حديث : 344. صحيح ابن خزيمة – كتاب الوضوء-جماع أبواب التيمم عند الإعواز من الماء في السفر – باب ذكر الدليل على أن الجنب يجزيه التيمم عند الإعواز من –حديث : 272. مستخرج أبي عوانة – مبتدأ كتاب الطهارة-بيان المتيمم للجنابة إذا وجد الماء يغسل جسده – حديث : 682. صحيح ابن حبان – كتاب

**وەكو وتمان دەست كەوتنى ئاو تەیەموم بەتاڵ دەكاتەوە، ئەگەر ئەو كەسە لەناو نوێژیش دا بێ.**

**هەروەكو ئیمامى**«إبن حزم» **لە** « المحلى ج2/ص122» **دەفەرموێ :**

« وَيَنْقُضُ التَّيَمُّمَ أَيْضًا وُجُودُ الْمَاءِ سَوَاءٌ وَجَدَهُ فِي صَلاَةٍ أو بَعْدَ أَنْ صلى أو قبل أَنْ يُصَلِّيَ فإن صَلاَتَهُ التي هو فيها تُنْتَقَضُ لاِنْتِقَاضِ طَهَارَتِهِ وَيَتَوَضَّأُ أو يَغْتَسِلُ ثُمَّ يبتدىء الصَّلاَةَ..».

**واتە «هەروەها دەستكەوتنى ئاو تەیەموم بەتاڵ دەكاتەوە، ئیتر جیاوازى نى یە لەكاتى نوێژكردن دا دەستى كەوێ، یان لە دواى تەواوبوونى نوێژەكە، یان پێش ئەوەى نوێژ دابەستێ، جا هەركات ئاوى دەست كەوت لەكاتى نوێژكردن دا، ئەوا ئەو نوێژەى بەتاڵ دەبێتەوە، بەهۆى بەتاڵبونەوەى تەیەمومەكەى، بۆیە پێویستە دەستنوێژ بگرێ یان خۆى بشوات، پاشان ئەو نوێژەى لەسەرەتاوە بكاتەوە».**

**هەروەكو ئیمامى**«إبن قدامة» **لە** « المغني ج1/ص167» **دەفەرموێ :** « وإذا وجد المتيمم الماء ، وهو في الصلاة ، خرج فتوضأ ، أو اغتسل إن كان جنبا ، واستقبل

---

الطهارة-باب التيمم - ذكر البيان بأن التيمم بالكحل والزرنيخ وما أشبههما دون الصعيد الذي-حديث : 1317. سنن الدارمي - كتاب الطهارة-باب التيمم - حديث : 776. السنن الصغرى - سؤر الهرة- صفة الوضوء - باب التيمم بالصعيد- حديث : 320. السنن الكبرى للنسائي - بدء التيمم- التيمم بالصعيد - حديث : 301. السنن الكبرى للبيهقي - كتاب الطهارة- جماع أبواب الغسل من الجنابة - باب فرض الغسل -حديث : 799، و جماع أبواب التيمم - باب الجنب يكفيه التيمم إذا لم يجد الماء -حديث : 971 و باب غسل الجنب -ووضوء المحدث إذا وجد الماء بعد التيمم- حديث : 982 .

الصلاة». واتە « ئەگەر ئاوی دەست كەوتو لەناو نوێژدابوو، ئەوا دەبێ نوێژەكەی ببڕێو دەست نوێژ بگرێ یان خۆی بشوات ئەگەر لەشگران بوو، دوبارە نوێژەكەی بكاتەوە».

هەروەها ئیمامی «الألباني» دەفەرموێ:

كە پێغەمبەر«ﷺ» دەفەرموێ : «فَإِذَا وَجَدَ الْمَاءَ فَلْيُمِسَّهُ بَشَرَتَهُ»: «تشتمل من كان في الصلاة أيضا» واتە: « شمولی ئەو كەسەش دەكات لەناو نوێژدا بێ»(1).

## ✍ خاڵی شەشەم
## ئەو نوێژانەی وا بە تەمومەوە كراون گێڕانەوەی ناوێت

ئەگەر كەسێك نوێژی كرد دوای ئاوی دەست كەوت، پێویست ناكات نوێژەكەی بكاتەوە، هەرچەندە كاتی نوێژەكەش مابێ.

بەڵگەش بۆ ئەوە:

<u>**یەكەم:**</u>

« أَبِی سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ»دەفەرموێ : دوو پیاو چوون بۆ سەفەرێك، كاتی نوێژ هات‌و ئاویان پێنەبوو، بۆیە هەردووكیان تەیەمومیان كرد لەسەر زەویەكی پاك‌و نوێژەكەیان كرد، هێشتا كاتی نوێژەكە بەسەر نەچوو بوو ئاویان دەستكەوت، یەكێكیان بەو ئاوە دەستنوێژی گرتەوەو نوێژەكەی دووبارە كردەوە، بەلاّم ئەویتریان دووبارەی نەكردەوە، پاشان كە گەڕانەوە بۆلای پێغەمبەر«ﷺ» ئەوەیان بۆ باسكرد.

---

(1) الموسوعة الفقهية الميسرة1/225/ حاشية4 .

**پێغەمبەریش «ﷺ» بەوەیان کە نوێژەکەی نەگێڕایەوە فەرمووی:** «أَصَبْتَ السُّنَّةَ وَأَجْزَأَتْكَ صَلاَتُكَ ». **واتە « تۆ سوننەتت پێکا، بۆیە نوێژەکەت جێگای خۆی گرت».**

**بەڵام بەوەیان تریان کە دەستنوێژو نوێژەکەی دووبارە کردەوە فەرمووی:** «لَكَ الأَجْرُ مَرَّتَيْنِ ». **واتە « تۆ دوو پاداشتت بۆ نوسرا »**[1]

**ئەوەی لەم«حدیث»ەوە وەردەگیرێ ئەوەیە:**

**پێغەمبەر«ﷺ»بەوەیان کە نوێژەکەی نەگێڕایەوە فەرمووی:** « أَصَبْتَ السُّنَّةَ وَأَجْزَأَتْكَ صَلاَتُكَ ». **واتە « تۆ سوننەتت پێکا، بۆیە نوێژەکەت جێگای خۆی گرتووە ». مانای وایە دووبارەکردنەوەی نوێژەکە پێچەوانەی سوننەتە. بەڵام ئەوەی تریان کە دوو ئەجری دەست کەوت نەك لەبەر ئەوەی نوێژەکەی کردەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئیجتیهادی کردوو سوونەتی نەپێکا، بۆیە ئەجرێکی دەستکەوت لەو نوێژەی کە بە تەیەمومەوە کردی، وە لە دوو ئەجری**

(1)**صحيح** :سنن أبي داود - كتاب الطهارة-باب في المتيمم يجد الماء بعد ما يصل في الوقت - حديث : 289. سنن الدارمي - كتاب الطهارة-باب التيمم - حديث : 777. السنن الصغرى - كتاب الغسل والتيمم- باب التيمم لمن يجد الماء بعد الصلاة - حديث : 432 . سنن الدارقطني - كتاب الطهارة-باب جواز التيمم لصاحب الجراح مع استعمال الماء وتعصيب الجرح - حديث : 632. السنن الكبرى للبيهقي - كتاب الطهارة- جماع أبواب التيمم - باب المسافر يتيمم في أول الوقت إذا لم يجد ماء ويصلي- حديث : 1026. المعجم الأوسط للطبراني - باب الألف-من اسمه أحمد - حديث : 1866. **قال الشيخ الألباني:حديث صحيح**، أنظر صحيح أبي داود (366)، وصحيح وضعيف سنن النسائي (433)، وصحيح وضعيف سنن أبي داود(338)، و المشكاة ( 533 ).

ئیجتیهادەکەیشی ئەجرێکی دەست کەوت، ئەمە کردی دوو ئەجر. بەلاّم ئەوەیان کە دوو بارەی نەکردەوە هەم ئەجری نوێژەکە دەستکەوت، هەم دوو ئەجری ئیجتیهادەکەیشی دەستکەوت کە سوننەتی پێکا.

بۆیە لێرەدا پێغەمبەر«ﷺ» ڕوونی کردەوە کە ئەوەیان وا نوێژەکەی دووبارە کردەوە هەڵەی کرد. وە ئەوەشی ڕوونکردەوە کە ئەصڵی سوننەت ئەوەیە دووبارە نەکرێتەوە.

بۆیە لەسەر ئێمەش واجبە شوێن ئەصڵی سوننەتی پێغەمبەر بکەوین و دووبارەی نەکەینەوە، ئەگەر وامان کرد ئەوە سوننەت دەپێکین.

ئەگەر کەسێك بیەوێ نوێژەکەی دووبارە بکاتەوە بە بیانوی ئەوەی دوو ئەجری دەست کەوێ، ئەوە سەرەڕای ئەوەی ئەجرەکەی دەست ناکەوێ، بەڵکو لەسەری قەرزارباریش دەبێ، چونکە ئەو صەحابیە نەیزانی سوننەت وایە کە دووبارە نەکرێتەوە، بەلاّم کاتێك کە سوننەت ڕوون بویەوە کەس بۆی دروست نی یە پێچەوانەی سوننەت بجوڵێتەوە.

**دووەم:** وەهەروەها ئەو فەرموودەیەی کە « عِمْـرَانَ » باسی کردو فەرمووی: لەگەڵ پێغەمبەردا«ﷺ» بووین لە سەفەرێکدا، لە شوێنێکدا لامان داو، پێغەمبەر«ﷺ»داوای ئاوی دەستنوێژی کردو دەستنوێژی گرتو، بانگ درا بۆ نوێژ، پێغەمبەر«ﷺ» پێش نوێژی بۆ خەڵکەکە کرد، جا کاتێ سەلامی دایەوەو نوێژەکەی تەواوکرد، پیاوێکی بینی دووری گرتبوو، وە لەگەڵ خەڵکەکە نوێژی نەکرد، پێغەمبەردا«ﷺ» پێی فەرموو:

« مَا مَنَعَكَ يَا فُلَانُ أَنْ تُصَلِّيَ مَـعَ الْقَـوْمِ »؟ « چ ڕێگربوو لەوەی نوێژ لەگەڵ ئەم خەڵکە نەکەی»؟

وتی: توشی لەشگرانی بوومەو ئاویش نییە تا خۆمی پێ بشۆم.

پێغەمبەر«ﷺ» پێی فەرموو: « عَلَيْكَ بِالصَّعِيدِ فَإِنَّهُ يَكْفِيكَ ». «ڕووبکە زەویکەو تەیەمومی پێ بکە، جێگای لەشگرانیەکەت بۆ دەگرێتو ئەوەت بەسە تا ئاوت دەست دەکەوێ».

پاشان « عِمْرَانَ »دەفەرمووێ :دوای ئەوەی ئاویان دەست کەوت، پێغەمبەر«ﷺ» دەفرێ ئاوی دا بەو کابرایەی توشی لەشگرانی هاتبوو پێ ی فەرموو: « اذْهَبْ فَأَفْرِغْهُ عَلَيْكَ». « بچۆ بیکە بەسەرتاو غوسڵی پێ بکە»[1].

ئەوەی لەم«حديث»ەوە وەردەگیرێ ئەوەیە:

کاتێک ئاویان دەست کەوت پێغەمبەر«ﷺ» فەرمان پێکرد بڕوات خۆی بشوات، کە پێ ی فەرموو: « اذْهَبْ فَأَفْرِغْهُ عَلَيْكَ» . « بچۆ بیکە بەسەرتاو غوسڵی پێ بکە»، بەڵام فەرمانی پێ نەکرد بڕوات نوێژەکەیشی دووبارە بکاتەوە، جا ئەگەر دووبارەکردنەوەی نوێژەکان خێری تێدابووایە، ئەوا پێغەمبەر«ﷺ» ئەو صەحابییەی لەو خێرە بێ بەش نەدەکردو فێری دەکرد.

* ئیمامی« ابن خزيمة» لە« صحيح ابن خزيمة ج1/ص137»دا دوابەدوای ئەو«حديث»ە دەفەرمویێ:

«ففي هذا الخبر أيضا دلالة على أن المتيمم إذا صلى بالتيمم، ثم وجد الماء فاغتسل إن كان جنبا، أو توضأ إن كان محدثا، لم يجب عليه إعادة ما صلى بالتيمم، إذ النبي صلى الله عليه وسلم لم يأمر المصلي بالتيمم لما أمره بالاغتسال بإعادة ما صلى بالتيمم».

(1)صحيح البخاري - كتاب التيمم-باب : الصعيد الطيب وضوء المسلم - حديث : 340. سبق تخريجه.

**واتە « ئەم فەرمووده بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەگەر کەسێك نوێژێکی کرد بە تەیەمومەوەو، پاشان ئاوی دەست کەوت، ئەوا پێویستە خۆی بشوات ئەگەر لەشگران بوو، وە دەستنوێژ بگرێ ئەگەر بێ دەست نوێژ بێ، بەڵام دووبارەکردنەوەی نوێژەکانی لەسەر نی یە کە بە تەیەمومەوە کردونی، چونکە پێغەمبەر«ﷺ» کاتێك فەرمانی کرد بە تەیەمومکارەکە کە خۆی بشوات فەرمانی پێ نەکرد نوێژەکەی دووبارە بکاتەوە ».**

* **وە ئیمامی**«الشوكاني» **لە** « نيل الأوطار ج1/ص325» **لەشەرحی** «حديث»**ەکەی** «عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ»**دا دەفەرموێ:**

« وقد اسْتَدَلَّ بهذا الحديث الثَّوْرِيُّ وَمَالِكٌ وأبو حَنِيفَةَ وبن الْمُنْذِرِ على أَنَّ من تَيَمَّمَ لِشِدَّةِ الْبَرْدِ وَصَلَّى، لا تَجبُ عليه الْإِعَادَةُ لِأَنَّ النبي صلى الله عليه وسلم لم يَأْمُرْهُ بالْإِعَادَةِ وَلَوْ كانت وَاجِبَةً لَأَمَرَهُ بها» .

**واتە « هەر یەك لە ئیمامی** «الثَّوْرِيُّ وَمَالِكٌ وأبو حَنِيفَةَ وبن الْمُنْذِرِ» **ئەو فەرموودەیەیان کردووە بە بەڵگە بۆئەوەی هەرکەسێك لەبەر سەرماوسۆڵەیەکی زۆر نوێژی بە تەیەمومەوە کرد، دووبارەکردنەوەی لەسەر واجب نی یە، چونکە پێغەمبەر«ﷺ» فەرمانی پێ نەکرد نوێژەکەی دووبارە بکاتەوە، جا ئەگەر دووبارەکردنەوەی نوێژەکە واجب بوایە، ئەوا پێغەمبەر«ﷺ» فەرمانی پێ دەکرد کە دووبارەی بکاتەوە».**

* **وە ئیمامی**«إبن حزم» **لە** « المحلى ج2/ص122» **دەفەرموێ :**

«.. وَلاَ قَضَاءَ عليه فِيمَا قد صلى بِالتَّيَمُّمِ وَلَوْ وَجَدَ الْمَاءَ ». **واتە: « ئەگەر ئاوی دەست کەوت گێڕانەوەی ئەو نوێژانەی لەسەر نی یە کە بە تەیەمومەوە کردوونی».**

# بەشی سێیەم

# کۆمەڵە ئەحکامێك بۆ ئافرەتان دروستە لە کاتی بێ نوێژی دا ئەنجامی بدەن

- ✍ باسی یەکەم: خوێندنی قورئان بۆ ئافرەتێ لە بێ نوێـژی دا بێ
- ✍ باسی دووەم : دەستـدان لـە قـورئان و خـوێندنی لەسـەر مصحف
- ✍ باسی سێیەم: ئافرەتێ کەلە بێ نوێـژی دا بـێ، بـەرماوەی خـواردنو خواردنـەوەیو جەسـتەوعەرەقی گیـانی هەمووی پاکن
- ✍ باسی چوارەم: چـوونە مزگـەوتو مـانەوە تێیدا.

# باسی یەکەم

# خوێندنی قورئان
# بۆ ئافرەتێ لە بێ نوێژی دا بێ

## ✍ خوێندنی قورئان بۆ ئافرەتێ لە بێ نوێژی دا بێ

ئـافرەت ئەگـەر لـە كـاتی بـێ نوێـژی دا بـێ ئایـا بـۆی دروسـتە قورئـان بخـوێنێ یـان نـا؟ ئـەم بابەتـە خـیلاف و جیـاوازی تێدایـە لـە نێـوان شەرعناسـان دا، بـەڵام

ئـەوەی زيـاتر جێگـای متمانـەبێ و بەڵگـەكانيان بـە هێزتـر بـێ، ئەوەيـە كـە دەڵـێن دروستە.

**بەڵگـەش لەسـەر دروسـتی قورئـان خوێنـدن بـۆ ئـافرەتێ لـەبێ نوێـژی دا بـێ ئەمانەیە :**

**يەكەم:**

«عبـــدالله»ی كــوڕی«عبـــاس» دەفــەرموێ: پێغەمبــەرﷺ نامەيــەكی نــارد بۆ«هِرَقْلَ»ی گەورەی ڕۆم:

«بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ مِنْ مُحَمَّدٍ رَسُولِ اللَّهِ إِلَى هِرَقْلَ عَظِـيمِ الــرُّومِ سَـلَامٌ عَلَـى مَنْ اتَّبَعَ الْهُدَى أَمَّا بَعْدُ فَإِنِّي أَدْعُوكَ بِدِعَايَةِ الْإِسْلَامِ أَسْلِمْ تَسْلَمْ وَأَسْـلِمْ يُؤْتِـكَ اللَّـهُ أَجْـرَكَ مَرَّتَيْنِ فَإِنْ تَوَلَّيْتَ فَإِنَّ عَلَيْكَ إِثْمَ الْأَرِيسِيِّينَ وَ﴿يَا أَهْلَ الْكِتَـابِ تَعَـالَوْا إِلَـى كَلِمَـةٍ سَـوَاءٍ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَنْ لَا نَعْبُدَ إِلَّا اللَّهَ وَلَا نُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا وَلَا يَتَّخِذَ بَعْضُـنَا بَعْضًـا أَرْبَابًـا مِـنْ دُونِ اللَّهِ فَإِنْ تَوَلَّوْا فَقُولُوا اشْهَدُوا بِأَنَّا مُسْلِمُونَ﴾ آل عمران: ٦٤».

**واتـە:« لـە « مُحَمَّـدٍ» پێغەمبـەری خـوداوە بـۆ « هِرَقْـلَ »گـەورەی ڕۆم: سـەلامی خـودا لـەو كەسـەی شـوێن حـەق و ڕێنمـای دەكـەوێ، ئـەوا مـن بانگـت دەكـەم بـە نـاوی ئيسـلامەوە تـاوەكو موسـڵمان بيـت، جـا ئەگـەر موسـڵمان بويـت، ئـەوا لێـت وەردەگـیرێ و خـودا دووجـار چـاكەت بـۆ دەنوسـێ، بـەلاّم ئەگـەر پشـت هەڵكـەيت و ئيسـلام قـەبوڵ نەكـەيت، ئـەوا تـاوانی هـەموو قەومەكـەت دەكەوێتـە گـەردنی تـۆ، پاشان ئەم ئايەتەی بۆ نوسی:**

﴿قُلۡ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ تَعَالَوۡاْ إِلَىٰ كَلِمَةٖ سَوَآءِۭ بَيۡنَنَا وَبَيۡنَكُمۡ أَلَّا نَعۡبُدَ إِلَّا ٱللَّهَ وَلَا نُشۡرِكَ بِهِۦ شَيۡـٔٗا وَلَا يَتَّخِذَ بَعۡضُنَا بَعۡضًا أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِۚ فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَقُولُواْ ٱشۡهَدُواْ بِأَنَّا مُسۡلِمُونَ ٦٤﴾ آل عمران: ٦٤»[1]

**ئەوەی مەبەستە لە(حديث)ەكە ئەوەیە:**

**پێغەمبەر«ﷺ»ئەم نامەی ناردووە بۆ پاشای ڕۆم كە كافرو بێ باوەڕ بوو، هەڵبەت كەسێكیش كافر بێ لەشی گرانەو جەنابەتی لەسەرە، جا پێغەمبەر«ﷺ» نامەكەی بۆ نارد بۆ ئەوەی بیخوێنێتەوە لەكاتێك دا ئەو نامەیە ئەو دوو ئایەتەی قورئانیشی تێدا بووە.**

**كەوابوو: پێغەمبەر«ﷺ» لەشگرانی و جەنابەتی كابرای نەكردە ڕێگر لەوەی دەست لە قورئان نەدات و نەیخوێنێتەوە .**

(1)**صحيح** البخاري - باب بدء الوحي / 0 بسم الله الرحمن الرحيم قال الشيخ حديث : 7، كتاب الجهاد والسير باب دعاء النبي صلى الله عليه وسلم الناس إلى الإسلام والنبوة - حديث : 2803، كتاب تفسير القرآن سورة البقرة - باب قل : يا أهل الكتاب تعالوا إلى كلمة سواء بيننا حديث : 4287. صحيح مسلم - كتاب الجهاد والسير باب كتاب النبي صلى الله عليه وسلم إلى هرقل يدعوه إلى - حديث : 3409. صحيح ابن حبان - كتاب التاريخ ذكر وصف كتب النبي صلى الله عليه وسلم - حديث : 6649. مستخرج أبي عوانة - مبتدأ كتاب الجهاد بيان كتاب النبي صلى الله عليه وسلم إلى هرقل - حديث : 5391.. السنن الكبرى للبيهقي - كتاب السير جماع أبواب السير - باب إظهار دين النبي صلى الله عليه وسلم على الأديان حديث : 17299. مشكل الآثار للطحاوي - باب بيان مشكل ما روي عن رسول الله صلى الله عليه حديث : 1686. مسند أحمد بن حنبل - ومن مسند بني هاشم مسند عبد الله بن العباس بن عبد المطلب - حديث : 2283.

**دووەم:**

**(عائشة) خوای لێ ڕازی بێ دەفەرمووێ :**

« كَانَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَذْكُرُ اللَّهَ عَلَى كُلِّ أَحْيَانِهِ ».

**واتە: «پێغەمبەر«ﷺ»لە هەموو کاتەکانی ژیانی دا زیکرو یادی خودای کردووە»[1].**

**ئەوەی مەبەستە لە(حديث)ەکە ئەوەیە:**

**کە (عائشة) خوای لێ ڕازی بێ باسی ئەوە دەکات کە پێغەمبەر«ﷺ» لە هەموو کاتو ساتەکانی ژیانی دا زیکرو یادی خودای کردووە، جا هەندێ لە کاتو ساتەکانی ژیانی پێغەمبەر«ﷺ» ئەوەبوو کەوتوتە لەشگرانیەوەو جەنابەتی کەوتوتە سەر، کەوابوو لەو بەشەی ژیانیشی دا هەر زیکرو یادی خودای کردوە، ئەگەر نا (عائشة) بەو ڕەهاییە نەیدەفەرموو هەموو ساتەکانی ژیانی، ئەگەر بشگوترێ (عائشة) مەبەستی کاتی جەنابەت نییە و ساتەکانی**

---

(1)**صحيح** مسلم - كتاب الحيض باب ذكر الله تعالى في حال الجنابة وغيرها - حديث : 584. صحيح ابن خزيمة - كتاب الوضوء جماع أبواب فضول التطهير والاستحباب من غير إيجاب - باب ذكر الدليل على أن كراهية النبي صلى الله عليه وسلم حديث : 207. صحيح ابن حبان - كتاب الرقائق باب قراءة القرآن - ذكر خبر قد يوهم من لم يحكم صناعة العلم أنه مضاد حديث : 801. سنن الترمذي الجامع الصحيح - الذبائح أبواب الدعوات عن رسول الله صلى الله عليه وسلم - باب ما جاء أن دعوة المسلم مستجابة حديث : 3391. مستخرج أبي عوانة - مبتدأ كتاب الطهارة بيان ما يقال عند دخول الخلاء - حديث : 440. معرفة السنن والآثار للبيهقي - باب ذكر الله عز وجل على غير وضوء حديث : 224. مسند أحمد بن حنبل - مسند الأنصار الملحق المستدرك من مسند الأنصار - حديث السيدة عائشة رضي الله عنها حديث : 25801.

تری ژیانی مەبەستە، ئەوە خۆی بۆ خۆی قسەکردنە بێ بەڵگەو تایبەتمەندکردنی ئەو واتا گشتگیرەیە کە(عائشة) فەرموویەتی، بەبێ ئەوەی بەڵگەیەکی متمانەدار هەبێ ئەو واتا گشتگیرە تایبەت کات و جەنابەت و لەشگرانی لەو واتا گشتگیرە وەدەرنێ، جا لەبەر ئەوەی خوێندنی قورئانیش هەر زیکرو یادی خودایە، کەوابوو دروستە لە کاتی لەشگرانیدا قورئان بخوێنرێ.

**سێیەم:**

«كَانَ ابْنُ عَبَّاسٍ يَقْرَأُ الْبَقَرَةَ وَهُوَ جُنُبٌ» .

باسکراوە کە (عبدالله)ی کوڕی (عباس) خوای لێ ڕازی بێ: لەکاتی لەشگرانی دا قورئانی خوێندووە [1].

جا ئەگەر بۆ کەسێکی لەشگران دروست بێ قورئان بخوێنێ کە ئاسانتر دەتوانێ خۆی بشوات، ئەوا ئافرەتێ کە لە بێ نوێژی دا بێ لە پێشترە کە بتوانێ قورئان بخوێنێ.

**چوارەم:**

قورئان خوێندن جۆرێکە لە زیکرو یادی خوداو بەشێکە لە عیبادەت کردن، بۆیە هەر حاڵەتێك لەسەردەمی پێغەمبەردا «ﷺ» هەبووبێ و نەکرابێتە ڕێگرو بەربەست لەبەردەم عیبادەتێکدا، ئەوا نابێ بکرێتە بیانوویش بۆ نەکردنی ئەو عیبادەتە.

---

(1)المحلى 78/1 .

جـا مـادام قورئـان خوێنـدن عيبـادەت بـێ و لـە سـەردەمى پێغەمبـەريش دا«ﷺ» ئافرەتـان توشـى بـێ نوێـژى هـاتبن و ئـەم بـێ نوێژيـەش نەكرابێتـە ڕێگـر لە بەردەم قورئان خوێندن دا.

كەوابوو: بێ نوێژى ڕێگر نى يە بۆ قورئان خوێندن.

✍ هەروەك ئيمامى «إبن حزم»لە« المحلى 78/1» دەفەرمووێ :

« قِرَاءَةُ الْقُرْآنِ وَالسُّجُودُ فِيهِ وَمَسُّ الْمُصْحَفِ وَذِكْرُ اللَّهِ تَعَالَى جَائِزٌ، كُلُّ ذَلِكَ بِوُضُوءٍ وَبِغَيْرِ وُضُوءٍ وَلِلْجُنُبِ وَالْحَائِضِ.بُرْهَانُ ذَلِكَ أَنَّ قِرَاءَةَ الْقُرْآنِ وَالسُّجُودَ فِيهِ وَمَسَّ الْمُصْحَفِ وَذِكْرَ اللَّهِ تَعَالَى أَفْعَالُ خَيْرٍ مَنْدُوبٌ إلَيْهَا مَأْجُورٌ فَاعِلُهَا، فَمَنْ ادَّعَى الْمَنْعَ فِيهَا فِي بَعْضِ الأَحْوَالِ كُلِّفَ أَنْ يَأْتِيَ بِالْبُرْهَانِ».

واتـە: «قورئـان خوێنـدنو سـوجدە بـردنو دەسـتدان لـە قورئـانو زيكردنـى خـود ، هـەموو ئەمانـە دروسـتن ئـەنجام بـدرێن بـە دەسـتنوێژەوە بـێ يـان بـەبێ دەسـتنوێژ، وەهـەوەها بـۆ كەسـێكيش كـە لەشـى گـران بـێ، وە بـۆ ئـافرەتێكيش كـە لـە بـێ نوێژى دا بێ.

بەڵگـەش بـۆ دروسـتێتى ئەوانـە ئەوەيـە: هـەر يەكـە لـە قورئـان خوێنـدنو سـوجدە بـردنو دەسـتدان لـە قورئـانو زيكـر كردنـى خـودا، كـردارى چـاك و پەسـەندنو هەركـەس بيانكـات ئـەجرو پاداشـت وەردەگـرێ، بۆيـە هەركـەس حاڵـەتێك بكاتـە بيانوو ڕێگر بۆ نەكردنى ئەو زيكرانە، ئەوا پێويستە بە بەڵگەوە بيسەلمێنى».

كەوابوو:

هەركـەس بڵـێ قورئـان خوێنـدن حەرامـە بـۆ ئـافرەتێ كـە لـە بـێ نوێـژى دا بـێ، ئەوا پێويستە بە بەڵگەى متمانەدار بيسەلمێنێ لە قورئان يان لە سوننەت.

**جا ئیمامی** «إبن تيمية» **بەڕەحمەت بێ، بۆمان دەسەلمێنێ کە پێغەمبەر«ﷺ»بێ نوێژی نەکردوّتە ڕێگر لە خوێندن قورئان و قەدەغەشی نەکردووە، جا کە ڕێگری نەکردبێ و نەهی لێ نەکردبێ بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە حەرام نی یە.**

**لە** « مجموع الفتوى إبن تيمية191/30» **دەفەرمووێ:**

« وَقَدْ كَانَ النِّسَاءُ يَحِضْنَ عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَلَوْ كَانَتْ الْقِرَاءَةُ مُحَرَّمَةً عَلَيْهِنَّ كَالصَّلَاةِ، لَكَانَ هَذَا مَا بَيَّنَهُ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لِأُمَّتِهِ، وَتَعْلَمُهُ أُمَّهَاتُ الْمُؤْمِنِينَ، وَكَانَ ذَلِكَ مِمَّا يَنْقُلُونَهُ إلَى النَّاسِ، فَلَمَّا لَمْ يَنْقُلْ أَحَدٌ عَنْ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ذَلِكَ نَهْيًا لَمْ يَجُزْ أَنْ تُجْعَلَ حَرَامًا لِلْعِلْمِ أَنَّهُ لَمْ يَنْهَ عَنْ ذَلِكَ، وَإِذَا لَمْ يَنْهَ عَنْهُ مَعَ كَثْرَةِ الْحَيْضِ فِي زَمَنِهِ عُلِمَ أَنَّهُ لَيْسَ بِمُحَرَّمٍ».

**واتە: « هیچ بەڵگەیەك لە پێغەمبەرەوە«ﷺ»نەهاتووە کە ڕیگربێ لە خوێندنی قورئان بۆ ئافرەتێ کە لە بێ نوێژی دا بێ، وە شتێکی ڕوون وبێ چەندوو چونە کە ئافرەتان لە سەردەمی پێغەمبەردا«ﷺ»توشی بێ نوێژی دەهاتنو بۆی روونکردونەتەوە کە نوێژکردن حەرامە لەکاتی بێ نوێژی دا، جا ئەگەر خوێندنی قورئان حەرامو نادروست بوایە بۆیان، ئەوا هەروەك چۆن رونیکردۆتەوە کە نوێژکردن حەرامە لەکاتی بێ نوێژی دا، بەهەمان شێوە بۆیشی ڕوندەکردنەوە کە قورئان خوێندنیش حەرامە، کەوابوو ئەگەر حەرام بوایە ئەوا بۆ ئوممەتەکەی ڕوون دەکردەوەو دایکی ئیماندارانی فێردەکرد، ئەوانیش ئەو زانیاریان بۆ خەڵکی باس دەکردو دەیانگەیاندە خەڵکانی دوای خۆیان.**

**جامادام: لە پێغەمبەرەوە «ﷺ» هیچ بەڵگەیە نەهاتووە کە بێ بیسەلمێنێ خوێندنی قورئان حەرامە بۆ ئافرەتێ کە لە بێ نوێژی دا بێ. کەوابوو دروست**

**نییە قورئان خوێندن لەسەر ئافرەت حەرام بکرێ بە بیانووی ئەوەی کە لە بێ نوێژی دایە.**

**کەوابوو بۆمان ڕونبوویەوە کە پێغەمبەر«ﷺ»بێ نوێژی نەکردوّتە ڕێگر لە خوێندن قورئان و قەدەغەشی نەکردووە، جا کە ڕێگری نەکردبێ و نەهی لێ نەکردبێ بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە حەرام نییە..»**

**پێنجەم:**

**بێ نوێژی حاڵەتێکی ناچاریە توشی ئافرەت دەبێو، بەدەرە لە ویستو خوازی خۆیو درێژەش دەکێشێ، جا ئەگەر بوترێ ئافرەت نابێ قورئان بخوێنێ لە کاتی بێ نوێژی دا، ئەوا بەشێك لەوەی فێربووە یان لەبەری کردووە لە بیری دەچێتەوە.**

**شەشەم:**

**ئەوانەی وا قورئان خوێندن بە حەرام دەزانن بۆ ئافرەتێ کە لە بێ نوێژی دا بێ، هەندێ فەرموودە دەکەنە بەڵگە بۆ سەلماندنی بۆ چوونەکانیان، بەلاّم فەرموودەکان هیچیان (صحیح)نین. فەرموودەکانیش ئەمانەن:**

1- « لَا تَقْرَأْ الْحَائِضُ وَلَا الْجُنُبُ شَيْئًا مِنْ الْقُرْآنِ».

**واتە: « ئافرەتێ کە لە بێ نوێژی دا بێ، یان کەسێ لەشی گران بێ، ئەوا نابێ هیچ لە قورئان بخوێننەوە»** [1].

(1) **قال الشيخ الألباني** في إرواء الغليل - (1 / 192/206):( قوله ( صلى الله عليه وسلم ) : " لا يقرأ الجنب ولا الحائض شيأ من القرآن " . رواه . الترمذي وأبو داود ) . **حديث ضعيف** . وقد روي من حديث ابن عمر وجابر . أما حديث ابن عمر فله طرق عن موسى بن عقبة عن نافع عنه . الأولى : عن إسماعيل بن عياش ثنا موسى بن عقبة به . أخرجه الترمذي ( 1 /

236 ) وابن ماجه ( 595 ) وأبو الحسن القطان في زوائد . عليه ( 596 ) والحسن بن عرفه في جزئه وعنه الخطيب في " تاريخ بغداد " ( 2 / 145 ) والعقيلي في " الضعفاه " ( ص 31 ) وابن عدي في " الكامل " ( 10 / 2 ) والدارقطني ( ص 43 ) وابن عساكر في " تلريخ دمشق " ( 2 / 244 / 1 ) والبيهقي ( 1 / 89 ) وقال : " فيه نظر قال محمد بن اسماعيل البخاري فيما بلغني عنه : إنما روى هذا اسماعيل بن عياش عن موسى بن عقبة ولا أعرفه من حديث غيره وإسماعيل منكر الحديث عن أهل الحجاز وأهل العراق " : وهذا من روايته عن أهل الحجاز فهي ضعيفة . وقال العقيلي : " قال عبد الله بن أحمد " : قال أبي : " هذا باطل أنكره . على إسماعيل بن عياش يعني أنه وهم من إسماعيل بن عياش " . قلت : ونحوه قول أبي حاتم في " العلل " ( 1 / 49 ) وقد ذكر الحديث : " هذا خطأ إنما هو عن إبن عمر قوله " . وقال ابن عدي : " لا يرويه غير ابن عياش " . وذكر نحوه الترمذي وتقدم نحوه عن البخاري وقد خفيت عليهم المتابعات الآتية وقد أشار البها البيهقي بقوله : " وقد روي عن غيره عن موسى بن عقبة وليى بصحيح " . الثانية : عن عبد الملك بن مسلمة حدثني المغيرة بن عبد الرحمن عن موسى ابن عقبة به دون ذكر ( الحائض ) . أخرجه الدارقطني وقال : " عبد الملك هذا كان بمصر . وهذا غربب عن مغيرة بن عبد الرحمن وهو ثقة " . يني المغيرة هذا وأنه تفرد به عنه عبد الملك هذا هذا هو المتبادر لنا من عبارة الدارقطني هذه وفهم الشيخ أحمد شاكر رحمه الله في تعليقه على الترمذي من قوله : " وهو ثقة " أنه يعني عبد الله بن مسلمة وبناء على ذلك ذهب إلى أن الاسناد صحيح ! ولعله اغتر بقول الحافظ في " الدراية " ( ص 45 ) : " ظاهره الصحة " . وهذا من العجائب ! فإن ابن مسلمة هذا أورده . الحافظ في " اللسان " تبعا لأصله " الميزان " وقالا : " عن الليث وابن لهيعه . قال ابن يونس : منكر الحديث . وقال ابن حبان : يروي المناكير الكثيرة عن أهل المدينة " . فمن كان هذا حاله كيف يكون ظاهر إسناده الصحة ؟ ! فلا شك أن الحافظ لم يستحضر ترجمته حبن قال ذلك ثم وجدت ما يؤكد ما ذهبت إليه فقد قال الحافظ في " التلخيص " ( ص 51 : " وصحح ابن سيد الناس طريق المغيرة وأخطأ في ذلك فإن فيها عبد الملك بن مسلمة وهو ضعيف فلوسلم منه لصح اسناده وإن كان ابن الجوزي ضعفه بمغيرة بن عبد الرحمن فلم يصب في ذلك وكأن ابن سيد الناس تبع ابن عساكر في قوله في " الأطراف

" : " إن عبد الملك بن مسلمة هذا هو القعنبي ( 1 ) . وليس كذلك بل هو آخر " . هذا كلام الحافظ وهو موافق لما ترجم به لابن مسلمة في " اللسان " . وقد فاته كأصله قول ابن أبي حاتم فيه قال في " الجرح والتعديل ( 2 / 2 / 371 ) : سألت أبي عنه ؟ فقال : كتبت عنه وهو مضطرب الحديث ليس بقوي حدثني بحديث في الكرم عن النبي ( صلى الله عليه وسلم ) عن جبرئيل عليه السلام بحد بث موضوع " . قال أبو حاتم : " سألت أبا زرعة عنه ؟ فقال : ليس بالقوي " هو منكر الحديث هو مصري " . فقد اتفقت كلمات هؤلاء الأئمة عل نضعبف ابن مسلمة هذا فلو سلمنا بأن الدارقطني أراده بقوله : " وهو ثقة " لوجب عدم الإعتداد به لما تقرر في المصطلح أن الجرح مقدم عل التعديل لا سيما إذا كان مقرونا ببيان السبب كما هو الواقع هنا . ومن ذلك يتبين ان هذا الإسناد ضعيف لا تقوم به حجة وقد أشار إلى هذا البيهقي بقوله المتقدم : " وليس بصحبح " فإنه يشمل هذه المتابعة والتي بعدها وهي : الطريق الثالثة : عن رجل عن أبي معشر عن موسى بن عقبة به . أخرجه الدارقطني وسكت عليه لوضوح علته وهو الرجل المبهم وضعف أبي معشر واسمه نجيح قال الحافظ " ضعيف " . وأما حديث جابر . فرواه . ابن عدي في " الكامل " ( 295 / 1 ) والدارقطني ( ص 197 ) وأبو نعيم في " الحلية " ( 4 / 22 ) من طربق محمد بن الفضل عن أبيه عن طاوس عنه مرفوعا به . وفي روابة الأولين : " النفساء " بدل " الجنب " . وقال ابن عدي . " لا يروي إلا عن محمد بن الفضل " . قلت : وهو كذاب . وفي " التقربب : " كذبوه " . وفي " التلخيص " ( ص 51 ) : " متروك وروي موقوفا وفبه يحيى بن أبي أنيسة وهو كذاب " . وقد أشار إلى هذا الموقوف البيهقي فقال : " وروي عن جابر بن عبد الله من قوله في الجنب والحائض والنفساء وليس بالقوي " . وروى البيهقي عن أيوب بن سويد ثنا سفيان عن الأعمش عن أبي وائل أن عمر رضي الله عنه كره أن يقرأ القرآن وهو وجنب . وقال : " ورواه . غيره عن الثوري عن الأعمش عن أبي وائل عن عبيده عن عمر وهو الصحيح " . قلت : فقد صح هذا عن عمر رضي الله عنه وفي " التلخيص " عقب أثر جابر : " وقال البيهقي : هذا الأثر ليس بالقوي وصح عن عمر أنه كان يكره أن يقرأ القرآن وهو جنب . وساقه عنه في " الخلافيات " بإسناده صحيح "

**2**– عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ سَلَمَةَ قَالَ دَخَلْتُ عَلَى عَلِيٍّ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ أَنَا وَرَجُلَانِ فَقَالَ: « إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانَ يَخْرُجُ مِنْ الْخَلَاءِ فَيُقْرِئُنَا الْقُرْآنَ وَيَأْكُلُ مَعَنَا اللَّحْمَ وَلَمْ يَكُنْ يَحْجُبُهُ أَوْ قَالَ يَحْجِزُهُ عَنْ الْقُرْآنِ شَيْءٌ لَيْسَ الْجَنَابَةَ ».

**واتە: « پێغەمبەر«ﷺ» لە دوای ئەوەی لە سەر ئاو دەردەچوو، قورئانی بۆ دەخوێندینەوەو نانیشی لەگەڵمان دەخوارد، وە هیچ شتێك نەدەبووە ڕێگر لە قورئان خوێندنی تەنها لەشگرانی نەبێ»**[1].

(1) **قال الشيخ الألباني:** في ضعيف أبي داود (1 / 31/80): (قلت: إسناده ضعيف، وقد ضعفه الحفاظ المحققون، كما قال النووي. وممن ضعفه: الإمام أحمد والبخاري والشافعي، وقال: " أهل الحديث لا يثبتونه " ، قال البيهقي: " وإنما توقف الشافعي في ثبوته؛ لأن مداره على عبد الله بن سلِمة الكوفي، وكان قد كبِر وأنكِر من حديثه وعقله بعضُ النكْرة؛ وإنما روى هذا الحديث بعد ما كبر، قاله شعبة ") . إسناده: حدثنا حفص بن عمر قال: ثنا شعبة عن عمرو بن مرة عن عبد الله ابن سلِمة. وهذا إسناد رجاله كلهم ثقات؛ إلا عبد الله بن سلِمة- وهو المرادي الكوفي، فقد اختلفوا فيه؛ وإليك خلاصة ترجمته من " التهذيب " :" قال شعبة عن عمرو بن مرة: كان عبد الله بن سلِمة يحدثنا، فيعرف وينكر، كان قد كبر. وقال العجلي: كوفي تابعي ثقة. وقال يعقوب بن شيبة: ثقة يعد في الطبقة الأولى من فقهاء الكوفة بعد الصحابة. وقال البخاري: لا يتابع في حديثه. وقال أبو حاتم: يعرف وينكر. وقال ابن عدي: أرجو أنه لا بأس به. وقال ابن حبان: يخطئ. وقال الحاكم أبو أحمد: حديثه ليس بالقائم " . هذا كل ما قالوه في الرجل، ويظهر من ذلك أنه في نفسه ثقة، ولكنه كان سيئ الحفظ فيخطئ؛ لا سيما عند الكبر، ولذلك قال الحافظ في " التقريب " : " صدوق تغيّر حفظه " . وأما قوله في " الفتح " (324/1) - بعد أن ذكر الحديث-: " رواه أصحاب " السنن " ، وصححه الترمذي وابن حبان، وضعف بعضهم رواته. والحق أنه من قبيل الحسن، يصلح للحجة " ! فلعله لم يستحضر- حين كتابة هذا- أن الراوي المثار إليه- وهو عبد الله بن سلِمة- إنما روى الحديث في كبره حالة ساء حفظه؛ وإلا فكيف يحسن حديثه مع قيام هذه العلة فيه؟! فمثله لا تطمئن النفس للاحتجاج بحديثه؛ لأنه يحتمل احتمالاً قوياً أن يكون رواه

في حالة ضعف حفظه؛ فكيف إذا علمنا أنــه رواه في هــذه الحـــال؟ كمــا هــو الشــأن في هــذا الحديث؛ كما يأتي. قال المنذري في " مختصره " : " وذكر أبو بكــر البــزار أنــه لا يُــرْوى عــن علي إلا من حديث عمرو بن مرة عن عبد الله بن ســلِمة. وحكــى البخــاري عــن عمــرو بــن مرة: كان عبد الله- يعني: ابن سلِمة- يحدثنا فتعرف وتنكــر، وكــان قــد كــبر، لا يتــابع علــى حديثه. وذكر الإمام الشافعي هذا الحديث، وقال: لم يكن أهل الحــديث يثبتونــه. قــال البيهقــي: وإنما توقف الشافعي في ثبوت هذا الحديث؛ لأن مداره على عبد الله بــن ســلِمة الكــوفي، وكــان قد كبر وأُنْكِر من حديثه وعقله بعضُ النُكْرةِ، وإنما روى هذا الحديث بعــدما كــبر؛ قالــه شــعبة. وذكر الخطابي أن الإمام أحمد بن حنبل كان يوهن حديث علــي هــذا، ويضــعف أمــر عبــد الله بن سلِمة " . والحــديث أخرجــه البيهقــي (89/1) مــن طريــق المؤلــف. وأخْرجــه الحــاكم (152/1) من طريق أخرى عن حفص. وأخرجه الطيالســي (رقــم 101) قــال: ثنــا شــعبة... به. وكــذلك أخرجــه النســائي (52/1) ، وابــن ماجــه (207/1) ، والطحــاوي (52/1) ، والحاكم أيضاً (107/4) ، والبيهقــي وأحمــد (2 رقــم 639 و 840 و 1011) مــن طــرق عن شعبة... به. وروى منه الدارقطني (ص 44) قوله: كان لا يحجبه عــن قــراءة القــرآن شــيء؛ إلا أن يكون جنباً. وهو رواية لأحمد (رقم 227) . وهو عند الدارقطني مــن روايــة ســفيان عــن مسعر وشعبة معاً. وقال سفيان: قال لي شعبة: ما أحــدث بحــديث أحســن منــه. وهــذا القــدر أخرجه الترمذي (273/1- 274) من طريق الأعمش وابن أبي ليلــى عــن عمــرو بــن مــرة... به. وأخرجه النسائي من طريق الأعمش وحده. وأحمــد (2 رقــم 1123) مــن طريــق ابــن أبي ليلى. ثم قال الترمذي: " حديث حســن صــحيح " ! وقــال الحــاكم: " صــحيح " ! ووافقــه الذهبي! وصححه أيضاً ابن السكنِ وعبــد الحــق والبغــوي وغيرهــم- كمــا في " التلخــيص " (142/2- 143) -! والحق مع الذين ضعفوه؛ فإنهم أعلم من هــؤلاء بعلــل الحــديث ورجالــه؛ وأيضاً فقد بينوا له علة قادحة، لم يتعــرض لإزالتــها أو الجــواب عنــها هــؤلاء. ولــذلك قــال النووي في " المجموع " (159/2) - بعد أن نقل عن للترمــذي تصــحيحه لــه-: " وقــال غــيره من الحفاظ المحققين: هو حديث ضعيف " ، ثم نقــل عــن الشــافعي والبيهقــي مــا نقلنــاه عــن المنذري عنهما. ولقد حاول الشيخ أحمد محمد شــاكر حفظــه الله في تعليقــه علــى " الترمــذي " أن يقوي الحديث بقوله: وقد توبع عبد الله بن سلمة في معنى حديثه هــذا عــن علــي، فارتفعــت

شبهة الخطأ عن روايته إذا كان سيئ الحفظ في كبره كما قالوا، فقد روى أحمد في " المسند " (رقم 872 ج 1 ص 110) : حدثنا عائذ بن حبيب: حدثني عامر بن السِّمْطِ عن أبي الغرِيف قال: أُتِيَ علي رضي اللّه عنه بِوضُوء، فمضمض واستنشق ثلاثاً، وغسل وجهه ثلاثاً، وغسل يديه وذراعيه ثلاثاً ثلاثاً، ثم مسح برأسه، ثم غسل رجليه، ثم قال: هكذا رأيت رسول الله صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ توضأ، ثم قرأ شيئاً من القرآن، ثم قال: هذا لمن ليس بجنب، فأما الجنب فلا؛ ولا آية. وهذا إسناد صحيح جيد؛ عائذ بن حبيب أبو أحمد العبسي- شيخ الإمام أحمد- ثقة ذكره ابن حبان في " الثقات " ، وقال الأثرم: سمعت أحمد ذكره فأحسن الثناء عليه، وقال: كان شيخاً جليلاً عاقلاً. ورماه ابن معين بالزندقة. ورد عليه أبو زرعة بأنه صدوق في الحديث. وعامر بن السِّمْطِ- بكسر السين المهملة وإسكان الميم- وثقه يحيى بن سعيد والنسائي وغيرهما. وأبو الغرِيف- بفتح الغين المعجمة وكسر الراء وآخره فاء-: اسمه عبيد الله بن خلِيفة الهمْداني المرادي؛ ذكره ابن حبان في " الثقات " ، وكان على شرطِ علي، وأقل أحواله أن يكون حسن الحديث؛ تُقْبلُ متابعته لغيره " !! قلت: هذا كله كلام الشيخ؛ ونحن لا نوافقه فيما ذهب إليه من أن هذا الإسناد صحيح أو حسن؛ بل نرى أنه ضعيف، ولو صح لكان دليلاً آخر في إثبات ضعف حديث الباب! وإليك البيان: قد علمت أن مدار الحديث على أبي الغريف هذا؛ وقد اعتمد الشيخ في توثيقه على ابن حبان، وهو مشهور بتساهله في التوثيق، كما ذكرنا ذلك مراراً، وضربنا الأمثلة عليه في " المقدمة " ؛ فراجعها. وقد خالفه هنا من هو أقعد منه بهذا العلم الشريف، ألا وهو أبو حاتم الرازي، فقد قال عنه: " ليس بالمشهور. قيل له: هو أحب إليك أو الحارث الأعور؟ قال: الحارث أشهر؛ وهذا شيخ قد تكلموا فيه، من نظراء أصْبغ بن نُباتة " . وأصبغ هذا لين الحديث عند أبي حاتم، ومتروك عند غيره، وكذبه أبو بكر بن عياش. ثم إن عائذ بن حبيب- وإن كان ثقة- فقد قال ابن عدي:" روى أحاديث أنكرت عليه " . قلت: ولعل هذا الحديث منها؛ لأن غيره رواه موقوفاً؛ وإن كان هو نفسه لم يصرح برفع القطعة الأخيرة منه- التي هي موضع الشاهد منه- . فقد أخرجه الدارقطني (ص 44) من طريق يزيد بن هارون: نا عامر بن السمْطِ: نا أبو الغرِيف الهمْداني قال: كنا مع علي في الرّحْبة، فخرج إلى أقصى الرحبة، فوالله ما أدري أبوْلاً أحدث أم غائطاً؟! ثم جاء فدعا بكُوز من ماء، فغسل كفيه، ثم قبضهما إليه، ثم قرأ صدراً من

**3- ئیمامی عەلی دەستنوێژی گرت ... پاشان فەرمووی پێغەمبەرم بینی«ﷺ»بەم شێوەیە دەستنوێژی گرت، پاشان هەندێ قورئانی خوێندەوە، دەفەرمویّ پاشان پێغەمبەر «ﷺ» فەرمووی:**

« هَكَذَا لِمَنْ لَيْسَ بِجُنُبٍ ، فَأَمَّا الْجُنُبُ فَلاَ ، وَلاَ آيَةَ».

**واتە: «ئا ئەم قورئان خوێندنە بۆ کەسێ دروستە کە لەشیگران نەبێ، بۆیە لەشگران بۆی نییە قورئان بخوێنێ، ئەگەر ئایەتێکیش بێ»**[1].

---

القرآن، ثم قال: اقرأوا القران؛ ما لم يصب أحدكم جنابة، فإن أصابته جنابة فلا؛ ولا حرفاً واحداً. وقال الدارقطني: " هو صحيح عن علي " ؛ يعني: موقوفاً عليه. وأخرجه البيهقي (89/1) - مختصراً موقوفاً- من طريق الحسن بن حي عن عامر بن السمْطِ... به عن علي... في الجنب قال: ضعيف أبي داود - الأم - (1 / 85) لا يقرأ القرآن ولا حرفاً. ثم أخرجه (ص 90) من طريق خالد بن عبد الله عن عامر بن السمْطِ عن أبي الغريف قال: قال علي رضي الله عنه: لا بأس أن تقرأ القران وأنت على غير وضوء، فأما وأنت جنب فلا؛ ولا حرفاً. فقد عاد الحديث إلى أنه موقوف على علي من هذه الطريق. فإن صحت؛ فهي دليل آخر على وهم عبد الله بن سلِمة في الحديث؛ حيث رفعه وهو موقوف. والله أعلم. ثم إنه قد صح ما يعارضه من حديث عائشة رضي اللّه عنها قالت: كان رسول الله صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يذكر الله على كل أحيانه. رواه مسلم وأبو عوانة في " صحيحيهما " ، والمصنف وغيرهم؛ وهو في الكتابالآخر (رقم 14) .فهو- بعمومه- يشمل ما نفاه حديث الباب. نعم، الأفضل ألا يذكر ولا يقرأ القران إلا على طهارة من الحدث الأصغر والأكبر؛ لقوله عليه الصلاة والسلام: " إني كرهت أن أذكر الله عز وجل إلا على طهر " .وهو حديث صحيح، فانظره في الكتاب الآخر (رقم 13) .

(1) المصدر سابق .

**4**– عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَالِكٍ الْغَافِقِيِّ أَنَّهُ سَمِعَ رَسُولَ اللَّهِ –صلى الله عليه وسلم– يَقُولُ لِعُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ :« إِذَا تَوَضَّأْتُ وَأَنَا جُنُبٌ أَكَلْتُ وَشَرِبْتُ ، وَلاَ أُصَلِّى وَلاَ أَقْرَأُ حَتَّى أَغْتَسِلَ ».

**واتە: پێغەمبەر«ﷺ» بە ئیمامی «عُمَر»ی فەرموو:**

**« هەرکات دەستنوێژم گرتو لەشگران بێ، ئەوا نان دەخۆم و ئاویش دەخۆمەوە، بەڵاّم نوێژ ناکەم و قورئانیش ناخوێنم تاوەکو خۆم دەشۆم.»** (1)

---

(1) **قال الشيخ الألباني:** في سلسلة الأحاديث الضعيفة والموضوعة وأثرها السيئ في الأمة – (6 / 2501/7) رواه أبو عبيد في " فضائل القرآن " ( ق 2/45) ، والدارقطني ( ص 44 ) ، والبيهقي ( 89/1 ) عن ابن لهيعة عن عبد الله بن سليمان عن ثعلبة بن أبي الكنود عن عبد الله بن مالك الغافقي : أنه سمع رسول الله صلى الله عليه وسلم يقول لعمر بن الخطاب ؛ فذكره . وقال البيهقي :" ورواه الواقدي عن عبد الله بن سليمان هكذا " . قلت : وهذا سند ضعيف عبد الله بن سليمان الظاهر أنه أبو حمزة المصري الطويل ؛ لم يوثقه غير ابن حبان ( 156/2 ، وقال البزار : " حدث بأحاديث لم يتابع عليها " . وثعلبة بن أبي الكنود ؛ وثقه ابن حبان أيضا ( 8/1 ) ، وترجمه ابن أبي حاتم ( 463/1/1 ) ولم يذكر فيه جرحا ولا تعديلا . تلك هي علة الحديث ، وأما شمس الحق الأبادي فأعله بقوله :" قلت : ابن لهيعة ضعيف ، والواقدي متروك " . فلم يصنع شيئا ؛ لأن ابن لهيعة وإن كان سيىء الحفظ ، فهو صحيح الحديث إذا روى عنه أحد العبادلة ، وهو كذلك هنا فمن الرواة عنه عبد الله بن وهب عند البيهقي ، فزالت التهمة عن، والواقدي لم يتفرد به كما سبق . وروى أبو عبيد عن عمر : أنه كره للجنب أن يقرأ شيئا من القرآن . وسنده صحيح .ومن طرق عن عامر بن السمط عن أبي الغريف قال :" سئل علي عن الجنب : أيقرأ القرآن ؟ فقال : لا ، ولا حرفا " . وهذا سند فيه ضعف من أجل ( أبي الغريف ) . انظر : " ضعيف أبي داود " ( 32 ) – وفي أثر عمر كفاية ، فنرى أنه يكره للجنب أن يقرأ القرآن . يؤيده كراهة النبي صلى الله عليه وسلم أن يرد السلام وهو على غير وضوء ، وهذا ظاهر لا يخفى . أما تحريم القراءة فلا دليل عليه .

جامادام «حدیث»ەکان «ضعیف»و لاواز بن، کەوابوو کاریان پێ ناکرێ و ناکرێنە بەڵگە بۆ نادروستێتی ئەم کارە.

**پوختەی ئەم باسە:**

لەبەر ئەوەی:

هیچ بەڵگەیەکمان بەدەست نەگەیشتووە لە پێغەمبەرەوە «ﷺ» کە ئەم کارەی حەرامکردبێ، نەبوونی بەڵگەش بەڵگەیە بۆ دروستێتی کارەکە، وەهەروەها هەموو ئەو فەرمووودانەش کە باسی نادروستێتی ئەم کارەدەکەن هیچیان (صحیح)نین بەڵکو «ضعیف»و لاوازن ، وە بەڵگەی «ضعیف»یش کاری پێ ناکرێ ئەحکامی لەسەر دانامەزرێ . سەرەڕای ئەو بەڵگانەش کە باسکران بۆ دروستێتی ئەم کارە .

کەوابوو: دروستە بۆ ئافرەت قورئان بخوێنێ لەکاتی بێ نوێژی دا .

جامادام: قورئان خوێندن دروست بێ، کەواتە: هەموو زیکرێکی تر دروستە بخوێنرێ، وەکو زیکری ئێواران و بەیانیان، زیکری خەوتن و لە خەو هەستان و لەماڵ دەرچوون و چوون بۆ سەر ئاوو .... هتد.

# باسی دووەم

# دەستدان لە قورئان و خوێندنی لەسەر مصحف بۆ ئافرەتێ لە بێ نوێژی دا بێ

## ✍ دەستـدان لە قـورئان و خـوێندنی لەسـەر مصحف

زانایـان یـەك دەنگـن لەسـەر ئـەوەی دروسـتە بـۆ ئـافرەت دەسـت لـە قورئـان بـدات و هـەڵی بگـرێ لـەکاتی بـێ نوێـژی دا، لەحاڵـەتی ناچـاری دا، وەکـو مەترسـی ئـەوە بکـرێ کـە قورئانەکـە بکەوێتـە نـاو ئـاوەوە، یـان مەترسـی سـوتانی لێبکـرێ، یـان ئەگەری ئەوە بکرێ بکەوێتە ناو شوێنێکی پیسەوە. [1]

بـەڵام ئەگـەر ناچـاری نـەبێ‌و زەرورەتێکـی وەهـا نـەبوو، ئـەوا خـیلاف و جیـاوازی هەیـە لـە نێـوان شەرعناسـان دا، بـەڵام ئـەوەی زیـاتر جێگـای متمانـەبێ و بەڵگەکانیان بە هێزتر بێ، ئەوەیە کە دەڵێن دروستە[2].

**بەڵگەش بۆ ئەمە:**

**یەکەم:**

«عبـداللە»ی کـوڕی«عبـاس» دەفـەرموێ پێغەمبـەرﷺ نامەیـەکی نـارد بۆ«هِرَقْل» ی گەورەی ڕۆم:

«بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ مِنْ مُحَمَّدٍ رَسُولِ اللَّهِ إِلَى هِرَقْلَ عَظِيمِ الرُّومِ سَلَامٌ عَلَى مَنْ اتَّبَعَ الْهُدَى أَمَّا بَعْدُ فَإِنِّي أَدْعُوكَ بِدِعَايَةِ الْإِسْلَامِ أَسْلِمْ تَسْلَمْ وَأَسْلِمْ يُؤْتِكَ اللَّهُ أَجْرَكَ مَرَّتَيْنِ فَإِنْ تَوَلَّيْتَ فَإِنَّ عَلَيْكَ إِثْمَ الْأَرِيسِيِّينَ وَ﴿يَا أَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْا إِلَى كَلِمَةٍ سَوَاءٍ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَنْ لَا نَعْبُدَ إِلَّا اللَّهَ وَلَا نُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا وَلَا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللَّهِ فَإِنْ تَوَلَّوْا فَقُولُوا اشْهَدُوا بِأَنَّا مُسْلِمُونَ﴾ آل عمران: ٦٤».

---

(1)أنظر التبيان في آداب حملة القرءان للنووي ص154، والمجموع2/ 125، والمغني204/2
(2) المغني 202/2 ، المحلى 107/1.

**واتـە:« لـە « مُحَمَّـــد» پێغەمبـەرى خـوداوە بـۆ « هِرَقْـــل »گـەورەى ڕۆم: سـەلاَمى خـودا لـەو كەسـەى شـوێن حـەق‌و ڕێنمـاى دەكـەوێ، ئـەوا مـن بانگـت دەكـەم بـە نـاوى ئيسـلامەوە تـاوەكو موسـڵمان بيـت، جـا ئەگـەر موسـڵمان بويـت، ئـەوا لێـت وەردەگـيرێ‌و خـودا دووجـار چـاكەت بـۆ دەنوسـێ، بـەلاّم ئەگـەر پشـت هەڵكـەيت‌و ئيسـلام قـەبوڵ نەكـەيت، ئـەوا تـاوانى هـەموو قەومەكـەت دەكەوێتـە گـەردنى تـۆ، پاشان ئەم ئايەتەى بۆ نوسى:**

﴿قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ تَعَالَوْا۟ إِلَىٰ كَلِمَةٍ سَوَآءٍۭ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلَّا نَعْبُدَ إِلَّا ٱللَّهَ وَلَا نُشْرِكَ بِهِۦ شَيْـًٔا وَلَا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِّن دُونِ ٱللَّهِ ۚ فَإِن تَوَلَّوْا۟ فَقُولُوا۟ ٱشْهَدُوا۟ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ ﴿٦٤﴾﴾ آل عمران: ٦٤»[1]

**ئەوەى لە(حديث)ەكە وەردەگيرێ ئەوەيە:**

**پێغەمبـەر«ﷺ»ئـەم نامـەى نـاردووە بـۆ پاشـاى ڕۆم كـە كـافرو بـێ بـاوەڕ بـوو، هەڵبـەت كەسـێكيش كـافر بـێ لەشـى گرانـەو جەنابـەتى لەسـەرە، جـا پێغەمبـەر«ﷺ» نامەكـەى بـۆ نـارد بـۆ ئـەوەى بيخوێنێتـەوە لـەكاتێك دا ئـەو نامەيە ئەو دوو ئايەتەى قورئانيشى تێدا بووە.**

**كـەوابوو:پێغەمبـەر«ﷺ»لەشـگرانى و جەنابـەتى كـابراى نـەكردە ڕێگـر لـەوەى دەست لە قورئان نەدات .**

(1)**صحيح** البخاري - باب بدء الوحي / 0 بسم الله الرحمن الرحيم قال الشيخ حديث : 7، صحيح مسلم - كتاب الجهاد والسير باب كتاب النبي صلى الله عليه وسلم إلى هرقل يدعوه إلى - حديث : 3409. سبق تخريجه.

**دووەم:**

«عَائِشَــــــةَ» **خــوای لــێ ڕازی بــێ دەفــەرمووێ: پێغەمبــەر«ﷺ» پێــی ووتم:** «نَــاوِلِينِي الْخُمْــرَةَ مِــنْ الْمَسْــجِدِ» **واتــە: « بەرماڵەکـەم بـۆ بێنـە لـە مزگەتەکـە». دەفەرمووێ: منیش وتم من لە بێ نوێژی دام.**

**ئەویش فەرمووی:** «إِنَّ حَيْضَتَكِ لَيْسَــتْ فِــي يَــدِكِ » **واتـە: « خـۆ بـێ نوێژیەکـەت لە دەستەکانتا نییە»**(1).

**ئەوەی لە«حدیث»ەکە وەردەگیرێ ئەوەیە:**

---

(1)**صحيح** مسلم - كتاب الحيض باب جواز غسل الحائض رأس زوجها وترجيله وطهارة سؤرها والاتكاء في - حديث : 476. سنن أبي داود - كتاب الطهارة باب في الحائض تناول من المسجد - حديث : 231. سنن ابن ماجه - كتاب الطهارة وسننها أبواب التيمم - باب الحائض تتناول الشيء من المسجد حديث : 629. سنن الترمذي الجامع الصحيح - أبواب الطهارة عن رسول الله صلى الله عليه وسلم باب ما جاء في الحائض تتناول الشيء من المسجد - حديث : 127. مستخرج أبي عوانة - مبتدأ كتاب الحيض والاستحاضة بيان إباحة شرب سؤر الحائض - حديث : 699. صحيح ابن حبان - كتاب الطهارة باب الحيض والاستحاضة - ذكر الإباحة للمرء استخدام المرأة الحائض في أحواله حديث : 1373. سنن الدارمي - كتاب الطهارة باب الحائض تمشط زوجها - حديث : 1108. السنن الصغرى - سؤر الهرة صفة الوضوء - باب استخدام الحائض حديث : 271. السنن الكبرى للنسائي - ذكر ما ينقض الوضوء وما لا ينقضه استخدام الحائض - حديث : 258. السنن الكبرى للبيهقي - كتاب الطهارة جماع أبواب الغسل من الجنابة - باب ليست الحيضة في اليد والمؤمن لا ينجس حديث : 856. مسند أحمد بن حنبل - مسند الأنصار الملحق المستدرك من مسند الأنصار - حديث السيدة عائشة رضي الله عنها حديث : 23628.

**پێغەمبەر«ﷺ» ڕوونی کردەوە کە بێ نوێژی بوون لە دەستدا نی یەو پەیوەندی بە دەستەوە نی یە.**

**کەوابوو: ئەحکامەکانی بێ نوێژی بەسەر ئەوەدا جێ بەجێ نابێ کە ئافرەت دەستەکانیشی بە بێ نوێژ دابنێو نەتوانێ دەست بۆ قورئان ببات.**

**<u>سێیەم:</u>**

**ئەوانەی کە دەستدان لە قورئان بە حەرام دەزانن بۆ ئافرەتێ کە لە بێ نوێژی دا بێ، هەندێ بەڵگە دەهێننەوە بۆ سەلماندنی ئەو حوکمە، بەڵام لە ڕاستی دا بەڵگەکانیان یان ئەو مەبەستە نادا بە دەستەوە کە ئەوان ئەو حوکمەی لەسەری دادەنێن، یان لاوازنو کاریان پێ ناکرێ:**

**1- خودای گەورە دەفەرموێ:**

﴿إِنَّهُۥ لَقُرۡءَانٞ كَرِيمٞ ٧٧ فِي كِتَٰبٖ مَّكۡنُونٖ ٧٨ لَّا يَمَسُّهُۥٓ إِلَّا ٱلۡمُطَهَّرُونَ ٧٩﴾ الواقعة: ٧٧ – ٧٩.

**واتە:« بەڕاستی ئەوەی وەحیت بۆکراوەو بۆت هاتووە قورئانێکی پاكو پیرۆزو بە بەرەکەتە، ئەو قورئانە لە کتابێکی پارێزراودا نوسراوەتەوە، وە دەستی بۆ نابات تەنها پاکەکان نەبێ».**

**جا دەفەرموون:﴿ لَّا يَمَسُّهُۥٓ إِلَّا ٱلۡمُطَهَّرُونَ ٧٩ ﴾**

**ئەم دەست لێدانەی کەباسکراوە لە ئایەتەکەدا مەبەست دەستدانە لە قورئان ﴿ لَّا يَمَسُّهُۥٓ ﴾، واتە ئەو ڕاناوەکە بۆ قورئان دەگەڕێتەوە. وەمەبەستیش بە ﴿ ٱلۡمُطَهَّرُونَ ﴾ واتە پاك بێ لە بێ دەست نوێژی، واتە دەبێ دەست نوێژی هەبێو لەشیگران نەبێ، ئەگەر ئافرەتیش بوو نابێ لە کاتی بێ نوێژی دا بێ .**

**لە وەڵامی ئەوەدا دەڵێین:**

**یەک: ئەو ڕاناوەی کە لە ئایەتەکەدا هاتووە مەبەستی ئەم قورئانەی بەر دەستی ئێمە نی یە، بەڵکو مەبەستی ئەو کیتابەیە کە قورئانی تێدا نوسراوەتەوەو لە ئاسمانە.**

**چونکە: ئایەتەکە پێشتر باسی ئەو کیتابەی ئاسمان دەکات، نەک قورئان،** ﴿إِنَّهُۥ لَقُرۡءَانٞ كَرِيمٞ ۝٧٧ فِي كِتَٰبٖ مَّكۡنُونٖ ۝٧٨ لَّا يَمَسُّهُۥٓ إِلَّا ٱلۡمُطَهَّرُونَ ۝٧٩﴾

﴿كِتَٰبٖ مَّكۡنُونٖ﴾ **مەبەست پێی «لوح المحفوظ»ە کە لە ئاسمانە.**

**هەروەك** «عبدالله»**ی کوڕی**«عباس» رضي الله عنه **دەفەرموێ:**

«( لا يَمَسُّهُ إِلا الْمُطَهَّرُونَ ) الكتاب الذي في السماء.» **واتە: « مەبەست پێی ئەو کیتابە کە لە ئاسمانە»**(1)

**وە** «مجاهد» رضي الله عنه **دەفەرموێ:**

«( فِي كِتَابٍ مَكْنُونٍ ) قال: القرآن في كتابه المكنون الذي لا يمسه شيء من تراب ولا غبار». **واتە: « قورئان لەو کیتابە ڕێزدارەدایە کە هیچ تۆزو خۆڵی لێ نانیشێ»**(2)

**وە** «إبن جريري طبري» رضي الله عنه **دەفەرموێ:**

«قوله:( فِي كِتَابٍ مَكْنُونٍ ) يقول تعالى ذكره: هو في كتاب مصون عند الله لا يمسه شيء من أذى من غبار ولا غيره». **واتە: « ئەو کتابەی کە خودا باسی**

(1) تفسير الطبري - (23 / 149).

(2) تفسير الطبري - (23 / 149).

کردووە بریتیە لەو کتابە بارێزراوەی کە لە لای خودایەو کە هیچ شتێکی لێ نانیشێ»[1]

جامادام مەبەست بە ﴿كِتَٰبٍ مَّكۡنُونٍ﴾ «لوح المحفوظ»ە کە لە ئاسمانە. کەوابوو ئەو ڕاناوەی کە ﴿لَّا يَمَسُّهُۥٓ﴾هەر مەبەستی پێ ئەو کیتابەی ئاسمانە بۆ«لوح المحفوظ» دەگەڕێتەوە،

وە شتێکی زانراویشە لە زمانی عەرەبی دا ڕاناوەکان بۆ نزیکترین ناو دەگەڕێتەوە کە پێشتر باسکرا بێ، نەك دوورترین ناو. وە نزیکترین ناویش کە لە ئایەتەکەدا باسکرابێ‌و لە ڕاناوەکەوە نزیك بێ «کتاب» نەك «قرءان».

**کەوابوو:** ڕاناوی ﴿لَّا يَمَسُّهُۥٓ﴾ بۆ ﴿كِتَٰبٍ مَّكۡنُونٍ﴾ دەگەڕێتەوەو ئەوی مەبەستە، نەك بۆ ﴿إِنَّهُۥ لَقُرۡءَانٞ كَرِيمٞ﴾بگەڕێتەوەو ئەوی مەبەستە نی یە.

کەواتە: بەهیچ پێوەرێك ناتوانرێ بوترێ ئەو دەست بردنەی کە لە ئایەتەکەدا باسکراوە مەبەست پێی ئەو قورئانەی بەر دەستی ئێمەیە، بەڵکو مەبەست پێی ئەو کتابەیە کە قورئانی تێدا نوسراوەتەوەو لە ئاسمانە.

**دوو:**

وە دەڵێن مەبەستیش بە ﴿ٱلۡمُطَهَّرُونَ﴾ واتە پاك بێ لە بێ دەست نوێژی، واتە دەبێ دەست نوێژی هەبێ‌و لەشیگران نەبێ.

**لە وەڵامی ئەوەدا دەڵێین:**

ئەو ئایەتە باسی ئەوە دەکات کاتی خۆی بێ باوەڕان دەیان وت ئەم قورئانە کە بۆ «محمد»دێت شەیتانەکان بەسەریدا دەخوێننەوەو فێری دەکەن.

---

(1) تفسير الطبري – (23 / 149).

**هەوەکو** «إبن جريري طبري» **ئیمامی دەفەرموێ:**

«حُدثت عن الحسين، قال: سمعت أبا معاذ يقول: ثنا عبيد، قال: سمعت الضحاك يقول في قوله:( لا يَمَسُّهُ إِلا الْمُطَهَّرُونَ ) زعموا أن الشياطين تنزلت به على محمد، فأخبرهم الله أنها لا تقدر على ذلك، ولا تستطيعه، ما ينبغي لهم أن ينزلوا بهذا ، وهو محجوب عنهم، وقرأ قول الله( وَمَا يَنْبَغِي لَهُمْ وَمَا يَسْتَطِيعُونَ * إِنَّهُمْ عَنِ السَّمْعِ لَمَعْزُولُونَ)».

**واتە: « دەربارەی ئەو ئایەتە دەفەرموێ بێ باوەڕان بانگەشەی ئەوەیان بڵاو دەکردەوە کە شەیتانەکان ئەو قورئانە بۆ محمد دێنن و بەسەری دا دەیخوێننەوە، خوای گەورەش خەبەری پێدان کە شەیتانەکان توانایان بەسەر ئەو کارەدا ناشکێ و بۆیان نی یە شتی وەها بۆ سەر محمد دابەزێنن... »(1)**

**وە هەروەها ئیمامی**«إبن كثير» **دەفەرموێ:**

«وقال ابن زيد: زَعَمت كفار قريش أن هذا القرآن تنزلت به الشياطين، فأخبر الله تعالى أنه لا يمسه إلا المطهرون».

**واتە: « ئیبن زەید دەفەرموێ بێ باوەڕان بانگەشەی ئەوەیان بڵاو دەکردەوە کە شەیتانەکان ئەو قورئانە بۆ محمد دێنن و بەسەری دا دەیخوێننەوە، خوای گەورەش خەبەری پێدان کە پاکەکان نەبێ کەس دەست بۆ ئەو کیتابە نابات کە لەلای خودایە »(2)**

**جا ئەو ﴿ٱلۡمُطَهَّرُونَ﴾ کە لە ئایەتەکەدا باسکراوە مەبەست پێی مەلائیکەیە، نەك ئینسان. چونکە:**

---

(1)تفسير الطبري - (23 / 149).

(2)تفسير ابن كثير - (7 / 544).

**وەکو وتمان کیتابەکە مەبەست پێی «لـــوح المحفـــوظ» نـەك قورئـان، هەڵبـەت ئینســانیش دەســتی بــەو کتابــەی لا خــودا ناگــات، تــا بــوترێ مەبەســت بــە ﴿ٱلۡمُطَهَّرُونَ﴾ ئینسانە..**

**هەروەك** «عبداللە»ی کوڕی«عباس» رضي الله عنه **دەفەرموێ:**

«لا يَمَسُّهُ إِلا الْمُطَهَّرُونَ يعـني: الملائكـة» **واتـە: « دەسـت بـۆ ئـەو کیتابـەی ئاسمـان نابات تەنها مەلائیکە نەبێ کە پاکترین دروست کراون»**(1)

**هـەروەها ئیمـامی**«إبن كـثير»**لـە تەفسـیرەکەی دا بـە هـەمان مانـا لـە هەریەکـە لـە مانەوە نەقڵی دەکات:** « وكذا قـال أنـس، ومجاهـد، وعِكْرِمَـة، وسـعيد بـن جُبَيْـر، والضحاك، وأبو الشعثاء جابر بن زيد، وأبو نَهِيك، والسُّدِّيّ، وعبد الـرحمن بـن زيـد بـن أسلم، وغيرهم»(2).

**ئیمامی**«قتادة»**دەفەرموێ:**

« ( لا يَمَسُّهُ إِلا الْمُطَهَّرُونَ ) ذاكم عند ربّ العـالمين، فأمـا عنـدكم فيمسـه المشـرك الـنجس، والمنـافق الـرِّجس» . **واتـە: « دەسـتی بـۆ نابـات تـەنها پاکـەکان نـەبێ، مەبەسـت پێـی ئـەو مەلائیکەکانـەن لـەلای پـەروەردگاری هـەموو بونـەوەرن، بـەڵام ئـەو کەسـانەی کـە لـەلای ئێـوەن کەسـێکی موشـریکی پـیس دەسـت بـۆ قورئـان دەباتو مونافیقێکی چەپەڵیش دەستی بۆ دەبات»**(3)

---

(1)تفسير ابن كثير - (7 / 544)

(2) تفسير ابن كثير - (7 / 544).

(3)تفسير الطبري - (23 / 152).

**وە دەفەرموێ:**

«( لا يَمَسُّهُ إِلا الْمُطَهَّرُونَ ) قال لا يمسه عند الله إلا المطهرون، فأما في الدنيا فإنه يمسه المجوسيّ النجس، والمنافق الرجس» . **واتە: « ئەو کیتابە لەلای خودا دەستی بۆ نابات تەنها پاکەکان نەبێ، بەلاّم لە دونیادا ئاگر پەرستی پیسو موناففقی چەپەڵ دەستی بۆ دەبەن»**(1)

**کەوابوو: بەپێی لێکدانەوەی ئەو صەحابە بەڕێزانەو شوێن کەوتوانی ئەوان ئەو پاکێتیەی کە خودا باسی کردووەو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە پاکن لە تاوانو مەعصومنو تاوانیان لێ ناوەشێتەوە، کە ئەوانیش مەلائیکەن، نەك بوترێ مەبەست بە پاکێتی واتە پاکێتی لە بێ دەست نوێژیو لەشگرانی.**

**کەوابوو:**

**ئەو ئایەتە بە هیچ شێوەیەك نابێتە بەڵگە بۆ ئەوەی بوترێ دەست دان لە قورئان بە بێ دەست نوێژو لەشگرانی حەرام بێ، وەکو ڕونکرایەوە نە﴿ لَّا يَمَسُّهُۥٓ ﴾مەبەست پێی قورئانە، وە نە ﴿ٱلْمُطَهَّرُونَ ﴾ مەبەست پێی دەست نوێژو پاکێتی لە لەشگرانی.**

(1)تفسير الطبري - (23 / 152).

# باسی سێیەم

## ئافرەتێ کەلە بێ نوێژی دا بێ بەرماوەی خواردنو خواردنەوەیو جەستەوعەرەقی گیانی هەمووی پاکن

## ✍ ئافرەتێ کەلە بێ نوێژی دا بێ، بەرماوەی خواردن‌و خواردنەوەی‌و جەستەوعەرەقی گیانی هەمووی پاکن

زانایــانو شەرعناســان یــەك دەنگــن لەســەر ئــەوەی کــە هــەموو جــۆرە هەلســووکەوتێك دروســتە لەگــەڵ ئــافرەتێ کــە لــە بــێ نوێــژی دا بــێ، تــەنها جووتبــوون نــەبێ، وە بــەرماوەی خــواردنو خواردنــەوەی ئــافرەتێ لــە بــێ نوێژیــدا بــێ پــاکن، وەهــەروەها جەســتەو عــەرەقی گیانیشــی هــەمووی پــاکن. ئــەم یــەك دەنگیــەی زانیانیش ئیمامی«النووي»و «أبن جرير» نەقڵی دەکەن.

**بەڵگەش لەسەر ئەوە:**

**یەکەم:**

« أَنَــسٍ »دەفــەرموێ: جولەکــەکان کاتێــك ئافرەتیــان بکەوتايەتــە بــێ نوێژیــەوە لــە ژووری خــەوتن دەریــان دەکــردنو لەگــەڵیان نەدەخــەوتنو نانیــان لەگــەڵ نــەدەخواردنو نەدەچــوونە لايــان بــۆ تێرکردنــی ئــارەزووی جنســی، پێغەمبــەر«ﷺ» فەرمووێ:

« اصْنَعُوا كُلَّ شَــيْءٍ إِلَّــا النِّكَــاحَ». واتــه « دەتــوانن لەگــەڵ ئــافرەتی بــێ نوێــژ ڕابووێرن تەنها جووتبوون نەبێ». [1]

پێغەمبــەر«ﷺ» ئــەو هەڵوێســتە لارو چــەوتانەی جولەکــەی راســت کــردەوە کــە کردبوویان بە دین بۆ خۆیانو لەکاتی بێ نوێژی دا ئافرەتیان بە گڵاو دەزانی.

---

[1] صحيح مسلم – كتاب الحيض-بــاب جــواز غســل الحــائض رأس زوجهــا وترجيلــه وطهــارة سؤرها والاتكاء في – حديث : 481.

**هەر بەوەوە نەوەستاوە، بەڵکو موسڵمانی فێرکردووە کە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئافرەتدا بکەن لەکاتی بێ نوێژی دا، وەکو بەیەکەوە نان خواردن‌و بەیەکەوە خەوتن‌و تێرکردنی هەستونەستی یەکتر تەنها جووت بوون نەبێ، ئەویش لەبەر ئەوەی زیان‌و زەرەری بۆ ئافرەتەکە هەیە بەدەرەجەی یەکەم.**

**دووەم:**

عَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ : «كُنْتُ أَشْرَبُ وَأَنَا حَائِضٌ ثُمَّ أُنَاوِلُهُ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَيَضَعُ فَاهُ عَلَى مَوْضِعِ فِيَّ فَيَشْرَبُ وَأَتَعَرَّقُ الْعَرْقَ وَأَنَا حَائِضٌ ثُمَّ أُنَاوِلُهُ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَيَضَعُ فَاهُ عَلَى مَوْضِعِ فِيَّ » .

**واتە:«عَائِشَةَ» خوای لێ ڕازی بێ دەفەرموێ:**

**من شتم دەخواردەوەو لە بێ نوێژیش دا بووم، پاشان بەرماوەکەی خۆمم دا بە پێغەمبەر«ﷺ» ئەویش دەمی لە سەر شوێنەواری دەمی من دانا لێی خواردەوە».[1]**

(1)صحيح مسلم – كتاب الحيض باب جواز غسل الحائض رأس زوجها وترجيله وطهارة سؤرها والاتكاء في – حديث : 479. صحيح ابن خزيمة – كتاب الوضوء جماع أبواب ذكر الماء الذي لا ينجس – باب الدليل على أن سؤر الحائض ليس بنجس حديث : 111. صحيح ابن حبان – كتاب الطهارةباب الأسآر – ذكر الخبر المدحض قول من زعم أن سؤر المرأة الحائض نجس حديث : 1309، باب الحيض والاستحاضة – ذكر البيان بأن عائشة كانت تأخذ الإناء لتشرب وتأخذ العرق لتأكل حديث : 1377، كتاب الحج باب الهدي – ذكر ما يستحب للمرء من مؤاكلته عياله ومشاربته إياها دون التصلف حديث : 4242. السنن الصغرى – سؤر الهرة صفة الوضوء – باب مؤاكلة الحائض والشرب من سؤرها حديث : 278، باب الانتفاع بفضل الحائض حديث : 280، – كتاب الحيض والاستحاضة باب مؤاكلة الحائض والشرب من سؤرها – حديث : 377. السنن الكبرى للنسائي – كتاب

**سێیەم:**

«عَائِشَــــةَ» **خـوای لـیێ ڕازی بـێ دەفـەرمووێ: پێغەمبـەر«ﷺ» پێـی ووتم:** «نَـــاوِلِينِي الْخُمْــرَةَ مِـــنْ الْمَسْـــجِدِ» **واتـە: « بەرماڵەكـەم بـۆ بێنـە لـە مزگەتەكـە». دەفـەرمووێ: مـنیش وتم مـن لـە بـێ نوێژیـدام، ئـەویش فـەرمووی:** «**إِنَّ حَيْضَـــتَكِ لَيْسَتْ فِي يَدِكِ** ». **واتە: « خۆ بێ نوێژیەكەت لە دەستەكانتا نیە»**[1].

**چوارەم:**

« عَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ كُنْتُ أَغْسِلُ رَأْسَ رَسُـولِ اللَّـهِ صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ وَأَنَـا حَائِضٌ».

«عَائِشَـــةَ» **خـوای لـێ ڕازی بـێ دەفـەرمووێ: سـەری پێغەمبـەرم«ﷺ»دەشـۆرد و خۆم لە بێ نوێژی دا بووم»**[2].

الطهارةسؤر الحائض – حديث : 60، ذكر ما ينقض الوضوء ومـا لا ينقضـه مؤاكلـة الحـائض والشرب من سؤرها والانتفاع بفضلها – حديث : 264. مسـند أحمـد بـن حنبـل – مسـند الأنصار الملحق المستدرك من مسند الأنصار – حديث السيدة عائشـة رضـي الله عنـها حـديث : 23772.

(1)**صحيح** مسلم – كتاب الحيض باب جواز غسل الحائض رأس زوجهـا وترجيلـه وطهـارة سـؤرها والاتكاء في – حديث : 476.سبق تخريجه.

(2)**صحيح** مسلم – كتاب الحيض باب جواز غسل الحائض رأس زوجهـا وترجيلـه وطهـارة سـؤرها والاتكاء في – حديث : 475. مستخرج أبي عوانـة – مبتـدأ كتـاب الحـيض والاستحاضـة بيان إباحة شرب سؤر الحائض – حديث : 696. سـنن الـدارمي – كتـاب الطهـارة بـاب الحائض تمشط زوجها – حديث : 1103. مسند أحمد بـن حنبـل – مسـند الأنصـار الملحـق المستدرك من مسند الأنصار – حديث السيدة عائشة رضي الله عنها حديث : 25359.

**پێنجەم:**

«أبـــوهريرة»**دەفــەرموێ: لەگــەڵ پێغەمبــەر«ﷺ» ڕێـم دەكـردو لەشـم گـران بـوو، جـا كاتێـك كـە دانیشـت، بـە ئەسـپایی خـۆم دوورخسـتەوەو ڕۆیشـتمو خـۆم شـۆرد، دوای كـە گەڕامــەوە فــەرمووی: لــە كـوێ بـووی؟ وتم لەشـم گـران بـوو پـێم نـاخۆش بـوو بـە لەشـگرانیەوە لەگـەڵت دانیشـم، بۆیـە ڕۆیشـتم خـۆم شـۆرد. پێغەمبـەر«ﷺ» فەرمووی:**

«إِنَّ الْمُؤْمِنَ لَا يَنْجُسُ». **واته:« ئیماندار هەرگیز پیس نابێ»**(1).

**شەشەم:**

«أُمَّ سَلَمَةَ»**ی خێزانی پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ:**

---

(1)صحيح مسلم - كتاب الحيض باب الدليل على أن المسلم لا ينجس - حديث : 582. مستخرج أبي عوانة - مبتدأ كتاب الطهارة باب في إباحة ترك الوضوء للمتغوط إذا أراد أن يطعم - حديث : 600. صحيح ابن حبان - كتاب الطهارة باب المياه - ذكر الخبر المدحض حديث : 1275. سنن أبي داود - كتاب الطهارة باب ما ينجس الماء - حديث : 59. سنن ابن ماجه - كتاب الطهارة وسننها باب مصافحة الجنب - حديث : 531. السنن الصغرى - سؤر الهرة صفة الوضوء - باب مماسة الجنب ومجالسته حديث : 269. السنن الكبرى للنسائي - ذكر ما ينقض الوضوء وما لا ينقضه مجالسة الجنب ومماسته - حديث : 255. السنن الكبرى للبيهقي - كتاب الطهارة جماع أبواب الغسل من الجنابة - باب ليست الحيضة في اليد والمؤمن لا ينجس حديث : 858. مسند أحمد بن حنبل - ومن مسند بني هاشم مسند أبي هريرة رضي الله عنه - حديث : 7030.

«بَيْنَمَا أَنَا مُضْطَجِعَةٌ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي الْخَمِيلَةِ إِذْ حِضْتُ فَانْسَلَلْتُ فَأَخَذْتُ ثِيَابَ حَيْضَتِي فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنُفِسْتِ قُلْتُ نَعَمْ فَدَعَانِي فَاضْطَجَعْتُ مَعَهُ فِي الْخَمِيلَةِ».

**واتە: «جارێکیان لەگەڵ پێغەمبەرﷺ ڕاکشابووم، سەرچەفێکم بەسەرەوە بوو، لەو کاتەدا کەوتمە بێ نوێژییەوە، بۆیە چووم پۆشاکی بێ نوێژیم لە بەرکرد، پێغەمبەرﷺ پێی فەرمووم: کەوتیتە بێ نوێژییەوە، وتم بەڵێ، بانگی کردمو لەگەڵم ڕاکشا لە ژێر سەرچەفەکەدا»**[1].

**حەوتەم:**

« عَائِشَةَ»«**خوای لێ ڕازی بێ» دەفەرمووێ:**

«كَانَتْ إِحْدَانَا إِذَا كَانَتْ حَائِضًا فَأَرَادَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنْ يُبَاشِرَهَا أَمَرَهَا أَنْ تَتَّزِرَ فِي فَوْرِ حَيْضَتِهَا ثُمَّ يُبَاشِرُهَا قَالَتْ وَأَيُّكُمْ يَمْلِكُ إِرْبَهُ كَمَا كَانَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَمْلِكُ إِرْبَهُ».

---

(1)**صحيح** البخاري - كتاب الحيض باب من سمى النفاس حيضا - حديث : 294. صحيح مسلم - كتاب الحيض باب الاضطجاع مع الحائض في لحاف واحد - حديث : 470. صحيح ابن حبان - كتاب الطهارة باب الحيض والاستحاضة - ذكر الإباحة للمرء أن يضاجع امرأته إذا كانت حائضا حديث : 1379. مستخرج أبي عوانة - مبتدأ كتاب الحيض والاستحاضة بيان إباحة مباشرة الحائض وبينهما ثوب من غير أن يقضي الرجل - حديث : 689. سنن الدارمي - كتاب الطهارة باب : مباشرة الحائض - حديث : 1078. السنن الصغرى - سؤر الهرة صفة الوضوء - باب مضاجعة الحائض حديث : 281. السنن الكبرى للنسائي - ذكر ما ينقض الوضوء وما لا ينقضه مضاجعة الحائض - حديث : 266. مسند أحمد بن حنبل - مسند الأنصار مسند النساء - حديث أم سلمة زوج النبي صلى الله عليه وسلم حديث : 26112.

**واتــە: « هــەر یــەك ئیمــە كــاتێ لــەبێ نوێــژی دا بووایــەو پێغەمبــەر«ﷺ» ئەگــەر ویســتبای ئیشــی ســەرجێی لەگــەڵ ئــەنجام بــدات، ئــەوا داوای لــێ دەكــرد عــەورەتی داپۆشــێ لــەكاتی خوێنەكەدا ،پاشــان ســەجێی لەگــەڵ دا دەكــرد. پاشــان عائشــە فــەرمووی: جــا كــێ هەیــە لــە ئێــوە كــە بتــوانێ شــەهوەتی خــۆی بگــرێ، وەكــو پێغەمبەر پێغەمبەر«ﷺ».** [1]

**ئەوەی لەو«حدیث»انەوە وەردەگیرێ ئەوەیە:**

**ســەرجێی لەگــەڵ خێزانــەكانی خــۆی دا كــردووە، لەكاتێــدا خێزانــەكانی لــە بــێ نوێــژی دا بــوون، عــەورەتی خێزانــانی بــە پارچــە قومــاش داپۆشــیوە، تــاوەكو عەورەتیان تێكەڵ بە یەك نەبێ.**

**وە ئیمامی**«النووي» **لە** «المجموع151/2» **دەفەرمووێ:**

«قال أصحابنا وغيرهم أعضاء الجنب والحــائض والنفســاء وعــرقهم طــاهر وهــذا لا خلاف فيه بين العلماء ونقل ابن المنذر الاجماع فيه».

**واتــە: «هاومەزهــەبانی ئێمــەو مەزهەبــەكانی تــریش لەســەر ئــەوەن كەجەســتەو عــەرەقی گیــانی كەســی لــەش گــران و ئــافرەتێ لــە بــێ نوێــژیو زەیســانی دا بــێ**

(1)**صحيح** البخاري - كتاب الحيض باب مباشرة الحــائض - حــديث : 298. صــحيح مســلم - كتاب الحيض باب مباشرة الحائض فــوق الإزار - حــديث : 467. مســتخرج أبي عوانــة - مبتدأ كتاب الحيض والاستحاضة بيان إباحة مباشرة الحائض وبينهما ثــوب مــن غــير أن يقضــي الرجل - حديث : 685. سنن أبي داود - كتاب الطهارة بــاب في الرجــل يصــيب منــها مــا دون الجماع - حديث : 242. سنن ابن ماجه - كتاب الطهــارة وســننها أبــواب التــيمم - باب ما للرجل من امرأته إذا كانت حائضاحديث : 632.

**پاکن، وە ئەمەش جیاوازی تێدا نییە لە نێوان زانایان و شەرعناسان دا، تەنانەت** « ابن المنذر » **ئیجماع و یەکدەنگی زانایانی نەقڵ کردووە».**

**هەروەها** « إبن المفلح » **لە** «المبدع شرح المقنع219/1» **دەفەرمووێ :**

« بدن الحائض وعرقها وسؤرها طاهر ولا يكره طبخها وعجينها وغير ذلك ولا وضع يديها على شيء من المائعات ذكره ابن جرير إجماعا».

**واتە: «ئافرەتێ کە لە بێ نوێژی دا بێ، جەستەو عەرەقی گیانو بەرماوەی خواردنو خواردنەوەی پاکن، وە خواردنو هەویری دەستیشی پاکەو هیچی تێدا نیە، وە نامەکروهیش نیە ئەگەر دەستی بکاتە ناو شلەمەنیشەوە، ئەمەش کەوترا**«أبن جرير»**ئیجماعی لەسەر نەقڵ کردووە».**

# باسی چوارەم

# چوونە مزگـەوتو مـانەوە تێیدا بۆ ئافرەتێ کە لە بێ نوێژی دا بێ

## ✍: چوونە مزگـەوتو مـانەوە تێیدا

دروستە بۆ ئافرەت لەکاتی بێ نوێژی بچێتە مزگەوتەوەو، تێیشیدا بمێنێتەوە[1].

**بەڵگەش بۆ ئەوە:**

**یەکەم:**

« عَائِشَةَ » دەفەرموێ: گەیشتمە مەکە بۆ حەج کردنو، لە بێ نوێژی دا بووم، نە تەوافم کردبوو، نە صەفاو مەروەش، حاڵی خۆم گێڕایەوە بۆ پێغەمبەر«ﷺ» ئەویش فەرمووی:

« افْعَلِي كَمَا يَفْعَلُ الْحَاجُّ غَيْرَ أَنْ لَا تَطُوفِي بِالْبَيْتِ حَتَّى تَطْهُرِي».

واتە « هەرچی حاجیەکان کردیان تۆش بیکە، تەنها ئەوەندە نەبێ تەواف نەکەی تا پاك دەبیتەوە»[2]

---

(1) **ئەمەش بۆ چوونی**«إبن حزم»و«إبن المنذر»و «مجاهد»و «سعيد بن جبير»و«قتادة»و«إبن عباس».

(2) **صحيح البخاري** - كتاب الحج- باب : تقضي الحائض المناسك كلها إلا الطواف بالبيت - حديث : 1577. صحيح مسلم - كتاب الحج باب بيان وجوه الإحرام - حديث : 2190. مستخرج أبي عوانة - كتاب الحج باب ذكر الخبر المبين أن فسخ الحج بعمرة لمن لا يكون - حديث : 2557. مستخرج أبي عوانة - كتاب الحج باب ذكر الخبر المبين أن فسخ الحج بعمرة لمن لا يكون - حديث : 2557. صحيح ابن حبان - كتاب الحج باب دخول مكة - ذكر الأمر للمرأة إذا حاضت أن تعمل عمل الحج خلا الطواف حديث : 3898 . السنن الكبرى للبيهقي - جماع أبواب وقت الحج والعمرة جماع أبواب الاختيار في إفراد الحج ، والتمتع بالعمرة - باب من اختار الإفراد ورآه أفضل حديث : 8265.

**ئەوەی لە(حدیث)ەكەوە وەردەگیرێ ئەوەیە:**

**پێغەمبەر«ﷺ»: بێ نوێژیەكەی« عَائِشَةَ»ی نەكرد بە بیانوو بۆ ئەوەی«عَائِشَةَ» نەچێتە كەعبەوە كە گەورەترینو پاكو پیرۆزترین مزگەوتە لە لای خودا، بەڵكو ڕێگەی پێدا كە بچێتە كەعبەوە لەكاتی حەجكردن داو هەر شتێك حاجیەكان كردیان ئەویش جێ بەجێیان بكات، تەنها ڕێگەی تەوافی لێگرتو پێی فەرموو تەواف مەكە هەتا پاك دەبیتەوە.**

**كەوابوو: بێ نوێژیەكەی ڕێگر نەبوو لە چوونی بۆ مزگەوت، بەڵكو ڕێگەشی پێ درا كە لەگەڵ حاجیەكاندا دروشمەكانی حەج ئەدا كات، تەنها تەواف نەبێ، چونكە تەواف وەكو نوێژەو پاكی مەرجە بۆ قەبوڵ بوونی.**

**جا ئەگەر بێ نوێژی ڕێگر بوایە لە چوونە مزگەوتەوە، ئەوا پێغەمبەر«ﷺ»ڕێگەی بە عائیشە نە ئەدا بچێتە پیرۆزترین مزگەوتەوە كە كەعبەیە.**

**دووەم:**

« عَائِشَةَ »**دەفەرمووێ:**

« وَلِيدَةً »**ئافرەتێكی ڕەش پێست بوو لای هۆزێكی عەرەب بوو، ئازادیانكرد. ئەویش هات بۆلای پێغەمبەر«ﷺ»و موسڵمان بوو، جا«عَائِشَةَ» دەفەرمووێ: « وَلِيدَةً »ژوورێكی بچووكی هەبوو لە مزگەتەكەدا[1].**

**ئەوەی لە(حدیث)ەكەوە وەردەگیرێ ئەوەیە:**

(1)صحيح البخاري - كتاب الصلاة أبواب استقبال القبلة - باب نوم المرأة في المسجد حديث : 430 .

ئــەم ئافرەتــە خــوای لــێ ڕازی بــێ، لەمزگــەوتی پێغەمبــەردا«ﷺ» دەمایــەوە، هەڵبــەت ژیــانی ئــافرەتیش بــە ســوڕی مانگانــەدا تــێ دەپــەڕێو تووشــی بــێ نوێــژی دەبــێ، لەگــەڵ ئــەوەش دا پێغەمبــەر«ﷺ» ڕێگــەی مانــەوەی لــێ نــەگرت بــەبیانووی ئــەوەی کــە ئــەم ئافرەتــە دەکەوێتــە بــێ نوێژیــەوە، وە پێیشــی نــەووتووە هــەرکات تووشــی بــێ نوێــژی هــاتی لەمزگــەوت دەربچــۆ، بــەڵکو بــەبێ هــیچ قەیــدو مــەرجێکی لــەو جــۆرە ڕێگــەی پێــدا لەمزگەوتەکــەدا بمێنێتــەوە، جامــادام ڕێگــەی لــێ نــەگرت، کەوابوو مانەوەی ئافرەت لەمزگەوت دا دروستە لەکاتی بێ نوێژیش دا.

**سێیەم:**

«أبـــوهريرة»دەفــەرموێ: لەگــەڵ پێغەمبــەر«ﷺ» ڕێــم دەکــردو لەشــم گــران بــوو، جــا کاتێــك کــە دانیشــت، بــە ئەســپایی خــۆم دوورخســتەوەو ڕۆیشــتمو خــۆم شوشــت، دوای کــە گەڕامــەوە فــەرمووی: لــە کــوێ بــووی؟ وتم لەشــم گــران بــوو پــێم نــاخۆش بـــوو بـــە لەشـــگرانیەوە لەگـــەڵت دانیشـــم، بۆیـــە ڕۆیشـــتم خـــۆم شوشـــت. پێغەمبەر«ﷺ» فەرمووی:

«إِنَّ الْمُؤْمِنَ لَا يَنْجُسُ» واتە:« ئیماندار هەرگیز پیس نابێ»[1].

**ئەوەی لە«حدیث»ەکەوە وەردەگیرێ ئەوەیە:**

مــادام ئیمانــدار پــاك بــێو لەشــگرانیو بــێ نوێــژی پیســی نــەکات، کــەوابوو: دروســت نییــە ڕێگــە لــە ئــافرەت بگیرێو مزگــەوتی لەســەر حــەرام بکــرێ بــە بیــانووی ئەوەی کە لە بێ نوێژی دایەو بەپیس تەماشابکرێ .

---

(1)**صحيح** مسلم - كتاب الحيض باب الدليل على أن المســلم لا يــنجس - حــديث : 582. ســبق تخريجه.

**چوارەم:**

«عَائِشَــــــةَ» **خــوای لــێ ڕازی بــێ دەفــەرمووێ: پێغەمبــەر«ﷺ» پێــی ووتم:** «نَــاوِلِينِي الْخُمْــرَةَ مِــنْ الْمَسْــجِدِ» **واتــە: « بەرماڵەكـەم بـۆ بێنـە لـە مزگەتەكـە». دەفــەرمووێ: منــیش وتم مــن لــە بــێ نوێژیــدام، ئــەویش فــەرمووێ:** «إِنَّ حَيْضَــتَكِ لَيْسَتْ فِي يَدِكِ » **واتە: « خۆ بێ نوێژیەكەت لە دەستەكانتدا نییە»[1].**

**ئەوەی لە«حديث»ەكەوە وەردەگیرێ ئەوەیە:**

**پێغەمبــەر«ﷺ» ڕێگــەی دا بــە** «عَائِشَــــةَ» **بچــێتە مزگەتــەوە، لەگــەڵ ئەوەشــدا** «عَائِشَةَ» **لە بێ نوێژی دا بوو.**

**پێنجەم:**

«مَيْمُونَة» **خوای لێ ڕازی بێ دەفەرمووێ:**

**پێغەمبــەر«ﷺ» ســەری لــە ژورەكــانی ئێمــەدا دادەنــاو قورئــانی دەخوێنــدو ئێمــەش لــە بێنوێــژی دا بــووین، وە ئێمــە ڕاخــەرو بەرماڵەكــەیمان بــۆ دەبــرد بــۆ مزگەوتو بۆیمان ڕادەخستو لە بێنوێژیش دا بووین[2].**

**ئەوەی لە«حديث»ەكەوە وەردەگیرێ ئەوەیە:**

---

(1)**صحيح** مسلم - كتاب الحيض باب جواز غسل الحائض رأس زوجهـا وترجيلـه وطهـارة سـؤرها والاتكاء في - حديث : 476.سبق تخريجه.

(2)**حسن**: السنن الصغرى - سؤر الهرة صفة الوضوء - بـاب بسـط الحـائض الخمـرة في المسـجد حديث : 272.- كتاب الحيض والاستحاضةبسـط الحـائض الخمـرة في المسـجد - حـديث : 384.السنن الكبرى للنسائي - ذكر ما ينقض الوضوء وما لا ينقضـه بسـط الحـائض الخمـرة في المسجد - حديث : 259. **قال الشيخ الألباني:حـديث حسـن،** أنظـر صـحيح وضـعيف سنن النسائي - (2 / 385/29).

خێزانــــەکانی پێغەمبــــەر«ﷺ» چــــونەتە مزگەوتـــەوەو ڕاخـــەریان بـــۆ پێغەمبـــەر«ﷺ» بـــردوەو بۆیـــان داخســـتوە، لـــە بـــێ نوێـــژیش دا بـــوونو بێغەمبەریش«ﷺ» ڕێی لێیان نەگرتوە .

✍ **بەڵام هەندێ لە زانایـــان بـــە حـــەرامی دەزانـــن کـــە ئـــافرەت لـــەکاتی بـــێ نوێـــژی دا بچـــێتە مزگەوتـــەوەو تێیـــدا بمێنێتـــەوە، بـــۆ ســـەلماندنی بۆچوونەکانیشیان هەندێ بەڵگە دێننەوە، بەڵگەکانیشیان ئەمانەن:**

**بەڵگەی یەکەمیان:**

بەشـــێك لـــە ئایەتەکـــەی ســـورەتی« النســـــاء: ٤٣» دەکەنـــە بەڵگـــە، کـــە خـــودا دەفەرمووێ:

﴿وَلَا جُنُبًا إِلَّا عَابِرِي سَبِيلٍ حَتَّىٰ تَغْتَسِلُوا﴾.

واتـــە: « لـــەکاتی لەشـــگرانیدا نزیکـــی نوێـــژ مەکـــەون، تـــا خۆتـــان دەشـــۆن، مەگـــەر ڕێبواربنو ئاوتان دەست نەکەوێ، ئەوجا بۆتان دروستە تەیەموم بکەن».

**جا ئەوان دەڵێن:**

خـــودای گـــەورە لـــەم ئایەتـــەدا قەدەغـــەی کـــردووەو ڕێگـــەی لێمـــان گرتـــووە کـــە نـــابێ نزیکـــی شـــوێنی نوێـــژکردن بکـــەوین ئەگـــەر لـــەشمان گـــران بـــوو، کـــە شـــوێنی نوێـــژکردنیش مزگەوتـــەکانن. جـــا مـــادام لەشـــگران لەســـەری حـــەرام بـــێو ڕێـــی مزگەوتی لێ گیرابێ، ئەوا ئافرەتێ کە لە بێ نوێژی دا بێ زیاتر دەیگرێتەوە.[1]

(1)المجموع للنووي2/250»و«المغني1/200»و«الحاوي1/384.

کەوابوو: ئەوان ﴿لَا تَقۡرَبُواْ ٱلصَّلَوٰةَ﴾ بە « لا تقربوا المصَلّى للصلاة» تفسیر دەکەن، واتە شوێنی نوێژ کە مزگەوتە. بۆیە مانای ﴿وَلَا جُنُبًا إِلَّا عَابِرِي سَبِيلٍ حَتَّىٰ تَغۡتَسِلُواْ﴾ دەگێڕنەوە بۆ شوێنی نوێژ کە مزگەوتە.

**وەڵام بۆ بەڵگەی یەکەمیان ئەوەیە کە دەڵێین:**

**خاڵی یەکەم** : سەبارەت بەمانای﴿لَا تَقۡرَبُواْ ٱلصَّلَوٰةَ﴾:

ئایەتەکە باسی مزگەوتی نەکردووە ، بەڵکو باسی نوێژ دەکات، بەڵگەمان بۆ ئەو لێکدانەوەیە ئەوەیە کە دەڵێین:

1- ئەگەر تەماشای ڕووکەش و«ظاهر»ی ئایەتەکە بکەین زۆر بە ڕوونی باسی نوێژ دەکات و ئەوەمان فێردەکات کە یەکێك لە مەرجەکانی دروستێتی نوێژ ئەوەیە کە نابێ نوێژخوێن لەشیگران بێ و، ئەگەر لەشیگرانیش بوو ویستی نوێژ بکات، ئەوا ئەگەر ئاوی دەست کەوت دەبێ خۆی بشوات، ئەگەرنا دەتوانێ تەیەموم بکات.

وەکو وتمان ڕووکەش و«ظاهر»ی ئایەتەکە باسی نوێژ دەکات، بۆیە گۆڕینی مانای نوێژەکە بۆ مزگەوت، لادان و گۆڕینی ئەو ڕووکەش و«ظاهر»یەی ئایەتەکەیە بۆ مانایەکی تر بەبێ قەیدێکی ڕاستودروست کە لە ئایەتەکەدا هەبێ . [1]

(1) المحلى 253/2.

وەکو دەفەرمووێ:

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَقۡرَبُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنتُمۡ سُكَٰرَىٰ حَتَّىٰ تَعۡلَمُواْ مَا تَقُولُونَ وَلَا جُنُبًا إِلَّا عَابِرِي سَبِيلٍ حَتَّىٰ تَغۡتَسِلُواْۚ ﴾ النساء: ٤٣.

**واتە: «ئەی ئەوکەسانەی وا باوەڕتان هێناوە، نزیکی نوێژ مەکەونەوە، لەکاتێکدا سەرخۆشن، تا بزانن لەکاتی نوێژەکەدا چ دەڵێن، وە هەروەها لەکاتی لەشگرانیشدا نزیکی نوێژ مەکەون، تا خۆتان دەشۆن، مەگەر ڕێبواربن و ئاوتان دەست نەکەوێ، ئەوجا بۆتان دروستە تەیەموم بکەن».**

**کەوابوو: ئایەتەکە باسی مزگەوتی نەکردووە، ناویشی نەهێناوە، تا بگوترێ مەبەست بە نوێژ شوێنی نوێژە«واتە مزگەوتە».**

2- **هەروەها ئەگەر تەماشای هۆکاری دابەزینی ئایەتەکەش بکەین، دەبینین دەربارەی نوێژ هاتۆتە خوارەوە، نەك دەربارەی مزگەوت .**

**ئیمامی**« عَلِيٍّ »**دەفەرمووێ:** « عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ عَوْفٍ » **خواردنێکی دروستکرد بۆمان و دەعوەتی کردین بۆ ئەو خواردنەو عەرەقیشی پێمان دا، ئەوەی لە عەرەقەکەی خواردەوە سەرخۆش بوو، جا کاتی نوێژ هات و منیان کرد بە پێش نوێژو سورەتی**« قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ »**م خوێندەوەو لێم تێکەڵ بوو**« لاَ أَعْبُدُ مَا تَعْبُدُونَ وَنَحْنُ نَعْبُدُ مَا تَعْبُدُونَ»**، جا خوای گەورە ئەم ئایەتەی ناردەخوارەوە: «ئەی ئەوکەسانەی وا باوەڕتان هێناوە، نزیکی نوێژ مەکەونەوە، لەکاتێکدا سەرخۆشن، تا بزانن لەکاتی نوێژەکەدا چ دەڵێن»**[1].

(1)**صحيح**: سنن الترمذي الجامع الصحيح - الذبائح أبواب تفسير القرآن عن رسول الله صلى الله عليه وسلم - باب : ومن سورة النساء حديث : 3035. مسند عبد بن حميد - من

**کەوابوو: بەپێی هۆکاری دابەزینی ئایەتەکە بێ، ئەو«صحاب»ە بەڕێزانە پێش ئەوەی عەرەق حەرام بکرێ، عەرەقیان خواردۆتەوەو بە سەرخۆشیەوە نوێژیان کردووەو، خوای گەورەش پێش ئەوەی بەیەکجاری عەرەقیان لەسەر حەرام بکات، فێریانی کرد نابێ بەسەرخۆشیەوە نوێژبکەن.**

**3- هەروەها لە ئایەتەکەوە کە خودا دەفەرمووێ:**

﴿حَتَّىٰ تَعۡلَمُواْ مَا تَقُولُونَ﴾: **، تا بزانن لەکاتی نوێژەکەدا چ دەڵێن. هەر سەلمێنەرە بۆ ئەوەی: کە** ﴿لَا تَقۡرَبُواْ ٱلصَّلَوٰةَ﴾ **مەبەست پێی نوێژە، نەك مزگەوت.**

**4- هەروەها ئەوەی کە وترا دەربارەی مانای** ﴿لَا تَقۡرَبُواْ ٱلصَّلَوٰةَ﴾**:**

**ئیمامی «الطبري» دەفەرمووێ:**﴿لَا تَقۡرَبُواْ ٱلصَّلَوٰةَ﴾**يعني**: «لا تصلوا وأنتم سكارى».[1]

**ئیمامی « مجاهد »دەفەرمووێ:**﴿لَا تَقۡرَبُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنتُمۡ سُكَٰرَىٰ حَتَّىٰ تَعۡلَمُواْ مَا تَقُولُونَ﴾« نهوا أن يصلوا وهم سكارى، ثم نسخها تحريم».[2]

**کەوابوو: لەوەوە دەرکەوت بۆمان کە مەبەست بە**﴿لَا تَقۡرَبُواْ ٱلصَّلَوٰةَ﴾ **نوێژە، نەك مزگەوت.**

---

مسند أبي الحسن علي بن أبي طالب رضي الله عنه حديث : 83. **قال الشيخ الألباني: صحيح**، أنظر صحيح سنن الترمذي(3026/238/5).

(1)تفسير الطبري375/8.

(2)تفسير الطبري377/8.

**جامادام: بەمەستیش بە﴿لَا تَقۡرَبُواْ ٱلصَّلَوٰةَ﴾ نوێژ بێ، کەوابوو: مانای ﴿وَلَا جُنُبًا إِلَّا عَابِرِي سَبِيلٍ حَتَّىٰ تَغۡتَسِلُواْ﴾ دەگێڕێتەوە بۆ﴿ٱلصَّلَوٰةَ﴾ نوێژەکە.**

**کەوابوو:**

**ماناکەی بەم شێوەیە:**«لا تقربوا الصلاة في حال السكر ... ولا تقربوا الصلاة في حال الجنابة» **واتە: نزیکی نوێژ مەکەون لەکاتی سەر خۆشی دا... وە نزیکی نوێژیش مەکەون لە کاتی لەشگرانی دا.**

**ئیمامی « ابن عباس » دەفەرمووێ:** ﴿وَلَا جُنُبًا إِلَّا عَابِرِي سَبِيلٍ حَتَّىٰ تَغۡتَسِلُواْ﴾ «يقول: لا تقربوا الصلاة وأنتم جُنب إذا وجدتم الماء، فإن لم تجدوا الماء فقد أحللتُ لكم أن تمسَّحوا بالأرض»[1]

**حاڵی دووەم:** سەبارەت بەمانای ﴿إِلَّا عَابِرِي سَبِيلٍ حَتَّىٰ تَغۡتَسِلُواْ﴾:

**مەبەست بە﴿عَابِرِي سَبِيلٍ﴾: ئەو کەسەیە کە لە سەفەردایەو توشی لەشگرانی دەبێو ئاوی دەست ناکەوێ خۆی بشوات، بۆیە مەجاڵی پێدراوە تەیەموم بکاتو نوێژەکەی بکات. نەك مەبەست بە﴿عَابِرِي سَبِيلٍ﴾ ئەو کەسە بێ کە بە مزگەوت دا تێدەپەڕێ [2].**

**ئیمامی« عَلِيّ »دەفەرمووێ:** ﴿إِلَّا عَابِرِي سَبِيلٍ حَتَّىٰ تَغۡتَسِلُواْ﴾ « إلا أن تكونوا مسافرين فلم تجدوا الماء، فتيمموا»[3].

---

(1)تفسير الطبري377/8.

(2)المحلى253/2.

(3) تفسير الطبري380/8

**ئیمـامی** « سـعید بـن جـبیر » **دەفـەرمووێ:** ﴿إِلَّا عَابِرِي سَبِيلٍ حَتَّىٰ تَغۡتَسِلُواْ﴾«المسافر»[1]

**ئیمـامی** « ابـن عبـاس » **دەفـەرمووێ:**﴿إِلَّا عَابِرِي سَبِيلٍ حَتَّىٰ تَغۡتَسِلُواْ﴾ « قـال: المسافر»[2].

**ئیمـامی** « مجاهـد » **دەفـەرمووێ:**﴿إِلَّا عَابِرِي سَبِيلٍ حَتَّىٰ تَغۡتَسِلُواْ﴾ « المسـافر، إذا لم يجد الماءَ فإنه يتيمم، فيدخلُه فيصلي »[3]

**کەوابوو:**

**مەبەسـت بـە**﴿ عَابِرِي سَبِيلٍ ﴾: **ئـەو کەسـەیە کـە لـە سـەفەردایەو توشـی لەشـگرانی دەبـێ، نـەك مەبەسـت ئـەو کەسـە بـێ کـە بـە مزگـەوت دا تێبپـەڕێ‌و لەشی گران بێ .**

**پوختەی قسە ئەوەیە:**

**ئایەتەکـە باسـی نوێـژ دەکـات، نـەك مزگـەوت، وە لەشـگرانیەکەش هـەر پەیوەنـدی بـە نوێژەکـەوە هەیـە کـە لـە ئایەتەکـەدا باسـکراوە، نـەك پەیوەنـدی بەمزگەوتەوە هەبێ و کە لە ئایەتەکەشدا باسنەکراوە.**

**کـەوابوو ئـەو ئایەتـە نابێتـە بەڵگـەو ئـەوە ناسـەلمێنێ کـە بـوترێ لەشـگران نـابێ تـوخنی مزگـەوت بکـەوێ . جامـادام نەبێتـە بەڵگـە بـۆ لەشـگران، کـەوابوو ناشـبێتە بەڵگە بۆ بێ نوێژی ئافرەتان.**

---

(1)تفسير الطبري380/8

(2)تفسير الطبري379/8

(3)تفسير الطبري380/8

**بەڵگەی دووەمیان:**

« عَائِشَةُ »**دەفـەرموێ:** «صَفِيَّةَ بِنْـتَ حُيَـيٍّ» **خێزانـی پێغەمبـەر** «ﷺ» **کەوتـە بـێ نوێژیـەوە دوای تـەوافی** «الإفاضـة».**دەفـەرموێ جـا منـیش بـۆ پێغەمبـەرم** «ﷺ»**گێڕایەوە ئەویش فەرمووی:**

« أَحَابِسَتُنَا هِيَ ». **واتە « گیری داین‌و دوامان دەخات ».**

**وتم ئـەی پێغەمبـەری خـودا**«ﷺ» **ئـەو تـەوافی** «الإفاضـة»**کـردوەو دوای ئـەوە کەوتوّتە بێ نوێژیەوە. فەرموێ:**

« فَلْتَنْفِرْ » **واتە « کەوابوو با بە ڕێکەوین».**(1)

**وەلاّم بۆ بەڵگەی دووەمیان ئەوەیە کە دەڵێین:**

**ئـەم فەرموودەیـە نابێتـە بەڵگـە بـۆ ئـەو کەسـانەی کـە دەڵـێن دروسـت نـی یـە بـۆ ئـافرەت لـەکاتی بـێ نوێـژی بچـێتە مزگەوتـەوەو، تێیـدا بمێنێتـەوە، چـونکە ئـەم فەرموودەیـە بـاس لـەوە دەکـات ئـافرەت لـەکاتی بـێ نوێـژی دا بـۆی دروسـت نییـە**

---

(1)**صحيح** البخاري - كتاب الحج-باب إذا حاضت المرأة بعد ما أفاضت - حديث : 1678 ، و كتاب المغازي -باب حجة الوداع - حديث : 4149. صحيح مسلم - كتاب الحج- باب وجوب طواف الوداع وسقوطه عن الحائض حديث : 2428. صحيح ابن خزيمة - كتاب المناسكجماع أبواب ذكر أفعال اختلف الناس في إباحته للمحرم - باب الرخصة في الجماع يوم النحر بعد الزيارة حديث : 2754. صحيح ابن حبان - كتاب الحج باب - ذكر الإخبار عن الإباحة للمرأة الحائض أن تنفر إذا كانت طافت حديث : 3965. موطأ مالك - كتاب الحج باب إفاضة الحائض - حديث : 928. سنن ابن ماجه - كتاب المناسك باب الحائض - حديث : 3069. سنن الترمذي الجامع الصحيح - أبواب الجمعة أبواب الحج عن رسول الله صلى الله عليه وسلم - باب ما جاء في المرأة تحيض بعد الإفاضة حديث : 901.

تـەواف بکـات، ئەمــەش ئـەوە دەسـەلێنێ کـە پـاکێتی ئـافرەت لـەبێ نوێـژی مەرجـە بۆ قـەبوڵ بـونی تەوافەکـەیو بـەبێ پـاکێتی بـۆی نـی یـە تـوخنی تـەواف بکـەوێ، نـەك پــاکێتی کرابــێ بەمــەرج بــۆ چــونە نــاو مزگەوتــەوە. لــەوەوە تێدەگــەین کــە فەرموودەکــە تایبەتــە بــە تــەوافو ســوڕانەوە بــەدەوری کەعبــەدا، نــەك چــونە مزگـەوتو مانـەوە تێیـدا، تایبەتمەندیەکەشـی بەتەوافـەوە ئەوەیـە بـێ نوێـژی ڕێگـرە لە تەواف، نەك بێ نوێژی ڕێگربێ لە چوونە مزگەوتەوە.

__کــەوابوو:__ ئــەم فەرموودەیــە هــیچ بەڵگەیـەکی تێـدا نــی یــە کــە بیســەلمێنێ چوونی ئافرەتو مانەوەی لە مزگەت دا لەکاتی بێ نوێژی دا حەرام بێ.[1]

__بەڵگەی سێیەمیان:__

« جَسْــرَةُ بِنْــتُ دَجَاجَــةَ » خـوای لـێ ڕازی بـێ دەفـەرمووێ: بیسـتم «عَائِشَــةَ» خــوای لــێ ڕازی بــێ دەیفــەرموو: پێغەمبــەر«ﷺ» هــات بــۆ مزگــەوتو بــینی دەرگــای مــاڵی هەنــدێ لــە هاوەڵــەکانی ڕوەو مزگەتەکــە کراوەتــەوەو ڕاســتەوخۆ دەچێتە مزگەتەکەوەو بە مزگەتەکەدا پێدەپەڕن.

پێغەمبەریش «ﷺ»فـەرمووی: « وَجِّهُــوا هَــذِهِ الْبُيُــوتَ عَــنْ الْمَسْــجِدِ » واتـە: «ڕووی ئەم دەرگایانە بگۆڕنو با بەناو مزگەتەکەدا نەکرێتەوە».

پاشــان پێغەمبــەر«ﷺ»گەڕایــەوە بــۆ مــاڵ، ئــەو هاوەڵانــەش دەرگاکانیــان دەســتکاری نــەکرد بــە ئومێــدی ئــەوەی خــودا ڕوخســەتو مــەجاڵیان بــۆ بنێــرێ.
پاشان پێغەمبەر«ﷺ»گەڕایەوە بۆ لایانو فەرمووی :

« وَجِّهُوا هَذِهِ الْبُيُوتَ عَنْ الْمَسْجِدِ فَإِنِّي لَا أُحِلُّ الْمَسْجِدَ لِحَائِضٍ وَلَا جُنُبٍ» .

---

(1)المحلى لإبن حزم 253/2.

**واتە « ڕووی ئەم دەرگایانە بگۆڕن و با بەناو مزگەتەکەدا نەکرێتەوە چونکە مزگەوت حەڵاڵ نییە بۆ ئافرەتێ کە لە بێ نوێژی دا بێ ، وە بۆ کەسێ کە لە شی گران بێ »[1] .**

(1)**قال الشيخ الألباني** في ضعيف أبي داود - الأم - (1 / 86)قلت: إسناده ضعيف؛ من أجل جسرة بنت دجاجة، قال البخاري:" عندها عجائب " . وقد ضعف الحديث جماعة، كما قال الخطابي، ومنهؤلاء: البيهقي وابن حزم، فقال: " هذا باطل " ، وأبو محمد عبد الحق،فقال: " لا يثبت ") .إسناده: حدثنا مسدد قال: ثنا عبد الواحد بن زياد قال: ثنا أَفْلَتُ بن خليفة قال: حدثتني جسْرَةُ بنت دِجاجة. قال أبو داود: " وهو فُلَيْت العامري " . قلت: ورجاله ثقات؛ غير جسرة بنت دجاجة؛ وليست بالمشهورة ثقةً وعدالةً، و لم يوثقها أحد من المتقدمين ممن يوثق بتوثيقهم، بل قد غمزها البخاري؛ ففي " المجموع " (160/2) :" رواه أبو داود وغيره، قال البيهقي: ليس هو بقوي. قال: قال البخاري: عند جسرة عجائب، وقد خالفها غيرها في سد الأ بواب. وقال الخطابي: ضعف جماعة هذا الحديث وقالوا: أفلت مجهول. وقال عبد الحق: هذا الحديث لا يثبت. فلت: وخالفهم غيرهم، فقال أحمد بن حنبل: لا أرى بأفلت بأساً. وقالالدارقطني: هو كوفي صالح. وقال أحمد بن عبد الله العجلي: جسرة تابعية ثقة. وقد روى أبو داود هذا الحديث و لم يضعفه، وقد قدمنا أن مذهبه أن ما رواه ولميضعفه، و لم يجد لغيره فيه تضعيفاً؛ فهو عنده صالح، ولكن هذا الحديث ضعفه من ذكرنا " ! قلت: قد بينا في مقدمة هذا الكتاب أنه لا يصح أن يعتمد على سكوت المصنف عن الحديث؛ لأسباب: منها كثرة الأحاديث الضعيفة في الكتاب-؛ مما سكت عنها أبو داود، وهاك الكتاب بين يديك شاهداً على ذلك. وعلة الحديث ليست هي أفلت؛ بل هي جسرة، وهي- وإن وثقها العجلي وكذا ابن حبان- فهما من المتساهلين في التوثيق، فلا يطمئن القلب لتوثيقهما؛ لا سيما مع تضعيف من ذكِر لحديثها؛ فلولا أنها غير حجة عندهم لما ضعفوه.ثم إنها لم يرو عنها من المعروفين غير أفلت هذا، وقد ذكر في " التهذيب " فيمن روى عنها غيره:" قدامة بن عبد الله العامري، ومحدوج الذهلي، وعمر بن عمير بن محدوج " . وكل هؤلاء مجهولون، بل قيل: إن قدامة هذا هو أفلت نفسه.وقد أشار البخاري لى أنها غير

حجة؛ لمخالفتها غيرها في هذا الحديث. ونص كلامه في ذلك- كما نقله البيهقي (443/2) -: " قال البخاري: وعند جسرة عجائب، وقال عروة وعباد بن عبد الله عن عائشة رضي الله عنها عن النبي صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: " سُدُوا هذه الأبواب إلا باب أبي بكر " ؛وهذا أصح " . قال البيهقي: " وهذا إن صح؛ فمحمول في الجنب على المكث فيه، دون العبور؛ بدليل الكتاب " . قلت: لكن قد جاءت أحاديث عن غير واحد من الصحابة في سدِّ الأبوابفي المسجد إلا باب علي؛ وقد أخرجها الحافظ في " الفتح " (11/7- 12) ، وساقألفاظها وطرقها، ثم قال " وكل طريق منها صالح للاحتجاج- فضلاً عن مجموعها- " . ثم جمع بينها وبين حديث عائشة المذكور؛ فليراجع. والمقصود هنا: أنه ليس في شيء من هذه الأحاديث المشار إليها ما في هذا الحديث من سد الأبواب كلها دون استثناء باب أبي بكر أو علي، كما أنه ليس فيها ما فيه من تعليل ذلك بقوله: " فإني لا أحل... " إلخ. فهذا مما يوهن من شأن هذا الحديث عندي؛ وإن كنت لم أجد من صرح بذلك قبلي. ثم إن له علة أخرى، وهي الاضطراب على جسرة كما يأتي. والحديث أخرجه البيهقي (442/2) من طريق المصنف. وأخرجه البخاري في " التاريخ الكبير " ، وفيه زيادة- كما قال المنذري-. قلت: ومن طريق البخاري: أخرجه البيهقي أيضاً: عن موسى بن إسماعيلعن عبد الواحد... والزيادة: " إلا لمحمد وآل محمد " . وأخرجه ابن ماجه (222/1) ، وابن أبي حاتم في " العلل " (1 رقم 269) من طريق أبي نعيم: ثنا ابن أبي غنِية عن أبي الخطاب الهجري عن مَحْدُوج الذهلِيعن جسرة قالت: أخبرتني أم سلمة قالت:دخل رسول الله صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ صرْحة هذا المسجد، فنادى بأعلى صوته: " إن السجد لا يحِل لجنب ولا لحائض " ؛ زاد ابن أبي حاتم: " إلا للنبي، ولأزواجه، وعلي، وفاطمة بنت محمد " . ثم قال: " قال أبو زرعة: يقولون: عن جسرة عن أم سلمة. والصحيح: عن عائشة " .قال: " قد روى أفلت بن خليفه عن جسرة عن عائشة عن النبي صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ... هذا الحديث؛ غير أنه لم يذكر فيه: " إلا للنبي ولأزواجه " ؛ وإنما يدل (كذا! ولعلالأصل: قال) : " لا يصلح لجنب ولا الحائض " فقط ". قلت: قد ثبتت هذه الزيادة في رواية البخاري كما سبق؛ وهي مما تزيد الحديث وهناً على وهن؛ فإن ابن القيم في " التهذيب " ذهب إلى أنها موضوعة. وأوردها ابن حزم في " المحلى " (185/2) من طريق أبي الخطاب الهجري، ثم قال: " وأما محدوج؛ فساقط،

يروي المعضلات عن جسرة. وأبو الخطاب الهجري مجهــول " ثم إن في قــول أبي زرعــة المتقــدم: " يقولون: عن جسرة " إشارة إلى أن محدوجاً لم يتفرد بهذا الإسناد، وهــو كــذلك، فقــد ذكــره ابن حزم من طريق عبد الوهاب عن عطاء الخفاف عن ابن أبي غنيــة عــن إسماعيــل عــن جســرة بنت دجاجة... به؛ وفيه الزيادة. ثم أعله ابن حزم بقوله: " وأما عطاء الخفــاف؛ فهــو عطــاء بــن مسلم، منكر الحديث، وإسماعيل مجهول " . قلت: هكــذا في " المحلــى " : " عبــد الوهّــاب عــن عطاء الخفاف " ، وقال مصححه الشيخ أحمد محمــد شــاكر: " في الميمنيــة: عبــد الوهــاب بــن عطاء الخفاف وهو خطأ " . قلت: وما في هذه النسخة: هو الموافق لما نقله ابــن القــيم عــن ابــن حزم؛ ولذلك أخذ يرد على ابن حزم تضعيفه إياه، ظناً منــه أنّــه عبــد الوهــاب بــن عطــاء، لا عطاء والد عبد الوهاب، ونقل كلمات الأئمة في الثناء عليه! وهو بــلا شــك أحســن حــالاً مــن أبيه. لكن الصواب أن الراوي هنا إنما هو والده عطاء، كمــا في النســخ الصــحيحة مــن " المحلــى " ، وهو ضعيف لسوء حفظه، وقد قال فيه ابن معين: " ليس بــه بــأس، وأحاديثــه منكــرات " . وهذا عمدة ابن حزم في قوله فيه: " منكر الحديث " .وعليه؛ فكــلام ابــن القــيم غــير وارد علــى ابن حزم. على أنه قد ختم تعقيبه عليه بقوله: " وبعد؛ فهذا الاستثناء باطــلٌ موضــوع مــن زيــادة بعض غلاة الشيعة، ولم يخرجه ابن ماجه في الحديث " . قلــت: قــد أخرجــه البخــاري وابــن أبي حاتم وابن حزم من الطرق الثلاث؛ فهي بــلا شــك ثابتــة في الحــديث؛ ومــدارها كلــها علــى جسرة، وقد عرفت حالها. وقد قال ابن حزم عقبها: " وهذا كلــه باطــل " . وممــا تقــدم بيانــه؛ تعلم أن قول الشــوكاني في " نيــل الأوطــار " (200/2) : " إن الحــديث صــحيح " - تبعــاً لابن خزيمة-! غير صحيح. وقوله: " قال ابن سيد الناس: ولعمــري إن التحســين لأقــل مراتبــه؛ لثقة رواته، ووجود الشواهد له من خارج " ! ففيه نظر بــين؛ لأن الشــواهد المشــار إليهــا: كــلا شواهد؛ لأن مدارها- كما علمت- على جسرة، ولم يرد من غــير طريقهــا مــن وجــه مقبــول؛ وإلا لذهبنا إليه. فقد رواه ابن حزم من طريق محمد بن الحسن بن زُبالــة عــن ســفيان بــن حمــزة عن كثير بن زيد عن المطلب بن عبد الله: أن رســول الله صَــلَّى اللَّــهُ عَلَيْــهِ وَسَــلَّمَ لم يكــن أذن لأحد أن يجلس في المسجد، ولا يمر فيه وهو جنب؛ إلا علي بــن أبي طالــب. وهــذا- مــع أنــه مرسل-؛ فإن ابن زبالة؛ قال المصنف وابن معين: " كــذاب " . زاد الأخــير: " خبيــث، لم يكــن بثقة ولا مأمون، يسرق " . وأخرجــه الترمــذي (300/2- طبــع بــولاق) ، والبــزار أيضــاً-

**وەڵاٌم بۆ بەڵگەی سێیەمیان ئەوەیە کە دەڵێین:**

**فەرموودەناسان و زانایانی** «أهل حديث» **پێمان دەفەرموون ئەم فەرموودەیە** «صحيح» **نی یەو لاوازە**«ضعيف»ە، **هەروەك فەرموودەناسی سەردەم** « شيخ الألباني » **باسی‌کردووە لە** «سنن أبوداود201/294/1، حديث ضعيف ضعفه شيخ الألباني في سنن أبوداود232/60/1، وفي مشكاة المصابيح462»، **وە لە پێش ئەویش دا زانایان و فەرموودەناسانی پێشین قسەیان لەسەر ئەو فەرموودە کردووەو بە لاوازیان داناوە.**[1]

**جامادام** «**حديث** »**ەکە** «**ضعيف**»**و لاواز بێ، کەوابوو کاری پێ ناکرێ و ناکرێتە بەڵگە بۆ نادروستێتی ئەم کارە**.

**پوختەی ئەم باسە:**

**دروستە بۆ ئافرەت لەکاتی بێ نوێژی بچێتە مزگەوتەوەو، تێیشیدا بمێنێتەوە.**

---

كما في " تخريج أحاديث الكشاف " (44/4 رقم 365) - من طريق سالم بن أبي حفصة عن عطية عن أبي سعيد... مرفوعاً: " يا علي! لا يحل لأحد أن يُجْنِب في هذا المسجد غيري وغيرك " . وقال الترمذي:" حديث حسن غريب، لا نعرفه إلا من هذا الوجه. سمع مني محمد بن إسماعيل هذا الحديث؛ فاستغربه " . قلت: وهذا من تساهل الترمذي؛ حيث حسنه. قال الحافظ ابن كثير في " تفسيره " (501/1) : " إنه حديث ضعيف لا يثبت؛ فإن سالماً هذا متروك، وشيخه عطية ضعيف " . ثم رواه البزار من رواية الحسن بن زياد عن خارجة بن سعد عن أبيه سعد... مثله سواءً، وقال: " لا نعلمه عن سعد إلا بهذا الإسناد " . قلت: وهو إسناد موضوع؛ فإن الحسن بن زياد: هو اللؤلؤي- تلميذ أبي حنيفة-وقد كذبه جماعة من الأئمة، كابن معين وغيره، وانظر " الضعيفة " (6285) .

(1)المحلى 252/2 .

# بەشی چوارەم

# ئەو ئەحکامانەی تایبەتمەندن بە نوێژەوە

- ✍ **باسی یەکەم: حوکمی نوێژکردن لەکاتی بێ نوێژی دا.**
- ✍ **باسی دووەم: نەگێڕانەوەی ئەو نوێژانەی کە نەکراون لەکاتی بێ نوێژی دا.**
- ✍ **باسی سێیەم: ئەنجامدانی نوێژەکانی کاتێ کە پاك دەبێتەوە:**
  - ✐خاڵی یەکەم: نوێژی ئەو کاتەی تێیدا پاك دەبێتەوە.
  - ✐خاڵی دووەم: نوێژی ئەو کاتەی تێیدا دەکەوێتە بێ نوێژیەوە.

## ✍ باسی یەکەم:

# حوکمی نوێژکردن لەکاتی بێ نوێژی دا

زانایـانو شەرعناسـان یەکـدەنگن لەسـەر ئـەوەی دروسـت نییـەو حەرامـە لەسـەر ئـافرەت لـەکاتی بـێ نوێـژی دا نوێـژ بکـات، وە ئەگـەر نوێـژیش بکـات، ئـەوە سـەرەڕای ئـەوەی نوێژەکـەی جێـی هـیچ نـاگرێ، بـەڵکو تـاوان بـاریش دەبـێ لەسەری.(1).

**بەڵگەش بۆ ئەوە:**

**یەکەم:**

**پێغەمبەر**«ﷺ» **بە**« فَاطِمَةَ بِنْتَ أَبِي حُبَيْشٍ » **فەرموو:**

1- « دَعِي الصَّلَاةَ قَدْرَ الْأَيَّامِ الَّتِي كُنْتِ تَحِيضِينَ فِيهَا ثُمَّ اغْتَسِلِي وَصَلِّي».

**واتـە: « مـاوەی ئـەو ڕۆژانـەی دەکەویتـە بـێ نوێژیـەوە، واز لەنوێـژ کـردن بهێنـەو نوێژ مەکە، دوای ئەوە خۆت بشۆو نوێژ بکە»**(2).

2- « دَعِى الصَّلاَةَ أَيَّامَ حَيْضِكِ».

**واتە: « وازلە نوێژکردن بهێنە لە ڕۆژانی بێ نوێژیتدا »**(3)

---

(1)الإجماع لإبن المنذر37، والمحلى 238/2.

(2)صحيح البخاري - كتاب الحيض- باب إذا حاضت في شهر ثلاث حيض - حديث : 323. سنن الدارقطني - كتاب الحيض-حديث : 684.

(3)**صحيح**: مسند أحمد بن حنبل - مسند الأنصار- الملحق المستدرك من مسند الأنصار - حديث السيدة عائشة رضي الله عنها- حديث : 23589. المعجم الكبير للطبراني - باب الفاء - فاطمة بنت أبي حبيش بن المطلب بن أسد بن عبد العزى - حديث : 20723. **قال الشيخ الألباني:حديث صحيح**، أنظر صحيح أبي داود(315/100/2).

**3–** « فَإِذَا أَقْبَلَتْ الْحَيْضَةُ : فَاتْرُكِي الصَّلاةَ فِيهَا ، فَإِذَا ذَهَبَ قَدْرُهَا فَاغْسِلِي عَنْك الدَّمَ وَصَلِّي».

**واتە: « هەركات كەوتیتە بێ نوێژیەوە، ئەوا واز لە نوێژ بهێنە، وەهەركات ماوەی بێ نوێژیەكەت نەماو پاك بویتەوە، ئەوا شوێنەواری خوێنەكە بشۆو دەست بكە بە نوێژ»**[1]

**دووەم:**

**لەبەر ئەوەی پاكێتی مەرجە بۆ قەبوڵ بوونی نوێژو، بەبێ پاكێتی خودا نوێژ لە هیچ كەس وەرناگرێت.**

« لَا تُقْبَلُ صَلَاةٌ بِغَيْرِ طُهُورٍ».

**واتە: «بە بێ پاكێتی نوێژ وەرناگیرێو قەبوڵ ناكرێ»**[2]

---

(1)**صحيح البخاري** – كتاب الحيض– باب الاستحاضة – حديث : 302. مستخرج أبي عوانة – مبتدأ كتاب الحيض والاستحاضة– باب في المستحاضة – حديث : 713. سنن الدارمي – كتاب الطهارة– باب في غسل المستحاضة – حديث : 812. السنن المأثورة للشافعي – باب ما جاء في الصلاة على الراحلة حديث : 131. سنن الدارقطني – كتاب الحيض– حديث : 677. معرفة السنن والآثار للبيهقي – كتاب الحيض– المستحاضة المميزة – حديث : 563 . مسند الشافعي – ومن كتاب ذكر الله تعالى على غير وضوء –حديث : 1372.

(2)**صحيح مسلم** – كتاب الطهارة– باب وجوب الطهارة للصلاة – حديث : 355. سنن الترمذي الجامع الصحيح – أبواب الطهارة عن رسول الله صلى الله عليه وسلم– باب ما جاء لا تقبل صلاة بغير طهور – حديث : 1. مستخرج أبي عوانة – مبتدأ كتاب الطهارة– الدليل على إيجاب الوضوء لكل صلاة وأنها لا تقبل إلا من – حديث : 487. السنن الصغرى – كتاب الزكاة– باب الصدقة من غلول – حديث : 2489. مصنف عبد

## ✍ باسی دووەم
## نەگێڕانەوەی ئەو نوێژانەی کە نەکراون لەکاتی بێ نوێژی دا

ئەو نوێژانەی لەکاتی بێ نوێژدا نەکراون گێڕانەوەیان نییە، چونکە خودای زاناوکارلەجێ نوێژی لەسەر ئافرەت لابردووە لەکاتی بێ نوێژی دا، بۆیە گێڕانەوەی ئەو نوێژانەشی نەخستوّتە ئەستۆی، ئەمەش کە وترا زانایانو شەرعناسان یەکدەنگن لەسەری.(1)

**بەڵگەش بۆ ئەوە:**

ئافرەتێك پرسیاری کرد لە « عَائِشَةَ » ووتی: ئەو نوێژانەی وا لەکاتی بێ نوێژی دا نەکراون دەبێ بیان گێڕینەوە؟ فەرمووی:

«قَدْ كَانَتْ إِحْدَانَا تَحِيضُ عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ثُمَّ لَا تُؤْمَرُ بِقَضَاءٍ».

---

الرزاق الصنعاني - كتاب الجهاد- باب الغلول - حديث : 9211. مصنف ابن أبي شيبة - كتاب الطهارات- من قال لا تقبل صلاة إلا بطهور - حديث : 29. السنن الكبرى للنسائي - كتاب الطهارة- فضل الوضوء - حديث : 77. السنن الكبرى للبيهقي - كتاب الصلاة-جماع أبواب الكلام في الصلاة - باب من أحدث في صلاته قبل الإحلال منها بالتسليم-حديث : 3144. مسند أحمد بن حنبل - ومن مسند بني هاشم- مسند عبد الله بن عمر رضي الله عنهما - حديث : 4952.

(1)الإجماع لإبن المنذر(37/2) والمحلى( 238/2)، بداية المجتهد(40/1)، نيل الأوطار(280/1)، كشف القناع( 197/1).

واتـــە: « ئێمـــە لەســـەردەمی پێغەمبـــەردا«ﷺ» دەکەوتینـــە بـــێ نوێژیـــەوەو پێمان نەدەگوترا نوێژەکانمان بگێڕنەوەو فەرمانی پێمان نەدەکرد»(1)

## ✍ باسی سێیەم

# ئەنجامدانی نوێژەکانی کاتێ کە پاك دەبێتەوە

✍خاڵی یەکەم: نوێژی ئەو کاتەی تێیدا پاك دەبێتەوە.

✍خـــاڵی دووەم: نوێـــژی ئـــەو کاتـــەی تێیـــدا دەکەوێتـــە بـــێ نوێژیەوە.

### ✍خاڵی یەکەم: نوێژی ئەو کاتەی تێیدا پاك دەبێتەوە:

ئـافرەت نوێـژی ئـەو کاتـەی لەسـەر فـەرز دەبـێ کـە تێیـدا پـاك دەبێتەوە،بۆیـە پێویســتە هەرکــە پــاك بوویــەوە دەســت بــەجێ خــۆی بشــوات‌و نوێژەکــەی بکــات، ئەگـەر ئـاوی دەسـت کـەوت‌و توانـای خـۆ شـۆردنی هـەبوو، ئەگـەر نـا دەبـێ تەیـەموم بکات‌و، نوێژەکەی لە دەست خۆی نەدات.

بەڵگەش بۆ ئەوە:

پێغەمبەر«ﷺ» بە« فَاطِمَةَ بِنْتَ أَبِي حُبَيْشٍ » فەرموو:

---

(1)**صحيح مسلم** - كتاب الحيض- باب وجـوب قضـاء الصـوم علـى الحـائض دون الصـلاة - حديث : 532. سنن الدارمي - كتـاب الطهـارة -بـاب في الحـائض تقضـي الصـوم ولا تقضي الصلاة - حديث : 1013. السنن الكبرى للنسـائي - كتـاب الصـيام- الحـث علـى السحور - وضع الصيام عن الحائض- حديث : 2586. معرفـة السـنن والآثـار للبيهقـي - كتاب الحيض- لا تقضي حائض الصلاة - حديث:561 .

« فَإِذَا أَقْبَلَتْ الْحَيْضَةُ : فَاتْرُكِي الصَّلَاةَ فِيهَا ، فَإِذَا ذَهَبَ قَدْرُهَا فَاغْسِلِي عَنْك الدَّمَ وَصَلِّي».

**واتە: « هەركات كەوتيتە بێ نوێژيەوە، ئەوا واز لە نوێژ بهێنە، وەهەركات ماوەی بێ نوێژيەكەت نەماو پاك بويتەوە، ئەوا شوێنەواری خوێنەكە بشۆو دەست بكە بە نوێژ»[1].**

**<u>ئەوەی لەم«حديث»ەوە وەردەگيرێت ئەوەيە:</u>**

**پێغەمبەر«ﷺ» ئەوەندە مۆڵەتی داوە نوێژ نەكات هەتا لە بێ نوێژی دا بێو لە خوێن دا بێ، ئەگەر ماوەی بێ نوێژيەكەی نەما، مۆڵەتی نوێژ نەكردنيشی نامێنێ« فَإِذَا ذَهَبَ قَدْرُهَا فَاغْسِلِي عَنْك الدَّمَ وَصَلِّي».**

**ئەمەش كە وترا زانايانو شەرعناسان يەكدەنگن لەسەری.[2] .**

**<u>ڕونكردنەوەيەك:</u>**

**ئەو نوێژەی كە ئافرەت دەيكات بۆ ئەوەی جێی خۆی بگرێ سەرەڕای مەرجەكانی تر پێويستی بە دوو مەرج تر هەيە :**

**<u>يەكەميان:</u> دەبێ لە بێ نوێژيەكەی پاك بووبێتەوەو، لە خوێن بڕێ.**

**<u>دووەميان:</u> دەبێ خۆی بشواتو غوسڵ بكات.**

**جا ئەو مەجاڵ و ڕوخسەتەی كە بە ئافرەت دراوەو نوێژی لەسەر هەڵگيراوەو بە نەكردنی نوێژەكانی تاوانبار نابێ، پەيوەندی بە بوونی خوێنەكەوە هەيە، واتە خوێنەكەيە دەبێتە هۆكاری لاچوونی نوێژ لەسەر ئافرەت.**

---

(1)صحيح البخاري - كتاب الحيض- باب الاستحاضة - حديث : 302. سبق تخريجه .

(2)الإجماع لإبن المنذر(37/2) والمحلى (238/2)، بداية المجتهد(40/1)، نيل الأوطار(280/1)، كشف القناع (197/1).

کەوابوو هەرکات کەوتە بێ نوێژیەوە دەستبەجێ دەبێ واز لە نوێژ بهێنێ، ئەگەر لەناو نوێژیش دا بێ، وە هەتا خوێنەکە بەردەوام بێ نوێژیشی لەسەر نامێنێ، وە کە خوێنەکە نەماو پاك بوەوە دەستبەجێ نوێژی لەسەر فەرز دەبێ.

وەکو وتمان خوێنەکەیە دەبێتە هۆکاری لاچوونی نوێژ لەسەر ئافرەت، بۆیە کە خوێنەکە نەماو پاك بوەوە دەستبەجێ نوێژی لەسەر فەرز دەبێ، نەك وابزانێ هەتا خۆی نەشوات و غوسڵ نەکات نوێژیشی لەسەر نییە.

کەوابوو: خۆنەشۆردنی نابێتە بیانوو بۆ ئەوەی بوترێ نوێژی لەسەر نییە، چونکە خۆنەشۆردنی وەکو ئەوە وایە دەست نوێژی نەبێ، هەرکاتێکیش کاتی نوێژ هات بێ دەست نوێژی ناکرێتە بیانوو پاساو بۆ ئەوەی نوێژ نەکات، بەڵکو پێویستە دەست نوێژ بگرێ و نوێژەکەی ئەدا بکات، ئەمەشتێکی روونە، خۆشۆردنەکەشی هەروایە و ناکرێتە بیانوو بۆ ئەوەی نوێژ نەکات.

کەوابوو هەڵەیە ئەگەر وا تێبگات هەتا خۆی نەشوات هەر لە بێ نوێژدایە، بەداخەوە کە زۆرێك لە ئافرەتان کەمتەرخەمن و گوێ بەوە نادەن و، وا تێگەیشتوون هەتا خۆی نەشوات نوێژی لەسەر فەرز نییە.

## ✐ خاڵی دووەم: نوێژی ئەو کاتەی تێیدا دەکەوێتە بێ نوێژیەوە:

ئەگەر ئافرەتێك کەوتە بێ نوێژیەوە لەکاتێکدا کاتی نوێژ بوو، بەڵام لەو ساتە وەختەی کە پاك بووە نوێژەکەی نەکردبێ، بۆ نمونە لەدوای بانگی نیوەڕۆ دەکەوێتە بێ نوێژیەوە و،لەو ماوەیەی کە پاك بوو نوێژەکەی نەکردووە و دوای ئەوە توشی بێ نوێژی دەبێ، ئەوا سەبارەت بە حوکمی ئەو

نوێــژەی کــە لــە دەســتی چــووە زانایــانو شەرعناســان بۆچــونیان جیایــە، کــە ئایــا لــە دوای پاك بوونەوە پێویست دەکات بیگێڕێتەوە یاخود نا؟

**بەڵام ئــەوەی زیــاتر پەســەنتربێ‌و بەڵگــەو دەلیلــی بــەهێزتر بــێ، ئەوەیە کە دەڵێن گێڕانەوەی لەسەر نییە. چونکە:**

1- هــەر واجبێــك لــە توانــاو دەســەڵاتی ئینســان چــووە دەرەوە،ئــەوا لــە نــەکردنی تاوانبار نابێ:

لەبەرئــەوەی ئــەم حاڵەتــە کتــوپڕەش توشــی ئــەم ئافرەتــە بــووە بــەدەرە لــەتواناو ویســتی خــۆی‌و لەســنوری دەســەلاتی خــۆی دا نییــە، بۆیــە تاوانبــاریش نــابێ بــەهۆی لە دەستچونی ئەو نوێژەوە[1].

2- هــەر نوێــژێك بــەبێ بیانویــەکی شــەرعی لەدەســت بــدرێ‌و لــەکاتی خۆیــدا نەکرێ، ئەوا جێی هیچ ناگرێ:

لەبــەر ئــەوەی خــوداو پێغەمبەرەکــەی«ﷺ»کــاتێکی دیــاری کــراوو ســنورداریان دانــاوە بــۆ هــەر نوێــژێك، ســەرەتای کــاتی نوێــژو کۆتــایی کــاتی نوێژەکــەیان دەستنیشــان کــردوە، بۆیــە هــەر نوێــژێك کــاتێکی دیــاریکراوی خــۆی هەیــە کــە نوێــژی تێــدا دەکــرێ، جــا هــەروەك چــۆن ئەگــەر کەســێك نوێــژێك بکــات پــێش ئــەوەی کــاتی نوێژەکــەی بــێ، نوێژەکــەی جێــی هــیچ نــاگرێ، بەهــەمان شــێوە ئەگــەر کەســێکیش نوێــژێك بکــات دوای ئــەوەی کــاتی نوێژەکــەی تــەواو بــووبێ، ئــەوا نوێژەکــەی ئــەویش جێــی هــیچ نــاگرێ، چــونکە هەریەکــەیان نوێژەکــەی لــەدەرەوەی ئــەو ســنورەدا کــردوە کــە شــەرع دیــاری کــردووە. کــەوابوو هــەر نوێــژێك لــەو ســنورەکاتیەی خــۆی دا

(1)المحلى239/2،مجموعة فتاوى335/23.

نـەكرێو، بـەبێ بیانوویـەكی شـەرعی دوابخـرێ، ئـەوا پێـی نـاوترێ نوێژەكـەی لـەكاتی خۆی دا كردووە، كە ئەوەشی پێ نەوترێ كەوابوو: نوێژەكە جێی هیچ ناگرێ [1].

جـا ئـەو ئافرەتـەش كـە بـەهۆی حاڵـەتێكی كتـوپڕی وەكـو بـێ نوێـژی نوێژەكـەی لەدەست دەچـێ، ئـەوا لەهـەر كـاتێكی تـردا بیكـات، جێـی هیچـی بـۆ نـاگرێ چـونكە لەو كاتە دیاری كراووسنوردارەكەی خۆی دا نەیكردووە.

3- قەزاكردنەوەو گێڕانەوە تیماری نوێژی فەوتاوی پێ ناكرێ:

وە ئەگـەر ناویشـی لـێ بنـێن قەزاكردنـەوەو گێڕانـەوە، ئـەوەش چارەسـەرو دەرمـان نییـە بـۆ كێشـەكە، چـونكە پێویسـتە بـە بەڵگـەی قورئـانو سـوننەت بسـەلمێ كـە نوێـژی فـەوتاو بـە قەزاكردنـەوەو گێڕانـەوە تیمـاردەكرێو چارەسـەردەبێ، جـا لەبـەر ئـەوەی نـە قورئـانو نەسـوننەت باسـی قەزاكردنـەوەو گێڕانـەوەی نوێـژیان نـەكردوە، كەوابوو: قەزاكردنەوە بەهیچ شێوازێك تیماری نوێژی فەوتاویان پێناكرێ.[2]

4- قیاس و پێوانەكردنێكی نادروست:

یـان پێدەچـێ بـووترێ ئـەم حاڵەتـە كتـوپڕەی توشـی ئـەم ئافرەتـە بـووە، بیانوویـەكی شـەرعی هەیـە كـە نوێژەكـەی لـە دەسـت چـووە، وەكـو چـۆن كەسـێكی خـەوتوو، خەوەكـەی بـۆ دەبێتـە بیـانووعوزرو، مۆڵـەتی پێـدراوە دوای ئـەوەی كـە بەخـەر هـات نوێژەكـەی بكاتـەوە، ئـافرەتیش بـێ نوێژیەكـەی بـۆ دەبـێ بـە بیـانوو، دوای ئەوەی كە پاكەوە بوو بیگێڕێتەوە!!!!

لەوەلامدا: دەڵێین:

(1)المحلى 239/2 .

(2)المحلى 239/2.

**أ- ئەوەی کە خەوتووەو بەخەبەردێ‌و نوێژەکەی دەکات، کردنی نوێژەکەی پێی ناوترێ گێڕانەوەو قەزاکردنەوە، چونکە کاتی نوێژ بۆ کەسێکی خەوتوو بەسەر نوێژدا ئەو کاتەیە کە بە خەبەر دێ، کەوابوو ئەوکاتەی ئەو نوێژەکەی دەکات کاتی نوێژەکەیە بۆ ئەو، چونکە بیانوویەکی هەیەو شەرع بۆی کردووە بە بیانوو.**

«مَنْ نَسِيَ صَلَاةً أَوْ نَامَ عَنْهَا فَكَفَّارَتُهَا أَنْ يُصَلِّيَهَا إِذَا ذَكَرَهَا».

**واتە«هەرکەس نوێژێکی بیر چوو یان خەوتبوو بەسەری دا، ئەوا کەفارەتەکەی ئەوەیە هەرکات وە بیر هاتەوە بیکات»**[1].[2]

**ب- ئەو فەرموودەیە تایبەتە بەو دوو بیانووە شەرعیەوەو، ئەم حاڵەتەی ئافرەتی تێدا جێ نابێتەوە، چونکە ئەو ئافرەتە نەخەوتووە، نەلە بیریشی چووە. خۆ ئەگەر پیشتر خەوتبوو وەختێکیش بەخەر هات کاتی نوێژەو لە ناو خەوەکەدا کەوتۆتە بێ نوێژیەوە یان لە وەختەی بەخەبەر دێ دەکەوێتە بێ نوێژیەوە،**

---

(1)**صحيح** مسلم - كتاب المساجد ومواضع الصلاة باب قضاء الصلاة الفائتة - حديث : 1138 . صحيح ابن خزيمة - جماع أبواب المواضع التي تجوز الصلاة عليها جماع أبواب صلاة الفريضة عند العلة تحدث - باب ذكر الدليل على أن أمر النبي صلى الله عليه وسلم حديث : 935. صحيح ابن حبان - كتاب الصلاة فصل في الأوقات المنهي عنها - ذكر البيان بأن الزجر عن الصلاة في هذه الأوقات التي ذكرناها حديث : 1575. سنن الدارمي - كتاب الصلاة باب من نام عن صلاة أو نسيها - حديث : 1255. مصنف ابن أبي شيبة - كتاب الصلاة الرجل ينسى الصلاة أو ينام عنها - حديث : 4671. السنن الكبرى للنسائي - سورة الرعد سورة الإخلاص - حديث : 11268. السنن الكبرى للبيهقي - كتاب الصلاة جماع أبواب صفة الصلاة - باب لا تفريط على من نام عن صلاة حديث : 2960.

(2)مجموعة فتاوى335/23.

ئەمەش هەر ناکرێتە قیاس‌و پێوەر، چونکە وەکو وتمان کاتی نوێژ بۆ کەسێکی خەوتوو بەسەر نوێژدا ئەو کاتەیە کە بە خەبەر دێ، ئەمیش لە کاتێکدا بەخەبەر هاتووە لە بێ نوێژی دایە، کەوابوو نەخەوەکەی و نە بێ نوێژیەکەی نابێ قیاس بکرێتە سەر ئەو فەرموودەیەی باسی خەوتن دەکات.

# بەشی پێنجەم

# ئەو ئەحکامانەی تایبەتمەندن بە ڕۆژووەوە

- ✍ باسی یەکەم: ڕۆژوگرتن لە کاتی بێ نوێژی دا.
- ✍ باسی دووەم: گێرانەوەی ئەو ڕۆژوانەی کە بە هۆی بێ نوێژیەوە لە دەست چوون.
- ✍ باسی سێیەم: توش بوون بەبێ نوێژی لەکاتی بە ڕۆژووبوون دا.
- ✍ باسی چوارەم: پاکبوونەوە لە ڕۆژانی ڕۆژوو دا.
- ✍ باسی پێنجەم: پاکبوونەوە لە شەوداو، دواخستنی خۆشۆردن بۆ دوای بانگی بەیانی.

## ✍ باسی یەکەم
## ڕۆژوگرتن لە کاتی بێ نوێژی دا

**دروست نی یە بۆ ئافرەت لەکاتی بێ نوێژی دا ڕۆژو بگرێت، ئیتر جیاوازی نییە ڕۆژوی فەرز بێ یان سوننەت، ئەگەر بیشیگرێت ئەوە جێی هیچ ناگرێ بۆی.**

**ئەمەش کە وترا زانایانو شەرعناسان یەکدەگن لەسەری.**[1]

**بەڵگەش بۆ ئەوە:**

« مُعَاذَةَ» **ئافرەتێك بوو دەڵێ: پرسیارم کرد لە** « عَائِشَةَ» **ووتم: ئەوە بۆ ئافرەتێ کە لە بێ نوێژی پاك دەبێتەوە ڕۆژوو دەگێڕێتەوە، بەلاّم نوێژەکانی ناگێڕێتەوە؟**

« عَائِشَةَ»**ش ووتی:**

« كَانَ يُصِيبُنَا ذَلِكَ فَنُؤْمَرُ بِقَضَاءِ الصَّوْمِ وَلَا نُؤْمَرُ بِقَضَاءِ الصَّلَاةِ».

**واتە: «ئێمە لەسەردەمی پێغەمبەردا«ﷺ» دەکەوتینە بێ نوێژیەوە، داوامان لێ دەکرا ڕۆژووەکانمان بگێڕینەوە، بەلاّم داوامان لێ نەدەکرا نوێژ بگێڕینەوە».**[2]

**ئەوەی لەم«حدیث»ەوە وەردەگیرێ ئەوەیە:**

(1)الإجماع لإبن المنذر ص43، المحلى 238/2، المغني397/4،كشاف القناع197/1.

(2)**صحيح مسلم** - كتاب الحيض باب وجوب قضاء الصوم على الحائض دون الصلاة - حديث : 534. معرفة السنن والآثار للبيهقي - كتاب الحيض لا تقضي حائض الصلاة - حديث : 562.

لەسەردەمی پێغەمبەردا«ﷺ» ئافرەتان لە ڕۆژانی مانگی ڕەمەزاندا كە بكەوتنایەتە بێ نوێژیەوە دەستیان لە ڕۆژوو هەڵدەگرتو ڕۆژویان نەدەگرت.

لەوەوە دەتوانین بڵێین:

هەروەك چۆن پاك بوونەوە لە بێ نوێژی یەكێكە لە مەرجەكانی دروستێتی نوێژو، بوونی خوێنی بێ نوێژی ڕێگرە لە نوێژكردن، بەهەمان شێوە پاكبوونەوە یەكێكە لە مەرجەكانی دروستێتی ڕۆژوو بۆ ئافرەتانو بوونی خوێنی بێ نوێژی ڕێگرە لە ڕۆژووگرتن.

## ✍ باسی دووەم

## گێڕانەوەی ئەو ڕۆژوانەی كە بە هۆی بێ نوێژیەوە لە دەست چوون

ڕۆژووگرتنی ئەو ڕۆژانەی كە بە هۆی بێ نوێژیەوە لە دەستی چوون لە مانگی ڕەمەزاندا، واجبە لەسەر ئافرەت بیانگێڕێتەوەو قەزایان بكاتەوە لە هەر مانگێكی تری ئەو ساڵەدا، خۆ ئەگەر بكەوێتەوە ساڵێكی تر، ئەوە هەرچەندە كارێكی ناپەسەندی كردووە، بەڵام ڕۆژووەكەی لەسەری دەكەوێو جێگای قەرزاریەكەی بۆ پڕدەكاتەوە.

هەروەك چۆن زانایانو شەرعناسان یەكدەنگن لەسەر نادروستێتی ڕۆژوو بۆ ئافرەتێ كە لە بێ نوێژی دا بێ، بەهەمان شێوە یەكدەنگن لەسەر واجب بوونی گێڕانەوەی ڕۆژەووە فەرزەكان، بە بەڵگەی«حدیث»ەكەی«عَائِشَةَ»كە فەرمووی:

« كَانَ يُصِيبُنَا ذَلِكَ فَنُؤْمَرُ بِقَضَاءِ الصَّوْمِ وَلَا نُؤْمَرُ بِقَضَاءِ الصَّلَاةِ».

**واتە: «ئێمە لەسەردەمى پێغەمبەردا«ﷺ» دەكەوتینە بێ نوێژیەوە، داوامان لێ دەكرا ڕۆژووەكانمان بگێڕینەوە، بەلاَم داوامان لێ نەدەكرا نوێژ بگێڕینەوە».(1)**

**ئەوەى لەم«حديث»ەوە وەردەگیرێ ئەوەیە:**

**لەسەردەمى پێغەمبەردا«ﷺ» ئافرەتان لە دواى پاكبوونەوەیان ڕۆژووى فەوتاویان دەگێڕایەوە.**

**لەوەوە دەتوانین بلێین:**

**ڕۆژوو نوێژ لەوەدا لەیەك جیادەبنەوە، كە ڕۆژوو گێڕانەوەى هەیە بۆ ئافرەت كە لە بێ نوێژى دا بووبێ، بەلاَم نوێژ گێڕانەوەى نییە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە كە گێڕانەوەى نوێژ بارگرانىو نارەحەتیە بۆ ئافرەت، چونكە بەزۆرى هەموو مانگێك دەبێ نوێژى هەفتەیەك بگێڕێتەوە، بەلاَم ڕۆژوو لەساڵێكدا جارێكەو گێڕانەوەو هیچ بارگرانیەكى تێدانى یە.**

## ✍ باسى سێیەم

## توش بوون بەبێ نوێژى لەكاتى بە ڕۆژووبوون دا

**ئەگەر ئافرەت لەو كاتەى كەوتە بێ نوێژیەوە بەڕۆژوو بوو، ئەوا ڕۆژەوەكەى بەتاڵ دەبێتەوە، تەنانەت ئەگەر كەمێكیش پێش خۆرئاوا بوون بێ، بۆیە پێویستە لەسەرى ڕۆژووى ئەو ڕۆژە بگێڕێتەوە.**

---

(1)صحيح مسلم - كتاب الحيض باب وجوب قضاء الصوم على الحائض دون الصلاة - حديث : 534. معرفة السنن والآثار للبيهقي - كتاب الحيض لا تقضي حائض الصلاة - حديث : 562.

چــونکە هــەروەك چــۆن بــوونی پــاکێتی ڕۆژووی لەســەر دادەمــەزرێ، بەهــەمان شێوە بێ نوێژیش ڕۆژووی پێ بەتاڵ دەبێ .

هــەروەها بــەڕۆژوو بــوونی ڕۆژێــك وەختێــك جێــی خــۆی دەگــرێو بــە ڕۆژوو عیبـادەت دەژمێـرێ کـە لـە سپێدەی بەیانیـەوە بـەردەوام بـێ تـا خـۆر ئـاوابوون، جـا ئەگــەر لەهــەر ســاتو وەختێکــی ڕۆژدا یــەکێك لــە هەڵوەشــێنەرەوەکانی ڕۆژوو ڕووی دا، ئـەوا سـەرتاپای ڕۆژووی ئـەو ڕۆژە بـەتاڵ دەکاتـەوە، جالەبـەر ئـەوەی بـێ نوێـژیش ڕۆژووی پــێ بــەتاڵ دەبــێ، کــەوابوو لــە هــەر ســاتو وەختێکــی ڕۆژدا ئــافرەت کەوتــە بێ نوێژیەوە، ئەوا هەموو بەشەکەی ئەو ڕۆژەی بەتاڵ دەبێتەوە.

ئەوەش کە وترا زانایانو شەرعناسان یەکگدەنگن لەسەری.[1]

## ✍ باسی چوارەم
## پاکبوونەوە لە ڕۆژانی ڕۆژوو دا

ئەگـەر ئـافرەت لـەمانگی ڕەمەزانـدا لـە دوای بـانگی بـەیانی پاکبوویـەوە ، ئـەوە سەرەڕای ئەوەی بۆی نییە ئەو ڕۆژە بەڕۆژوو بێ، خۆگرتنەوەیشی لەسەر نییە.[2]

کــەوابوو: ئــافرەت لەســەری پێویســت نییــە خــۆی لــە خــواردنو خواردنــەوە بگرێتەوەو هیچ نەخوات لەو ڕۆژەدا، بەناوی «الإمساك» واتە خۆگرتنەوە.

بــەلام هەنــدێ لــە مەزهەبــەکان بــۆ چــوونیان وایــە کــە ئــافرەت ئەگــەر لــە دوای بــانگی بــەیانی پاکبوویــەوە، ئــەوە پێویســتە لەســەری خــۆی بگرێتــەوە لــە خــواردنو

(1)صحيح فقه السنة105/2.

(2)المحلى6/361، المجموع 256/6، المهذب1/184، المغني4/288، القوانين الفقهية ص84، الكافي1/295.

**خواردنـــەوە، هەرچـــەندە جێگـــای ڕۆژوویشـــی بـــۆ ناگرێتـــەوە، بـــەڵاّم خۆگرتنـــەوەی هـــەر لەسەرە.**

**ئەوەیش کە دەیکەنە بەڵگە ئەوەیە:**

**لــە ڕۆژی** «عَاشُــــورَاءَ»**پێغەمبــەر**«ﷺ»**کەسـێکی نـارد بـۆ دەوروبـەری شـاری مەدینە تا خەڵکی ئاگادار بکاتەوەو پێیان بڵێ:**

« مَنْ كَانَ أَصْبَحَ صَائِمًا فَلْيُتِمَّ صَوْمَهُ وَمَنْ كَانَ أَصْبَحَ مُفْطِرًا فَلْيُتِمَّ بَقِيَّةَ يَوْمِهِ».

**واتــە: «هەرکــەس بــە ڕۆژووە بــا ڕۆژوەکــەی تــەواوبکات، وە هەرکــەس بــە ڕۆژوو نییە، ئەوا باقی ڕۆژەکە کە ماوە با بەڕۆژوو بێ».**[1]

**جـا دەڵـێن لێـرەدا ئـەو کەسـانەی کـە بـەڕۆژو نـەبوون پێغەمبـەر**«ﷺ»**فـەرمانی پێ کردن کە ئەوەندەی ماوە لەو ڕۆژەدا با بە ڕۆژووبن.**

**لەوەڵامدا دەوترێ :**

---

(1)**صحيح مسلم** - كتاب الصيام باب من أكل في عاشوراء فليكف بقية يومه - حديث : 1984. صحيح ابن خزيمة - كتاب الصيام جماع أبواب صوم التطوع - باب استحباب ترك الأمهات إرضاع الأطفال يوم عاشوراء حديث : 1944. صحيح ابن حبان - كتاب الصوم باب صوم التطوع - ذكر استحباب صوم يوم عاشوراء أو بعض ذلك اليوم لمن عجز حديث : 3680. السنن الكبرى للبيهقي - كتاب الصيام باب من زعم أن صوم عاشوراء كان واجبا ثم نسخ وجوبه - حديث : 7893. معرفة السنن والآثار للبيهقي - كتاب الصيام الاختلاف في صوم يوم عاشوراء - حديث : 2716. المعجم الكبير للطبراني - باب الراء ربيع بنت معوذ بن عفراء أنصارية - خالد بن ذاكوان أبو الحسين البصري حديث : 20537. شعب الإيمان للبيهقي - تخصيص عاشوراء بالذكر حديث : 3607. فضائل الأوقات للبيهقي - باب تخصيص يوم عاشوراء بالذكر حديث : 232.

**یەكەم:**

ئەو فەرمانەی كە پێغەمبەر«ﷺ»كردی حوكم و بڕیارێكە تایبەتە بەكەسێك كە نەزانێت كەوتوتە ڕۆژی ڕەمەزانەوەو بێ ئاگابێ لەوەی كە مانگی ڕەمەزان هاتووە، هەروەك چۆن ئەو خەڵكەی دەوروبەری مەدینە نەیانزانیو بێ ئاگابوون لە ڕۆژی«عَاشُورَاءَ»و پێغەمبەر«ﷺ» ئاگاداری كردنەوە، تاوەكو ئەوەی زانیویەتیو بە ڕۆژوو بووە ڕۆژووەكەی تەواوبكات، وە هەركەسیش نەیزانیوە با لە ئێستەوە نییەت بهێنێو ڕۆژوو بگرێ، چونكە پێش ڕەمەزان ڕۆژی«عَاشُورَاءَ» فەرزبوو لەسەریان.

**جا لەوەوە دەتوانین بڵێین:**

هەركەس لەبیری چوو بە ڕۆژوو بێ، یان نەزانێ ڕەمەزانەو، خواردنی خواردبێو سەرجێیشی كردبێ لەگەڵ خێزانیدا، بەلاّم دوای ئەوە بیری كەوتەوە كە ڕەمەزانە، یان بۆیان باسكرد كە سبەی شەو مانگ بینراوە، ئەوە لەو وەختەی بیری دەكەوێتەوە، یان بۆی باس دەكەن، پێویستە نییەتی ڕۆژووی ئەو ڕۆژە بهێنێو، خۆی بگرێتەوە لەو شتانەی كە پێویستە ڕۆژووان خۆی لێ بگرێتەوەو، ڕۆژووەكەی تەواوكات تا ئێوارە، ئەوا ڕۆژووی ئەو ڕۆژەی بۆ دەژمێرێو گێڕانەوەشی لەسەر نی یە، ئەگەر كاتی مانەوەی ئەو ڕۆژە بە ئەندازەی نییەتەكەی ئەوی مابێو لەگەڵ تەواوبوونی نییەتی دا ڕۆژیش ئاوا بێ، ئەوا ئەو كەسە ڕۆژووی خۆی دەست دەكەوێ.

بەلاّم ئەگەر نییەت نەهێنێو ئەو چەند سەعاتەی ڕۆژ كەماوە بەڕۆژوو نەبێ، ئەوا سەرپێچی شەرعی كردووەو بە هیچ شێوەیەكیش گێڕانەوەی بۆ نییە، ئەگەر بیشیگێڕێتەوە جێی هیچی بۆ ناگرێ.

جا مەبەستی «حـــدیث»ەکە تایبەتە بەو کەسانەی کە لەبیریان چووە، یان بێ ئاگابوون لە ڕەمەزان، جا مۆڵەتی بیانووەکەیان تا ئەو ساتەوەختە بڕدەکات، کە بیریان دەکەوێتەوەو ئاگادار دەکرێن، بۆیە هەرکە بیانووەکەیان نەما ئیتر مۆڵەتەکەیان بستێك بڕناکاتو دەبێ دەست بەجێ نییەت بهێننو بە ڕۆژووبن، ئەگەر نا مۆڵەتی ئەوەیان نییەو لە دوای ڕەمەزان ناتوانن قەزای بکەنەوە.(1)

**کەوابوو:** ئەوەی کە«حـدیث»ەکە مەبەستێتی ڕۆژووگرتنە«الصَّـوْمِ»، نەك خۆگرتنەوە«الإمســاك».چونکە ئەوانەی کە باسی«الإمســاك» دەکەنو پێویستی دەکەن، خۆیان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کە جێگای ڕۆژوو ناگرێو دەبێ قەزابکرێتەوە.

جا کە خۆگرتنەوە«الإمســاك» جێگای ڕۆژوو نەگرێتەوەو، ئەو ڕۆژەی هەر لەسەر بمێنێ، کەوابوو هیچ مانایەك نامێنێ لە خۆگرتنەوەکەیدا.

**دووەم:**

وەکو وتمان ئەوەی کە«حـدیث»ەکە مەبەستێتی ڕۆژووگرتنە«الصَّـوْمِ»، نەك خۆگرتنەوە«الإمســاك».چونکە هیچ بەڵگەیەك نییە بیسەلمێنێ کە پێغەمبەر«ﷺ» فەرمانی پێ کردبن لەدوای «عَاشُـورَاء»ڕۆژووەکەیان قەزابکەنەوە، وە هیچ کەسیش لەوانەی کە لەو ڕۆژەدا نییەتیان هێنا ڕۆژووی ئەو ڕۆژەیان قەزا نەکردۆتەوە.

جا ئەگەر خۆگرتنەوە«الإمســاك»هەبوایەو شەرع ڕێگەی پێدابایە، پێغەمبەر«ﷺ» لەدوای ئەوەی پێیانی فەرموو: « هەرکەس بە ڕۆژوو نی یە،

---

(1)المحلی 6/167-169.

ئـەوا بـاقی رۆژەکـە کـە مـاوە بـا بـەڕۆژوو بـێ». دەبـوو باسـی ئەوەشـی بۆيـان کردبايـە کـە دەبـێ لـە پـاش«عَاشُـــورَاءَ» ڕۆژووەکـان بگێڕنـەوە، جـا کەباسـی نـەکردووە، بەڵگەيـە لەسـەر ئـەوەی کـە ئـەو فەرمانـەی پێغەمبـەر«ﷺ» بـۆ ڕۆژوو گرتنـە نـەك خۆگرتنەوە.

**کـەوابوو:** ئـەو نـەك هـەر بەڵگـە نـی يـە بـۆ شـەرعيەتی خۆگرتنـەوە«الإمســاك»، بـەڵکو بەڵگەيـە بـۆ ئـەوەی کـە خۆگرتنـەوە بـەناوی«الإمســاك» لەشـەرع دا جێگـای نابێتەوە.

جامـادام : خۆگرتنـەوە بـەناوی«الإمســاك» شـەرعيەتی نـی يـە کـەوابوو: ئـافرەتیش کـە لـە بـێ نوێـژی پـاك دەبێتـەوە هـيچ بەڵگەيـەك نـی يـە بيسـەلمێنێ کـە خۆگرتنەوەی لەسەر بێ .

## ✍ باسی پێنجەم

## پاکبوونەوە لە شەوداو، دواخستنی خۆشۆردن بۆ دوای بانگی بەيانی

ئەگـەر ئـافرەت لەشـەودا پـاك بـووەوە، ئـەوا دروسـتە بـۆی خۆشـۆردنەکەی دوابکـەوێ بـۆ دوای بـانگی بـەيانی، دواکـەوتنی خۆشۆردنەکەشـی هـيچ زەرەرێ لـە ڕۆژووەکـەی نـادات، مـادام لـە شـەودا نييەتی ڕۆژووگرتنی هەبووبێ.(1)

<u>**بەڵگەش بۆ ئەوە:**</u>

(1) المغني 393/4، المحلى 393/6.

**یەکەم:**

﴿ فَٱلۡـَٔـٰنَ بَٰشِرُوهُنَّ وَٱبۡتَغُواْ مَا كَتَبَ ٱللَّهُ لَكُمۡۚ وَكُلُواْ وَٱشۡرَبُواْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكُمُ ٱلۡخَيۡطُ ٱلۡأَبۡيَضُ مِنَ ٱلۡخَيۡطِ ٱلۡأَسۡوَدِ مِنَ ٱلۡفَجۡرِۖ ثُمَّ أَتِمُّواْ ٱلصِّيَامَ إِلَى ٱلَّيۡلِ ﴾البقرة: ١٨٧.

**واتە: « دەسا لە ئێستە بەدواوە دەتوانن بە دێژایی شەوگار سەرجێیو تێکەڵی ژنومێردی لەگەڵ خێزانەکانتان دا بکەن بە ئومێدی ئەوەی خودا وەچەی صاڵحتان پێ بدا، وەهەروەها دەتوانن بە درێژایی شەوگار بخۆنو بخۆنەوە تا سپێدەی سەرلەبەیانی دەردەکەوێت، پاشان ڕۆژووەکانتان درێژە پێ بدەن تا خۆر ئاوابوون».**

**ئەوەی لە ئایەتەکەوە وەردەگیرێ:**

**خوای پەروەردگار هەروەك چۆن مۆڵەتی داوە تا دەرکەوتنی سپێدەی سەرلەبەیانی نانوئاو بخورێو بخورێتەوە، ئاوەهاش مۆڵەتی داوە تا ئەوکاتە کاری سەرجێیو تێکەڵی ژنومێردی ئەنجام بدرێ.**

**جا ئەگەر مۆڵەتی سەرجێی تا بەرەبەیان درێژە بکێشێ، شتێکی ڕوونە کە خۆشۆردن بۆ جەنابەتو لەشگرانیەکە دەکەوێتە دوای دەرکەوتنی سپێدەوە، ئەوەش ئاماژەیە بۆ ئەوە کە دروستە لەشگرانیو جەنابەت بکەوێتە دوای سپێدەوەو، کاریگەریشی بۆ سەر ڕۆژوو نابێ .**

**کەوابوو: بەپێی ئایەتەکە خوای پەروەردگار مۆڵەتی کەسی ڕۆژووانی داوە ئەگەر جەنابەتو لەشگرانی لەسەر بوو،لە دوای بانگی بەیانی خۆی بشواتوغوسڵ بکات.**

**دووەم:**

« عَائِشَةَ »و« أُمَّ سَلَمَةَ »**ی خێزانی پێغەمبەر**«ﷺ»**دەفەرموون:**

«أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ «ﷺ» كَانَ يُدْرِكُهُ الْفَجْرُ وَهُوَ جُنُبٌ مِنْ أَهْلِهِ ثُمَّ يَغْتَسِلُ وَيَصُومُ»(1)

**واتە: « پێغەمبەر«ﷺ» بەرەبەیانی بەسەردا دەهاتو لەشیگران بوو بەهۆی سەرجێی كردنی لەگەڵ خێزانەكانی خۆیدا، پاشان خۆی دەشۆردو بە ڕۆژوویش دەبوو».**

**پیاوێك پرسیاری لە« أُمَّ سَلَمَةَ »ی خێزانی پێغەمبەركرد«ﷺ» ووتی ئەگەر پیاوێك لەشیگران بێ تا بانگی بەیانی ئایا بۆی دروستە بەڕۆژوو بێ؟**

« أُمَّ سَلَمَةَ »**ش فەرمووی:**

---

(1)**صحيح البخاري** - كتاب الصوم باب الصائم يصبح جنبا - حديث : 1838 . صحيح ابن حبان - كتاب الصوم باب صوم الجنب - ذكر البيان بأن قوله : يصبح جنبا ثم يصوم أراد به حديث : 3546. صحيح ابن حبان - كتاب الصوم باب صوم الجنب - ذكر البيان بأن المرء جائز له أن يكون اغتساله من جنابته حديث : 3555. صحيح ابن حبان - كتاب الصوم باب صوم الجنب - ذكر خبر قد يوهم من لم يحكم صناعة الحديث أن أبا حديث : 3557. سنن الترمذي الجامع الصحيح - أبواب الجمعة أبواب الصوم عن رسول الله صلى الله عليه وسلم - باب ما جاء في الجنب يدركه الفجر وهو يريد الصوم حديث : 744. مصنف عبد الرزاق الصنعاني - كتاب الصيام باب من أدركه الصبح جنبا - حديث : 7158. مصنف ابن أبي شيبة - كتاب الصيام في الرجل يصبح وهو جنب يغتسل ويجزيه صومه - حديث : 9422. السنن الكبرى للنسائي - كتاب الصيام سرد الصيام - صيام من أصبح جنبا حديث : 2878

«كَانَ رَسُولُ اللَّهِ «صَلَّى الله عَلَيه وسَلَّم» يُصْبِحُ جُنُبًا مِنْ جِمَاعٍ لَا مِنْ حُلُمٍ ثُمَّ لَا يُفْطِرُ وَلَا يَقْضِي».

**واتە: « پێغەمبەر«ﷺ» بەرەبەیانی بەسەردا دەهات‌و لەشیگران بوو بەهۆی سەرجێی کردنی لەگەڵ خێزانەکانی خۆیدا، نەك لەشگرانیەکەی بەهۆی خەونەوە بووبێ، پاشان ڕۆژووەکەیشی نەدەشکاندو قەزاشی نەدەکردەوە»[1].**

**ئەوەی لەم«حدیث»انەوە وەردەگیرێت ئەوەیە:**

**کە پێغەمبەر«ﷺ» تا سپێدەی بەرەبەیان لەشگرانیو جەنابەتی لەسەر بووە، خۆشۆردن‌و غوسڵەکەی کەوتۆتە دوای بانگی بەیانی.**

**ئافرەتێکیش ئەگەر لەپێش بانگی بەیانی پاك بێتەوە، بۆی دروستە خۆشۆردنەکەی بکەوێتە دوای بانگی بەیانی وەکو چۆن بۆ لەشگران دروستە.**

**چونکە هەروەك چۆن دواکەوتنی خۆشۆردن بۆ لەشگران کاری نەکردە سەر ڕۆژووەکەی، بەهەمان شێوە دواکەوتنی خۆشۆردن بۆ ئافرەتێکیش کە پاك بێتەوە کارناکاتە سەر ڕۆژووەکەی، چونکە ئەوکەسەی جەنابەت‌و لەشگرانی لەسەرە لەگەڵ ئەو ئافرەتەی کە پاك بۆتەوە هەردووکیان یەك کێشەیان هەیە کە خۆشۆردنە. مادام بۆ ئەو کێشە نەبێ بۆ ئەمیش کێشە نی یە.**

---

(1)**صحيح مسلم** - كتاب الصيام باب صحة صوم من طلع عليه الفجر وهو جنب - حديث : 1931. مستخرج أبي عوانة - مبتدأ كتاب الصيام باب بيان إجازة الصوم إذا أدركه الصبح وهو جنب من الجماع - حديث : 2286. السنن الكبرى للنسائي - كتاب الصيام سرد الصيام - ذكر الاختلاف على عبد ربه بن سعيد بن قيس في هذا حديث : 2896. السنن الكبرى للبيهقي - كتاب الصيام.
باب من أصبح جنبا في شهر رمضان - حديث : 7513

# بەشی شەشەم

# ئەو ئەحکامانەی تایبەتمەندن بە حەجو عەمرە

- ✍ باسی یەکەم: حوکمی ئیحرام بەستنی حەجو عەمرە لەکاتی بێ نوێژی دا.
- ✍ باسی دووەم: حوکمی سوڕانەوە بەدەوری کەعبەدا لەکاتی بێ نوێژی دا.
- ✍ باسی سێیەم: حوکمی سەعی نێوان صەفاو مەروە لەکاتی بێ نوێژی دا.
- ✍ باسی چوارەم: سووڕخواردنی ماڵ ئاوایی لەکاتی بێ نوێژی دا.

## ✍ باسی یەكەم
## حوكمی ئیحرام بەستنی حەجو عەمرە لەكاتی بێ نوێژی دا

دروستە بۆ ئافرەت لەكاتی بێ نوێژی دا ئیحرام ببەستێ، چونكە بێ نوێژی رێگرو بەربەست نی یە لە بەستنی ئیحرام.

وەهەروەك چۆن سونەتە بۆ كەسانی تر پێش ئیحرام بەستنەكە خۆیان بشۆن، بەهەمان شێوەش سونەتە بۆ ئافرەتی حەیزدار پێش ئیحرام بەستنەكەی خۆی بشوات.

**بەڵگەش بۆ ئەوە:**

**یەكەم:**

« جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ» لەو فەرموودەیەی باسی چۆنیەتی حەجی پێغەمبەر«ﷺ» دەكاتو دەفەرمووێ: لەگەڵ پێغەمبەر«ﷺ» دەرچووین بۆ حەج كردن تا گەیشتینە « ذَا الْحُلَيْفَةِ»، لەوێ« أَسْمَاءُ بِنْتُ عُمَيْسٍ» مندالی بوو، كە «مُحَمَّدَ بْنَ أَبِي بَكْرٍ » بوو، كەوتە زەیسانیەوە، ناردی بۆلای پێغەمبەر«ﷺ» كە چی بكات لەكاتێكدا ئەم لە زەیسانی دایە؟

پێغەمبەر«ﷺ» فەرمووی: « اغْتَسِلِي وَاسْتَثْفِرِي بِثَوْبٍ وَأَحْرِمِي».

واتە« خۆت بشۆو خۆت بەجلێك بپێچەرەوە كە دامێنت ببەستێ‌و، ئیحرام ببەستە».[1]

(1)**صحيح مسلم** - كتاب الحج- باب حجة النبي صلى الله عليه وسلم - حديث : 2212. مستخرج أبي عوانة- كتاب الحج باب ذكر الخبر المبين أن النبي صلى الله عليه وسلم رمى - حديث : 2906. صحيح ابن حبان - كتاب الحج باب - ذكر وصف حجة المصطفى صلى الله عليه وسلم حديث : 4006. صحيح ابن حبان - كتاب الحجباب - ذكر

**ئەوەی لە «حديث» ەکەوە وەردەگیرێ ئەوەیە:**

**پێغەمبەر«ﷺ» ڕێگەی دا بەو ئافرەتە ئیحرام ببەستێ لەکاتێکدا لە زەیسانی دا بوو، کەوابوو مادام بۆ زەیسانی دروست بێ بۆ ئافرەتێکیش کە لە بێ نوێژیدا بێ دروستە، چونکە بێ نوێژیش هەمان حوکمی ئەوی هەیە.**[1]

**دووەم:**

« ابْنِ عَبَّاسٍ» **دەفەرموێ پێغەمبەر«ﷺ» فەرمویەتی:**

« أَنَّ النُّفَسَاءَ وَالْحَائِضَ تَغْتَسِلُ وَتُحْرِمُ وَتَقْضِي الْمَنَاسِكَ كُلَّهَا غَيْرَ أَنْ لَا تَطُوفَ بِالْبَيْتِ حَتَّى تَطْهُرَ» .

**واتە « ئافرەتی زەیسانی و حەیزدار لەکاتی حەج دا خوێیان دەشۆنو ئیحرام دەبەستن، وەهەموو دروشمەکانی حەج جێ بەجێ دەکەن، تەنها ئەوە نەبێ تەواف ناکەن بەدەوری کەعبەدا تاوەکو پاك دەبنەوە ».**[2]

**لەوەی کە وترا زانایانو شەرعناسان یەکدەنگن لەسەری.**[1]

---

وصف حجة المصطفى صلى الله عليه وسلم الذي حديث : 4007. سنن الدارمي - من كتاب المناسك باب في سنة الحاج - حديث : 1839. سنن ابن ماجه - كتاب المناسك باب حجة رسول الله صلى الله عليه وسلم - حديث : 3071.

(1)المهذب مع المجموع210/7، المغني 108/5.

(2)**صحيح** سنن الترمذي الجامع الصحيح - أبواب الجمعة-أبواب الحج عن رسول الله صلى الله عليه وسلم -باب ما جاء ما تقضي الحائض من المناسك- حديث : 904. مسند أحمد بن حنبل - ومن مسند بني هاشم مسند عبد الله بن العباس بن عبد المطلب - حديث : 3309. المعجم الأوسط للطبراني - باب العين باب الميم من اسمه : محمد - حديث : 6615 .**وقال الشيخ الألباني حديث صحيح**، أنظر صحيح سنن الترمذي (2 / 945/445).

## ✍ باسى دووەم
## حوكمى سوڕانەوە بەدەورى كەعبەدا لەكاتى بێ نوێژى دا

سوڕانەوەو تەواف كردن بەدەورى كەعبەدا بەبێ پاكێتى دروست نییەو حەرامە، چونكە یەكێك لەمەرجەكانى تەواف بریتییە لە خاوێنى لە بێ دەست نوێژى گەورەو بچوك‌و پیسیەتى.

بۆیە ئەگەر ئافرەتێك لەبێ نوێژى دا بێ‌و دەرفەتى ئەوەى هەبێ‌و بتوانێ لە دواى پاكبوونەوەكەى تەواف بكات، ئەوا حەرامە لەسەرى تەواف بكات، خۆ ئەگەركردیشى ئەوا سەرەڕاى ئەوەى كە تاوانبار دەبێ تەوافەكەیشى بەتاڵەو جێى هیچ ناگرێ. (2)

**بەڵگەش بۆ ئەوە:**

**یەكەم:**

« عَائِشَةُ »**دەفەرموێ:** « أَنَّ أَوَّلَ شَيْءٍ بَدَأَ بِهِ حِينَ قَدِمَ مَكَّةَ أَنَّهُ تَوَضَّأَ ثُمَّ طَافَ بِالْبَيْتِ» .

واتە «یەكەم شت كە پێغەمبەر«ﷺ» دەستى پێكرد كە هاتە مەككەوە دەستنوێژى شۆردو پاشان بەدەورى كەعبەدا تەوافى كرد». (3)

---

(1)حكاية الإجماع في شرح المسلم للنووي 249/5.

(2)بداية المجتهد250/2، المجموع 17/8، المغني 223/5، المحلى 257/7.

(3) **صحيح البخاري** - كتاب الحج- باب من طاف بالبيت إذا قدم مكة - حديث : 1546 . صحيح مسلم-كتاب الحج-باب ما يلزم - حديث : 2248. صحيح ابن خزيمة - كتاب المناسك جماع أبواب ذكر أفعال اختلف الناس في إباحته للمحرم - باب استحباب تجديد الوضوء عند إرادة المرء الطواف بالبيت عند مقدمه حديث : 2519 . مستخرج أبي عوانة - كتاب الحج باب ذكر الخبر المبين أن رسول الله صلى الله عليه وسلم - حديث :

**دووەم:**

**پێغەمبەر«ﷺ» دەفەرموێ:**

« الطَّوَافُ بِالْبَيْتِ صَلاَةٌ وَلَكِنَّ اللَّهَ أَحَلَّ لَكُمُ الْمِنْطَقَ فِيهِ فَمَنْ نَطَقَ فَلاَ يَنْطِقْ إِلاَّ بِخَيْرٍ ».

**واتە « تەواف بە دەوری کەعبەدا نوێژە، تەنها ئەوەندە نەبێ خودا قسەکردنی حەڵاڵ کردووە لەکاتی تەواف کردن دا، جا هەرکەس لەکاتی تەواف دا قسەی کرد با قسەی خێر نەبێ نەیکات ».**[1]

---

2512. صحيح ابن حبان - كتاب الحج باب دخول مكة - ذكر ما يستحب للحاج أن يبدأ به عند دخوله مكة حديث : 3871.السنن الكبرى للبيهقي - جماع أبواب وقت الحج والعمرةجماع أبواب دخول مكة - باب تعجيل الطواف بالبيت حين يدخل مكة حديث : 8676.

(1)**صحيح** :صحيح ابن حبان - كتاب الحج- باب دخول مكة - ذكر الإخبار عن إباحة الكلام للطائف حول البيت العتيق -حديث : 3899. مصنف ابن أبي شيبة - كتاب الحج في الكلام من كرهه في الطواف - حديث : 15896. المنتقى لابن الجارود - كتاب المناسك باب المناسك - حديث : 448. السنن الكبرى للبيهقي - جماع أبواب وقت الحج والعمرة جماع أبواب دخول مكة - باب الطواف على الطهارة حديث : 8735 . معرفة السنن والآثار للبيهقي - كتاب المناسك جماع أبواب ما يجتنبه المحرم - إقلال الكلام في الطواف حديث : 3057. السنن الصغير للبيهقي - بقية كتاب المناسك باب الطواف على طهارة وإقلال الكلام فيه إلا بذكر الله عز - حديث : 1276. المعجم الكبير للطبراني - من اسمه عبد الله وما أسند عبد الله بن عباس رضي الله عنهما - طاوس حديث : 10746. **قال الشيخ الألباني:حديث صحيح**، أنظر إرواء الغليل (1 / 121/154)،وصححه الجامع الصغير وزيادته ( 1 / 7401/741) مناسك الحج والعمرة (1 / 22).

**ئەوەی لە «حدیث»ەکەوە وەردەگیرێ :**

**دیارە نوێژ بە بێ پاکێتی حەرامەو جێی هیچ ناگرێ، جامادام تەوافیش هەر نوێژ بێ، کەوابوو بەبێ پاکێتی تەوافیش حەرامەو جێی هیچ ناگرێ .**

**سێیەم:**

**« عَائِشَةَ » دەفەرموێ: گەیشتمە مەککە بۆ حەج کردنو، لە بێ نوێژی دا بووم، نە تەوافم کردبوو، نە صەفاو مەروەش، حاڵی خۆم گێڕایەوە بۆ پێغەمبەر«ﷺ» ئەویش فەرمووی:**

« افْعَلِي كَمَا يَفْعَلُ الْحَاجُّ غَيْرَ أَنْ لَا تَطُوفِي بِالْبَيْتِ حَتَّى تَطْهُرِي».

**واتە « هەرچی حاجیەکان کردیان تۆش بیکە، تەنها ئەوەندە نەبێ تەواف نەکەی تا پاك دەبیتەوە»[1]**

**ئەوەی لە «حدیث»ەکەوە وەردەگیرێ :**

**پێغەمبەر«ﷺ» ڕێگەی دا بە عائیشە کە هەموو دروشمەکانی حەج جێبەجێ بکات تەنها تەواف نەبێ، وە ئاگاداریشی کردەوە کە نابێ تەواف بکات هەتا پاك دەبێتەوە، کەوابوو تەوافکردنی قەدەغەکرد لەکاتی بێ نوێژیدا، جامادام**

(1)**صحيح البخاري** - كتاب الحج- باب : تقضي الحائض المناسك كلها إلا الطواف بالبيت - حديث : 1577. صحيح مسلم - كتاب الحج باب بيان وجوه الإحرام - حديث : 2190. مستخرج أبي عوانة - كتاب الحج باب ذكر الخبر المبين أن فسخ الحج بعمرة لمن لا يكون - حديث : 2557. مستخرج أبي عوانة - كتاب الحج باب ذكر الخبر المبين أن فسخ الحج بعمرة لمن لا يكون - حديث : 2557. صحيح ابن حبان - كتاب الحج باب دخول مكة - ذكر الأمر للمرأة إذا حاضت أن تعمل عمل الحج خلا الطواف حديث : 3898 . السنن الكبرى للبيهقي - جماع أبواب وقت الحج والعمرة جماع أبواب الاختيار في إفراد الحج ، والتمتع بالعمرة - باب من اختار الإفراد ورآه أفضل حديث : 8265.

**قەدەغە کرابێ، کەوابوو حەرامە تەواف کردن بە بێ نوێژیەوەو نابێ بکرێ هەتاوەکو پاك دەبێتەوە.**

**چوارەم:**

« ابْنِ عَبَّاسٍ» **دەفەرموێ پێغەمبەر«ﷺ» فەرمویەتی:**

« أَنَّ النُّفَسَاءَ وَالْحَائِضَ تَغْتَسِلُ وَتُحْرِمُ وَتَقْضِي الْمَنَاسِكَ كُلَّهَا غَيْرَ أَنْ لَا تَطُوفَ بِالْبَيْتِ حَتَّى تَطْهُرَ» .

**واتە « ئافرەتی زەیسانی و حەیزدار لەکاتی حەج دا خوێان دەشۆن‌و ئیحرام دەبەستن، وەهەموو دروشمەکانی حەج جێ بەجێ دەکەن، تەنها ئەوە نەبێ تەواف ناکەن بەدەوری کەعبەدا تاوەکو پاك دەبنەوە ».**[1]

**پێنجەم:**

« جَابِرٍ» **خوای لێ ڕازی بێ دەفەرموێ:**

« حَاضَتْ عَائِشَةُ فَنَسَكَتْ الْمَنَاسِكَ غَيْرَ الطَّوَافِ بِالْبَيْتِ وَلَا تُصَلِّي» .

**واتە « عائیشە لەکاتی حەج دا کەوتە بێ نوێژیەوە، هەموو دروشمەکانی حەجی جێ بەجێ کرد تەنها تەواف‌و نوێژ نەبێ».**[2]

---

(1)**صحيح**: سنن الترمذي الجامع الصحيح - أبواب الجمعة-أبواب الحج عن رسول الله صلى الله عليه وسلم -باب ما جاء ما تقضي الحائض من المناسك- حديث : 904. مسند أحمد بن حنبل - ومن مسند بني هاشم مسند عبد الله بن العباس بن عبد المطلب - حديث : 3309. المعجم الأوسط للطبراني - باب العين باب الميم من اسمه : محمد - حديث : 6615. **قال الشيخ الألباني:حديث صحيح**، أنظر صحيح سنن الترمذي(2 / 945/445).

(2)**صحيح** البخاري - كتاب الحج أبواب العمرة - باب عمرة التنعيم حديث : 1702. السنن المأثورة للشافعي - كتاب الزكاةباب عمارة الأرضين - حديث : 426. مشكل الآثار

* **ئیمامی** «البخاري» **بەڕەحمەت بێ لە**« صحيح البخاري - (2 / 4) » **دەفەرموێ:**

« بَاب تَقْضِي الْحَائِضُ الْمَنَاسِكَ كُلَّهَا إِلَّا الطَّوَافَ بِالْبَيْتِ». **واتە « ئافرەتی حەیزدار هەموو دروشمەکانی حەج دەکات تەنها تەواف نەبێ »**.

* **ئیمامی** «إبن التيمية» **بەڕەحمەت بێ لە**« مجموع الفتاوى - (26 / 205)» **دەفەرموێ:**

«وَأَمَّا الَّذِي لَا أَعْلَمُ فِيهِ نِزَاعًا أَنَّهُ لَيْسَ لَهَا أَنْ تَطُوفَ مَعَ الْحَيْضِ إذَا، كَانَتْ قَادِرَةً عَلَى الطَّوَافِ مَعَ الطُّهْرِ فَمَا أَعْلَمُ مُنَازِعًا أَنَّ ذَلِكَ يَحْرُمُ عَلَيْهَا وَتَأْثَمُ بِهِ».

**واتە « ئەوەندەی کە بزانم لە نێوان شەرعناسان دا جێگای مشتومڕ نەبێو لەسەری یەکدەنگ بن، ئەوەیە ئافرەتێ کە لە بێ نوێژی دا بێ بۆی نی یە تەواف بکات، ئەگەر بۆی بگونجێو بتوانێ لەدوای پاك بوونەوە تەواف بکات، ئەگەر لەکاتی بێ نوێژی دا تەوافی کرد، ئەوەندەی بزانم زانایان یەکدەنگن لەسەر حەرامێتی ئەو کارەو تاوانبار بوونی»**.

**جا بەپێی ئەو بەڵگانەی کە باسکران ئەگەر ئافرەتێك تەواف بکات لەکاتی بێ نوێژی دا ئەوە سەرەڕای ئەوەی تاوانبار دەبێو کارێکی حەرامی کردووە، تەوافەکەیشی بەتاڵەو جێی هیچ ناگرێ . مەگەر ناچاریو بێ دەرەتانی زۆری بۆ**

---

للطحاوي - باب بيان مشكل ما روي عن رسول الله صلى الله عليهحديث : 3239. السنن الكبرى للبيهقي - جماع أبواب وقت الحج والعمرةجماع أبواب الاختيار في إفراد الحج ، والتمتع بالعمرة - باب من اختار الإفراد ورآه أفضل حديث : 8269. مسند أحمد بن حنبل - ومن مسند بني هاشم مسند جابر بن عبد الله رضي الله عنه - حديث : 13993.

بهێنێ‌و نەتوانێ چاوەڕوانی پاك بوونەوە بكاتو مەجاڵی ئەو كاتەی نەمێنێ. ئەوا لەبەر ناچاری دروستە بۆی بە بێ نوێژیەوە تەواف بكات.

**كەوابوو**: ئەگەر ئافرەتێك كەوتە بێ نوێژیەوە پێش ئەوەی تەوافی تەواوكردنی حەج «طواف الإفاضة»[1] ئەنجام بداتو، وە بشزانێ فریای ئەوە ناكەوێ دوای پاكبوونەوە تەواف بكاتو دەرفەتی ئەوەی نەبێ چاوەڕێ پاك بوونەوە بكات، بۆ نمونە بزانێ پێش ئەوەی پاك بێتەوە كاتی گەڕانەوەی دەست پێ دەكاتو لەكاروانی وڵاتو شاری خۆی دوادەكەوێ‌و گیردەخوات، بەتایبەت لەم سەردەمەی ئێستادا، ئەوا دروستە بۆی بە بێ نوێژیەوە تەوافەكەی ئەنجام بدات، سەرەڕای ئەوەی تاوانبار نابێ، تەوافەكەیشی جێ ی خۆی دەگرێ. ئەمەش لەبەر ئەوەی لەكاتی ناچاریو بێ دەرەتانی دا دروستە بۆ ئینسان بەپێ ی پێویست دەست بۆ قەدەغەكراوەكان ببات.

ئەوەش كە وترا دروست نی یە شموولی ئافرەتێك دەكات كە دەتوانێ چاوەڕانی پاك بوونەوە بكاتو لە دوای ئەوە تەوافەكەی بكات.[2]

---

(1)تەوافی تەواوكردنی حەج «طواف الإفاضة»: تەوافی هاتنە خوارەوە لە عەرەفاتەوە بەرە مینا پایەیەكە لە پایەكانی حەج ئەگەر حاجییەك نەیكات حەجەكەی بەتاڵەو جێ ی هیچ ناگرێ. بۆیە باشتر وایە ئافرەت پەلە بكات بۆ ئەنجام دانی ئەم تەوافە لە ڕۆژی قوربانی دا ئەگەر ترسی كەوتنە ئەوەیان هەبوو بكەونە بێ نوێژیەوە. وە دروستە بۆ ئافرەت دەرمان بەكار بهێنێ بەشێوەیەكی كاتی بۆ ئەوەی كەوتنە بێ نوێژیەكەی دوابكەوێ تا تەوافەكەی دەكات.

(2)مجموع الفتاوى 26 / 205.

## ✍ باسی سێیەم
## حوکمی سەعی نێوان صەفاو مەروە لەکاتی بێ نوێژی دا

دروستە بۆ ئافرەت لەکاتی بێ نوێژی دا ڕۆیشتنی نێوان سەفاو مەروە ئەنجام بدات، چونکە پاکێتی بەمەرج نەگیراوە بۆ ئەو ڕۆیشتنو هاتوو چۆکردنەی نێوان سەفاو مەروە.

**بەڵگەش بۆ ئەوە:**

ئەوەی کە پێغەمبەر«ﷺ» بە « عَائِشَـةَ »ی فەرموو لەکاتێکدا ئەو لە بێ نوێژی دا بوو، فەرمووی:

« افْعَلِي كَمَا يَفْعَلُ الْحَاجُّ غَيْرَ أَنْ لَا تَطُوفِي بِالْبَيْتِ حَتَّى تَطْهُرِي».

واتە « هەرچی حاجیەکان کردیان تۆش بیکە، تەنها ئەوەندە نەبێ تەواف نەکەی تا پاك دەبیتەوە»[1].

**کەوابوو:**

تەنها تەوافی لێ حەرام کرد بەو شێوەی کەپێشتر باسمان کرد، کارێکی تری لێ قەدەغە نەکرد، ئەگەر ڕۆیشتنی نیوان سەفاو مەروەش وەکو تەوافەکە بە بێ نوێژیەوە دروست نەبوایە، ئەوا پێغەمبەر«ﷺ» بۆ عائیشەی باس دەکردو، وەکو چۆن تەوافەکەی لێ قەدەغە کرد، سەفاو مەروەکەشی لێ حەرام دەکرد، کە باسیشی نەکردوە بەڵگەیە بۆ دروستێتی ئەو کارە.

ئەمەش کە وترا بۆ چوونی هەرچوار مەزهەبەکەو ئیمامی «إبن حزم»ە [2].

---

(1)**صحيح** البخاري - كتاب الحج- باب : تقضي الحائض المناسك كلها إلا الطواف بالبيت - حديث : 1577.

(2)المجموع 79/8 ، المغني 246/5 ، المحلى 257/7.

## ✍ باسی چوارەم
## سووڕخواردنی ماڵ ئاوایی لەکاتی بێ نوێژی دا

تەوافی ماڵ ئاوایی بریتیە لەو تەوافەی کە دەکرێ بۆ ماڵ ئاوایی کردن لە کەعبە بۆ کەسانێ کە دانیشتوی شاری مەککە نەبن.

حوکمی ئـەم تەوافـە واجبـەو دەبـێ بکـرێ، بـەڵاّم سـەبارەت بـە ئـافرەتێ کـە لـە بـێ نوێژی دا بێ لەسەری واجب نی یەو ئەگەر نەیشیکات هیچی لەسەر نی یە.

**بەڵگەش بۆ ئەوە:**

**یەکەم:**

« عَائِشَةُ »دەفـەرموێ: «صَفِيَّةَ بِنْـتَ حُيَـيٍّ» خێزانـی پێغەمبـەر «ﷺ» کەوتـە بـێ نوێژیـەوە دوای تـەوافی «الإفاضـة».دەفـەرموێ جـا منـیش بـۆ پێغەمبـەرم «ﷺ»گێڕایەوە ئەویش فەرمووی:

« أَحَابِسَتُنَا هِيَ ». واتە « گیری داین‌و دوامان دەخات ».

وتم ئـەی پێغەمبـەری خـودا«ﷺ» ئـەو تـەوافی «الإفاضـة»کـردوەو دوای ئـەوە کەوتوّتە بێ نوێژیەوە. فەرمووی:

« فَلْتَنْفِرْ ». واتە « کەوابوو با بە ڕێکەوین».(1)

---

(1)**صحيح** البخاري - كتاب الحج-باب إذا حاضت المرأة بعد ما أفاضت - حديث : 1678 ، و كتاب المغازي -باب حجة الوداع - حديث : 4149. صحيح مسلم - كتاب الحج- باب وجوب طواف الوداع وسقوطه عن الحائض حديث : 2428. صحيح ابن خزيمة - كتاب المناسكجماع أبواب ذكر أفعال اختلف الناس في إباحته للمحرم - باب الرخصة في الجماع يوم النحر بعد الزيارة حديث : 2754. صحيح ابن حبان - كتاب الحج باب - ذكر الإخبار عن الإباحة للمرأة الحائض أن تنفر إذا كانت طافت حديث : 3965. موطأ مالك - كتاب الحج باب إفاضة الحائض - حديث : 928. سنن ابن ماجه -

**ئەوەی لە «حدیث»ەکەوە وەردەگیرێ :**

**پێغەمبەر«ﷺ» کاتێک کە زانی «صَفِيَّةَ » تەوافی «الإفاضة»ی کردووە، داوای لێ نەکرد کە تەوافی ماڵ ئاوایش بکات، چونکە لە بێ نوێژی دا بوو، جا ئەگەر ئەو تەوافە لەسەر ئافرەتی حەیزدار واجب بوایە، ئەوا پێغەمبەر«ﷺ» ڕێگەی بە«صَفِيَّةَ » نەدەدا بڕوات تا تەوافەکەی نەکات. جاکە ڕێگەی پێدا بڕوات بەبێ تەواف کردن بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەو تەوافە ئافرەتی حەیزدار ناگرێتەوەو لەسەری واجب نی یە.**

**دووەم:**

« ابْنِ عَبَّاسٍ » **خوای لێ ڕازی بێ دەفەرموێ:**

« أُمِرَ النَّاسُ أَنْ يَكُونَ آخِرُ عَهْدِهِمْ بِالْبَيْتِ إِلَّا أَنَّهُ خُفِّفَ عَنْ الْحَائِضِ».

**واتە « فەرمان کراوە بە خەڵکی کە دوایین کار لە کارەکانی حەج کردنیان پێش دەرچوونیان لە مەککە، تەواف کردنی ماڵ ئاوایی بێ، بەلاّم ئەمە سووککراوە لەسەر ئافرەتێ کە لە بێ نوێژی دا بێ».**(1)

---

کتاب المناسك باب الحائض - حديث : 3069. سنن الترمذي الجامع الصحيح - أبواب الجمعة أبواب الحج عن رسول الله صلى الله عليه وسلم - باب ما جاء في المرأة تحيض بعد الإفاضة حديث : 901.

(1)**صحيح** البخاري - كتاب الحج- باب طواف الوداع - حديث : 1676.صحيح مسلم - كتاب الحج- باب وجوب طواف الوداع وسقوطه عن الحائض - حديث : 2426. السنن الكبرى للنسائي - كتاب المناسك إشعار الهدي - الإباحة للحائض أن تنفر إذا كانت قد أفاضت يوم النحر حديث : 4072. السنن الكبرى للبيهقي - جماع أبواب وقت الحج والعمرة جماع أبواب دخول مكة - باب طواف الوداعحديث : 9148. مسند الشافعي - ومن كتاب المناسك حديث : 581. السنن الصغير للبيهقي - بقية

**سێیەم:**

« ابْنِ عَبَّاسٍ » **خوای لێ ڕازی بێ دەفەرموێ:**

« أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ رَخَّصَ لِلْحَائِضِ أَنْ تَصْدُرَ قَبْلَ أَنْ تَطُوفَ إِذَا كَانَتْ قَدْ طَافَتْ فِي الْإِفَاضَةِ».

**واتە « پێغەمبەر«ﷺ»مۆڵەتی داوە بە ئافرەتێ كە لە بێ نوێژی دا بێ، بگەڕێتەوەو لە مەككە دەرچێ بە بێ تەوافی ماڵ ئاوایی، بەڵام بەمەرجێ تەوافی ئیفازەی كردبێ».**[1]

**كەوابوو:**

**ئەگەر ئافرەتێ لە بێ نوێژی دا بێ ، تەوافی ماڵ ئاوایی لەسەر واجب نی یە. ئەمەش بۆ چونی زۆربەی زانایانو شەرعناسانە.**[2]

كتاب المناسك باب طواف الوداع - حديث : 1352.

(1)**صحيح** مسند أحمد بن حنبل - ومن مسند بني هاشم- مسند عبد الله بن العباس بن عبد المطلب - حديث : 3377. المعجم الكبير للطبراني - من اسمه عبد الله- وما أسند عبد الله بن عباس رضي الله عنهما - عمرو بن دينار -حديث : 10996. قال الشيخ الألباني:حديث صحيح، أنظر إرواء الغليل - (4 / 289) .

(2) المجموع 287/8 ، المغني 341/5 ، المحلى 242/7، فتح الباري 587/3 ، فتح القدير 59/3 .

# بەشی حەوتەم

# ئەو ئەحكامانەی تایبەتمەندن بە تێكەڵیو سەرجێی ژنومێردەوە

- ✍ باسی یەكەم: جووتبوون لەگەڵ خێزان لە كاتی بێ نوێژی دا:
- ✍ باسی دووەم: جووتبوون لەگەڵ خێزان دوای پاك بوونەوەیو پێش خۆشۆردنی.
- ✍ باسی سێیەم: حوكمی سەرجێی كردنیەك دوور بێ لە جووتبوون .

## ✍ باسی یەکەم
## جووتبوون لەگەڵ خێزان لە کاتی بێ نوێژی دا

### ✏خاڵی یەکەم: حوکمەکەی:

سەرجێی کردن لەگەڵ خێزان دا بەمەستی جووتبوون لەکاتی بێ نوێژی دا حەرامەو یەکێکە لە تاوانە هەرەگەورەگان.

**بەڵگەش بۆ ئەوە:**

**یەکەم:**

خوای گەورە دەفەرموێ :-

﴿ وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْمَحِيضِ ۖ قُلْ هُوَ أَذًى فَٱعْتَزِلُوا۟ ٱلنِّسَآءَ فِى ٱلْمَحِيضِ ۖ وَلَا تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّىٰ يَطْهُرْنَ ﴾البقرة:٢٢٢

واتە: «ئەی پێغەمبەری خوا «ﷺ» سەبارەت بەجووتبوون لەگەڵ ئافرەتێ کە لە بێ نوێژی دا بێ پرسیارت لێ دەکەن، کە ئایا دروستە جووتبوون لەگەڵیان یاخود نا؟، تۆش بە موسڵمانان بڵێ: جوتبوون لەگەڵ خێزاندا لەکاتی بێنوێژی دا مایەی زەرەرو زیانو ناخۆشی و نەخۆشیە، بۆیە لە ماوەی بێنوێژیاندا لێیان دووربن وتێکەڵیو سەرجێی ژن و مێردیان لەگەڵ مەکەن بە مەبەستی جووتبوون، وە نابێ بە مەبەستی جووتبوون نزیکیان بکەون هەتاوەکو پاك دەبنەوە و خۆیان دەشۆن ».

**دووەم:**

« أَبِي هُرَيْرَةَ»**خوای لێ ڕازی بێ دەفەرمووێ: پێغەمبەر«ﷺ»دەفەرمووێ:**

« مَنْ أَتَى حَائِضًا أَوْ امْرَأَةً فِي دُبُرِهَا أَوْ كَاهِنًا فَصَدَّقَهُ بِمَا يَقُولُ فَقَدْ كَفَرَ بِمَا أُنْزِلَ عَلَى مُحَمَّدٍ».

**واتە:«هەركەسێك بچێتە لای ئافرەتێك لەكاتی بێ نوێژی دا بەمەبەستی جووتبوون، یان لە كۆمەوە لەگەڵی دا جووت بێ، یان بچێت بۆ لای فاڵچی و ساحرێك، ئەوا بێ باوەڕە بەرامبەر بە قورئان كە دابەزیوە بۆ محمدﷺ»**[1].

**سێیەم:**

**وە زانایانیش یەكدەنگن لەسەر حەرامێتیو نادروستێتی ئەو كارە.** [2]

**ئیمامی**« النووي» **لە** « شرح النووي على صحيح مسلم204/3» **دەفەرمووێ:**

« فاعلم أن مباشرة الحائض أقسام أحدها أن يباشرها بالجماع في الفرج فهذا حرام باجماع المسلمين بنص القرآن العزيز والسنة الصحيحة قال أصحابنا ولو اعتقد مسلم

(1)**صحيح** : سنن الترمذي الجامع الصحيح - أبواب الطهارة عن رسول الله صلى الله عليه وسلم باب ما جاء في كراهية إتيان الحائض - حديث : 128. سنن ابن ماجه - كتاب الطهارة وسننها أبواب التيمم - باب النهي عن إتيان الحائض حديث : 636. سنن الدارمي - كتاب الطهارة باب من أتى امرأته في دبرها - حديث : 1168 . مسند أحمد بن حنبل - ومن مسند بني هاشم مسند أبي هريرة رضي الله عنه - حديث : 9948. **قال الشيخ الألباني:حديث صحيح**، أنظر: صحيح ابن ماجة (1 / 522/105)، آداب الزفاف (1 / 33)، الثمر المستطاب (1 / 42)، مشكاة المصابيح (1 / 551/120)، إرواء الغليل(1 / 2006/398).

(2)المحلى(220/2)، المغني(386/1)، المجموع(359/2)، مجموعة فتاوى إبن تيمية(624/21).

حل جماع الحائض في فرجها صار كافرا مرتدا ولو فعله انسان غير معتقد حله فان كان ناسيا أو جاهلا بوجود الحيض أو جاهلا بتحريمه أو مكرها فلا اثم عليه ولا كفارة وان وطئها عامدا عالما بالحيض والتحريم مختارا فقد ارتكب معصية كبيرة نص الشافعي على أنها كبيرة وتجب عليه التوبة».

**«بزانە کە سەرجێی کردن لەگەڵ ئافرەتێ کە لە بێ نوێژیدا بێ چەند بەشێکە، یەکێك لە جۆرەکانی سەرجێی کردنی جووتبوونە لەگەڵ شوێنی منداڵ بوونی دا، ئائەم جووتبوونە لەکاتی بێ نوێژی دا زانایانو شەرعناسانی موسڵمانان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کە حەرامە، بە بەڵگەی قورئانو سوننەت سەلماوە کە حەرامە، بۆیە دەڵێن: هەر موسڵمانێك جووتبوون لە شوێنی منداڵ بونەوە بە حەلاڵ بزانێ لەگەڵ ئافرەتێ کە لە بێ نوێژی دا بێ، ئەوا دەبێتە کافرێکی لە دین وەرگەڕاو، بەلاّم ئەگەر ئینسانێك ئەو ئیشەی کردو بەحەلاڵی نەزانی و بەحەرامی زانی ئەوە حوکمی جیاوازە، جا ئەگەر لەبیری چوو یان بێ ئاگابوو لە بێ نوێژی خێزانی، یان نەیزانی ئەم کارە لە شەرع دا حەرامە، یان بە زۆر پێی ئەنجامدرا، ئەوا نە تاوانبار دەبێو، نە کەفارەتیشی دەکەوێتە سەر، بەلاّم ئەگەر ئەو جووتبوونەی ئەنجام دا بە ئەنقەستو زانیشی خێزانی لە بێ نوێژی دایەو زانیشی لەشەرع دا حەرامەو بە ویستی خۆیشی ئەنجامی داو زۆری لێ نەکرا، ئەوا تاوانێکی گەورەو سەرپێچیەکی ناقۆلای ئەنجام داوە، دەقی قسەی ئیمامی شافعی لەسەر ئەوەیە کە تاوانێکی گەورەیە، بۆیە پێویستە تەوبە بکات».**

## ✐خاڵی دووەم: کەفارەتەکەی:

### * بڕگەی یەکەم: حوکمی کەفارەتەکە:

**ئەگەر پیاوێك جووتبوو لەگەڵ خێزانی خوێ دا لەکاتی بێ نوێژی دا، ئەوا سەرەڕای ئەوەی تاوانێکی گەورەی کردووە، دەبێ کەفارەتو باجی ئەو تاوانەشی بدات و تەوبەیشی لێ بکات و پەشیمان بێتەوە لەکردنی.**

**بەڵگەش بۆ کەفارەتەکەی ئەوەیە:**

« ابْنِ عَبَّاسٍ» **خوای لێ ڕازی بێ دەفەرمووێ: پێغەمبەر«ﷺ» سەبارەت بە حوکمی پیاوێك کە جووت بێ لەگەڵ خێزانی خوێ دا لەکاتی بێ نوێژی دا فەرمووی:**

« يَتَصَدَّقُ بِدِينَارٍ أَوْ بِنِصْفِ دِينَارٍ ».

**واتە: «کەفارەتەکەی ئەوەیە دینارێك یان نیو دینار بکاتە خێرو، لەکەفارەتی تاوانەکەیدا بیدات».**[1]

---

(1) **صحيح** سنن أبي داود - كتاب الطهارة باب في إتيان الحائض - حديث : 233و كتاب النكاح باب في كفارة من أتى حائضا - حديث : 1866. سنن ابن ماجه - كتاب الطهارة وسننها أبواب التيمم - باب في كفارة من أتى حائضا حديث : 637. المستدرك على الصحيحين للحاكم - كتاب الطهارة وأما حديث عائشة - حديث : 563. سنن الدارمي - كتاب الطهارة باب من قال : عليه الكفارة - حديث : 1138. السنن الصغرى - سؤر الهرة صفة الوضوء - باب ما يجب على من أتى حليلته في حال حيضتها بعد حديث : 287. السنن الكبرى للنسائي - ذكر ما ينقض الوضوء وما لا ينقضه ما يجب على من أتى امرأته في حال حيضتها مع علمه - حديث : 273. سنن الدارقطني - كتاب النكاح باب المهر - حديث : 3276. السنن الكبرى للبيهقي - كتاب الطهارة

**کەوابوو: حوکمی کەفارەتەکە واجبەو دەبێ بدرێ.**

**هەرچەندە سەبارەت بە واجب بوونی ئەو کەفارەتە هەندێ لە زانایان و شەرعناسان بۆچوونی تریان هەیەو قسەی تریان فەرمووە.** (1)

*** بڕگەی دووەم: بڕی کەفارەتەکە:**

**وە بڕی کەفارەتەکەش نیودینار بۆ دینارێکە، جا ئەگەر جوتبوونەکەی لەکاتێکدا بوو کە خێزانی لە خوێندابوو، واتە هێشتا پاك نەبوو بووەوە، ئەوا دەبێ دینارێك بدات، بەلاّم ئەگەر جووتبوونەکەی دوای پاکبوونەوەو، پێش خۆشۆردن بوو، ئەوا دەبێ نیو دینار بدات.**

**بەڵگەش بۆ ئەوە:**

« ابْنِ عَبَّاسٍ» **خوای لێ ڕازی بێ دەفەرمووێ:**

« إِذَا أَصَابَهَا فِي الدَّمِ فَدِينَارٌ وَإِذَا أَصَابَهَا فِي انْقِطَاعِ الدَّمِ فَنِصْفُ دِينَارٍ ».

**واتە: « ئەگەر لە جووتبونەکەی لەکاتێکدا بوو کە خێزانی لە خوێن دا بوو، ئەوا کەفارەتەکەی دیناریکە، بەلاّم ئەگەر لەکاتێکدا بوو کە لە خوێن بڕا، ئەوا کەفارەتەکەی نیو دینارە»** (2).

---

كتاب الحيض - باب ما روي في كفارة من أتى امرأته حائضا حديث : 1403. مسند أحمد بن حنبل - ومن مسند بني هاشم مسند عبد الله بن العباس بن عبد المطلب - حديث : 1959. **قال الشيخ الألباني: حديث صحيح**، أنظر: صحيح أبي داود (6 / 1884/379)،صحيح ابن ماجة (1 / 523/105)،الثمر المستطاب(1 / 42).

(1) بداية المجتهد(43/1).

(2) **صحيح** سنن أبي داود - كتاب الطهارة باب في إتيان الحائض - حديث : 234، و كتاب النكاح باب في كفارة من أتى حائضا - حديث : 1867. السنن الكبرى للبيهقي - كتاب الطهارة كتاب الحيض - باب ما روي في كفارة من أتى امرأته حائضا حديث :

وە هەندێك لە زانایان فەرموویانە پیاو سەرپشکە لەوەی دینارێك دەدات، یان نیو دینار.ئەمەش بۆ چونی ئیمامی «أحمد بن حنبل»ە، هەندێکی تریان فەرموویانە ئەگەر لە چەند ڕۆژی سەرەتای بێ نوێژیەکە بێ، ئەوە دیناریکی لە ئەستۆیە، بەلاّم ئەگەر لە چەند ڕۆژی کۆتایی بێ نوێژییەکەبێ، ئەوا نیو دیناری دەکەوێتە گەردن.[1]

دینارێکی ئالّتونیش: ئەندازەی ئیستا «5» غرام ئالّتوونە، کە مسقالێك ئالّتوونی عیارە «24» ە. واتە بۆ دینارەکە دەبێ نرخی مسقالێك ئالّتون بدا، وە نیودینارەکەش نرخی نیو مسقالّ.

## ✐خالّی سێیەم: کێ دەبێ کەفارەتەکە بدات؟

کەفارەتی جوتبوون لەکاتی بێ نوێژی دا دەکەوێتە ئەستوی پیاوەکەو دەبێ ئەو بیدات، چونکە ئەو بەلّگانەی کەباسمان کردسەبارەت بەکەفارەتەکە ڕووی لە پیاوانەو باسی ئافرەتی نەکردوە، هەرچەندە ئافرەکەش بەشدارەو ڕێخۆشکەر بووە بۆ مێردەکەی بۆ ئەو کارە، بەلاّم ئەوەندە هەیە کەفارەتەکە لەگەردنی پیاوەکەیەو ئافرەت لێی بەرپرس نی یە.[2]

---

1415. المستدرك على الصحيحين للحاكم - كتاب الطهارة وأما حديث عائشة - حديث : 564. **قال الشيخ الألباني:حديث صحيح**، أنظر : صحيح أبي داود - (2 / 258/20).

(1)المغني 417/1،المجموع359/2، مغني المحتاج110/1.

(2)المجموع 360/2، المغني418/1.

هەرچەندە هەندێ لە زانایانو شەرعناسان دەفەرموون هەروەك چۆن كەفارەتەكە دەكەوێتە ئەستۆی پیاوەكە، ئاوەهاش دەچێتە گەردنی ئافرەتەكە و دەبێ ئەویش بیدات وەكو مێردەكەی.(1)

بەلاّم واجب كردنی كەفارەت لە ئەستۆی ئافرەتەكە پێویستە بە بەڵگەی تایبەتی متمانەدار لە قورئانو سوننەت بسەلمێ، جالەبەر ئەوەی هیچ بەڵگەیەك نی یە باسی ئافرەتی كردبێ، بۆیە كەفارەتەكە ئافرەت ناگرێتەوە.(2)

## ✍ باسی دووەم

## جووتبوون لەگەڵ خێزان دوای پاك بوونەوەیو پێش خۆشۆردنی

دوای ئەوەی ئافرەت لە بێ نوێژی پاك بووەوەو لە خوێن بڕا، دروست نییە كاری سەرجێی جووتبوون ئەنجام بدات و بۆ مێردیش دروست نییە بەو مەبەستە نزیكی خێزانی بكەوێ، هەتاوەكو خۆی نەشوات.

كەوابوو دوو ڕێگر هەیە لەبەردەم جووتبوون دا:

<u>یەكەم</u>: بێ نوێژی كە بوونی خوێنەكەیە.

<u>دووەم</u>: خۆشۆردن كە غوسڵەكەیە.

جا هەركات ئافرەت پاك بووەوەو خۆی شۆرد ئەوجا بۆیان دروستە لەیەك نزیك ببنەوە بەمەبەستی جووتبوون. بەلاّم پاك بوونەوە بەتەنها ڕێگەی جوتبوونیان بۆ حەلاّڵ ناكات.

<u>بەڵگەش بۆ ئەوە:</u>

(1)كشاف القناع201/1، الإنصاف352/1 .
(2)المغني418/1-419.

﴿ وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْمَحِيضِۖ قُلْ هُوَ أَذًى فَٱعْتَزِلُوا۟ ٱلنِّسَآءَ فِى ٱلْمَحِيضِۖ وَلَا تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّىٰ يَطْهُرْنَۖ فَإِذَا تَطَهَّرْنَ فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ ٱللَّهُۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلتَّوَّٰبِينَ وَيُحِبُّ ٱلْمُتَطَهِّرِينَ ﴿٢٢٢﴾ ﴾ البقرة: ٢٢٢

**واتە: «ئەی پێغەمبەری خوا «ﷺ» سەبارەت بەجووتبوون لەگەڵ ئافرەتێ کە لە بێ نوێژی دا بێ پرسیارت لێ دەکەن، کە ئایا دروستە جووتبوون لەگەڵیان یاخود نا؟، تۆش بە موسڵمانان بڵێ: جوتبوون لەگەڵ خێزاندا لەکاتی بێنوێژی دا مایەی زەرەرو زیانو ناخۆشی و نەخۆشییە، بۆیە لە ماوەی بێنوێژیاندا لێیان دووربن وتێکەڵی سەرجێی ژن و مێردیان لەگەڵ مەکەن بە مەبەستی جووتبوون، وە نابێ بە مەبەستی جووتبوون نزیکیان بکەون هەتاوەکو پاك دەبنەوە، جا کە خوێیان شۆرد ئەوجا بچنەلایان لەو شوێنەوە کە خودا بۆی حەلاڵ کردوون ».**

**ئەوەی لە ئایەتەکەوە وەردەگیرێ ئەوەیە:**

**خوای زاناوکارلەجێ دوو مەرجی داناوە بۆ کەسێك کە بیەوێ بەمەبەستی جووتبوون لە خێزانی نزیك بکەوێتەوە کە لە بێ نوێژی دا بوو بێ:**

**یەکەم:** **پاکبوونەوەو لە خوێن بڕان** ﴿وَلَا تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّىٰ يَطْهُرْنَۖ﴾ **واتە نزیکیان مەکەون هەتا پاکدەبنەوەو لە خوێن دەبڕێن.**

**دووەم:** **خۆشۆردنو غوسڵ کردن لە دوای پاك بوونەوە** ﴿فَإِذَا تَطَهَّرْنَ﴾ **واتە کاتێك کە خوێیان شۆرد لەدوای پاك بوونەوە.**

جا هەركات پاكبوونەوەو خۆيان شۆرد ئەوجا دروستە لەگەڵيان جووت بن.﴿وَلَا تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّىٰ يَطْهُرْنَ فَإِذَا تَطَهَّرْنَ فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ اللَّهُ﴾. بەلاّم ئەگەر پاك بووەوە، بەلاّم خۆى نەشۆردبوو، ئەوا مەرجێكى ناتەواوەو دروست نىيە جوتبوون ئەنجام بدرێ.

ئەوەش كە وترا لێكدانەوەو تەفسيرى زانايانو توێژەرەوانى قورئانە:

**ئيمامى « مجاهد » دەفەرموێ:**

«﴿وَلَا تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّىٰ يَطْهُرْنَ﴾ « قال: انقطاع الدم».

واتە: نەمانى خوێنەكە.﴿فَإِذَا تَطَهَّرْنَ﴾«فإذا اغتسلن» واتە:كاتێ خۆيان دەشۆن.(1)

**ئيمامى « عكرمة » دەفەرموێ:**

« ﴿وَلَا تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّىٰ يَطْهُرْنَ﴾« قال: حتى ينقطع الدم » واتە: تا ئەو كاتەى خوێنەكە دەبڕێ﴿فَإِذَا تَطَهَّرْنَ﴾«فإذا اغتسلن » واتە:كاتێ خۆيان دەشۆن.(2)

**ئيمامى « ابن عباس » دەفەرموێ:**

« ﴿فَإِذَا تَطَهَّرْنَ﴾ « فإذا طهُرت من الدم وتطهَّرت بالماء».

واتە: كاتێك پاكبوونەوە لە خوێن، وە خۆيان شۆرد بە ئاو. (3)

---

(1)الطبري 374/4.

(2)الطبري 374/4.

(3)الطبري 374/4.

**ئیمامی** « الطبري » **دەفەرموێ:**

« ﴿ وَلَا تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّىٰ يَطْهُرْنَ فَإِذَا تَطَهَّرْنَ ﴾«فـإذا اغتسلن فتطهَّرن بالماء فجامعوهن ».

**واتە: کاتێك خوێیان شۆردو خوێیان پاکردەوە بەئاو ئەوجا دروستە بچنەلایان بە مەبەستی جوتبوون.** [1]

**ئیمامی** « القرطبي » **دەفەرموێ :**

« أن الله سبحانه علق الحكم فيها على شرطين: أحدهما: انقطاع الدم، وهو قوله تعالى: ﴿ حَتَّىٰ يَطْهُرْنَ ﴾ والثاني: الاغتسال بالماء، وهو قوله تعالى: ﴿ فَإِذَا تَطَهَّرْنَ ﴾ أي يفعلن الغسل بالماء».

**واتە: « خودا حوکمی جوتبوونی بەستوّتەوە بە دوو مەرجەوە: یەکەمیان نەمانی خوێنەکەیە﴿ حَتَّىٰ يَطْهُرْنَ ﴾ دووەمیان خوّشوّردنەکەیە بە ئاو﴿ فَإِذَا تَطَهَّرْنَ ﴾ واتە: کاتێك خوێیان شوّرد بە ئاو »**[2]

**ئیمامی** « إبن كثير » **دەفەرموێ :**

« وقد اتفق جمهور العلماء على أن المرأة إذا انقطع حيضُها لا تحل حتى تغتسل بالماء أو تتيمم، إن تعذر ذلك عليها بشرطه ».

---

(1)الطبري 374/4.

(2)الجامع لأحكام القرآن 89/3.

**واتــە: « زۆربــەی زانایــان یەکــدەنگن لەســەر ئــەوەی دروســت نییــە جووتبــوون لەگــەڵ ئــافرەت دا کاتێــك پــاك دەبێتــەوە، هــەتاوەکو خــۆی دەشــوات بــە ئــاو، یــان تەیەموم بکات ، ئەگەر بیانوی شەرعی تەیەمومی هەبوو»[1].**

**ئیمامی** « إبن تيمية » **دەفەرمویّ:**

« أَمَّا الْمَرْأَةُ الْحَائِضُ إذَا انْقَطَعَ دَمُهَا، فَلَا يَطَؤُهَا زَوْجُهَا حَتَّــى تَغْتَســلَ إنْ كَانَــتْ قَادِرَةً عَلَى الِاغْتِسَالِ، وَإِلَّا تَيَمَّمَتْ، كَمَــا هُــوَ مَــذْهَبُ جُمْهُــورِ الْعُلَمَــاءِ كَمَالِــكٍ وَالشَّافِعِيِّ، وَأَحْمَدَ... ».

**واتــە: « ئــافرەت کــە لــە بــێ نوێــژی پــاك دەبێتــەوەو خــوێنی نــامێنیّ، نــا بــێ کــاری جووتبــوونی لەگــەڵ ئــەنجام بــدریّ هــەتا خــۆی دەشــوات، ئەگــەر توانــای خۆشــۆردنی هــەبوو، ئەگــەر نــا تەیــەموم دەکــات، ئەمــەش بۆچــونی زۆربــەی زانایانــە وەکو** مَالِك وَالشَّافِعِيِّ، وَأَحْمَدَ...»[2]

**کــەوابوو دوای ئــەوەی کــە پــاك بــوەوە پێویســتە خــۆی بشــوات بــۆ ئــەوەی بتــوانیّ کــاری ســەرجێی جووتبــوون ئــەنجام بــدات، بــەبیّ خۆشــۆردن بۆیــان حــەلاڵ نــی یــە نزیکی یەکتر بکەون بەو مەبەستە.**

**بــەلام ئەگــەر پــێش خۆشــۆردن ئــەو کــارە ئــەنجام درا، ئــەوا کــەفارەتی دەکەوێتــە ئەستۆی پیاوەکە، کە نیو دینار دەکات.**

**وەکــو پێشــتریش ئاماژەمــان پێکــرد، دوو ڕێگــر هەیــە بــۆ جوتبــوون کــە بــێ نوێــژیو خۆشــۆردنە، جــا ئەگــەر لــە بــێ نوێــژی دا جوتبــوون ئەنجامــدرا، ئــەوا**

---

(1)تفسير إبن كثير 1/ 588.

(2)الفتاوى الكبرى 1/306.

کەفارەتەکەی دینارێکە، بەڵام ئەگەر دوای پاك بوونەوەو پێش خۆشۆردن بوو، ئەوا نیو دینارە.

## ✍ باسی سێیەم
## حوکمی سەرجێی کردنێك دوور بێ لە تێکەڵی جووتبوون

ئەگەر ئافرەتێك لە بێ نوێژی دا بێ، دروستە بۆی لەگەڵ مێردەکەی کاری سەرجێی ئەنجام بدەن و لە یەکتر سوودمەندبن و لەزەت لەیەك بکەن، بەمەرجێك عەورەتیان تێکەڵ بە یەك نەبێ و جوتبوون لە نێوانیان دا روونەدات.

**بەڵگەش بۆ ئەوە:**

**یەکەم:**

﴿فَٱعۡتَزِلُواْ ٱلنِّسَآءَ فِي ٱلۡمَحِيضِۖ﴾ البقرة: ٢٢٢.

واتە: نزیکی خێزانەکانتان مەکەون بەمەبەستی جووتبوون لەو شوێنەوە کە خوێندارە.

﴿ٱلۡمَحِيضِۖ﴾. واتە ئەو شوێنەی کە خوێنی لێ دێ.

لێرەدا خودای گەورە حەرامکردنی جووتبوونی بەستۆتەوە بە شوێنی خوێنەکەوە، کە عەورەتی ئافرەتەکەیە.

کەوابوو: لەکاتی بێ نوێژی دا ئەو جووتبوونە حەرامە کە عەورەتی پیاو تێکەڵی عەورەتی خێزانی ببێ، کە شوێنی خوێنەکەیە.

**جا لەوەوە ئەوە فێردەبین:**

**ئەگەر ژن‌ومێرد کاری سەرجێی لەگەڵ یەکتر ئەنجام بدەن‌و لە یەکتر سوودمەندبن‌و لەزەت لەیەك بکەن، بەمەرجێك عەورەتیان تێکەڵ بە یەك نەبیٚ‌و جوتبوون لە نێوانیان دا روونەدا، ئەوا حەرام نییە و تاوانبار نابن.** (1)

**دووەم:**

**لە چەندەها«حدیث»دا پێغەمبەر«ﷺ» ئەوەی بۆمان ڕوونکردۆتەوە کە ئەگەر ئافرەتێك لە بێ نوێژی دا بیٚ، دروستە بۆی لەگەڵ مێردەکەی کاری سەرجێی ئەنجام بدەن‌و لە یەکتر سوودمەندبن‌و لەزەت لەیەکتر بکەن، بەمەرجێك عەورەتیان تێکەڵ بە یەك نەبیٚ‌و جوتبوون لە نێوانیان دا روونەدات.**

1-« أَنَسٍ»« **خوای لیٚ ڕازی بیٚ » دەفەرمویٚ: جوولەکەکان ئەگەر ئافرەتیان بکەوتایەتە بێ نوێژیەوە، نەخواردنی دەستیان دەخواردن‌و، نە لە ژوور لەگەڵیان دەمانەوە، جا صەحابە پرسیاریان لە پێغەمبەر کرد«ﷺ» دەربارەی ئافرەتیٚ کە لە بێ نوێژی دا بیٚ چ شتیٚ حەرامە بەرامبەریان سەبارەت بەو ئافرەتانە؟ خوای گەورە ئەو ئایەتەی ناردە خوارەوە:**﴿ وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْمَحِيضِ ۖ قُلْ هُوَ أَذًى فَٱعْتَزِلُوا۟ ٱلنِّسَآءَ فِى ٱلْمَحِيضِ ۖ ...﴾ البقرة: ٢٢٢

**پێغەمبەریش«ﷺ» فەرمووی:**

« اصْنَعُوا كُلَّ شَيْءٍ إِلَّا النِّكَاحَ ». **واتە « هەموو شتێکیان لەگەڵ ئەنجام بدەن تەنها جوتبوون نەبیٚ»**(2)

---

(1)المحلى 248/2.

(2)**صحيح** مسلم - كتاب الحيض باب جواز غسل الحائض رأس زوجها وترجيله وطهارة سؤرها والاتكاء في - حديث : 481 . مستخرج أبي عوانة - مبتدأ كتاب الحيض والاستحاضة

**2-«عِكْرِمَــــــــةَ»« خــوای لــێ ڕازی بـــێ» لـــە هەنـــدێ لـــە خێزانـــەکانی پێغەمبەرەوە«ﷺ» دەیگێڕێتەوە، کە دەفەرموون:**

« أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانَ إِذَا أَرَادَ مِـــنْ الْحَـــائِضِ شَـــيْئًا أَلْقَـــى عَلَـــى فَرْجِهَا ثَوْبًا ثُمَّ صَنَعَ مَا أَرَادَ ».

**واتــە :« پێغەمبــەر«ﷺ» ئەگــەر ویســتبای ئیشــی ســەرجێی لەگــەڵ خێزانێکــی ئــەنجام بــدات کەلــە بــێ نوێژیــدا بــێ، ئــەوا عــەورەتی خێزانــی بــە پارچــە قوماشــێك دادەپۆشی و پاشان ئەوەی دەیویست دەیکرد لەگەڵیدا»**(1)

**3-« عَائِشَةَ»«خوای لێ ڕازی بێ» دەفەرمووێ:**

«كَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَأْمُرُ إِحْـــدَانَا إِذَا كَانَـــتْ حَائِضًـــا أَنْ تَتَّـــزِرَ ثُمَّ يُضَاجِعُهَا زَوْجُهَا وَقَالَ مَرَّةً يُبَاشِرُهَا».

---

بيان إباحة شرب سؤر الحائض - حديث : 693. صـحيح ابـن حبـان - كتـاب الطهـارة باب الحيض والاستحاضة - ذكر الأمر بمؤاكلة الحـائض ومشـاربتها واسـتخدامها إذ اليهـود لا تفعل ذلك حديث : 1378 . سنن ابن ماجه - كتـاب الطهـارة وسـننها أبـواب التـيمم - باب ما جاء في مؤاكلة الحائض وسؤرها حـديث : 641. مسـند أحمـد بـن حنبـل - ومـن مسند بني هاشم مسند أنس بن مالك رضي الله تعالى عنه - حديث : 12110.

(1)**صحيح** سنن أبي داود - كتاب الطهارة باب في الرجل يصيب منـها مـا دون الجمـاع - حـديث : 241 . معرفة السنن والآثـار للبيهقـي - كتـاب النكـاح إتيـان الحـائض - حـديث : 4434. **قال الشيخ الألباني:حديث صـحيح**، أنظـر صـحيح وضـعيف سـنن أبي داود(1 / 272/34)، صـحيح وضـعيف الجـامع الصـغير (18 / 8792/439)،آداب الزفـاف - (1 / 53).

**واتـە: «هـەر يـەك لـە ئێمـە كـاتێ لـەبێ نوێـژى دا بووايـە پێغەمبـەر«ﷺ» داواى لـێ دەكـرد عـەورەتى داپۆشـێ، پاشـان خێزانەكـەى دەيخسـتە سـەرجێگاو سـەرجێى لەگەڵ دەكرد».**[1]

4-« عَائِشَةَ»«**خواى لێ ڕازى بێ» دەفەرمووێ:**

«كَانَتْ إِحْدَانَا إِذَا كَانَتْ حَائِضًا فَأَرَادَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنْ يُبَاشِرَهَا أَمَرَهَا أَنْ تَتَّزِرَ فِي فَوْرِ حَيْضَتِهَا ثُمَّ يُبَاشِرُهَا قَالَتْ وَأَيُّكُمْ يَمْلِكُ إِرْبَهُ كَمَا كَانَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَمْلِكُ إِرْبَهُ».

**واتـە: « هـەر يـەك لـە ئێمـە كـاتێ لـەبێ نوێـژى دا بووايـەو پێغەمبـەر«ﷺ» ئەگـەر ويسـتباى ئيشـى سـەرجێى لەگـەڵ ئـەنجام بـدات، ئـەوا داواى لـێ دەكـرد عـەورەتى داپۆشـێ لـەكاتى خوێنەكـەدا، پاشـان سـەجێى لەگـەڵ دەكـرد. پاشـان عائشـە فـەرمووى: جـا كـێ هەيـە لـە ئێـوە كـە بتـوانێ شـەهوەتى خـۆى بگـرێ، وەكـو پێغەمبەر ﷺ».**[2]

---

(1)**صحيح**: سنن أبي داود - كتاب الطهارة باب في الرجل يصيب منها ما دون الجماع - حديث : 237. صحيح ابن حبان - كتاب الطهارة باب الحيض والاستحاضة - ذكر البيان بأن المرأة الحائض إذا نام معها زوجها يجب أن حديث : 1380و ذكر الأمر للمرأة الحائض بالاتزار عند إرادة مباشرة الزوج إياها حديث : 1383. المستدرك على الصحيحين للحاكم - كتاب الطهارة وأما حديث عائشة - حديث : 565. **قال الشيخ الألباني:حديث صحيح**، أنظر صحيح وضعيف سنن أبي داود - (1 / 268/30).

(2)**صحيح** البخاري - كتاب الحيض باب مباشرة الحائض - حديث : 298. صحيح مسلم - كتاب الحيض باب مباشرة الحائض فوق الإزار - حديث : 467. مستخرج أبي عوانة - مبتدأ كتاب الحيض والاستحاضة بيان إباحة مباشرة الحائض وبينهما ثوب من غير أن يقضي الرجل - حديث : 685. سنن أبي داود - كتاب الطهارة باب في الرجل يصيب منها ما

ئەوەی لەو«حدیث»انەوە وەردەگیرێ ئەوەیە:

سـەرجێی لەگـەڵ خێزانـەکانی خـۆی دا کـردووە، لەکاتێـدا خێزانـەکانی لـە بـێ نوێـژی دا بـوون، عـەورەتی خێزانـانی بـە پارچـە قومـاش داپۆشـیوە، تـاوەکو عەورەتیان تێکەڵ بە یەك نەبێ.

**کەوابوو**:

ئەگـەر ئافرەتێـك لـە بـێ نوێـژی دا بـێ، دروسـتە بـۆی لەگـەڵ مێردەکـەی کـاری سـەرجێی ئـەنجام بـداتو لـە یـەکتر سـوودمەندبنو لـەزەت لەیـەکتر بکـەن، بەمـەرجێك عەورەتیان تێکەڵ بە یەك نەبێو جوتبوون لە نێوانیان دا روونەدات.

---

دون الجماع - حديث : 242. سنن ابن ماجه - كتاب الطهـارة وسـننها أبـواب التـيمم - باب ما للرجل من امرأته إذا كانت حائضاحديث : 632.

# بەشی هەشتەم

# ئەو ئەحكامانەی

# تایبەتمەندن بە تەڵاقو جیابونەوەوە

✍ باسی یەكەم: جۆرەكانی تەڵاق بەپێی ئەوساتەی كە ئافرەتی تێدا تەڵاق دەدرێ لە بێ نوێژیدایە یان نا؟

✍ باسی دووەم: جیاوازی نێوان ئافرەتێكی گوازراوەو ئافرەتێ نەگوازراوە كە تەڵاق بدرێو لە بێ نوێژیدا بێ .

✍ **باسی سێیەم: گێڕانەوەی ئافرەتێك كە لە بێ نوێژی دا تەڵاقدرا بێ.**

✍ **باسی چوارەم: دەست هەڵگرتنی ژن لە مێردەكەی لەماوەی بێ نوێژی دا(خلع).**

## ✍ باسی یەکەم
## جۆرەکانی تەڵاق بەپێی ئەوساتەی ئافرەتی تێدا تەڵاق دەدرێ لە بێ نوێژی دایە یان نا؟

تەڵاق بەپێی ئەوساتەی کە ئافرەتی تێدا تەڵاق دەدرێ لە بێ نوێژی دایە یاخود نا؟ دەبێتە دوو بەشەوە:

یەکەم:« تەڵاقی سوننی »:

دووەم:« تەڵاقی بیدعی »:

### ✐خاڵی یەکەم: تەڵاقی سوننی:

*** بڕگەی یەکەم: مانای تەڵاقی سوننی:**

« تەڵاقی سوننی »: ئەوەیە کە تەڵاق دانەکە لەسەر ئەو چۆنیەتیو شێوازەبێ کە شەرع باسی کردووەو ڕێگەی پێداوە. ئەویش ئەوەیە کە پیاو خێزانی خۆی تەڵاق بدات لە پاکێتیەکدا کە نەچووبێتە لای.

*** بڕگەی دووەم: شەرعیەتی تەڵاقی سوننی:**

وەکو وتمان « تەڵاقی سوننی »: ئەوەیە کە تەڵاق دانەکە لەسەر ئەو چۆنیەتیو شێوازەبێ کە شەرع باسی کردووەو ڕێگەی پێداوە. ئەویش ئەوەیە کە پیاو خێزانی خۆی تەڵاق بدات لە پاکێتیەکدا کە نەچوبێتە لای.

کەوابوو: ئەو تەلاق دانەی کە قورئانو سوننەت باسیان لێوەکردەوەو شێوازوو چۆنیەتیەکەیان دەست نیشان کردووە، ئەوەیە کە دوو مەرجی تێدا بێ:

یەکەم: ئەو ئافرەتەی کە تەلاق دەدرێ دەبێ لە پاکێتی دا بێ، نەك لە بێ نوێژی دا.

دووەم: وە نابێ لەماوەی ئەو پاکێتیەدا جیماعیان کردبێ .

ئەوجا بۆ مێرد دروستە خێزانی خۆی تەلاق بدات، ئەگەر بیانویەکی شەرعی هەبوو. کەوابوو: ئەگەر تەلاق دانەکە ئەو دوو مەرجەی تێدا بێ ئەوە شەرعیەتی هەیە .

**بەڵگەش بۆ ئەوە:**

خودای زاناو کارلەجێ دەفەرموێ:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِذَا طَلَّقۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ وَأَحۡصُواْ ٱلۡعِدَّةَ﴾الطلاق: ١

واتە: «ئەی پێغەمبەری خوا«ﷺ» بە ئومەتەکەت بڵێ: کاتێك کە خێزانەکانی خۆیان تەلاق دەدەن، با لەکاتی دەست پێ کردنی عیدەیاندا تەلاقیان بدەن».

**کەوابوو:**

تەلاق دان هەروا شتێکی هەوانتەکاریو بێ سەرەو بەرە نی یە، بەڵکو شەرع کۆمەڵێ شەرتومەرجی داناوە بۆ مێرد تاوەکو بەپێی ئەو شەرتو مەرجانە خێزانی تەلاق بدات، جا یەکێك لەو مەرجانەی کە خودا دایناوە بۆ ئەو مەبەستە، ئەوەیە کە ئەو ئافرەتە دەبێ لە کاتی دەست پێکردنی عیدەدا بێ﴿ فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ ﴾.

**وە ئـەو عیدەیـەش كـە خـودا باسـی كـردووەو كـراوە بەمـەرجی شـەرعیەتی تـەڵاق ئەوەیـە كـە ئـەو ئافرەتـەی تـەڵاق دەدرێ دەبـێ لـە پـاكێتی دا بـێ، نـەك لـە بـێ نوێـژی دا. وە نابێ لەماوەی ئەو پاكێتیەی جیماعیان كردبێ.**

**ئەمەش پێغەمبەر«ﷺ» ڕوونی كردوّتەوە بوّمان:**

« عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عُمَـرَ »« **خـوای لـێ ڕازی بـێ » خێزانەكـەی خـوّی تـەڵاق دا كـە لـە بـێ نوێـژی دا بـوو، ئیمـامی**« عُمَـــرُ» **ئـەوەی بـوّ پێغەمبـەر«ﷺ» باسـكرد، پێغەمەریش«ﷺ» زوّر توڕەبوو بوّیە فەرمانی پێكردوو فەرمووی:**

« مُرْهُ فَلْيُرَاجِعْهَا ثُمَّ لِيُمْسِكْهَا حَتَّى تَطْهُرَ، ثُمَّ تَحِـيضَ[حَتَّـى تَحِـيضَ حَيْضَـةً أُخْـرَى مُسْتَقْبَلَةً سِوَى حَيْضَتِهَا الَّتِي طَلَّقَهَا فِيهَا]، ثُمَّ تَطْهُرَ، ثُـمَّ إِنْ شَـاءَ أَمْسَـكَ بَعْـدُ وَإِنْ شَـاءَ طَلَّقَ قَبْلَ أَنْ يَمَسَّ[فَلْيُطَلِّقْهَا طَاهِرًا قَبْلَ أَنْ يَمَسَّهَا]فَتِلْكَ الْعِدَّةُ الَّتِي أَمَـرَ اللَّـهُ أَنْ تُطَلَّـقَ لَهَـا النِّسَاءُ [فَذَلِكَ الطَّلَاقُ لِلْعِدَّةِ كَمَا أَمَرَ اللَّهُ] ».

**واتـە: «پێـی بڵـێ بـا بیگێڕێتـەوەو دەسـتی لـێ بەرنـەدا، تـا لـەو بـێ نوێژیـەی پـاك دەبێتـەوە، پاشـان بوّجـارێكی تـر دەكەوێتـە بـێ نوێژیـەكی تـرەوە، جگـە لـەو بـێ نوێژیـەی كـە تێیـدا تـەڵاق دراوە، پـاش ئـەم بـێ نوێژیـەش كـەی پاكـەوە بـوو، ئـەوجا ئەگـەر ویسـتی لەسـەر هـەبوو دەتـوانێ دەسـتی لـێ بەرنـەدا، یـان ئەگـەر ویسـتی لەسـەر بـوو دەتـوانێ دەسـتی لـێ بـەرداو تـەڵاقی بـدات لـەو پاكێتیـەدا پـێش ئـەوەی بچـێتەلای و لەگەڵیـدا جـووتببێ. جـا ئـائـەو تـەڵاق دانـە لـە پاكێتیەكـدا كـە جیمـاعی تێدانـەكرابێ، ئـەو عیدەیـەی كـە خـودا فـەرمانی پێكـردوە خێزانـی تێـدا تـەڵاق بدرێ»».[1]**

---

(1)**صحيح** البخاري - كتاب تفسير القرآن سورة البقرة - بـاب : وقـال مجاهـد : إن ارتبـتم : " إن لم حديث : 4627، و كتاب الطلاق باب قول الله تعالى : يا أيهـا الـنبي إذا طلقـتم النسـاء -

<u>**ئەوەی لە«حدیث»ەکەوە وەردەگیرێ ئەوەیە:**</u>

**پێغەمبەر«ﷺ» ئەوەی فێرمان کرد ئەو عیدەیەی کە خودا لە قورئان دا باسی کردووەو کراوە بەمەرجی شەرعیەتی تەلاَق ئەوەیە:**

**یەکەم: ئەو ئافرەتەی کە تەلاَق دەدرێ دەبێ لە پاکێتی دا بێ، نەك لە بێ نوێژی دا.**« فَلْيُطَلِّقْهَا طَاهِرًا».

**دووەم:** وە **نابێ لەماوەی ئەو پاکێتیەدا جیماعیان کردبێ** . « قَبْلَ أَنْ يَمَسَّهَا».

**جا ئەگەر تەلاَق دانێك ئەو دوو مەرجەی تێدابوو ئەوە جێگای خۆی گرتووەو بەتەلاَقێکی شەرعی دادەنرێ** « فَتِلْكَ الْعِدَّةُ الَّتِي أَمَرَ اللَّهُ أَنْ تُطَلَّقَ لَهَا النِّسَاءُ ».

**ئائەم تەلاَق دانەش بەم دوو مەرجە پێی دەوترێ « تەلاَقی سوننی ».**

*** بڕگەی سێیەم: حوکمی تەلاَقی سوننی:**

**ئەم جۆرەیان زانایان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کە تەلاَقی پێ دەکەوێت .** [1]

---

حديث : 4956، و باب وبعولتهن أحق بردهن في العدة - حديث : 5025، و كتاب الأحكام باب : هل يقضي القاضي أو يفتي وهو غضبان - حديث : 6760. صحيح مسلم - كتاب الطلاق باب تحريم طلاق الحائض بغير رضاها - حديث : 2754. صحيح ابن حبان - كتاب الطلاق ذكر الأمر لمن أراد أن يطلق امرأته أن يطلقها في طهرها - حديث : 4324. موطأ مالك - كتاب الطلاق باب ما جاء في الأقراء وعدة الطلاق وطلاق الحائض - حديث : 1205. سنن أبي داود - كتاب الطلاق أبواب تفريع أبواب الطلاق - باب في طلاق السنة حديث : 1877. السنن الصغرى - كتاب الطلاق باب : وقت الطلاق للعدة التي أمر الله عز وجل أن - حديث : 3354. السنن الكبرى للنسائي - كتاب الطلاق وقت الطلاق للعدة التي أمر الله جل ثناؤه بها - حديث : 5420.

(1)الفِقْهُ الإسلاميُّ وأدلَّتُه 9/ 403.

## ✐خاڵی دووەم: تەڵاقی بیدعی:

*** بڕگەی یەکەم: مانای تەڵاقی بیدعی:**

« تـەلاّقی بیـدعی »: ئەوەیـە کـە تـەلاّق دانەکـە لەسـەر ئـەو چـۆنیەتیو شـێوازە نـەبێ کـە شـەرع باسـی کـردووەو ڕێگـەی پێـداوە. ئـەویش ئەوەیـە کـە پیـاو خێزانـی خۆی تەڵاق بدات لەکاتی بێنوێژی دا، یان لە پاکێتیەکدا کە چوبێتە لای.

*** بڕگەی دووەم: شەرعیەتی تەڵاقی بیدعی:**

وەکـو وتمـان « تـەلاّقی بیـدعی »: ئەوەیـە کـە تـەلاّق دانەکـە لەسـەر ئـەو چـۆنیەتیو شـێوازە نـەبێ کـە شـەرع باسـی کـردووەو ڕێگـەی پێـداوە. ئـەویش ئەوەیـە کـە پیـاو خێزانـی خـۆی تـەلاق بـدات لـەکاتی بێنوێـژی دا، یـان لـە پاکێتیەکـدا کـە چوبێتە لای.

کـەوابوو : ئـەو تـەلاّق دانـەی کـە قورئـانو سـوننەت حـەرامیان کـردووەو نـابێ ئافرەتی تێدا تەلاّق بدرێ، ئەوەیە:

<u>یەکەم:</u> ئەو ئافرەتەی کە تەلاّق دەدرێ لە بێ نوێژی دا بێ .

<u>دووەم:</u> یان لە پاکێتیەکدا بێ، جیماعیان تێدا کردبێ .

جـا لـەم حاڵـەتـەدا بـەهیچ شیوەیەك بـۆ مێـرد دروسـتە نییـە خێزانـی خـۆی تـەلاّق بدات، ئەگەر بیانویەکی شەرعیشی هەبێ.

کـەوابوو: ئەگـەر تـەلاّق دانەکـە لـە دوو حاڵەتـەدا بـوو، ئـەوا بـەهیچ شـێوەیەك شەرعیەتی نی یە.

بەڵگەش بۆ ئەوە:

خودای زاناو کارلەجێ دەفەرموێ:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِذَا طَلَّقۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ وَأَحۡصُواْ ٱلۡعِدَّةَ﴾الطلاق: ١

واتـە: «ئـەی پێغەمبـەری خـوا«ﷺ» بـە ئومەتەکـەت بڵـێ: کاتێـك کـە خێزانـەکانی خۆیـان تـەلاّق دەدەن، بـا لـەکاتی دەسـت پـێ کردنـی عیدەیانـدا تەلاّقیان بدەن».

جامـادام خـودا فـەرمانی بـەوە کـردوە کـە لـە عیـدەی خۆیـان دا تـەلاّق بـدرێن، ئەمە خۆی بۆ خۆی نەهی کردن و حەرام کردنی پێچەوانەکەیەتی.

کـەوابوو: ئـەم تـەلاّق دانـە خـودا ڕێگـەی پـێ نـەداوەو فـەرمانی ئـەوی لەسـەر نـی یـە، بـەڵکو بەتـەواوی پێچـەوانەی ئـەمرو فـەرمانی خودایـە، بۆیـە هەرکەسـێك خێزانـی خـۆی تـەلاّق بـدات لـە کـاتی بـێ نوێـژی دا یـان لـە پاکێتیەکـەدا کـە جیماعیـان تێـدا کردبـێ، ئـەوا سـنور بـەزێنی کـردووەو کـارێکی حـەرامی ئـەنجام داوەو فەرمانی خودای شکاندووەو خۆی دووچاری تاوان و زوڵم و ستەم کردووە.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِذَا طَلَّقۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ وَأَحۡصُواْ ٱلۡعِدَّةَۖ . . . . . وَتِلۡكَ حُدُودُ ٱللَّهِۚ وَمَن يَتَعَدَّ حُدُودَ ٱللَّهِ فَقَدۡ ظَلَمَ نَفۡسَهُۥ﴾الطلاق: ١.

واتـە: ئەمەیـە سـنوری شـەریعەت و بەرنامـەی خـودا لـەبارەی تەلاّقـەوە، بۆیـە وشیاربن دەسـت درێـژی و سـنوربەزێنی نەکـەن و لـە سـنوری خـودا دەرنەچـن، چـونکە

هەركەسێك سنوربەزێنی بكاتو تەلاَق دانی بەپێی شەرعی خودا نەبێ، ئەوا خۆی دوچاری زوڵم و ستەمو تاوان كردووە.

وەكو پێشتر باسمان كرد، كاتێك« عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عُمَرَ »« خوای لێ ڕازی بێ» خێزانەكەی خۆی تەلاَق دا لە بێ نوێژی دا، پێغەمبەر«ﷺ» تورە بوو، وە فەرمانی پێكرد كە بیگێڕێتەوەو دەستبەرداری نەبێ تا پاك دەبێتەوە« مُرْهُ فَلْيُرَاجِعْهَا ثُمَّ لِيُمْسِكْهَا حَتَّى تَطْهُرَ، ثُمَّ تَحِيضَ، ثُمَّ تَطْهُرَ»، ئەوجا دەتوانێ بەپێ فەرمانی خودا لە عیدەكەی خۆی دا تەلاَقی بدات « فَلْيُطَلِّقْهَا طَاهِرًا قَبْلَ أَنْ يَمَسَّهَا». وە ئەوەشی بۆ ڕونكردەوە كە تەلاَق دان بەپێی شەرع دەبێ ئەو دوو مەرجەی تێدابێ «فَتِلْكَ الْعِدَّةُ الَّتِي أَمَرَ اللَّهُ أَنْ تُطَلَّقَ لَهَا النِّسَاءُ»، ئەگەر نا تەلاَق دانەكە سەری لە بێ شەرعیەوە دەردەچێ .

جالەوەوە پێغەمبەر فێرمانی كرد كە تەلاَق دان بە جۆرە هیچ شەرعیەتێكی نی یەو پێچەوانەی فەمانی خودایە.

*** بڕگەی سێیەم: حوكمی تەلاَقی بیدعی:**

وەكو لە بڕگەی دووەم دا باسمان كرد ئەم جۆرە تەلاَق دانە لەگەڵ شەرع دا یەك ناگرێتەوەو لەسەداسەد پێچەوانەی قورئانو سوننەتەو، هەركەس بەم شێوەیە خێزانی خۆی تەلاَق بدات، خۆی تاوانباركردووەو سنوری شەرعی بەزاندووە. لەمەدا زانایانو شەرعناسان یەكدەنگ. [1]

بەلاَم لەكەوتنی تەلاَقەكەدا زانایانو شەرعناسان جیاوازن، زۆربەی زۆری شەرعناسان لەوانە هەر چوار مەزهەبەكەو شوێنكەوتوانیان لەسەر ئەوەن كە ئەم

---

(1)المغني324/10،بداية المجتهد47/2، مجموعة فتاوى إبن تيمية 7/33، صحيح فقه السنة296/3

جـۆرن تـەلاّق دانـە هەرچـەندە حەرامـە بـەلاّم دەکـەوێتو حـوکمی تـەلاّقی بەسـەردا دەچەسپێ.[1]

بـەلاّم کۆمـەڵێك لـە شەرعناسـانی پێشـین لەسـەر ئـەوەن کـە ئـەم جـۆرە تـەلاّق دانـە ناکـەوێت، لەوانـە «طاوس، عكرمة، محمد بن إسـحاق، خـلاس بـن عمـر»، وەهـەروەها «إبن حزم»و کۆمـەڵێك لە شوێن کەوتوانی مەزهەبی «أبـو حنيفـة و مالـك و أحمـد» لەسـەر ئـەوەن کـە ناکـەوێت، ئیمـامی «إبـن تيميـة و إبـن قـيم» ئـەوەیان پەسـەند کردووە کە ئەم جۆرە تەلاّقە ناکەوێت.[2]

## ✍ باسی دووەم

## جیاوازی نێوان ئافرەتێکی گوازراوەو ئافرەتی نەگوازراوە[3] کە تەلاق بدرێو لە بێ نوێژیدا بێ

ئـەو حوکمـەی کـەباسمان کـرد دەربـارەی تـەلاّقی سـوننی و بیـدعی تایبەتـە بـە ئافرەتێك کە گوێزرابێتەوەو چوبێتە لای مێردی خۆی.

---

(1)المجموع15/398، المغني10/327، بداية المجتهد2/48، زاد المعاد5/223، مجمعة فتاوى 33/81

(2)المحلى11/452، بداية المجتهد2/48، مجموعة فتاوى إبن تيمية 33/22-98، زاد المعاد5/221

(3) مەبەست بە ئافرەتی گوێزراوە: ئەو ئافرەتەیە کە چوبێتەلای مێردی خۆی و تێکەڵی سەرجێیان لەگەڵ یەکدا کردبێ، نەگوێزراوەش: ئەو ئافرەتەیە کە مارەکراوەو نەچوّتە لای مێردی خۆی.

كـەوابوو: ئەگـەر ئافرەتێـك نەگوێزرابێتـەوە، ئـەوا مەسـەلەی پـاكێتیو بـێ نوێـژی نایگرێتـەوەو شمـوولی ناكـات، بۆیـە دەتـوانرێ تـەلاَق بـدرێ لـە بـێ نوێـژی دا بـێ یـان لە پاكێتی دا بێ .

وە ئافرەتەكـەش هـیچ عیدەیـەكی لەسـەر نییـە لـە دوای تـەلاَق دانەكـەی، كەواتـە دوای تەلاَق دانەكەی ڕاستەوخۆ بۆی هەیە مارەبكرێ لەیەكێكی تر.

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا نَكَحۡتُمُ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ ثُمَّ طَلَّقۡتُمُوهُنَّ مِن قَبۡلِ أَن تَمَسُّوهُنَّ فَمَا لَكُمۡ عَلَيۡهِنَّ مِنۡ عِدَّةٖ تَعۡتَدُّونَهَا﴾الأحزاب: ٤٩ .

واتــە « ئــەی ئــەو كەســانەی باوەڕتــان هێنــاوە كاتێــك ئافرەتــانی بــاوەڕدار مارەدەكـەن، پاشـان كـە تـەلاَقیان دەدەن پـێش ئـەوەی بچـنەلایان، ئـەوا هـیچ عیـدەو ماوەیــەكتان نییــە بەســەریانەوە لــە دوای تــەلاَق دان، بۆیــە ڕاســتەوخۆ دەتــوانن شووبكەنەوە».

بـەپێی ئایەتەكـە خـوای پـەروەردگار ڕێگـەی داوە ئـافرەت تـەلاَق بـدرێ پـێش ئـەوەی بگوێزرێتـەوەو، هـیچ كاتێكشـی بـۆ نـەكردووە بەمـەرجو، هـیچ حالَەتێكیشـی بـۆ نـەكردووە بـە ڕێگـر، واتـە كـاتی پـاكێتی بـۆ نـەكردووە بـە مـەرجو، حالَـەتی بـێ نوێژیشی بۆ نەكردووە بە ڕێگر.

هـەروەها باسـی ئەوەشـی كـردووە كـە ئـافرەتی نـەگوێزراوە لـە پـاش تـەلاَق دانـی هــیچ عیدەیــەكی لەســەر نییــەو دەتــوانێ دوای تــەلاَق دانەكــەی شــووبكات، چــونكە عیـدەی بـۆ ئەوەیـە بزانـرێ ئـەو ئافرەتـە سـكپڕە یـان خـود نـا، جـا لەبـەر ئـەوەی ئـەم ئافرەتــە نەگوێزراوەتــەوە، بۆیــە ئەگــەری ســكپڕی لــێ نــاكرێ، هەربۆیــە عیدەكــەش شمولی ناكاتو نایگرێتەوە.

بـەڵاَم ئافرەتێـك كـە گوێزرابێتـەوە، ئەگـەری سـكپڕی لـێ دەكـرێ، بۆیـە عیـدە شمـولی دەكـات، جـا بـۆ ئـەوەی ئـەو عیدەیـەی زیـاد لـە پێویسـت درێـژە نەكێشـێ، شـەرع حـەرامی كـردووە لـە بـێ نوێژیـدا تـەلاق بـدرێ، وە بـۆ دڵنیـابوونیش لـەوەی كـە ئەگـەری سـكپڕی لـێ نـەكرێ، شـەرع حـەرامی كـردووە لـە پاكێتیەكـدا تـەڵاَق بدرێ كە جیماعیان كردبێ.

بـەڵاَم ئـافرەتی نـەگوێزراوە لەبـەر ئـەوەی عیـدە شمـولی ناكـات، ئەگـەر لـە بـێ نوێژیشـدا تـەڵاَق بـدرێ كاریگـەری بۆسـەری ئافرەتەكـە دروسـت ناكـات، هـەروەها لەبەرئـەوەی نەگوێزراوەتـەوەو لەگـەڵ یەكـدا جوتنـەبوون، بۆیـە پـاكێتیش بەمـەرج نەگیراوە.

**كەوابوو:**

ئافرەتێـك ئەگـەر نەگوێزرابێتـەوە نـەبێ نوێـژی رێگـرە لـە تـەڵاَق دانـی، وە نەپاكێتیش مەرجە بۆ تەڵاَق دانی.

وە زانایان لەكەوتنی ئەم تەڵاَقە یەك دەنگن.[1]

## ✍ باسی سییەم

## گێڕانەوەی ئافرەتێك كە لە بێ نوێژی دا تەڵاَقدرا بێ

وەكـو وتمـان ئەگـەر ئافرەتێـك لـە كـاتی بـێ نوێـژی دا تـەڵاَق بـدرێ، یـان لـە پاكێتیەكـدا كـە سـەجێی لەگـەڵ كرابـێ، ئـەوا هەرچـەندە پیاوەكـە تاوانبـار دەبـێ، بـەڵاَم تـەڵاَق دانەكـە جێـی هـیچ نـاگرێ‌و لەسـەری ناكـەوێ، جـا لەبـەر ئـەوە پێویسـتە لەسـەر پیـاو دەسـت بـەرداری ئـەو ئافرەتـە نـەبێ‌و بیگێڕێتـەوە، پـاش گێڕانـەوەی، دەبـێ چـاوەڕێ بكـات تـا خێزانـی لـەو بـێ نوێژیـەی پـاك دەبێتـەوە كـە تێیـدا

(1)المغني 340/1

**تەلاقدراوە. پاش پاك بوونەوەی یەکەم، دەبێ چاوەڕێ بکات دووبارە بکەوێتە بێ نوێژیەکی ترەوە جگە لەو بێ نوێژیەی کە تێیدا تەلاق درابوو، پاشان بۆ جاری دووەم پاك ببێتەوە، ئینجا ئەگەر بیەوێ دەتوانێ دەست بەرداری ببێو تەلاقی بدات.**

**وەئەگەر لە پاکێتیەکدا تەلاقی دا کە لەو پاکێتیەدا جیماعیان کردبوو، ئەوا ئەویش دەبێ چاوەڕێی پاکبوونەوەی دووەم بکات لەدوای ئەو بێ نوێژیەی کە بەدوای ئەو پاکبونەوەدا دێ تێیدا تەلاقی داوە.**

**بەڵگەش بۆ ئەوەی وا وترا:**

« عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عُمَـر »« **خوای لێ ڕازی بێ » خێزانەکەی خۆی تەلاق دا کە لە بێ نوێژی دا بوو، ئیمامی« عُمَـر » ئەوە بۆ پێغەمبەر«ﷺ» باسکرد، پێغەمبەریش«ﷺ» زۆر تووڕەبوو بۆیە فەرمانی پێکردوو فەرمووی:**

« مُرْهُ فَلْيُرَاجِعْهَا ثُمَّ لِيُمْسِكْهَا حَتَّى تَطْهُرَ، ثُمَّ تَحِيضَ[حَتَّى تَحِيضَ حَيْضَةً أُخْرَى مُسْتَقْبَلَةً سِوَى حَيْضَتِهَا الَّتِي طَلَّقَهَا فِيهَا]، ثُمَّ تَطْهُرَ، ثُمَّ إِنْ شَاءَ أَمْسَكَ بَعْدُ وَإِنْ شَاءَ طَلَّقَ قَبْلَ أَنْ يَمَسَّ[فَلْيُطَلِّقْهَا طَاهِرًا قَبْلَ أَنْ يَمَسَّهَا]فَتِلْكَ الْعِدَّةُ الَّتِي أَمَرَ اللَّهُ أَنْ تُطَلَّقَ لَهَا النِّسَاءُ [فَذَلِكَ الطَّلَاقُ لِلْعِدَّةِ كَمَا أَمَرَ اللَّهُ] »

**واتە: «پێی بڵێ با بیگێڕێتەوەو دەستی لێ بەرنەدا، تا لەو بێ نوێژیەی پاك دەبێتەوە، پاشان بۆجارێکی تر دەکەوێتە بێ نوێژیەکی ترەوە، جگە لەو بێ نوێژیەی کە تێیدا تەلاق دراوە، پاش ئەم بێ نوێژیەش کەی پاکەوە بوو، ئەوجا ئەگەر ویستی لەسەر هەبوو دەتوانێ دەستی لێ بەرنەدا، یان ئەگەر ویستی لەسەر بوو دەتوانێ دەستی لێ بەرداو تەلاقی بدات لەو پاکێتیەدا پێش ئەوەی بچێتەلایو لەگەڵیدا جووتبێ. جا ئائەو تەلاق دانە لە پاکێتیەکدا کە جیماعی**

تیدانــەکرابێ، ئــەو عیدەیــەی کــە خــودا فــەرمانی پێکــردوە خێزانــی تێــدا تــەڵاق بدرێ»»(1)

## ✍ باسی چوارەم
## دەست هەڵگرتنی ژن لە مێردەکەی لەماوەی بێ نوێژی دا(خلع)

«خلــــع»:بریتیــە لــەوەی ئــافرەت داوا لــە پیاوەکــەی بکــات دەسـت بــەرداری بــێو دەســتی لــێ هــەڵگرێ، بەرامبــە بــەو ماڵــەی کــە ئافرەتەکــە دەیداتــە پیاوەکــە. واتــە ئەگــەر ئــافرەت بیانویــەکی شــەرعی هــەبوو بــۆ ئــەوەی لــە مێردەکــەی جیابێتــەوە، ئــەوا بــۆی دروســتە داوا لەمێردەکــەی بکــات دەســتی لــێ هــەڵگرێ، لەبەرامبــەر ئەوەش دا ئافرەتەکە هەندێ پارە یان موڵك بداتە مێردەکەی.

«خلــــع» دروســتە بکــرێ، ئەگــەر لــەکاتی بــێ نوێژیشــدا ئــەنجام بــدرێ، بۆیــە بــێ نوێــژی پەیوەنــدی بــە«خلــــع» وە نییــەو وەکــو تــەڵاق نــی یــە، چــونکە جیابوونــەوەی ئــافرەت لــەکاتی بــێ نوێــژی دا، زەرەرو زیانەکــەی بــۆ ئــافرەت ئەوەیــە کــە عیدەکــەی زیــاد لــە پێویســت درێــژە دەکێشــێ، بــەڵام«خلــــع» بــە ڕەزامەنــدی خۆیــەتیو ئــەو درێژەکێشــانەی پــێ پەســەندە، ئەمــەش ئــەوە دەســەلمێنێ کــە مانــەوەی لای مێــردی زەرەری زۆرتــرە لــەو زیانــەی کــە لــە درێژەکێشــانی عیدەکــەی لێــی دەکــەوێ، بۆیــە زەرەری کەمتر پەسەند دەکات لە پێناو تێوەنەگلانی بە زیانێکی گەورەتر.

---

(1)**صحيح** البخاري - كتاب تفسير القرآن سورة البقرة - بــاب : وقــال مجاهــد : إن ارتبــتم : " إن لم حديث : 4627، و كتاب الطلاق باب قول الله تعالى : يا أيهــا الــنبي إذا طلقــتم النســاء - حديث : 4956، و باب وبعولتهن أحق بــردهن في العــدة - حــديث : 5025، و كتــاب الأحكام باب : هل يقضي القاضــي أو يفــتي وهــو غضــبان - حــديث : 6760. صــحيح مسلم - كتاب الطلاق باب تحريم طلاق الحائض بغير رضاها - حديث : 2754.

هەروەها«خلـــع» جیاوازە لەگەڵ تەلاَق چونكە عیدەی تەلاَق سێ بێ نوێژیە، بەلاَم عیدەی «خلــع» یەك بێ نوێژیە، كەوابوو: عیدەی«خلــع» هەرچەندە درێژە بكێشێ ناگاتە عیدەی تەلاَق دان.

ئەمەش بۆ چوونی مەزهەبی« الحنفیـــة، الحنابلـــة، الشـــافیعیة»كانە،وە ئیمامی «إبن تیمیة»ش ئەمەی پەسەند كردووە.(1)

# بەشی نۆیەم

# ئەو ئەحكامانەی تایبەتمەندن بە چاوەڕوانی ئافرەت

✍ **باسی یەكەم**: **پێناسەو حوكمو حیكمەتی.**

✍ **باسی دووەم**: **جۆرەكانی** .

---

(1)مجموعة الفتاوى 21/33

## ✍ باسی یەکەم
## پێناسەو حوکمو حیکمەتی

### ✎خاڵی یەکەم: پێناسەکەی:

چـاوەڕوانی کردنـی ئـافرەت: بریتییـە لـەو مـاوە دیـاری کـراوەی کـە شـەرع داینـاوەو واجبـی کـردووە لەسـەر ئـافرەت چـاوەڕێ بکـاتو شـوو نەکاتـەوە لـە دوای جیابوونەوەی لە مێردەکەی، یان لە دوای مردنی مێردەکەی[1].

لـەزمانی عـەرەبی دا پێـی دەوتـرێ «العـدة» واتـە عیدەکێشـانی ئـافرەت، کـە لـە بنەڕەتی زماندا لە «عد»و «أحصاء» وەرگیراوە بەمانای ژماردن دێ.

لـە شەرعیشـدا مەبەسـت ئـەو ڕۆژانەیـە کـە ئـافرەت ئـەیان ژمێـرێ لـە ڕۆژانـی بـێ نوێـژیو پـاکی دا، ئـافرەت چـاوەڕێ دەکـاتو شـوو ناکاتـەوە تـا ئـەو ماوەیـە دیـاری کراوە تەواو نەکات.[1]

---

(1)الفقه الإسلامي وأدلته - (9 / 589): ويمكن تعريف العدة بتعريف أوضح: هي مدة حددها الشارع بعد الفرقة، يجب على المرأة الانتظار فيها بدون زواج حتى تنقضي المدة.

جا ئەو ماوە دیاری کراوەش بەسێ پێوەر دەپێورێ:

1- بە بێ نوێژی .

2- بە مانگ.

3- بە منداڵ بوون و دانانی حەمل .

## ✐خاڵی دووەم : حوکمی چاوەڕوان کردنی ئافرەت و عیدەکێشانی:

ئەو چاوەڕوانی کردنو عیدەکێشانە واجبە لەسەر ئافرەت.

**بەڵگەش بۆ ئەوە:**

**یەکەم:**

خوای پەروەردگار ئەوەی کردوە بەشەرعو فەرمانی پێ کردووە:

﴿ وَٱلۡمُطَلَّقَٰتُ يَتَرَبَّصۡنَ بِأَنفُسِهِنَّ ثَلَٰثَةَ قُرُوٓءٖ ﴾البقرة: ٢٢٨

واتە: « ئافرەتانی تەلاقدراو پێویستە دوای تەلاق دانەکەیان چاوەڕوانی بکەن بەبێ شوکردنەوە بۆ ماوەی سێ بێ نوێژی».

**دووەم:**

« فَاطِمَةَ بِنْتِ قَيْسٍ» دەفەرموێ: مێردەکەم تەڵاقی دام بەتەواوی، ویستم بڕۆمەوە، هاتم بۆلای پێغەمبەر «ﷺ» ئەویش فەرمووی:

(1)فقه السنة 2/ 318. و الموسوع الفقهية الميسرة 383/5.

« انْتَقِلِي إِلَى بَيْتِ ابْنِ عَمِّكِ عَمْرِو بْنِ أُمِّ مَكْتُومٍ فَاعْتَدِّي عِنْدَهُ».

**واتە «بڕۆ لە ماڵی عبدالله كوڕی إبن مكتومی ئامۆزات عیدە بكێشەو چاوەڕێ بكە».[1]**

**وە زانایانوشەرعناسان یەكدەگن لەسەر واجب بوونی چاوەڕوانیو عیدەكێشانی ئافرەت.[2]**

## ✐ خاڵی سێیەم: حیكمەتی چاوەڕوان كردنی ئافرەتو عیدەكێشانی:

**1- ئەگەر تەلاقدانەدانی یەكجاری بوو[3]، ئەوا چاوەڕوانی ئافرەت بۆ دڵنیابوونە لە خاوێن بوونەوەی منداڵدانی ئافرەت لە نەسەبی مێردی پێشووی، تاوەكو نەسەبی مێردی پێشووی تێكەڵ بە نەسەبی مێردی داهاتووی نەبێ.**

**2- ئەگەر تەڵاق دانی پەشیمان بوونەوە بوو[4]، ئەوا چاوەڕوانی ئافرەت بۆ ئەوەیە ژنو مێرد لەو ماوەیە دا بیرێك لە خۆیان بكەنەوە، تاوەكو لە تەڵاق دانو**

---

(1) **صحيح** مسلم - كتاب الطلاق-باب المطلقة ثلاثا لا نفقة لها - حديث : 2796. مستخرج أبي عوانة - مبتدأ كتاب الطلاق بيان الأخبار التي لا تجعل للمطلقة ثلاثا على زوجها نفقة - حديث : 3734. السنن الصغرى - كتاب الطلاق الرخصة في خروج المبتوتة من بيتها في عدتها لسكناها - حديث : 3510. السنن الكبرى للنسائي - كتاب الطلاق الرخصة في خروج المبتوتة من بيتها في عدتها وترك سكناها - حديث : 5573.

(2) الفقه الإسلامي وأدلته 9 / 590.

(3) **مەبەست ئەو تەڵاق دانەیە كە دەرفەتی گەڕانەوەی نەماوە بۆلای مێردیو لێی حەرام بوو بە یەكجاری، كە سێ جار تەڵاق درابێ.**

(4) **مەبەست ئەو تەڵاق دانەیە كە دەرفەتی گەڕانەوەی ماوە بۆلای مێردیو لێی حەرام نەبوو بە یەكجاری، كە جارێك یان دووجار تەڵاق درابێ .**

جیابوونـەوەی یـەکجاری پەشـیمان ببنـەوەو دووبـارە ڕێـك بکەونـەوەو درێـژە بـە ژیـانی پێشویان بدەنەوە.

3- بـەڵام ئەگـەر عیـدەی مێـرد مـردن بـوو، ئـەوا وەفـاو ئەمەکداریـە بـۆ مێـردی پێشووی .

## ✍ باسی دووەم: جۆرەکانی

ئـەو ئافرەتـەش کـە عیـددە دەکێشـێو چـاوەڕوانی دەکـات دەکـرێ گوێزرابێتـەوەو دەکرێ نەگوێزرابێتەوە:

### ✐خاڵی یەکەم: ئەگەر نەگوێزرابێتەوە:

ئافرەتێـك ئەگـەر تـەڵاق بـدرێ و لـە مێـردی جیـابووە، پـێش ئـەوەی بگوێزرێتـەوەو لەگەڵ یەك جووتبن، ئەوا عیددەکێشانو چاوەڕوانی لەسەر نییە.

بەڵگەش بۆ ئەوە:

خوای پەروەردگار دەفەرموێ:

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا نَكَحۡتُمُ ٱلۡمُؤۡمِنَـٰتِ ثُمَّ طَلَّقۡتُمُوهُنَّ مِن قَبۡلِ أَن تَمَسُّوهُنَّ فَمَا لَكُمۡ عَلَيۡهِنَّ مِنۡ عِدَّةٖ تَعۡتَدُّونَهَاۖ فَمَتِّعُوهُنَّ وَسَرِّحُوهُنَّ سَرَاحٗا جَمِيلٗا ٤٩﴾ الأحزاب: ٤٩

واتـە«ئـەی ئـەو کەسـانەی وا باوەڕتـان هێنـاوە کـاتێ ئافرەتـانی خـاوەن ئیمـان مارەدەکـەنو، پاشـان پـێش ئـەوەی بچـنەلایان تـەڵاقتان دان، ئـەوا بۆتـان نییـە

عیـدەیان لەسـەر دابنـێن، هـیچ ماوەیـەكیان لەسـەر پێویسـت نییـە كـە چـاوەڕوانی بكەنو ڕێگربێ لە شووكردنیان».

خـوای گـەورە دەفـەرموێ: ﴿مِن قَبۡلِ أَن تَمَسُّوهُنَّ﴾ مەبەسـت ئەوەیـە پـێش ئەوەی جووت بن لەگەڵ یەكتر دا[1].

**كـەوابوو:** ئەگـەر ئافرەتێـك نەگوێزرابێتـەوەو لەگـەڵ مێـردی جـووت نـەبووبێ و تـەڵاق بـدرێ، ئـەوا مـاوەی عیددەكێشـانی لەسـەر نییـە، ئـیتر جیـاوازی نییـە ئـەو ئافرەتە بێ نوێژی بەسەردا بێ یان بەسەری دا نەیەت، گەورەبێ یان منداڵ .

بـەڵام ئەگـەر عیـددەی مێـرد مـردن بـوو نـەك تـەڵاق دان، ئـەوا عیـددەی دەكەوێتـە سەر هەرچەندە ئافرەتەكەش نەگوێزرابێتەوە.

## ✐خاڵی دووەم: ئەگەر ئافرەتێك گوێزرابێتەوە:

ئافرەتێـك ئەگـەر بگوێزرێتـەوەو لەگـەڵ مێـردی جووتبـووبێ، پاشـان تـەڵاق بدرێو لێی جیابێتەوە، ئەوا ماوەی عیدەكێشانو چاوەڕوانی دەكەوێتە سەر .

جـا ئـەو ئافرەتـەش كـە لـەپاش گوێزانـەوەی تـەڵاق بـدرێ، دەكـرێ لـەو ئافرەتانـەبێ كە بـێ نوێـژی بەسـەردا دێـت، یـان لـەو ئافرەتانـەبێ كـە بـێ نوێـژی بەسـەر دا نایـەت. یان ئافرەتێك بێ لەو كاتەی تەڵاق دەدرێ دووگیان بێ .

***جۆری یەكەم: عیددەی ئافرەتێك كە بێ نوێژی بەسەردا بێت:**

ئەگـەر لـەو ئافرەتانـە بـوو كـە بـێ نوێـژی ئـەبینن، ئـەوا عیـددەی چـاوەڕوان كردنەكەی سێ بێ نوێژیە.

بەڵگەش بۆ ئەوە:

---

(1) تفسير الطبري 22/ 19. يعني من قبل أن تجامعوهن.

**خودا دەفەرموێ :**

﴿ وَٱلْمُطَلَّقَٰتُ يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ ثَلَٰثَةَ قُرُوٓءٍ ﴾ البقرة: ٢٢٨

**واتە: « ئافرەتانی تەلاّقدراو پێویستە بۆ ماوەی سێ بێ نوێژی دان بەخۆیان دا بگرنو عیدە بکێشن لەپاش جیابوونەوە».**

**لێرەدا خودا دەفەرمووێ دەبێ سێ«قرء» چاوەڕێ بکەن، «قرء»یش بەمانای بێ نوێژی دێت.**

**<u>بەڵگەش بۆ ئەوەی «قرء»یش بەمانای بێ نوێژی دێت:</u>**

« عَائِشَةَ »**دەفەرموێ** « فَاطِمَةُ بِنْتُ أَبِي حُبَيْشٍ » **وتی ئەی پێغەمبەری خوا«ﷺ» توشی خوێنی نەخۆشی بوومو بەردەوام خوێن لە گیانم دێ؟ پێغەمبەر«ﷺ» پێی فەرموو:**

« دَعِي الصَّلَاةَ أَيَّامَ أَقْرَائِكِ، ثُمَّ اغْتَسِلِي وَتَوَضَّئِي عِنْدَ كُلِّ صَلَاةٍ ». **واتە « دەست لە نوێژ هەڵگرە لە ڕۆژانی بێ نوێژی دا، پاشان خۆت بشۆو دەستنوێژ بگرە بۆ هەموو نوێژێک».**(1)

---

(1)**صحيح**: سنن أبي داود - كتاب الطهارة باب من قال تغتسل من طهر إلى طهر - حديث : 258 . سنن ابن ماجه - كتاب الطهارة وسننها أبواب التيمم - باب ما جاء في المستحاضة التي قد عدت أيام أقرائها حديث : 622 .سنن الدارقطني - كتاب الحيض حديث : 711. سنن الدارمي - كتاب الطهارة باب في غسل المستحاضة - حديث : 819. مصنف ابن أبي شيبة - كتاب الطهارات المستحاضة كيف تصنع ؟ - حديث : 1336. شرح معاني الآثار للطحاوي - باب المستحاضة كيف تتطهر للصلاة حديث : 386 **قال الشيخ الألباني:حديث صحيح**، أنظر: صحيح أبي داود - (2 / 315/100).

**ئەوەی لە«حدیث»ەکەوە وەردەگیرێ:**

**پێغەمبەر«ﷺ» وشەی«قرء» لە بری ووشی «حیض» بۆ نوێژی بەکارهێناوە. وەکو لە هەندێ ڕیوایەتەکانی تردا لە جێگای «قرء»،ووشەی«حیض» هاتووە:**

« دَعِي الصَّلَاةَ أَيَّامَ حَيْضِكِ ثُمَّ اغْتَسِلِي وَتَوَضَّئِي عِنْدَ كُلِّ صَلَاةٍ»(1).

**کەواتە: پێغەمبەر«ﷺ» وشەی«قرء» و «حیض» بۆیەك مەبەست بەکارهێناوە، کە هەردووکیان بێ نوێژیە .**

**هەروەها**« عَائِشَةَ » **دەفەرموێ:** « أُمِرَتْ بَرِيرَةُ أَنْ تَعْتَدَّ بِثَلَاثِ حِيَضٍ». **واتە « فەرمان بە** « بَرِيرَةُ »**کرا کە ماوەی سێ بێ نوێژی چاوەڕێ بکاتو عیددە بکێشێ ».**(2)

---

(1)**صحيح**: سنن ابن ماجه - كتاب الطهارة وسننها أبواب التيمم - باب ما جاء في المستحاضة التي قد عدت أيام أقرائها حديث : 621. مصنف ابن أبي شيبة - كتاب الطهارات المستحاضة كيف تصنع ؟ - حديث : 1333. سنن الدارقطني - كتاب الحيض حديث : 708 . السنن الكبرى للبيهقي - كتاب الطهارةكتاب الحيض - باب المستحاضة تغسل عنها أثر الدم حديث : 1508 مسند أحمد بن حنبل - مسند الأنصار- الملحق المستدرك من مسند الأنصار - حديث السيدة عائشة رضي الله عنها- حديث : 23589. **قال الشيخ الألباني:حديث صحيح**، أنظر صحيح ابن ماجة - (1 / 507/101)، إرواء الغليل - (1 / 146).

(2)**صحيح** : سنن ابن ماجه - كتاب الطلاق باب خيار الأمة إذا أعتقت - حديث : 2073. الطبقات الكبرى لابن سعد - طبقات البدريين من الأنصار ذكر مارية أم إبراهيم ابن رسول الله صلى الله عليه وسلم - حديث : 10120. **قال الشيخ الألباني:حديث صحيح**، أنظر صحيح ابن ماجة - (1 / 1690/355) صحيح أبي داود - (7 / 1937/7)، إرواء

**کەوابوو:**

**ئەو ماوەی کە خودا لە قورئان دا بە«قرء» ناوی هێناوەو کردویەتی بە پێوەر بۆ دیاری کردنی ئەو ماوەیەی کە ئافرەت عیددەی تێدا دەکێشێو چاوەڕوانی دەکات بریتیە لە بێ نوێژی نەك پاکێتی.**

***جۆری دووەم:عیددەی ئافرەتێک کە بێ نوێژی بەسەردا نەیەت:**

**ئەگەر لەو ئافرەتانە بوو کە بێ نوێژیان بەسەر دا نایەت، ئەوا ماوەی عیددەکێشانی سێ مانگە، ئیتر جیاوازی نییە لەبەر ئەوەبێ تەمەنی منداڵەو هێشتا پێ نەگەیشتووە بۆیە بێ نوێژی نابینێ، یان لەبەر ئەوەبێ بەساڵدا چووەو لە بێ نوێژی بڕا بێ، هەردوو حاڵەتەکە هەردەبێ سێ مانگ عیددە بکێشن.**

**بەڵگەش بۆ ئەوە:**

**خودا دەفەرموێ:**

﴿ وَٱلَّٰٓـِٔي يَئِسۡنَ مِنَ ٱلۡمَحِيضِ مِن نِّسَآئِكُمۡ إِنِ ٱرۡتَبۡتُمۡ فَعِدَّتُهُنَّ ثَلَٰثَةُ أَشۡهُرٖ وَٱلَّٰٓـِٔي لَمۡ يَحِضۡنَۚ ﴾ الطلاق: ٤

**واتە: «ئەو ئافرەتانەی کە بێ هیوابوون لە بێ نوێژی لە بەر پیریو بەساڵداچوونیان، ئەگەر گومانتان هەبوو لە عیددەیان، ئەوا ماوەی عیددەکێشانیان سێ مانگە، وە ئەو ئافرەتانەش کە هێشتا بێ نوێژیان بەسەر دا نەهاتووە لەبەر پێ نەگەیشتنیان، یان هەر هۆیەکی تر، ئەوا هەر سێ مانگە عیددەکێشانیان».**

**ئیمامی**«الشوكاني» **لە**« فتح القدير 5/ 242» **دەفەرموێ:**

---

الغليل - (7 / 2120/200)

﴿ وَٱلَّـٰٓـِٔى يَئِسۡنَ مِنَ ٱلۡمَحِيضِ ﴾ :« وهن الكبار اللاتي قد انقطع حيضهن وأيسن منه».

**واتە «ئەو ئافرەتانەی کە بەساڵداچوونو پیر بوون، بەجۆرێك لە بێ نوێژی براونو بێ هیوابوونە لە خوێن ».**

﴿وَٱلَّـٰٓـِٔى لَمۡ يَحِضۡنَ ﴾ :« لصغرهن وعدم بلوغهن سن المحيض أي فعدتهن ثلاثة اشهر».

**واتە «ئەو ئافرەتانەش کە هێشتا بێ نوێژیان بەسەر دا نەهاتووە لەبەر پێ نەگەیشتنیان و کەمی تەمەنیان، عیددەکێشانی ئەوانیش سێ مانگە ».**

**دووەم:**

**ئەگەر ئافرەتێك تەلاقدرا، وە لەو ئافرەتانە بوو کە بێ نوێژی ئەبینی، واتە نە منداڵ بوو، وەنە پیر بوو، بەلاّم لەو ماوەیەدا کە تەلاّق دراوە لە عادەتی خۆی دا بێ نوێژی نەبینیو، نەیشیزانی هۆکارەکەی چی یە، ئەوا دەبێ نۆمانگ چاوەڕوانی بکاتو عیددە بکێشێ، بۆ ئەوەی پاکی منالّدانی دەرکەوێ، چونکە تێکچوونی بێ نوێژیەکەیو نەکەوتنە سەر خوێنی بێ نوێژی لەو ماوەیەدا ئەگەری دووگیان بوونی لێ دەکرێو، پێدەچێ حەملی هەبێ، جا ئەگەر لەو ماوەیەدا دووگیان بوونی دەرکەوت ئەوە عیددەی ئافرەتی حامیلە دەکێشێ، بەلاّم ئەگەر دووگیان بوونی دەرنەکەوت، ئەوا عیددەی ئافرەتی هیوابڕاو دەکێشێ کە سێ مانگە.**

**بەڵگەش بۆ ئەوە:**

« سعيد بن المسيب»**دەفەرموێ:** « عمر بن الخطاب» **خوای لێ ڕازی بێ فەرموویەتی:**

« أيما امرأة طلقت فحاضت حيضة أو حيضتين ، ثم رفعتها حيضتها ، فإنها تنتظر تسعة أشهر ، فإن بان بها حمل فذلك ، وإلا اعتدت بعد التسعة أشهر ثلاثة أشهر ثم حلت».

**واتە «هەر ئافرەتێك تەڵاق درا، ئینجا بێ نوێژیەك یان دوو بێ نوێژی بینی، پاشان بێ نوێژی سێیەمی نەبینی و لە خوێن بڕا، ئەوا دەبێ نۆ مانگ چاوەڕێ بكات، ئەگەر دووگیانی لێ دەركەوت، ئەوە عیددەی ئافرەتی دووگیان دەكێشێ، ئەگەر نا ئەوە لە دوای نۆ مانگەكە سێ مانگ عیددە دەكێشێ‌و پاشان بۆی حەلاڵە شوو بكات».**[1]

***جۆری سێیەم: عیددەی ئافرەتی دووگیان:**

**ئافرەتی دووگیان ماوەی عیدەكێشانی تا دانانی سكەكەی درێژە دەكێشێ، بۆیە هەركات سكەكەی دانا عیددەی لەسەر نامێنێ‌و كۆتایی پێدێ.**

**بەڵگەش بۆ ئەوە:**

---

(1) موطأ مالك - كتاب الطلاق- باب جامع عدة الطلاق - حديث : 1220. مصنف عبد الرزاق الصنعاني - كتاب الطلاق- باب المرأة يحسبون أن يكون الحيض قد أدبر عنها - حديث : 10749. مصنف ابن أبي شيبة - كتاب الطلاق- ما قالوا في الرجل يطلق امرأته فترتفع حيضتها - حديث : 15426. السنن الكبرى للبيهقي - كتاب العدد - جماع أبواب عدة المدخول بها - باب عدة من تباعد حيضها-حديث : 14365. معرفة السنن والآثار للبيهقي - كتاب العدد- عدة من تباعد حيضها - حديث : 4849. مسند الشافعي - ومن كتاب العدد إلا ما كان منه معادا-حديث : 1326. المحلى 317/10.

**خودا دەفەرموێ:**

﴿وَأُوْلَٰتُ ٱلۡأَحۡمَالِ أَجَلُهُنَّ أَن يَضَعۡنَ حَمۡلَهُنَّۚ﴾ الطلاق: ٤

**واتە « ئافرەتی دووگیان عیددەکەیان کاتێك تەواو دەبێ کە سکەکەیان دا بنێن‌و منالەکەیان ببێ ».**

**ئیمامی**«أبن القيم» **لە** « زاد المعاد 5 / 600» **دەفەرموێ:**

«ودل قولُه سبحانه على أنها إذا كانت حاملاً بتوأمين لم تنقض العِدةُ حتى تضعهما جيمعاً، ودلَّت على أن من عليها الاستبراء، فعِدتها وضعُ الحمل أيضاً، ودلت على أن العِدة تنقضى بوضعهِ على أيِّ صفة كان حياً أو ميتاً، تامَّ الخِلقة أو ناقِصَها، نُفِخَ فيه الروحُ أو لم يُنفخ».

**واتە « ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەگەر ئافرەتێك دووگیان بوو بە دوو منال، ئەوا عیددەی تەواو نابێ هەتاوەکو هەردوو منالەکەی دانەنێ، هەروەها ئایەتەکە ئەوەش دەسەلێنێ کە پاکبوونەوەی منالدانی ئافرەت بە دانانی سگەکەیەتی، وەهەروەها ئەبێتە بەڵگەش بۆ ئەوەی بەهەر شێوەیەك سگەکەی دانێ عیددەی لەسەر لادەچێ، جا ئیتر جیاوازی نییە بە زیندووی بیبێ یان بە مردوویی، مندالەکەی تەواو بێ یان ناتەواو، ڕوحی بە بەردا کرابێ یان نەکرابێ».**

**کەوابوو:**

**ئافرەتی دووگیان ماوەی عیدەکێشانی تا دانانی سکەکەی درێژە دەکێشێ، بۆیە هەرکات سکەکەی دانا عیددەی لەسەر نامێنێ‌و کۆتایی پێ دێ. ئیتر جیاوازی نی یە لە عیددەی مێرد مردن دا بێ یان لە عیددەی تەلاق دان دا بێ.**

**<u>بەڵگەش بۆ ئەوە:</u>**

« سُبَيْعَةَ بِنْتِ الْحَارِثِ الْأَسْلَمِيَّةِ » **دەيگێڕێتەوە كە خێزانى** « سَعْدِ بْنِ خَوْلَةَ» **بووەو، يەكێك بوو لەوانەى بەشدارى بەدرى كردووە، پاشان لە حەجى ماڵئاوايدا كۆچى دوايى كردووە، ئەميش سگى پڕبووە لێى، ئەوەندەى پێ نەچووە دواى مردنى مێردى ومنداڵەكەى بووەو زگەكەى داناوە، كاتێك كە لە زەيسانى پاكەوە بووە، خۆى ڕازاندۆتەوە بەمەستى ئەوەى كە دەيەوێ شوو بكات، تاوەكو كەسێك داواى بكات،** «أَبُو السَّنَابِلِ بْنُ بَعْكَكٍ » **چوو بۆ ماڵيان پێى ووت: ئەوەچيە بە خۆڕازاوەيى دەت بينم! لەوانەيە بتەوێ شوو بكەى؟ سوێند بە خوا بۆت نيية شوو بكەى هەتا عيددەى چوار مانگو دەرۆژەكە تەواو نەكەى چونكە تۆ مێردت مردووە.** «سُبَيْعَةَ » **دەفەرموێ منيش جلەكانم لە خۆم كردەوەو ئێوارە هاتم بۆلاى پێغەمبەر**«صَلَّى اللهُ عَلَيه وسَلَّم» **پرسيار ئەوەم لێى كرد:** « فَأَفْتَانِي بِأَنِّي قَدْ حَلَلْتُ حِينَ وَضَعْتُ حَمْلِي وَأَمَرَنِي بِالتَّزَوُّجِ إِنْ بَدَا لِي» **واتە « فەتواى بۆ دام كە عيددەكەم تەواو بووە بەدانانى سگەكەم، وەفەرمانى پێدام كە شوو بكەم ئەگەر ويستم ».**(1)

(1)**صحيح** البخاري – كتاب المغازي – باب فضل من شهد بدرا – حديث : 3789. صحيح مسلم – كتاب الطلاق– باب انقضاء عدة المتوفى عنها زوجها – حديث : 2806. سنن أبي داود – كتاب الطلاق أبواب تفريع أبواب الطلاق – باب في عدة الحامل حديث : 1975. السنن الصغرى – كتاب الطلاق باب : عدة الحامل المتوفى عنها زوجها – حديث : 3478. مستخرج أبي عوانة – مبتدأ كتاب الطلاق بيان الإباحة للحامل المتوفى عنها زوجها أن تتزوج حين تضع حملها – حديث : 3755. السنن الصغرى – كتاب الطلاق باب : عدة الحامل المتوفى عنها زوجها – حديث : 3478. السنن الكبرى للنسائي – كتاب الطلاق ما استثني من عدة المطلقات – حديث : 5544. السنن الكبرى للبيهقي – كتاب العدد جماع أبواب عدة المدخول بها – باب عدة الحامل من الوفاة حديث :

« ابْنُ شِهَاب » **دەفەرموێ:** « فَلَا أَرَى بَأْسًا أَنْ تَتَزَوَّجَ حِينَ وَضَعَتْ وَإِنْ كَانَتْ فِي دَمِهَا غَيْرَ أَنْ لَا يَقْرَبُهَا زَوْجُهَا حَتَّى تَطْهُرَ».

**واتە « من بە خراپی نازانم كە هەر كات منداڵەكەی بوو بۆی هەیە شوو بكاتەوە، تەنانەت ئەگەر لە زەیسانیش دابێ، تەنها ئەوەندە هەیە بۆی نییە لەگەڵ میردەكەی جووت ببێ هەتا پاك دەبێتەوە ».[1]**

**وە ئەو ئایەتەی كە خودا باسی عیددەی ئافرەتی مێرد مردووی كردووە** ﴿ وَٱلَّذِينَ يُتَوَفَّوْنَ مِنكُمْ وَيَذَرُونَ أَزْوَٰجًا يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَعَشْرًا ﴾البقرة: ٢٣٤. **كە دەبێ چوار مانگ و دەرۆژ عیددە بكێشنو چاوەڕێ بكەن، تایبەتە بەو ئافرەتانەی كە دووگیان نین.**

**بەڵام ئەم ئایەتەش**﴿ وَأُوْلَٰتُ ٱلْأَحْمَالِ أَجَلُهُنَّ أَن يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ ﴾ **تایبەتە بەو ئافرەتانەی كە دووگیانن.**

**كەوابوو: ئەو دوو ئایەتە دژ پێچەوانەی یەكتر نین .[2]**

## ✐خاڵی سێیەم گۆڕانی عیددەكان.

***جۆری یەكەم: گۆڕانی عیددە لە عیددەی بێ نوێژیەوە بۆ عیددەی مانگی:**

---

14410. السنن الصغير للبيهقي - كتاب الإيلاء باب عدة الحامل من الوفاة - حديث : 2187.

(1)**صحيح** مسلم - كتاب الطلاق- باب انقضاء عدة المتوفى عنها زوجها - حديث : 2806. سنن أبي داود - كتاب الطلاق أبواب تفريع أبواب الطلاق - باب في عدة الحامل حديث : 1975.

(2)الموسوعة الفقهية الميسرة 391/5.

ئەگەر ئافرەتێك تەلاق دراو، لەو ئافرەتانە بێ کە بێ نوێژی ئەبینن، لە پاشان دا مێردەکەی بمرێو هێشتا ئافرەتەکە عیددەکەی تەواو نەبووبێ، ئەوا:

**یەکەم:**

ئەگەر تەلاقەکەی تەلاقی ڕجعی بێ، واتە دەرفەتی گەڕانەوەی مابێ بۆلای مێردیو تەلاقی یەکجاری نەبێ، ئەوە پێویستە لەسەر ئەو ئافرەتە دەست لە عیددەی خۆی هەڵگرێو عیددەی مێرد مردووی بکێشێ، کە ئەویش چوار مانگو دە ڕۆژە، چونکە تەلاقی ڕجعی پەیوەندی ژنو مێردایەتی بە یەکجاری لانابات، هەربۆیە ئەو ئافرەتە هێشتا خێزانی مێردەکەیەتی.

**دووەم:**

ئەگەر تەلاقەکەی تەلاقی یەکجاری بوو، واتە دەرفەتی گەڕانەوەی نەمابێ بۆ مێردیو بەیەکجاری لێ حەرام بوو بێ ، ئەوا ئەو ئافرەتە عیددەکەی لەسەر عیددەی بێ نوێژیەکەی تەواو دەکاتو ناگۆڕێ بۆ عیددەی مێرد مردوو، چونکە تەلاقی یەکجاری پەیوەندی نێوان ژنو مێرد بە یەکجاری هەڵدەوەشێنێتەوەو ئەو ئافرەتە هیچ پەیوەندیەکی بە مێردەکەیەوە نامێنێ .

***جۆری دووەم: گۆڕانی عیددە لە عیددەی مانگیەوە بۆ عیددەی بێ نوێژی:**

**یەکەم:** ئەگەر لەماوەی عیددە کێشانی مانگی دا کەوتە بێ نوێژیەوە، ئەوە عیددەکەی لە مانگیەوە دەگۆڕێ بۆ بێ نوێژی:

واتە ئەگەر ئافرەتێك دەستی کرد بە عیددە کێشان بە مانگ، ئەویش یان لەبەر منداڵی تەمەنەکەی، یان لەبەر هیوا بڕانی لە بێ نوێژی، لە پاشان دا لە ماوەی عیددەکێشانەکەی دا کەوتە بێ نوێژیەوە، ئەوە دەبێ واز بهێنێ لە عیدەکێشانی مانگیو عیددەی بێ نوێژی بکێشێ، چونکە عیددەکێشان بە بێ

نوێــژی ئەصــڵو بنەمایــەو عیددەکێشــان بــە مــانگ جێــدارو بــەدیلی ئــەوە، هــەروەك چــۆن تەیــەموم جێــدارو بــەدیلی ئــاوەو، هــەرکات ئــاو دەســت کــەوت تەیــەموم بــەتاڵ دەبێتــەوە، بەهــەمان شــێوەش عیــددەی مــانگی جێــدارو بــەدیلی عیــددەی بــێ نوێژیە، هەرکات بێ نوێژی بینرا ئەوە عیددەی مانگی بەتاڵ دەبێتەوە.

**دووەم:**

ئەگــەر لــەدووای عیــددە کێشــانی مــانگی دا کەوتــە بــێ نوێژیــەوە، ئــەوە عیددەکەی ناگۆڕێ:

واتــە ئەگــەر عیددەکێشــانی بــە مــانگ تــەواو بــوو، لــە پاشــان دا کەوتــە بــێ نوێژیــەوە، ئــەوە پێویســت نییــە لەســەری دەســت بکاتــەوە بــە عیددەکێشــان بــە بــێ نوێژی، چونکە کاتێك ئەوە ڕووی داوە کە ئەم عیددەی خۆی تەواوکردووە.

***جۆری سێیەم: گۆڕانی عیددەی بێ نوێژی یان عیددەی مانگی بۆ عیــددەی دووگیان:**

ئەگەر ئافرەتێـك دەسـتی کـرد بـە عیددەکێشـان بـە بـێ نوێـژی یـان بـە مـانگ، لـە پاشــان دا دەرکــەوت کــە دووگیانــە لــە مێردەکــەی، ئــەوە عیددەکــەی دەگــۆڕێ بــۆ عیددەکێشــانی ئــافرەتی دووگیــان، کــە بــە دانــانی ســگەکەی عیددەکــەی تــەواو دەبێ.

## ✍ خــاڵی چــوارەم: عیــددەی ئــافرەتی دەســت هــەڵگرتوو لــە مێردی « المتخلعة »

ئەگــەر ئافرەتێــك بیــەوێ مێردەکــەی دەســت بــەرداری بــێو، مێردەکەیشــی لەســەر داوای ئافرەتەکــە دەســتی لــێ هــەڵگرتو وازی لــێ هێنــا، ئــەوا پێویســتە لــە دوای لێکدابڕان ئەو ئافرەتە عیددە بکێشێ بە ماوەی یەك بێ نوێژی .

**بەڵگەش بۆ ئەوە:**

**« ثَابِـــــتَ»کـوڕی «قَـــــيْسٍ» لـــە خێزانەکـــەی داو دەســـتی شـــکاند،کە خێزانەکەیشـی«جَمِيلَـــةُ » کچـی«عَبْـــدِ اللَّـــهِ» بـوو، براکـەی شـکاتی کـرد لـەلای پێغەمبەر«ﷺ» ئەویش ناردی بە دوای داو پێی فەرموو:**

« خُذْ الَّذِي لَهَا عَلَيْكَ وَخَلِّ سَبِيلَهَا ».

**واتــە « چـیت لەســەریەتی لـێ وەرگـرەوەو دەسـتی لـێ بـەردە ». ئـەویش ڕازی بوو.**

**پاشان پێغەمبەر«ﷺ» فەرمانی بە ئافرەتەکە کرد:**

« أَنْ تَتَرَبَّصَ حَيْضَةً وَاحِدَةً فَتَلْحَقَ بِأَهْلِهَا» .

**واتە « یەك بێ نوێژی چاوەڕێ بکاتو عیددە بکێشێ لە ماڵی باوکی»**(1)

**وە هەروەها« إِبْنِ عَبَّاسٍ» دەفەرموێ:**

« أَنَّ امْرَأَةَ ثَابِتِ بْنِ قَيْسٍ اخْتَلَعَتْ مِنْهُ فَجَعَلَ النَّبِيُّ صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ عِـدَّتَهَا حَيْضَةً».

**واتــە « خێزانەکـەی« ثَابِـــتَ»کـوڕی «قَـيْسٍ» دەسـتی لـە مێردەکـەی هـەڵگرتو پێغەمبەریشﷺ یەك بێ نوێژی عیددەکێشانی لەسەر ئافرەتەکە دانا».**(2)

---

(1)**صحيح**: السنن الكبرى للنسائي - كتاب الطلاق- عـدة المختلعـة - حـديث : 5524. السـنن الصغرى - كتاب الطلاق- عدة المختلعة - حـديث : 3458. المعجـم الأوسـط للطـبراني - باب العين باب الميم من اسمه : محمد - حـديث : 7086. **قـال الشـيخ الألبـاني:حـديث صحيح**، أنظر صـحيح وضـعيف سـنن النسـائي - (8 / 3497/69)،صـحيح أبي داود - (6 / 1931/430).

(2)**صحيح**: سنن أبي داود - كتاب الطلاق- أبـواب تفريـع أبـواب الطـلاق - بـاب في الخلـع- حـديث : 1915. المسـتدرك علـى الصـحيحين للحـاكم - كتـاب الطـلاق حـديث :

« نَافِعٍ »دەيگێڕێتەوە لە « ابْنَ عُمَرَ» كە گوێى لە « رُبَيِّعَ »كچى«عَفْرَاءَ» بوو، بۆى دەگێڕايەوە، كە خۆى دەستى لە مێردەكەى هەڵگرتووە لەسەردەمى ئيمامى « عُثْمَانَ » دا، جا مامى هاتووە بۆ لاى و پێ ى ووتوە كە دەستى لە مێردەكەى هەڵگرتووە، ئايا لەوێ بڕوات؟

ئيمامى « عُثْمَانَ » فەرمووى :

« تَنْتَقِلُ وَلَيْسَ عَلَيْهَا عِدَّةٌ إِنَّهَا لاَ تَنْكِحُ حَتَّى تَحِيضَ حَيْضَةً وَاحِدَةً ». واته « با بچێتەوە ماڵى باوكى ميراتى يەك ناگرن، وە عيددەى لەسەر نييە، تەنها يەك بێ نوێژى نەبێ، نەوەكا دووگيان بێ».[1]

**كەوابوو:**

ئافرەتێك ئەگەر خولعى لە مێردى كردو دەست بەردارى مێردى بوو، ئەوا دەبێ بۆماوەى يەك بێ نوێژى عيددە بكێشێو چاوەڕێ بكاتو شوونەكاتەوە، تاوەكو پاكى منداڵدانى دەركەوێو ئەگەرى دووگيانى لێ نەكرێ .

ئەمەش كەوترا بۆچوونى ئيمامى «أحمد»و «أبن تيمية»و «إبن قيم»ە[2]

---

2756. السنن الكبرى للبيهقي - كتاب العدد جماع أبواب عدة المدخول بها - باب ما جاء في عدة المختلعة حديث : 14529. **قال الشيخ الألباني:حديث صحيح**، أنظر صحيح أبي داود - (6 / 1931/428) .

(1)السنن الكبرى للبيهقي - كتاب العدد- جماع أبواب عدة المدخول بها - باب ما جاء في عدة المختلعة- حديث : 14532.

(2)المغني 195/11 ، زاد الميعاد 5/ 678.

# بەشی دەیەم

# حوکمی سەربڕاوی دەستی ئافرەتێ

# کە لە بێ نوێژی دابێ

.

## حوكمی سەربڕاوی دەستی ئافرەتێ كە لە بێ نوێژی دابێ

دروستە بۆ ئافرەت ئاژەڵ سەر بڕی، ئیتر جیاوازی نییە ئەو ئافرەتە لە بێ نوێژی دا بێ یان لە پاكێتی دا .

**بەڵگەش بۆ ئەوە:**

جاریەكەی «كَعْبِ »كوڕی« مَالِكٍ » مەڕی دەلەوڕاند، شەكێك كەوتەلاو ئەویش فریای كەوتو سەری بڕی، سەبارەت بەوە پرسیاریان لە پێغەمبەر «ﷺ»كرد: ئەویش فەرمووی: « كُلُوهَا»واتە« بیخۆن ».[1]

**ئەوەی لە«حدیث»ەكەوە وەردەگیرێ:**

پێغەمبەر «ﷺ» ڕیگەی دا كە سەر بڕاوی دەستی ئەو ئافرەتە بخورێت، ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە دروستە ئافرەت ئاژەڵ سەر ببڕێت، جا ئەگەر نادروست بووایە، ئەوا پێغەمبەر «ﷺ» ڕێگەی بە خواردنی سەر بڕاوەكەی دەستی نەئەدا، یان ئاگاداری دەكردەوە كە جارێكی تر كاری وا نەكاتەوە.

هەروەها بەڵگەشە لەسەر ئەوەی كە ئەگەر ئافرەت لە بێ نوێژیش دا بێ هەر دروستە بۆی ئاژەڵ سەربڕێتو سەربڕاوەكەی دەستیشی دەخورێ، چونكە ئەگەر سەربڕاوی دەستی ئافرەتی حەیزدار نەخورابایە، ئەوا پێغەمبەر«ﷺ» پرسیاری دەكرد كە ئایا ئەو ئافرەتە كە ئاژەڵەكەی سەر بڕیوە لەكاتی سەربڕینەكەدا لە بێ نوێژی دا بووە یان نا؟ جا كە پێغەمبەر«ﷺ»ئەو پرسیارەی نەكردووە بەڵگەیە لەسەر دروستێتی سەربڕینەكەی ئەگەر لە كاتی بێ نوێژیشدا بێ .

(1)صحيح البخاري - كتاب الذبائح والصيد- باب ذبيحة المرأة والأمة - حديث : 5192.

**هەروەها ئیمامی** «إبـــن تيميـــة» **بەڕەحمـەت بێ لـە** « الفتـــاوى الكـــبرى 5 / 69» **دا دەفەرموێ:**

« وَتَجُوزُ ذَكَاةُ الْمَرْأَةِ وَالرَّجُلِ، وَتَـــذْبَحُ الْمَـــرْأَةُ وَإِنْ كَانَـــتْ حَائِضًـــا، فَـــإِنَّ حَيْضَـــتَهَا لَيْسَتْ فِي يَدِهَا، وَذَكَاةُ الْمَرْأَةِ جَائِزَةٌ بِاتِّفَاقِ الْمُسْلِمِينَ ».

**واتـە « سـەربڕاوی دەسـتی ئـافرەتو پیـاو خـواردنی دروسـتە، وە دروسـتە بـۆ ئـافرەت ئـاژەڵ سـەربڕێت تەنانـەت ئەگـەر لـە بـێ نوێـژیش دا بـێ، چـونکە بـێ نوێژیەکـەی لـە دەسـتی نییـە تـا بـوترێ بـۆی نییـە ئـاژەڵ سـەر بڕێـت، بـە یەکـدەنگی زانایانی موسڵمان سەربڕاوی دەستی ئافرەت دروستە».**

# بەشی یانزەیەم

# تەمەنی لەبێ نوێژی کەوتن

# ✍لەبێ نوێژی کەوتن

✎خاڵی یەکەم: ماناکەی لە بێ نوێژی کەوتن.

✎خاڵی دووەم: نیشانەکانی لە بێ نوێژی کەوتن لە ڕووی پزیشکییەوە.

✎خاڵی سێیەم: ئەحکامە شەرعیەکان لە بێ نوێژی کەوتن.

## ✎خاڵی یەکەم: ماناکەی لە بێ نوێژی کەوتن.

**لە بێ نوێژی کەوتن: بریتییە لەو تەمەنەی کە ئافرەت ئیتر ناکەوێتە بێ نوێژییەوەو، بێ ئومێد دەبێ لەوەی ئیتر منداڵی ببێ..**

**لە زمانی عەربیدا ووشەی«الْيَـأْسِ»واتە: «نائومێدی، هیوابڕان» یان «الضَّـهْيَأ»واتە: «بێ نوێژنەبوون»یان بۆ بەکارهێناوە، فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبیش بەم شێوە پێناسەی دەکەن:**

« المرأة التي لم ينبت ثَـدْيُها والـتي لم تَحِـضْ ». **واتە: «بریتییە لەو ئافرەتەی کە مەمکەکانی لە شیر دەکەون، وە ئەو ئافرەتەش کە لە بێ نوێژی دەبڕێ»**[1]

« التي لم تَحِضْ قَطُّ.. النِّساء الـتي لا تَحِـيضُ ولايَنْبُـتُ ثَـدْياها ولا تَحْمِـل..» **واتە: «بریتییە لەو ئافرەتەی کە ئیتر هەرگیز بێ نوێژی نابینێ، کە مەمکەکانی شیریان نامێنێ‌و ئیتر منداڵی نابێ»**[2].

**وە هەروەها لە شرعیشدا بەو مانایایە بەکارهاتوو:**

**وەکو خوای پەروەردگار دەفەرموێ:**

﴿ وَٱلَّٰٓـِٔي يَئِسۡنَ مِنَ ٱلۡمَحِيضِ مِن نِّسَآئِكُمۡ ﴾ الطلاق: ٤.

---

(1)تاج العروس - (ج 1 / ص 166) .

(2)لسان العرب - (ج 14 / ص 487).

**واتــە: «ئــەو ئافرەتانــەی کــە نائومێــدبوون لــە بــێ نوێــژی، لــە خێزانــەکانی ئێوه...»**.

**<u>بۆیە زانایانی شەرعیش هەر بەو جۆرە پێناسەی ئەو حاڵەتە دەکەن:</u>**

«والنساء اللاتي قد ارتفع طمعهنّ عن المحيض، فــلا يرجــون أن يحضــن مــن نســائكم».

**واتــە: «ئــەو ئافرەتانــەی کــە بــێ ئومێــد دەبــن لــە بــێ نوێــژی، بۆیــە هیوایــەکیان نامێنێ لەوەی جارێکی تر بکەون بێ نوێژییەوە»**(1)

« الآيسة : وهي التي قد انقطع عنها الحــيض لكبرهــا». **واتــە: «بــێ ئومێـدی: بریتییــە لــەو ئافرەتــەی کــە بــێ ئومێــد دەبــێ لــە بــێ نوێــژی بــە هــۆی گــەورەیی تەمەنییەوە»**(2)

« وهن الكبــار الــلاتي قــد انقطــع حيضــهن وأيســن منــه ». **واتــە: «بریتییــە لــەو ئافرەتانــەی کــە تەمــەنیان گــەورەبووەو لــە بــێ نوێــژی بــڕاونو بــێ ئومێــد بــوون لێی»**(3)

## ✐خــاڵی دووەم: نیشــانەکانی لــە بــێ نوێــژی کــەوتن لــە ڕووی پزیشکییەوە:

**ئــافرەت پــێش ئــەوەی بــە یــەکجاری لــە بــێ نوێــژی بکــەوێ بــە کۆمــەڵێ گۆڕانکــارو بــارودۆخی جیــاوازدا دەڕوات، بــە زۆری لــە تەمــەنی «45» ســاڵییەوە دەســت پــێ دەکات، وە لە تەمەنی «50»ساڵی بە تەواوی لە بێ نوێژی دەبڕێ.**

---

(1)تفسير جامع البيان في تأويل القرآن - (23 / 450).

(2)تفسير ابن كثير - (8 / 149).

(3)فتح القدير للشوكاني - (ج 7 / ص 241).

بۆیە لەو ماوەیەدا سووڕی مانگانەی دەشێوێو، ماوەی بێ نوێژیەکانی لەیەك دوور دەکەونەوە، زۆرجار بۆ ماوەی «2-3» مانگ بێ نوێژی نابینێ، دوایی خوێنێکی زۆر دەبینێ بۆ ماوەی «10-15» ڕۆژ.

ئیتر وردە وردە سوڕی مانگانەی لە یەك دوور دەکەوێتەوەو بڕی خوێنەکەیشی وردە وردە کەم دەکات، ئەم گۆڕانکارییە لە تەمەنی «45»ساڵیەوە دەست پێدەکاتو بەردەوام دەبێ بۆ ماوەی «2» تا «5»ساڵ، تاوەکو بە یەکجاری لە بێ نوێژی نائومێد دەبێ.

## ✐خاڵی سێیەم: ئەحکامەکان شەرعیەکان لە بێ نوێژی کەوتن.

یەکێك لەو شتانەی کە خوای پەروەردگار فەرزی کردووە لەسەر ئافرەتانی موسڵمانان کە پابەندبن پێوەی بریتییە لە حیجابو جلوبەرگی شەرعی، بۆ ئەوەی بە هۆی ئەو حیجابە شەرعییەو کە خودا داوای کردووە ئینسانییەتی خۆی بەرجەستە بکات، بۆیە بە هۆیەوە کەسایەتیو ڕێزو قەدری پێ زیاد دەکات، وە بۆ ئەوەی مێینایەتیەکەیشی دابپۆشێ، بۆیە بە هۆیەوە پەرژینو شوورەیەکی قایمو مەحکەمی ئەدەبو ویقاری وای بەدەوردا دەکێشێ کە ڕێ لە چاو تێبڕینو تەماعی هەموو کەسێکی دڵ نەخۆشو ئارەزووباز بگرێ، لەوە تێدەگەین کە ئیسلام لەسەر بنەمای ئینسان بوون بۆ ئافرەتان دەڕوانێ، نەك وەکو ڕۆژاوا کە لەسەر بناغەیی مێینە بوون بۆ ئافرەتان دەڕوانن.

وە ئەو حیجابەش کە خوای پەروەردگار فەرزی کردووە کە ئافرەتانی موسڵمان بیپۆشن، ئەوەیە کە سەرتاپایی جەستەی بپۆشێ، بێ ئەوەی تەنك بێ، یان کورت بێ ، یان تەسك بێ، یان ڕازاوەو سەرنج ڕاکێش بێ، وە بە جۆرێکیش جەستەی پۆشیبێ تەنها هەردوو دەستو ڕوومەتی دەربکەوێ.

بەلاّم بۆ ئەو ئافرەتانەی کە بە تەمەنن‌و لە بێ نوێژی بێ ئومێد بوون، ئەوا ئەگەر لە دەست‌و دەم‌وچاویان زیاتر دەربکەوێ، تاوانبار نابن، بەلاّم مەرجێك دەرکەوتنی ئەو بەشە زیادەی جەستەیان بۆ ئەوە نەبێ کە خۆیانی پێ دەربخەن‌و بۆ خۆڕازاندنەوەو سەرنج ڕاکێشان نەبێ، ئەگەر نا تاوانبار دەبن.

**بەڵگەش بۆ ئەوە:**

﴿ وَٱلۡقَوَٰعِدُ مِنَ ٱلنِّسَآءِ ٱلَّٰتِي لَا يَرۡجُونَ نِكَاحٗا فَلَيۡسَ عَلَيۡهِنَّ جُنَاحٌ أَن يَضَعۡنَ ثِيَابَهُنَّ غَيۡرَ مُتَبَرِّجَٰتِۭ بِزِينَةٖۖ وَأَن يَسۡتَعۡفِفۡنَ خَيۡرٞ لَّهُنَّۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٞ ٦٠ ﴾ النور: ٦٠

واتە: «ئەحکامی جل‌و بەرگ بۆ ئەو ئافرەتانەی کە بێ ئومێد بوون لە مێرد کردن‌و، ئەوەیە ئەگەر بەشێکی ئەو پۆشاکەی بەریان لابەرن تاوانبار نابن، بەلاّم بەمەرجێك بۆ ئەوە نەبێ کە خۆیانی پێ دەربخەن‌و بۆ خۆڕازاندنەوەو سەرنج ڕاکێشان نەبێ، ئەگەر نا تاوانبار دەبن، خۆ ئەگەر ئەو پۆشاکە لانەن ئەوا باشترو خێرترە بۆیان.. »..

# بەشی دوانزەیەم

# ئەحکامەکانی خوێنی زەیستانی

# ئەحکامەکانی خوێنی زەیستانی

هـەمووئـەو ئەحکامانـەی کـە باسـکران سـەبارەت بـە بـێ نوێـژی ئـافرەتی زەیستانیش دەگرێتەوە.

کـەوابوو ئـافرەت کـە لـە بـێ نوێژیـدا بـێ چ شـتێکی لەسـەر حـەرام بـێ لەسـەر ئـافرەتی زەیسـتانیش حەرامـە. وە ئـافرەتی حـەیزدار چ شـتێکی بـۆ دروسـت بـێ بـۆ ئافرەتی زەیستانیش دروستە.

**ئیمامی**«إبن حزم » **لە** « المحلى 184/2» **دەفەرموێ:**

« وَدَمُ النِّفَاسِ يَمْنَعُ ما يَمْنَعُ منه دَمُ الْحَيْضِ هذا لاَ خِلاَفَ..».

**واتـە** « **خـوێنی زەیسـتانی ڕێگـرن لـە کـردن و ئـەنجام دانـی هـەر شـتێك کـە خـوێنی بـێ نوێـژی ڕێگربـێ لێـی، لەمەشـدا خـیلاف و جیـاوازی نییـە لـە نێـوان زانایان و شەرعناسان دا**».

**ئیمامی**«الشوكاني » **لە**« نيل الأوطار 359/1» **دەفەرموێ:**

« وقد وَقَعَ الْإِجْمَاعُ من الْعُلَمَاءِ كما في الْبَحْـرِ أَنَّ النِّفَـاسَ كَـالْحَيْضِ في جَمِيـعِ مـا يَحِلُّ وَيَحْرُمُ وَيُكْرَهُ وَيُنْدَبُ».

**واتـە** « **یەکـدەنگی زانایـان و شەرعناسـان بڕاوەتـەوە لەسـەر ئـەوەی کـە خـوێنی زەیسـتانی هـەمان حـوکمی خـوێنی بـێ نوێـژی هەیـە، لـە هـەموو شـتێك کـە حـەرام بێ یان حەڵاڵ، سوننەت بێ یان ناپەسەند**».

**وەهەروەها خاوەنی** « فقه السنة 1 / 67»**دەفەرموێ:**

« أن النفاس كالحيض بإجماع الصحابة» **واتـە** « **زەیسـتانی وەکـو بـێ نوێـژی وایـە بەپێی یەکدەنگی صەحابە** ».

**كەوابوو:**

**حـوكمی زەیسـتانی هـەروەك بـۆ نوێـژی وایـە لـە هـەموو شـتێك دا، لەوەشدا خیلاف نییە.**

# بەشی سیازدەیەم

# ئەحکامەکانی خوێنی نەخۆشی

- ✍ باسی یەکەم: حوکی خوێنی نەخۆشی.
- ✍ باسی دووەم: ئەحکامەکانی پاکوخاوێنی سەبارەت بە خوێنی نەخۆشی.
- ✍ باسی سێیەم: جووتبوون لەگەڵ ئافرەتێ کە خوێنی نەخۆشی هەبێ.

## ✍ باسى يەكەم
## حوكمى خوێنى نەخۆشى

**ئافرەتێك ئەگەر تووشى خوێنى نەخۆشى بوو بێ، وەكو ئافرەتى پاك وايە لە هەموو ئەحكامەكاندا، ئەوەى لەسەر ئافرەتى حەيزدارو زەيستان حەرامە لەسەر ئافرەتێ حەرام نييە كە خوێنى نە خۆشى هەبێ، چونكە خوێنى نەخۆشى خوێنێكى جياوازە لە خوێنى بێ نوێژى‌و زەيستانى، بۆيە ئەو ئەحكامانەى كە باسكران سەبارەت بەو دوو خوێنەى تر خوێنى نەخۆشى ناگرنەوەو شمولى ئەم ناكەن.**

**ئەمەش كە وترا زانايان‌و شەرعناسان يەكدەگن لەسەرى.**

**هەروەك ئيمامى**«النووي» **لە** « المجموع شرح المهذب 2 / 542» **ئەو ئيجماع‌و يەكدەنگى يە باس دەكات‌و دەفەرموێ:**

« وجامع القول في المستحاضة انه لا يثبت لها شئ من أحكام الحيض بلا خلاف ونقل ابن جرير الاجماع علي انها تقرأ القرآن وان عليها جميع الفرائض التي علي الطاهر ».

**واتە «پوختەى قسە دەربارەى خوێنى نەخۆشى ئەوەيە كە هيچ ئەحكامێك لە ئەحكامەكانى بێ نوێژى بەسەرى دا ناچەسپێ، لەمەش دا جياوازى نييە لە نێوان زانايان دا، وە ئيمامى ئيبن جەرير يەكدەنگى زانايانى نوسيەوەتەوە لەسەر ئەوەى كە ئافرەتێ خوێنى نەخۆشى هەبوو هەموو فەرزەكانى لەسەرە وەكو ئافرەتى پاكى بێ خوێن».**

## ✍ باسى دووەم
## ئەحكامەكانى پاكوخاوێنى سەبارەت بە خوێنى نەخۆشى

✐ **خاڵى يەكەم:**

ئافرەتێك ئەگەر خوێنى نەخۆشى هەبوو ويستى نوێژ بكات، ئەوا پێويستە لەسەرى دامێنى بشوات و جوان پاكى بكاتەوەو شوێنەوارى خوێنى پێوە نەهێڵێ، پاشان پارچە پەڕۆيەك يان لۆكەيەك لە دامێنى دا دابنێ و بۆ ئەوەى لەماوەى نوێژكردنەكەى دا خوێن دانەبەزێ، بەڵام ئەگەر خوێنەكە ئەوەندە زۆربوو بەوە نەدەگيرسايەوە، ئەوا با پەڕۆيەكى تايبەت لە دەورى دامێنى خۆى بئاڵێنى، بەتايبەت ئەو پۆشاكانەى كە ئێستا هەن و بچوكن و تايبەتن بۆ داپۆشينى پێش و پاش، بۆ ئەم مەبەستە شتێكى زۆر گونجاوە.

<u>بەڵگەش بۆ ئەوە:</u>

« حَمْنَةَ بِنْتِ جَحْشٍ » دەفەرموێ: توشى خوێنى نەخۆشى هاتم زۆر بەتوندى، هاتمە لاى پێغەمبەر«ﷺ» لەو بارەوە پرسيارى لێبكەم، بينيم لەماڵى زەينەبى كچى جەحشى خوشكم بوو، وتم ئەى پێغەمبەرى خوا «ﷺ» توشى خوێنى نەخۆشى بووم زۆر بەسەختى، چ دەفەرمووى، لەكاتێكدا ئەو خوێنە نايەڵێ نوێژ بكەم و ڕۆژو بگرم؟

پێغەمبەر«ﷺ» فەرمووێ:

« أَنْعَتُ لَكِ الْكُرْسُفَ فَإِنَّهُ يُذْهِبُ الدَّمَ ». واتە« پارچە لۆكەيەك هەڵگرەو لە دامێنتى دانێ، خوێنەكە لا دەبات ».

وتى: خوێنەكە لەوە زياترو سەخت ترە بەلۆكە بگيرسێتەوە.

**فەرمووی:** « فَاتَّخِذِي ثَوْبًا ». **واتە « بەپەڕۆیەك توند بیبەستە ».**

**وتـــی: زۆر لـــەوە زیـــاترە بـــە پـــەڕۆ بوەســـتێتەوە، چـــونکە بەخوڕپیـــدا دێتـــە خواریێ...**(1)

**جـا ئەگـەر ئـافرەت ئـەوەی کـردوو هـەر خوێنەکـە نەگیرسـایەوە، ئـەوا تـاوانی لـە ئەسـتۆ نییـەو کاریگـەری بـۆ نوێژەکـەی نـا بـێ‌و، نوێژەکەیشـی جێـی خـۆی دەگـرێ، ئەگـەر لـەکاتی نوێـژکردنیش دا خـوێن لـە گیـانی بتکـێ‌و بشـکەوێتە سـەر شـوێنی نوێژەکـەی هـیچ کاریگـەری بۆسـەر نوێژەکـەی نـابێ، مـادام ئـەو هەنگاوانـەی گرتبێتە بەر.**

« عَائِشَةَ » **دەفەرموێ:**

« اعْتَكَفَتْ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ امْرَأَةٌ مِنْ أَزْوَاجِـهِ فَكَانَـتْ تَـرَى الـدَّمَ وَالصُّفْرَةَ وَالطَّسْتُ تَحْتَهَا وَهِيَ تُصَلِّي».

**واتـە « ئافرەتێـك لـە خێزانـەکانی پێغەمبـەر«ﷺ»لەگـەڵ پێغەمبـەر«ﷺ» دا ئیعتکـافی دەکـرد و، خـوێنی ئـەبینی بـەگیان خۆیـەوەو جـل شۆرەکەیشـی لـە ژێـر خۆیەوە دانابوو، نوێژیشی دەکرد»**(2)

---

(1)**حسن:** سنن أبي داود - كتاب الطهارة- بـاب مـن قـال إذا أقبلـت الحيضـة تـدع الصـلاة - حديث : 251. سنن ابن ماجه - كتاب الطهارة وسننها- أبواب التـيمم - بـاب مـا جـاء في المستحاضة التي قد عدت أيام أقرائها حديث: 619. المسـتدرك علـى الصـحيحين للحـاكم - كتاب الطهارة- وأما حديث عائشة - حديث :566. معرفـة السـنن والآثـار للبيهقـي - كتاب الحيض-باب المبتدأة - حديث : 569. السـنن الكـبرى للبيهقـي- كتـاب الطهـارة- كتاب الحيض - باب المبتدئة لا تميز بين الدمين-حـديث : 1488. **وقـال الشـيخ الألبـاني : حديث حسن** انظر حديث رقم : 1510 في صحيح الجامع.

(2)صحيح البخاري - كتاب الحيض- باب اعتكاف المستحاضة - حديث : 306.

✐خاڵی دووەم:

**پێویستە لەسەر ئەو ئافرەتە بۆ هەموو نوێژێك دەستنوێژ تازە بكاتەوە.**

**بەڵگەش بۆ ئەوە:**

« عَائِشَةَ » **دەفەرموێ:**

**كاتێك** « فَاطِمَةُ بِنْتُ أَبِي حُبَيْشٍ» **توشی خوێنی نەخۆشی هات پێغەمبەر پێی فەرموو:**

« ثُمَّ تَوَضَّئِي لِكُلِّ صَلَاةٍ وَصَلِّي» **واتە « دەستنوێژ بشۆ بۆ هەموو نوێژێكو نوێژ بكە»**[1]

**كەوابوو:**

**دەست نوێژ شۆردن بۆ هەموو نوێژێ واجبە لەسەر ئافرەتێ كە خوێنی نەخۆشی هەبێ، ئیتر لە كاتی ئەو نوێژەی كە دەست نوێژی بۆ گرتووە چەندە نوێژی سوننەتی پێوە دەكات بۆی دروستە**[2]

✐خاڵی سێیەم:

(1)**صحيح**: سنن أبي داود - كتاب الطهارة- باب من قال تغتسل من طهر إلى طهر - حديث : 259. معرفة السنن والآثار للبيهقي - كتاب الحيض- غسل المستحاضة - حديث : 576. **قال الشيخ الألباني:حديث صحيح**، أنظر صحيح سنن أبي داود (2 / 52) ، إرواء الغليل - (1 / 146)، السلسلة الصحيحة - (1 / 301/609).

(2)فتح القدير 180/1، المغني 1423، كشاف القناع 215/1.

سوننەتە بۆی بۆ هەموو نوێژێك خۆی بشوات، یان نوێژی نیوەڕۆو عەسر پێکەوە جەمع بکاتو بۆ هەردووکیان جارێك خۆی بشوات، وە نوێژی مەغریبو عیشاش پێکەوە جەمع بکاتو بۆ هەردووکیان جارێك خۆی بشوات.

**بەڵگەش بۆ ئەوە:**

« حَمْنَةَ بِنْتِ جَحْشٍ » دەفەرموێ: توشی خوێنی نەخۆشی هاتم زۆر بەتوندی، هاتمە لای پێغەمبەر«ﷺ» لەو بارەوە پرسیاری لێبکەم، بینیم لەماڵی زەینەبی کچی جەحشی خوشکم بوو، وتم ئەی پێغەمبەری خوا«ﷺ» توشی خوێنی نەخۆشی بووم زۆر بەسەختی، چ دەفەرمووی، لەکاتێکدا ئەو خوێنە نایەڵێ نوێژ بکەمو ڕۆژو بگرم؟

پێغەمبەر«ﷺ» فەرمووی:

« فَقَالَ أَنْعَتُ لَكِ الْكُرْسُفَ فَإِنَّهُ يُذْهِبُ الدَّمَ ».واتە« پارچە لۆکەیەك هەڵگرەو لە دامێنتی دانێ، خوێنەکە لا دەبات ».

وتی: خوێنەکە لەوە زیاترو سەخت ترە بەلۆکە بگیرسێتەوە.

فەرمووی: « فَاتَّخِذِي ثَوْبًا » واتە « بەپەڕۆیەك توند بیبەستە ».

وتی: زۆر لەوە زیاترە بە پەڕۆ بوەستێتەوە، چونکە بەخوڕپێیدا دێتە خوارێ.

ئەو جا پێغەمبەر«ﷺ» فەرمووی:

« سَآمُرُكِ بِأَمْرَيْنِ أَيَّهُمَا فَعَلْتِ أَجْزَأَ عَنْكِ مِنْ الْآخَرِ وَإِنْ قَوِيتِ عَلَيْهِمَا فَأَنْتِ أَعْلَمُ».

واتە « فەرمانت پێ دەکەم بە دوو شت ، هەر کامیان بکەیت ، ئەوە ئەوی تر لە سەر دەکەوێت ، جا ئەگەر توانای هەردووکیانت بوو ئەوە خۆت دەزانیت».

**پاشان پێغەمبەر«ﷺ» پێی فەرموو:**

«إِنَّمَا هَذِهِ رَكْضَةٌ مِنْ رَكَضَاتِ الشَّيْطَانِ فَتَحَيَّضِي سِتَّةَ أَيَّامٍ أَوْ سَبْعَةَ أَيَّامٍ فِي عِلْمِ اللَّهِ ثُمَّ اغْتَسِلِي حَتَّى إِذَا رَأَيْتِ أَنَّكِ قَدْ طَهُرْتِ وَاسْتَنْقَأْتِ فَصَلِّي ثَلَاثًا وَعِشْرِينَ لَيْلَةً أَوْ أَرْبَعًا وَعِشْرِينَ لَيْلَةً وَأَيَّامَهَا وَصُومِي فَإِنَّ ذَلِكَ يَجْزِيكِ وَكَذَلِكَ فَافْعَلِي فِي كُلِّ شَهْرٍ كَمَا تَحِيضُ النِّسَاءُ وَكَمَا يَطْهُرْنَ مِيقَاتُ حَيْضِهِنَّ وَطُهْرِهِنَّ وَإِنْ قَوِيتِ عَلَى أَنْ تُؤَخِّرِي الظُّهْرَ وَتُعَجِّلِي الْعَصْرَ فَتَغْتَسِلِينَ وَتَجْمَعِينَ بَيْنَ الصَّلَاتَيْنِ الظُّهْرِ وَالْعَصْرِ وَتُؤَخِّرِينَ الْمَغْرِبَ وَتُعَجِّلِينَ الْعِشَاءَ ثُمَّ تَغْتَسِلِينَ وَتَجْمَعِينَ بَيْنَ الصَّلَاتَيْنِ فَافْعَلِي وَتَغْتَسِلِينَ مَعَ الْفَجْرِ فَافْعَلِي وَصُومِي إِنْ قَدِرْتِ عَلَى ذَلِكَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَهَذَا أَعْجَبُ الْأَمْرَيْنِ إِلَيَّ».

**واتە « ئائەو حاڵەتەی تۆ ئازارێکە لە ئازاەکانی شەیتان، جا شەش ڕۆژ تا حەوت ڕۆژ بە حەیز دەژمێریت لە زانستی خوا دا ، پاشان خۆت بشۆ ، تا ئەگەر بینیت کەوا پاك وتەمیز بویتەوە ، ئەوە بیست وچوار شەو یان بیست وسێ شەو بە ڕۆژەکانیەوە نوێژ بکە و ڕۆژوو بگرە ، ئەوە ئیتر لە سەرت دەکەوێت ، وە هەروەها بەم شێوەیە بکە لە هەموو مانگێکدا ، وەکو ئافرەتان چۆن تووشی حەیز دەبن ، وە چی کاتیش پاك دەبنەوە ، بە کاتی حەیز و پاکێتی ئەوان ، وە ئەگەر هێز وتوانات هەبێت لە سەر ئەوەی نوێژی نیوەڕۆ دوا بخەیت ونوێژی عەسریش پێش بخەیت وخۆت بشۆیت ، پاشان نوێژی نیوەڕۆ و عەسر پێکەوە بکەیت ، پاشان مەغریب دوا بخەیت و عیشایش پێش بخەیت و خۆت بشۆیت ، پاشان هەردوو نوێژەکە پێکەوە بکەیت ، ئەوە بیکە و خۆتیش لە گەڵ نوێژی بەیانیدا بشۆریت ونوێژ بکەیت ، ئەوە وا بکە و نوێژ بکە و ڕۆژوویش بگرە**

ئەگەر توانات لە سەری هەبوو . وە پێغەمبەری خوا «ﷺ» فەرمووی: وە ئەمەی دوایی‌یانم پێ خۆشترە»[1]

## ✍ باسی سێیەم
## جووتبوون لەگەڵ ئافرەتێ کە خوێنی نەخۆشی هەبێ

ئەگەر ئافرەتێك توشی خوێنی نەخۆشی هاتبوو، وە بەردەوام خوێن داربوو، ئەوا دروستە بۆ مێردی لەگەڵی جووت ببێ، چونکە ئافرەتەکە حوکمی پاکێتی هەیەو بە بێ نوێژ دانانرێ، بۆیە هەروەك چۆن دروستە بۆی نوێژ بکاتو ڕۆژوو بگرێ، بە هەمان شێوەش دروستە بۆی لەگەڵ مێردی سەرجێی بکاتو لەگەڵی جووت ببێ.

**بەڵگەش بۆ ئەوە:**

« ابْنُ عَبَّاسٍ »**دەفەرموێ:**

« الْمُسْتَحَاضَةُ يَأْتِيهَا زَوْجُهَا إِذَا صَلَّتْ، الصَّلَاةُ أَعْظَمُ».

(1)**حسن**: سنن أبي داود - كتاب الطهارة- باب من قال إذا أقبلت الحيضة تدع الصلاة - حديث : 251. سنن ابن ماجه - كتاب الطهارة وسننها- أبواب التيمم - باب ما جاء في المستحاضة التي قد عدت أيام أقرائها حديث: 619. المستدرك على الصحيحين للحاكم - كتاب الطهارة- وأما حديث عائشة - حديث :566. معرفة السنن والآثار للبيهقي - كتاب الحيض-باب المبتدأة - حديث : 569. السنن الكبرى للبيهقي- كتاب الطهارة- كتاب الحيض - باب المبتدئة لا تميز بين الدمين-حديث : 1488. **وقال الشيخ الألباني : حديث حسن** انظر حديث رقم : 1510 في صحيح الجامع.

**واتــە « ئەگــەر ئافرەتێـك توشــی خــوێنی نەخۆشــی هــاتبوو دروســتە بــۆ مێــردی بچـێتە لای مــادام نوێـژ بكـات، چـونكە نوێـژكردن بـەو خوێنـەوە گـەورەترە لـە جـووت بوون»**[1]

**واتــە مــادام خوێنەكــە رێگــر نــەبێ لــە نوێــژكردن، ئــەوا رێگــریش نــابێ لــە جووتبوون.**

**وە** « عِكْرِمَةَ » **دەفەرمووێ:**

« كَانَتْ أُمُّ حَبِيبَةَ تُسْتَحَاضُ فَكَانَ زَوْجُهَا يَغْشَاهَا».

**واتـە « ئـوم حەبیبـە توشـی خـوێنی نەخۆشـی هـاتبوو مێردەكەیشـی لەگەڵیـدا جووت دەبوو»**[2]

**وە هەروەها** « عِكْرِمَةَ » **دەفەرمووێ:**

« حَمْنَةَ بِنْتِ جَحْشٍ أَنَّهَا كَانَتْ مُسْتَحَاضَةً وَكَانَ زَوْجُهَا يُجَامِعُهَا ».

**واتـە «**« حَمْنَـــةَ »**كچـی** «جَحْـــشٍ»**ئـوم حبیبـە توشـی خـوێنی نەخۆشـی هـاتبوو مێردەكەیشی لەگەڵیدا جووت دەبوو»**[3].

---

(1)**صحيح** البخاري -كتاب الحيض- باب إذا رأت المستحاضة الطهر قال ابن عباس : " تغتسل وتصلي ولو ساعة ، ويأتيها زوجها إذا صلت ، الصلاة أعظم ".

(2)**صحيح**: سنن أبي داود - كتاب الطهارة - باب المستحاضة يغشاها زوجها - حديث : 268. السنن الكبرى للبيهقي - كتاب الطهارة كتاب الحيض - باب صلاة المستحاضة واعتكافها في حال استحاضتها والإباحة لزوجها أن يأتيها حديث : 1447 **قال الشيخ الألباني** : **إسناده صحيح**، رجاله ثقات رجال، أنظر صحيح أبي داود - (2 / 116/ 328).

(3) **حسن**: سنن أبي داود - كتاب الطهارة - باب المستحاضة يغشاها زوجها - حديث : 269. السنن الكبرى للبيهقي - كتاب الطهارة -كتاب الحيض - باب صلاة المستحاضة

ئـوم حەبیبـە خێزانـی عبـدالرحمنی کـوڕی عـەوف بـوو، وە حەمنـە خێزانـی تەلحـە بـوو، وە ئـەوانیش سـەبارەت بـە ئەحکامـەکانی ئـەو خوێنـە پرسـیاریان لـە پێغەمبـەر «ﷺ»کـرد، جـا ئەگـەر جووتبـوون حـەرام بوایـە ، ئـەوا پێغەمبـەر«ﷺ» بـۆی ڕووندەکردنـەوەو بـۆی باسـدەکردن، جامـادام پێغەمبـەر «ﷺ » لێـی بـێ دەنـگ بووەو باسی نەکردووە، ئەوە بەڵگەیە لەسەر دروستێتی ئەو ئیشە.(1)

سـەرەڕای ئـەوەش هـیچ بەڵگەیـەکی متمانـەدار نـەهاتووە ئـەو ئیشـە حـەرام بکـات، نـەبوونی بەڵگـەش لەسـەر حـەرامێتی شـتێك، بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی کـە حەڵاڵە.(2)

بـەڵام ئەوەنـدە هەیـە بـوونی ئـەم خوێنـە هەنـدێ جـار ئـافرەت توشـی ئـێشو ئـازار دەکات، بۆیـە باشـتر وایـە مێـرد ڕەچـاوی ئـەو حـاڵو بـارەی خێزانـی بکـات. جـا ئەگـەر جووتبـوون ئـێشو ئـازاری لـەو ئافرەتـە دا دروسـت کـردو نارەحـەتی کـرد، ئـەوا هەندێك لە زانایان بە نادروستیان داناوە. وەکو ئیمامی ئەحمەد(3)

---

واعتكافها في حال استحاضتها والإباحة لزوجها أن يأتيها حديث : 1448. قال الشيخ الألباني : إسناده حسن أنظر صحيح سنن أبي داود - (2 / 329/116).

(1)المغني 2 / 98: ولأن حمنة كانت تحت طلحة ، وأم حبيبة تحت عبد الرحمن بن عوف وقد سألتا رسول الله صلى الله عليه وسلم عن أحكام المستحاضة ، فلو كان حراما لبينه لهما.

(2)المجموع 373/2، نيل الأوطار 1/ 330 .

(3)المغني 2 / 98، المجموع 372/2 .

**لەبڵاوكراوەكانى ماڵپەڕى ئیمان وەن**

www.iman1.com

**هەمیشە لەگەڵمان بن بۆنوێ بوونەوەی ئیمان**

imanonekurd@yahoo.com